# ڕەخنە...
# بە چەند خوێندنەوەیەکی جودادا

# ڕەخنە...
# بە چەند خوێندنەوەیەکی جودادا

**پرۆفیسۆر د. عومەر پەتی**

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

● **رەحنە بەچەند خوێندنەوەیەکی جودادا**

● بابەت: ڕەخنە

● نووسینی: د. عومەر پەتی

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: هۆگر سدیق

● نرخ: (4000) دینار چوار هەزار دینار

● تیراژ: 500 دانە

● چاپخانە: چاپخانەی ماد (تاران)

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (2532) لەساڵی (2013)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (1022)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


بەرکوڵ ........................................................... 7
با رەخنە و هەڵسەنگاندنەکانمان زانستی و بابەتییانە بێت ............ 9
هونەری یادەوەریی تۆمارکردن ................................... 13
بەیەکەوە بەستنەوەی کورد و جوو و بەراوردێک لە نێوان ............. 55
شەڕی هەندرێن ................................................... 61
رێککەوتننامەکەی یازدەی ئاداری 1970 ............................ 66
رێککەوتننامەکەی جەزاییر ........................................ 78
جەنگی عێراق- ئێران، لە دوای رێککەوتننامەکەی جەزایر ............. 89
جەنگی ئێراق - ئێران و ئەنجامەکانی ............................. 95
ریشەکێشکردنی کوردە فەیلییەکان ................................. 98
بزرکردنی بارزانیان .............................................. 103
بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ .......................................... 105
ئەنفال کردنی کوردان لە سەدەی بیستەمدا .......................... 109
هووشەی هەڵبەستەکان (پاساوی بەبارەبارِ) .......................... 116
کورتەی رەفتارەکانی سەرکردە ...................................... 119
ئازایەتی پێشمەرگەکانی کوردستان .................................. 126
داگیرکردنی کوێت ................................................. 133
دەستگیرکردنی سەرکردەی پاڵەوان ................................... 138
دادگایی کردنی سەرۆک و دەربارەکەی ................................ 138
رەگەزپەرستییەکی کوێرانە .......................................... 145

رۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو سنووری ستەم و ئازار) .......................... 155
رۆمانی (شەخڵی دار بەڕوو- سنووری ستەم و ئازار) ........................ 175
کتێبی گۆلمێک لە ڕەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری لەبەر تیشکی.......... 194
هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژیانەی ئەم نامیلکەیە! .................................... 216
هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژییانەی پەروەردەیی .................................... 226
هۆنراوەی (ئیرۆسییەت و بێهوودەیی)ی ................................................ 235
دەسماڵی سوور لە نێوان هەلسەنگاندێنکی بابەتیانەدا .......................... 244

# بەرکوڵ

خوینەری بەڕێز...

ئەم بەرهەمەی بەردەستت بریتیە لە کۆمەڵێک رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی و بابەتیانە دەربارەی چەند بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری و فۆلکلۆری و پەروەردەیی و رۆشنبیری لە بوارەکانی رۆمانی کوردی و هۆنەری یادەوەری تۆمارکردن و فۆلکلۆر و هۆنراوە و ئەلفوبێی کوردی کە بەشێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانەی وورد هەڵسەنگێنراون.

ئەمەش هەوڵێکە لە بواری رەخنەی ئەدەبی کوردی کە بە شێوازێکی سەردەمیانەی نوێ خراونەتە روو لە هەمانکاتدا بە پێوەرێکی زانستی و بابەتیانە هەڵسەنگینراون، دەکرێت نووسەر و رۆشنبیرانی کورد لەلایەک و خوێندکار و مامۆستایانی بەشەکانی زمانی کوردی و مێژوو و شوێنەوار و زمانی عەرەبی و کۆمەڵزانی و دەروونزانی لەلایەکی ترەوە سوودی لێوەربگرن.

هیوادارین بەم هەوڵە خزمەتێکی بچووکی رەخنە و ئەدەبی کوردیمان کردبێت.

پ .د. عومەر پەتی
هەولێر- ئەندازیاران
2013/6/1

# با رەخنە و هەڵسەنگاندنەکانمان زانستی و بابەتییانە بێت

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز

لە پەروەردەکردنی نوێی، لە ئەمڕۆی جیهاندا، کاتێ کە هەر تاکێک یان مرۆڤێک یان زانایەکی دەروونزانی باس لە پەرەپێدان و بەرەو پێشەوە چوونی کەسایەتی تەواو و سەرکەوتوو دەکات، یەکەم هەنگاو دەبێتە هەموو دروشمەکان کە هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بکرێتە کردارو کردەوەو بەکار بێت، دیارە کەسایەتی هەر تاکێک لەسەر رووی ئەم زەوییە لە (3) رەهەند پێک دێت، ئەوانیش:

1- رەهەندی زانیاری/ ژیرییە (cognitive domain) کە لایەنی بەرهەماکانی ژیری و مێشکی و زیرەکی و زانیارییەکان و تێگەیشتن. هتد، دەگرێتەوە.

2- رەهەندی ویژدانی/ هەڵچوونەکان (affective domain) کە لایەنەکانی ئەو بەرهەمە هەڵچوون و بایەخپێدان و ئاراستەکان و سۆزەکان دەگرێتەوە.

3- ڕەهەندی جووڵەیی/ کارامەیی/ پیشەیی (psychomotor damain) کە لایەنەکانی پیشەیی و جوولەیی دەگرێتەوە.

ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکەین لایەنی ڕەهەندی زانیاری/ ژیرییە، لەلایەن زانا (بلوم و هاوڕێکانی) بۆ شەش ئاستی دابەش کردووە کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ا- زانیاری، ب- وەرگرتن، ج- پادەکردن، د- شیتەڵکردن، ە- پێکهێنان، و- هەڵسەنگاندن.

کەواتە بۆ ئەوەی بەرهەمێک یان ڕەخنە لە شتێک بگرین دەبێ بەم ئاستانەی کە بلوم و هاورێکانی دایانناوە پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکانمان بابەتیانەو زانستیانە بێت.

گرنگترین و کرانترین ئاست لەم شەش ئاستەدا ئاستی هەڵسەنگانەکەیە کە دەکەوێتە لووتکەی ئەم ئاستانە.

لێرەدا بەکورتی باسی ئەم 6 ئاستە دەکەم و لە لای ئاستی هەڵسەنگاندن زیاتر دەسووتین:

1_ زانیاری: واتە دەبێت زانیاری تەواوت دەربارەی ئەم بەرهەمە هەبێت کە دەتەوێت ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین بە پێی ئەو زانستو زانیاری و شارەزاییەی کە لەوەو پێش هەتە. ئەمەیشیان هەرە ئاستە نزمەکەیەتی.

2_ وەرگرتن: مەبەست لەم وەرگرتنە توانای تاکە لەسەر گۆڕینی ئەم بابەتە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکەو لە ڕێگەی پێشبینی کردنی. ئەمەیشیان دوای ئاستی یەکەم دێت.

3_ پیادەکردن: توانای تاکە لەسەر بەکارهێنانی ئاستی یەکەم و دووەم (زانیاری و وەرگرتنی) لە هەڵوێستەکانی دیکەی نوێدا. بەپێی بەکارهێنانی یاساو ڕێساو بنەماکان.

4_ ئاستی شیتەڵکردن: توانای تاکە لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو بابەتە بۆ توخمە پێک هاتووەکانی واتە ئەو بەشانەی کە لێی پێک هاتووە.

5_ ئاستی پێکهێنانی: توانیا تاکە لەسەر پێکهێنان و دروستکردنی بابەتێکی نوێی دیکەو دەتوانین بڵێین پێچەوانەی ئاستی چوارەمە (شیتەڵکردن).

6_ ئاستی هەڵسەنگاندن: مەبەست لە توانای تاکە لەسەر بڕیاردان لەسەر بەهار بابەتێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دەستنیشان کراو.

بۆیە دەبێت ئەم بڕیاردەرانە پشت بە پێوەری دیاریکراو ببەستێت ئەوانەش یان پێوەری ناوەکی و یان دەرەکین، هەر بۆیەشە لەم هێڵکاریەو لەناو هەر شەش ئاستەکان (لووتکە)ی وەرگرتووەو بەرزترین ئاستیەتی. هەر لەسەر ئەم بنەمایەی لەوەوپێش دەستنیشانمانکرد، دەبێ هەر تاکێک لەناو کۆمەڵگا، ئینجا چ نووسەر یان رۆشنبیر یان رەخنەگر یان هەر لاو و گەنج و بڕیاردەر بێت دەبێ لە پێی ئاستەکانی بلومو هاورێکانی بەرهەمی ئەدەبی یان رۆشنبیری یان پەروەردەیی و ویژەیی و تەنانەت هەر بەرهەمێکی دیکە بێت، دەبێت بەم جۆرە زانستیانە هەڵبسەنگێت، ئەگەر نا هەڵسەنگاندنەکەی زانستی و بابەتیانە نابێت و بەڵکوو خۆی لە هەڵسەنگاندنێکی خۆیەتیانە دەبینێتەوە. ئەگەر هاتوو نەوەکانی هەر کۆمەڵگایەک بە هەموو چین و توێژەکانیەوەو هەریەکە بەپێی ئاستی رۆشنبیری خۆی لە هەڵسەنگاندنەکانی وا رەفتاری کرد، ئاستی رۆشنبیریمان بەرز دەبێتەوەو رەخنەو گلەیی و گازەندەمان کەمتر دەبنەوە ئەگەر هەشبن ئەوە دەچنە خانەی رەخنەی بابەتیانەوە. خۆ ئەگەر بێت خەڵک بە پێی ئەو بنەمایانەی سەرەوە مامەڵە لەگەڵ هەر بابەتێک و بەرهەمێک بکات، ئەوە پێش هەموو شتێک لە خۆیەوە دەست پێ دەکات، با خۆی لە

خۆی رەخنە بگرێت یان بە واتایەکی دیکە هەڵسەنگاندن لەخۆیەوە دەست پێ بکات، کە ئەو کاتەی لەگەڵ خەڵکانی دیکەو بەرهەمی بەرامبەرەکەی دەست پێ دەکات، زیاتر سەرکەوتن دەهێنێت.

کەواتە با لێرەوەو لەمەبەدوا ئەم هەڵسەنگاندنە بە شێوەیەکی راست و دروست بەکار بهێنین تاکو کۆمەڵگەیەکی چاک و پێشکەوتوو و نەوەیەکی دوارۆژی رۆشنبیری و زانستپەروەرو وڵاتێکی ئازاد بنیات بنێین.

---

* کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین.

# هونەری یادەوەریی تۆمارکردن

پ. د. عومەر پەتی

نرخاندنی چاپکراوی نوێ: (هونەری یادەوەریی تۆمارکردن) دوایین بەرهەمی مامۆستا سەدرەدین نورەدینە کەوتە بەردیدی خوێنەرانی بەڕێز. بەرهەمەکە لە دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی بە تیراژی 500 دانە لە کۆتایی ساڵی 2012دا بە 270 رووپەڕی قەوارە نموونەیی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دکتۆر ئازاد عوبێد سالح پێشکەش کردنەکەی بۆ نووسیوە، زمان و شێوازی نووسینەکانی مامۆستا سەدرەدین پتر تاموبۆی خۆشاوی بەرهەمەکانی بەهەشتیان مام هەژار و مەلا شوکری رەحمەتی و رێزدار دکتۆر عەزیز گەردی دەدات.

ئەگەر د. ئازاد داوای لێدەکات بیرەوەرییەکانی تۆمار بکات، مەلا شوکریش داوای لێی کردبوو فەرهەنگێکی وێنەداری رەنگاوڕەنگی رووەکەکانی کوردستان ئامادە بکات، ئەوا من لێی دەخوازم فەرهەنگێک بەو زاراوە رەسەنە کوردیانەی، ئەو یەکەم جار لە نووسینەکانیدا بەکاری هێناون، ئەکادیمیای کوردیش بە سەریدابچێتەوە و پوختەتییەکانیان لە زمانی کوردیدا بەکاربێن.

دەڵێن زمـان و نـاوەرۆکی بـابەتی ویژەیـی رووخسـار و گیـانیەنی، یەک لە بارەی خۆم پوختی زمان و دارشتنەکەی بە دەگمەن دەبینم، بۆ ناوەرۆکیش وای دەبینم ئەوانەی هەڵبژاردوون بە چاکی دەروەستیان هاتووە. وەک لەم بەرهەمەیدا دەخوێندرێتەوە دەتوانم بڵێم: بیرتیژێکی بەرچاوڕوونی نزیک بین و دوور روانە، تراو(روون)بێژێکی رەوهـان و رەوان جوانە. رەخنەوەرێکی بابەت زانە، کە شیر دەوەشێنێت مەتاڵیشی لە دەستانە.. ناواخن و رووکاری بەرهەمەکانی مامۆستا بە شێوەیەکی نائاسـایی سـەرنجم کێشـدەکەن، بە تاسـەوە حەزدەکەم بیـانبینم، دەربارەیان بنووسم، بە پێویستی دەزانم لە زانکۆکانی کوردستاندا بە گشـتی، بە تـایبەتی لە بـوارە زانسـتییەکانی زمـانی کـوردی، مێـژوو، کۆمەڵزانی، دەروونناسی وەبگرە فەلسەفە بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت.

یەکەم نووسـینمان دەربـارەی نووسـەر: تـوێژینەوەیەک بـوو بە ناوونیشـانی (دەروونناسـی لە شـەخەڵی داربەڕوودا) کە لە گۆڤـاری رامانی رەسەندا بڵاوکریەوە. دووەمیان پێشکەشکردنی رۆمـانێکیەتی بە ناوی (ئاوەژۆ) کە هێشتا چاپ نەکراوە، ئەمەی بەرچاویشتان سێیەمە.

لە (45) رووپەڕی پێشـەوەیدا بـایەخ و ئامـانج و کەلـک و ئەنجـام و رێسـا و شـێوازەکانی یـادەوەریی تۆمـارکردن بە شـێوەیەکی زانسـتی و بابەتیانە خراوەتە بەرچاو. وا دەزانـم هەمـوو ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەم بوارەدا کـاربکەن، پێویسـتە بە وردی بیخـوێننەوە و رەچـاوی بنەمـا سەرەکی و رێساکانی بکەن. بە هـۆی ئەوەی کە تیـراژی چـاپکردنەکەی کەمە و نـاکەوێتە بەر دەسـتی زۆرینەی خوازیـارانی، بە باشـی دەزانـم ناوەرۆکەکەی بە پێی پێویست نەختێک بە درێـژییەوە بـخەمە بەرچـاوی ئارەزوومەندانی بابەتەکە.

بەشـــی دووەمـــی چـــاپکراوەکە کە لە (46) ەوە تـــا کۆتـــایی پەرتـووکەکەیە، بـریتیە لە هەڵسـەنگاندنێکی ورد و لێزانـانەی، بـۆ دوو نمـوونەی یـادەوەریی تۆمـارکراو، بە مەبەسـتی ئەوەی کە یـادەوەر تۆمارکـار هەشـیار بێـت لەوەی چـی دەنووسـێت، دەرفەتـی هەڵە و تێکەوتن رەخنە لێگرتنی کەمتر بکاتەوە.

لە پێشـەکی بـابەتەکەدا کـورتەیەک دەربـارەی بەرهەم و کـارە هەڵسـەنگاودراوەکانی نووسـەر دەخەمە بەر چـاوی خـوێنەرانی خۆشەویست. هەر وەک دکتۆر ئازادیش ئاماژەی بۆ کردوون.

بیست و پێنج ساڵێکە نووسەر وەک ماندوونەناسێکی پڕتوانا و فرە بەهـرە و بە بڕیـار، خەرمانێـک چـاپکراوی (پتـر لە پەنجـا پەرتـووک و نـامیلکەی) لە بوارەکـانی زانسـتی و ئەدەبـی وەگێـڕانەوە خسـتۆتە بەردەست. نموونەی چاپکراوەکانی:

- هەنـگ بەخێـوکردن، لە (2001)دا بەکـوردی و لە (2003) دا بەعەرەبی چاپکراوە و 688 لاپەڕەیە.
- پەرتـووکە نایابەکـانی لە بـواری زانسـتییەکانی کشـتوکاڵدا: ((دەردە کشـتوکاڵییەکان و بنەماکـانی چارەسـەرکردنیان)). بەکـوردی و بەعەرەبی، و (796) لاپەڕەیە، لەلایەن رێکخراوی کشـتوکاڵ و خـۆراکی جیهانییەوە (فاو) لە ساڵی (2003)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- ((دەرد و نەخۆشییەکانی رووەک- الأمـراچ والآفـات النبـاتیە))، بەکوردی و بەعەرەبی، دوو بەرگە و (1122) لاپەڕەیە، لەلایەن فـاوەوە، لە سـاڵی (2003)دا چـاپ و بڵاوکـراوەتەوە. ئەوەی جـێگەی ئامـاژەیە، وێڕای ئەوەی بابەتێکی بایەخدارە و پڕیەتی لە بابەتی زانستی سـەردەم و زاراوی کـــوردی رەســـەن و دەگـــمەن و فەرهەنگـــی، هێنـــدەیش بەکـارامەیی دایـناون و وەریگێـڕاون، نازانـدرێت، ئـاخۆ کـوردییەکەی

کردۆتە عەرەبی یان بەپێچەوانەوەیە، بەپێی ئاگاداری من عەرەبییەکەی لە زۆرینەی زانکۆکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا، سەرچاوەی زانستی بایەخدارە و جێگەی خۆی کردۆتەوە. پسپۆڕانی بواری پاراستنی رووەک، وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە دانانی کتێبەکانیاندا و لە تۆژینەوە زانستییەکانیاندا بەکاری دێنن.

- لە ساڵ 2010دا شەش پەرتووکی بۆ پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی – پۆلەکانی 10 و 11 و 12ی کشتوکاڵ، ئامادە کردووە و چاپکراون دەخوێندرێن.
- شەخەڵی داربەڕوو (2004) رۆمان.
- ئەستێرە و خاک، هۆنراوە، یەک پارچە ئەدەبی بەرەنگاری حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووە.
- بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، (2005)، کۆکردنەوە و تۆژینەوە و رەخنەگرتن و بەراوردکردنە لە بواری فۆلکلۆردا،264 لاپەڕە
- ژانی ژینگە (2006) رۆمان.
- فەرهەنگ و فۆلکلۆر.لە ئاسۆی فۆلکلۆر بڵاوکراوەتەوە
- لیکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵان. پلان، کۆچیرۆکی منداڵانە (2009 و 2010).
- مرۆڤاو، پەخشانی هونەرییە (2010).
- هونەری یادەوەریی تۆمارکرن. بابەتێکی هونەری بەپێز و خۆشمەزە و مێژوویییەکی ئەکادیمییە.
- دەیان گوتار و لێکۆڵینەوە و بەرهەمی دیکەی نووسەر، لە گۆڤارەکانی کشتوکاڵ، رامان، کاروان، ئاسۆی فۆلکلۆر، هەرێم، نووسەری نوێ...دا بلاوکراونەتەوە.

- سێ چیرۆک و سێ پایە. (120) لاپەڕەە ئامادەی چاپە.
- ئاوەژۆ. رۆمان (340) لاپەڕەیە ئامادەی چاپە.

"هەرچەندە لێرەدا دەرفەتی شیکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە نییە بەڵام دەکرێت بەکورتی بڵێم: کە لە سەرەتای نۆهەدەکاندا دەستنووسی رۆمانی شەخەڵی داربەڕوویم خوێندەوە. بۆم دەرکەوت نووسەر خوێندەوارێکی چاک و گەڕیدەیەکی وشیار و بەئاگایە، کوردیزانێکی بەسەلیقە و بیرتیژکی دووربین و چاوگەورەیەکی بەوردەیە، رۆشنبیرێکی زانا و هەستیارێکی دانا و نووسەرێکی رەوان و رەوانبێژ و خەیاڵ فراوان و بەتوانایە. جێگەی گومان نییە، ئەگەر هەوڵەکانی نووسەر لەبری ئەم هەنگاوە گەورە و بازبازێنەدا، لە تاکە بوارێکدا چڕبکرابوایەوە، ئەوا بۆ ئەو ئاسانتر و کەم شەکەتیتر دەبوو، زۆر زووتریش وەک نووسەرێکی مەزن ئەستێرەکەی ورشەدارتر دەردەکەوت.

چەندین هاوڕێ داوامان لێی کردووە بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە، بەڵام ئەو وەک نەریتی خۆی، زۆردەبیستێت و بەکەمی بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت، کاتێک لەناکاودا لەبری تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی، بەزەردخەنەوە، دەستنووسی (هونەری یادەوەریی تۆمارکردن)ی خستە ژێردەستم. بەبۆچوونی ئێمە نووسەر لەم بەرهەمەشیدا مەبەستی پێکاوە. لای لە بابەتێکی بایەخدار و بە هەڕمێنی سەردەم و لە کڵژی خۆیدا کردۆتەوە، ئەم کارەیشی وەک کارەکانی دیکەی ئەکادیمییانەن و بەتێروتەسەلییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە. وێڕای دەستخۆشی و پیرۆزبایی، چەند وردە سەرنجێکمان لە بارەی بەرهەمەکەیەوە هەیە: بابەتەکەی هەر وەک زۆرینەی بەرهەمەکانی دیکەی بەزمانێکی چڕ و پڕ تۆمار کردووە، لەوانەیە دەستی خوێنەری

ساده و بنووسی سەرەتایی نەدات. ئەم بەرهەمەی بەپێچەوانەی ئەوانی دیکەی کەمتر هاوسەنگی تێدا بەدیدەکرێت، لە هەندێک شوێندا کورتبڕ و تیلنیگـا دەربـڕ و رەوهـانە، لە شـوێنی دیکەیشـدا درێـژدادڕ و بەکاوەخۆیە. وادەزانم ئەوەیشی پتر بەمەبەستی چارەسەری چڕ و پڕییەکەی کردبێت. دووبارە داواکارم بیرەوەرییەکانی ببینین."دکتۆر ئازاد عوبێد- هونەری یادەوەریی.. ل7-9.

"ناوبراو (سەدرەدین) نرخ و بەهای فۆلکلۆری گەلەکەی بە چاکی زانیـوە و یەکـێکە لە خەمخـۆرانی ئەم مەیـدانە، کە بە چـاوێکی قەدرزانیـیەوە دەڕوانێـتە کەلەپووری کـوردی، ئەدەبـی هـاوچەرخی کـوردی لەسـەر فۆلکلـۆرەکەی بەسـتۆتەوە، بەمە پتـر رەسـەنایەتی و کەسایەتیی کورد و پێشکەوتن و داهێنان و جوانکاری سەردەمەکەی تیا بینیوەتەوە.. هەر بۆیە دەستخۆشی لەم کارە ئەدادیمییەی دەکەین" پ. د. شـوکریە رەسـول، پێشـەکی بەرکـوتێکی مەتەڵـی لفۆلکلـۆری کوردی، ل 5 و 6.

"وفی الختام لایسعنی إلا أن أتقدم بوافر التقدیر والإعجاب للجهد الژی بژل فی إعداد تلک الأعمال القیمە ومما یدعو للإعتزاز بأن الجانب الأعقم کان لمجهودات المهندس الزراعی صدرالدین نورالدین. أرجو أن یؤدی هـژا العمل المتکامل دورە فی بلوغ الهدف المنشود.". الآفات والأمراچ النباتیە- ص 6. د. الخیر خلف اللە خالد بەرپرسی رێکخراوی (FAO، فاو) لە کوردستان و لە عێراقدا.

" بە بەرهەمێکی زانستی بە نرخ و رێبەرێکی پوختی کارکردنی کێڵگەیی دەزانم. پسپۆڕان و کارمەندانی بوارەکە جوتیارە وشیار و رۆشـنبیرەکان سـوودی لـێ وەردەگـرن، دەکرێـت لە میانیشـییەوە قوتابیانی خوێندنی باڵا بەرنامەی خوێندنیان دیاریی بکەن" دەرد و

نەخۆشـــییەکانی رووەک ل 7. پ. د. خالــد حســن تەهــا- موصــل، تایبەتمەند لە بواری نەخۆشییەکانی رووەک و ژەهرزانی.

وێــڕای ناوهــاتووان ئەم بەرێــزانە پێشــەکیان بــۆ بڵاوکراوەکــانی نوسیووە یا هەڵیان سەنگاندوون و بە بەرهەمی چاک و نایابیان داناون و دەربارەیان نووسیوون: پ.د. گیرێت ڤان دی کلاشۆرست- هۆڵەندی، لە فـاو لە بـواری پاراسـتنی رووەک و ژینـگەدا، پ. د. عابـدین زەیـنەل عابـدین – سـوودانی، لە فـاو لە بـواری هەنگداریـدا، د. مـزاحم ایـوب عبدالله لە بواری هەنگداری لە موصل. د. نزار الملاح لە زانکۆی موصل لە بواری مێرووە زیانبەخشـەکاندا، پ. د. عبدالحسین الخیاگ لە بـواری رووەکناسیدا. بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکـانیش: خـوالێی خۆشـبێت مەحمـوود زامدار، بەڕێزان: کاروان عەبدوڵڵا، پ.د. عەزیز گەردی. عەزیـزی مەلای رەش، کەریم شارەزا، کەریم شێخانی. جەمال گردەسۆری..

ئــێمەیش نمـــوونەیەکی نایابکـــار لە بەرهەمەکەیـــدا دەربـــارەی زمانڕەوانی و دەروونزانی دەخەینە بە چاوان:

"هەن بـۆ ئەوەی بیسـەلمێنن راسـتبێژن و ویسـتی خۆیـان بەسـەر بیسـتەردا تێبپەڕێـنن، ویسـتیانە لە دەربڕینـدا بیسـتەران شـپرزە بـن، دەرفەتیان نەدەن گومان لە گوتەکانیان بکەن، لە گۆتندا: ناڕوون دەربڕ و خێرا بێژی و دووبارە گوتنەوە و بڕوا بەخۆیی دەنوێنن، وەلیٚ نازانن خـــوێنەری هێنـــدە زیـــرەک هەن، نەک هەر لە رووخســـاریاندا پەی بەناڕاســتییەکان دەبەن، بەڵکــو لە تــرپەی لێــدانی دڵ و بــۆنی دەم و هـاتوچۆی هەناسـەیاندا، کەسـانی راسـتنەگۆ دەناسـن، بەهێمنـی، هێـدی هێدی پەردە لە سەر هەڵبەستراوەکانیان لادەدەن و دامێنی نیازەکانیان هەڵدەماڵن.. کاتێک مرۆڤێکی دەمار سووتاو، دەیەوێت خۆی ئاسایی و ئاسـودە و مێشـک فێنـک پیشـان بـدات، گومانیشـی لەوە نییە کە بـارە

راستەقینەکەی ناخی دەدۆزرێتەوە، ئەوە لە زۆرزانیان کاس بووە! یان هێندە گێژ و گەمژەیە، بڕوا بەخۆی دێنێت، لە بری ناڕاستی، خوار و خێچ دەبێژی، دەشیەوێت تەرمی رەوای بێکەس لە پەنایەکدا بنێژێ. نازانێ لەوەتەی ژیان لە سەرپشتی زەوی خاراودا هەیە، پشتاوپشت، راستی ژێرخاککراو نەمردووە و ناشمرێت، بەڵکو هەمیشە لە دوای پەڵە و لە سەرەتای بەهاردا سەوزدەبێتەوە، خەزانی نەبڕاوەیش دارە زەردهەڵگەڕاوەکەی درۆ رووت و نابووت دەکاتەوە. بەڵێ ئەوان لە رۆژی رووناکدا وشترمل ئاسا چاویان دەنوقێنن، خەڵکانێکیش هەن لە تاریکی و لە شیرین خەودا چاویان ناکەوێت، دیوی رەشی ژوورەوەی چاو داخراوان لە خشتی کاڵدا دەخوێننەوە. هونەری یادەوەریی تۆمارکردن، ل95-96.

**هونەری بیرەوەریی تۆمارکردن:**

" تۆمارکردنی بیرەوەی و یادداشتنامە لە جیهاندا، بابەتێکی کۆنینە و بایەخدارە. هەزرەوەری گەلێک کەسایەتییان بەر لە زاییینەوە تۆمارکراون. لە سەردەمی تەکنۆلۆژیای نوێشدا تۆمارکردنیان ئاسان و باوترە. ئەمڕۆ بیرەوەرییەکان لە کەناڵە هەمەڕەنگەکانی راگەیاندندا: رۆژنامە، گۆڤار، ئەنتەرنێت، دەنگوڕەنگ و کەناڵی ئاسمانی و فیلم و سیدی و پەرتووکی سەربەخۆ و.. بەناوی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە. بەزنجیرە لە کەناڵی ئاسمانی (الجزیرە)دا چەندین ساڵە بەرنامەیەک بەناوی ((شاهد علی العصر)) بلاو دەکرێتەوە، یادەوەرییەکانی تەمەندار و ناودارەکان، رووبەڕوو بەشێوەی دیمانە و پرسیار تێیدا پەخش دەکرێن.

ئەم جـــۆرە بەرهەمـــانە، لە لای ســـەرکردە و هونەرمەنـــد و ناودارەکـانەوە، بگـرە تـا دەگـاتە خەڵکـی خـاکی و رەشـوڕووتیش بە ناوونیشانی جۆراوجۆر تۆمارکراون وەک: (سەربردەی ژیانم، گەشتی ژیانم، یادداشتەکانم، بەسەرهاتی ژیانم، رابردووی ژیانم، تۆمارگەی سەربردەم، چیم دیت، بۆ مێژوو، گەواهیدەرێکی رۆژگار، رێبازی ژیانم، ژیاننامەم، گەشتنامە.. هتد." هونەری.. ل 11.

**بایەخی بابەتەکە:**

"نووســینەوەی یادەوەرییەکـان لەلایەن کەسـانی توانـا و دانایـانی وشیارەوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەرچەندە کەسەکە، تەنها باسی بەسـەرهاتەکانی ژیـانی خـۆی دەکـا، بـا لە گۆشـە نیگـایەکی تـایبەتی خۆیشیەوەبێت، ئەوا کەسەکە راستەوخۆ مێژووی سەردەمێکی تایبەت بەخۆی، دەردەخات. تۆمارکردنی یادەوەرییەکان، هونەرێکە: بەهرە و توانای هونەری و کەسایەتی مرۆڤان و مێژوو، ئاوێتەی یەکدی دەکات و بەشێوازێکی ئەدەبی دادەڕێژرێت." هونەری. ل 11.

**ئامانجەکانی تۆمارکردنی یادەوەریی:**

1- مانەوە و نەمری نووسەر لە دوای نەمانی.

2- بڵاوکـردنەوە و گەیانـدنی پەیامێـک، بیروبـاوەڕێکی تـایبەتی، بیروڕای نووسەر.

3- دەرخستن و روونکردنەوەی راستی چەندین بابەتی مێژوویی بە نادروستی تۆمارکراو.

4- تۆمارکردنی رووداوەکانی سەردەمێک.

5- ناوبانگ دەرکردنی بیرەوەرنووس.

6- بۆ دەوڵەمەندبوون بەفرۆشتنی بەرهەمەکە: یادداشتننامەکەی بیل کلنتۆنی سەرۆکی ئەمریکا (دۆستی مۆنیکا)، دەملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە." هونەری. ل 12

**ئەنجامەکانی یادەوەریی تۆمارکردن:**

1- نووسەر بە دەربڕینی ویستەکانی خۆی و گەیاندنی پەیامەکەی، شاد و دڵخۆش دەبێت.

2- بە دارشتنی بیرەوەرییەکانی، بەشێک لە خەمەکانی دەڕژێن، هەست بەئاسوودەیی دەکات، لە ئەنجامدا کۆئەندامی بەرگری کاراتر و پاڵەپەستۆ و ئازاری ناخی کەمتردەبێتەوە، چەندین گرفتی دەروونی و نەخۆشییەکانی دڵ و تەوژم و فشاری خوێن و.. سووک دەکات یان دەیان پەڕێنێت.

3- بەهۆی خۆ خستنە ناو نووسین و بیرخستنەکانەوە، بیر، بیرازدەبێتەوە و بۆ وەبیرهاتنەوەی شتی کۆن، تۆمارکردنی بابەتی نوێ، تیژ و بەبڕیارتر دەبێتەوە.

4- لە بۆچوون و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانـدا ورد و چاوتیژ و دووربینتر دەبێت.

5- پتر هەست بەبوونی متمانەی بەبایەخ و رۆڵی خۆی، لە ژینگەکەیدا دەکات.

6- بە وریاییەوە پەند لە ئەزموونەکانی ژیانی رابردووی وەردەگرێت، بۆ چارەسەری گرفتەکانی داهاتووی بەکاریان دێنێتەوە. چەندین کۆنە زانیاری کۆکراوە (وانە)ی لەمێژینەی خەوتووی یادگەی، لە کاتی پێویستدا، لە هەڵوەستە کردن بەدیار چەندین هەڵوێستەوە، بەهانای دێنەوە." هونەری.. ل 14

**کەلکەکانی تۆمارکردنی بیرەوەریی:**

"پەرتــووکی یادەوەرییەکــان، تۆمــارگەیەکی گرنــگ و پێویســتە بــۆ تــوێژەران، چــونکە زانیارییەکــان راشــکاوانەتر دەســتدەکەون. بــایەخی پتریشی لەوەوە دێت کە لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە بۆ راستکردنەوە و چەسپاندن بەکاربێت نەک بەتەنیا. سوودەکان بە شێوەیەکی گشتی:

1- وێنەیەکی ژیانی رابردوو دەنوێنێت.

2- باری ژیانی سەردەمێکی تێدا دەخوێندرێتەوە.

3- بیروبۆچوونی خەڵکانێک پیشان دەدات.

4- گشــتگری راســتییەکانە و هەلــی چــاککردنەوەی هەڵەکــانیش پتــر دەرەخسێنێت.

5- دەبنە بەڵگەنامەی چەسپێنەری بابەتی مێژوویی .

6- بــۆ زانســـتەکانی دەروونزانـــی و کۆمەڵناســـی و ئـــابووری و رامیـــاری کـــۆمەڵایەتی و کەلتـــووری و زمـــانەوانی و ســـەربازی و سیخوڕی.. سوودیان دەبێت.

7- بــاری هــونەری و رەوشــی ئەدەبــی و.. لە ئــاوێنەی شــوێنگە و سەردەمەکەدا دەبیندرێت." هونەری. ل 14 و 15.

**رێسا گرنگەکانی تۆمارکردنی بیرەوەرییان:**

" لە کاتی تۆمار کردنی بیرەوەرییانـدا رەچـاوی ئـەم رێسـا گشـتی و گرنگانەی خوارەوە دەکرێت:

- مەبەســتمان لە هەڵبژاردنــی ســـەربردەکان چیــیە؟ تۆمــارکردنی سەربردەی تایبەت بۆ دەرخستنی گرفت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکـان، کــات بەســـەربردن، بــۆ پیشـــاندانی دۆز و کێشـــە گشـــتییەکان، وەک: رۆمـانێکی هـونەری رۆژگـار، خسـتنە رووی بیروبـاوەڕی شۆڕشـگێڕی،

وتـــاری سیاســـی، پەنـــد و وانەی کـــۆمەڵایەتی.. یـــان بەتێکەڵکردنـــی بابەتەکان.. تۆماردەکرێن

– بـۆ کـێ دەنووسـرێت؟ بـۆ سیاسـەتمەدارانە؟ بـۆ پیشـەوەر و نووسەر و نووسین دۆستانە؟ بۆ خاکی و دەستزبر و رەشورووتانە؟ بـۆ لایەنگـران و هـاوبیرانە؟ بـۆ خەڵکـی وشـیار و سـەرنج تیـژ و بیـر قووڵە؟

– نووسـەر، خـوێنەر بەکەمـزان نەزانیـت. کـاتی بەبـێ سـوود لـێ نەسـووتێنێت، کە چـاوی بەنووسـینەکەدا خشـاند، چـاوی دابخـات و لە خۆی بپرسێتەوە: لەم گەشتەدا چی نەبیستراوی دیت و چی نەبیندراوی هەڵێنجا؟

– لە کارەکەمانـــدا لەگەڵ خۆمـــان و دەوروبەر و رووداوەکـــان و نەوەکانمانـدا دڵراسـت و نیازپـاک بـین. راسـتی و راسـتبێژی و رەوا پەروەری لە کارەکەماندا بدرەوشێنەوە.

– ئەوەی لە راستی و بنج و بناوانەکەی دڵنیا نەبین، لەسەر خۆمـانی نەکەینە ماڵ.

– زمان زبری و قەڵەم تیژی و هەست بریندارکردن و ملشکاندن و ماسـتاوچییەتی و مـادەلایی، دووڕوویـی وبێهەڵوێسـتی و مشـەخۆری و خۆ خستنە پەنای خەڵکانی دیکە، کەسایەتی مـرۆڤ نـابووت و چرووک دەکەن.

– لە نووسـیندا هـێمن و پشـوودرێژ بین، لـووتەیی و خـۆ هەڵکێشـان کەسایەتی مرۆڤ دادەبەزێنن.

– لە ژێـر کـاریگەریی بۆچـوون و هەڵچـوونی کاتیـدا، لە تـووڕەیی و بەهەڵەشەیی، شتی نەگونجاو تۆمـار بکەیت، بەیـانی پەنـجەی پەشـیمانی دەگەزیتەوە. دەبێت وابکەیت هەمیشە جێگەی شانازی دۆست و نەوەی

دۆستان، جێگەی تێمان و دەردەدڵ و شێرپەنجەی کەڵلەی نەیار و ستەمکاران بیت.

– خۆ تەریککگرتن لە گێڕانەوەی رووداوی ساردوسڕی گشتیی و رۆژانە. ئەوانەی زۆرینەی خەڵک دەیزانێت، حەزت لە دەستەواژەی باو و کورتە بیرهاتی پچڕپچڕ نەبێت، بەکاوانەوەی دەراوێژی دەمی خەڵک و دووبارە کردنەوەی، بەرهەمت کەم هێز و بێپێز دەکات، سەری خوێنەر دەیەشێنی و خۆیشت خوێن تاڵ دەکەیت.

– ژیان پڕییەتی لە تاڵی و شیرینی. لە چنینەوەی رووداوەکانی رۆژگاردا، رەچاوی هەمەڕەنگی و چێشتی مجێور بکرێت. تا بلوێت، تابلۆی گریان و پێکەنینی چەند تەمەنێکی تێدا ببیسترێت.

– بابەتی سەرنجکێش و بایەخدار هەڵبژێرە. نەک زۆری و بۆری.

– ئەوشتانە بخەینە بەرچاو کە پەند و مانای گەورە و شتی بایەخداریان تێدا دەخوێندرێتەوە، مەبەستمان گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز بێت.

– لە دەربڕیندا زمانپاراو و رووخسارشیرین و کورتبڕ و رەوانڕۆ و روونگۆ بین.

– لە خستنەڕووی رووداوەکاندا، بێلایەنی پەیڕەو بکرێت. تابکرێت وەک کامیرایەک وێنەی بەسەرهاتەکان بخرێنە بەرچاو، نەک وەک لایەنگرێکی کورتبین، هەر لە گۆشە نیگایەکی خودی تەنگەوە بڕوانینە دەوروبەر.

– لە گێڕانەوەدا خۆویست و دەمارگرژ نەبین. ژیاننامە، بەخۆداهەڵگوتن و تانە و تەنز وەشاندن نییە. بەکورتی و بەکوردی چاویلکەی تاریک و تەماوییەکانی حیزب و ئایین و رەگەزپەرورەری و توندڕەوی و دەروێشایەتی، لە چاو دابکەندرێت. بە چاوێکی مرۆڤانە و

بەدڵێکی فراوان و بەنیازێکی پاکەوە، بۆ مەبەستێکی پیرۆز، وێنەی شتەکان بگیرێت. پێویست ناکات لە هەموو پەڕەگراف و پەڕە و سەرەباسێکدا، لە هەموو کوچە و دووڕیان و سەرە پردێک و هاوینەهەوار و پاوانەزستانێکدا، بیروباوەڕی تایبەتیمان رابگەیەنین.

- نووسەریش وەک بەرهەمهێنەر، مۆر و مۆرکی تایبەتی خۆی دەخاتە سەربەرهەمەکەی، تا خەڵک بیناسێتەوە. نەک کۆنەی کەسانی دیکە بماڵێتەوە و قاڵی بکاتەوەو لە کۆنە قاڵبێکدا دایبرێژێتەوە. بەڵکو هەر کەسە و بکارێت کە شوێن پەنجەی دەربکەوێت، شوێنپێی تایبەتی خۆی لە گوتراوەکانیدا هەڵبگیرێت.

- دەبێت لەم هونەرکێشانەدا زۆر وریابین، بۆ ئەوەی: بابەتی دژ یەک، بەنائاگایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت، بەزمانی خۆمان تێنەمێنین. کە زانیاری بەیەکەوە نەگونجاومان تۆمارکرد، ئەوا پێویستە روونی بکەینەوە، ئەگینا باوەڕ بەراستەکانیشمان ناکەن.

- بیرەوەرنووس لە جەلەکردنی رووداوەکاندا، هەمیشە ئاگادارە کە چی گوتووە و چی ماوە، لە رۆیشتندا ئاگای لە بەروپشتی خۆیەتی، هەر بابەتەیش بەپێی بایەخ، دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت. لە ریزبەندی بابەتەکاندا رەچاوی گونجانی جێگە کات و کژ و دەرفەت بکرێت. تێکەڵی و پێکەڵی، نووسەر پەشێو و بەرهەم نارێک و خوێنەر بێزاردەکات.

- کات و شوێن و کەسەکان و چۆنیەتی دەوروبەر، بەروونی لە نووسینەوەی رووداوەکاندا دەخرێنە بەرچاو.

- ئاوکوفیی و تەبایی لە نێوان دەفر و ناودەفردا (رووخسار و ناوەرۆکدا) ببیندرێت.

- باشترین کار بۆ ئەوانەی بەنیازی یادەوەریی نووسینن ئەوەیە: رۆژ بەڕۆژ شتەکان تۆمار بکەن، دواتر بژاردە و برنجییەکانیان هەڵبژێرن.

- هەرگیزاوهەرگیز لە یادت دەرنەچێت، کە تۆ دەبێت بکۆشیت، بۆ ئەوەی پەلی سەرنجی خوێنەر بگریت و لەگەڵ خۆتدا بیگێڕیت، نەیەلیت هێندە دوورکەوێتەوە لێت داببڕێت. ئەویش لە میانی: "بزانە چی و بۆ چی و چۆن و بۆ کێ و بەچ شێوازێک دەنووسیت؟"

بە وردی و چاوی کڕینەوە بۆ نموونەی لێ فێربوون، بڕوانە چەند یادەوەرییەکی تۆمار کراوی وەک: ژیاننامەی فەیلەسووفی فەڕەنسی "دانپێدانانەکانی" جان جاک رۆسۆ.

چیرۆکی ژیانی کەڕ و کوێر هێلین چیلەر. یادداشتەکانی رۆماننووسی ئینگلیزی چارلز دیکنز.

سەربردەکانی ژیانی تشەرشل. یادداشتەکانی گاندی.

یادەوەرییەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دۆناڵد رامسفیلد. بیرەوەرییەکانی جۆرج بۆش.

نموونەی کوردییەکانیش لەم بواردا: بەرهەمی بەهەشتییان و رێزداران: (گەشتی ژیانم)ی مەسعوود محەممەد، (چێشتی مجێور)ی هەژار موکریانی، سەربردەی ژیانی مام هێمنی شاعیر کە لە پێشەکی (تاریک و روون)دا بەناوی لە (کوێوەو بۆ کوێ) بڵاوکراوەتەوە، بەسەرهاتی خۆی و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و رەوشی سیاسی ئەو ناوچانەی تا ئەوکاتە تێیدا ژیاوە، پێیاندا تێپەڕیوە، لە نێو باڵانمای هەستی ناسکیدا دەبیندرێت. گەشتنامەکەی گۆرانی شاعیر (بەهەشت و یادگار- گەشتی هەورامان) پڕیەتی لە دیمەنی دڵگر و وێنەی ئەدەبی و جوانی سروشت. بیرەوەرییەکانی سامی

عەبدولڕەحمان، یادداشتەکانی رەفیق حلمی. یادەوەرییەکانی دوکتۆر مەحموود عوسمان، نووسینەکانی بەهائەدین نووری، عەزیز محەمەد، نەوشیروان مستەفا. (ئەزموون و یاد)ی پشکۆ نەجمەدین، کە لەم دوایییەدا چاپکراوە بەهەرمێنترین کتێبی ساڵی 2010ی پەرتووکخانەکانی سلێمانی بوو. لە نووسینی بابەتەکەشدا ناوی گەلێک یادەوەرنووس و چەندین بڕگەی بەرهەمەکانیان هاتووە." هونەر.ل 15-18

**شێوازەکانی یادەوەریی تۆمارکردن:**

1- شێوازی کۆچیرۆک و رۆمان: "دەبێت نووسەری ئەم شێوازە لە بواری هونەری چیرۆک و رۆماندا شارەزابێت. بیرۆکەکە لە مێشکیدا گەشە دەکات و پێدەگات، ئینجا تۆماری دەکات. نووسەر دەکۆشێت خوێنەر بخاتە ناو رووداوە راستەقینەکان و جیهانی خەیاڵییەوە. لەم شێوازەدا ئەم سەربردانە دەنووسرێن کە پێشتر بەسەریان هاتووە، نەک ئێستا رووبدات. سوود لە بەبیر هاتنەوە و رووداوی نووسرایەوەیش دەبیندرێت، ئەو شوێن و چرکە ساتانە هەڵدەبژێردرێن، کە دڵگر و سەرنجکێش و ورووژێنەرن، کاریان لە هەڵوێستەکانی ژیانی نووسەر و کاریگەرییان لە ژینگەکەیدا هەبووە، وەک جەنگ و نەهامەتی و راپەڕین و دەربازبوون و کەوتن و هەڵستانەوە، دۆڕان و بردنەوەو، نموونە: رۆمانەکانی تۆلستۆی و شۆلۆخۆف رۆماننووسانی ناوداری رووسیایی. مامۆستای رۆمانی ئەمەریکی (ئارنێست هەمنگوای)" هونەری. ل 18.

**نموونەی شێوازی ڕۆمان:**

خۆر دوو سێ باڵی مابوو بکەوێتە پەنا لووتکەکانی (بەردەبووک) و (زۆزگ) و (مامە رووت) هەندێک پەڵە هەور لە سەرەوەی خۆرەکە خەنەیی هەڵگەڕابوون، پەڕاوێزەکانیان ئاوە زێڕ و ئاوە زیو کرابوون، پێدەشتەکان رەشان بوون، چرۆی دار و دەوەنە سروشتییەکانی کە جێگەیان بەڕۆژ و پەنا (با) بوو و هی دارە دەستچێنەکانی دۆڵەکانیش پشکوتووبوون و وردە گەڵای بچکۆلە و سەوزی زەردباویان دەرکردبوو. بەفری بەرزارییەکەی پشت ماڵان مەیلە و زەرد هەڵگەڕابوو، لووتکە بڵند و سەرکەشەکانی رۆژهەڵات، شاخی (وەراس) و (گردمەندیل) دا بەجووتە دەبریسکانەوە.

لە دووڕیانەکە کزەبایەکی ساردی جەرگبڕ، دەموچاوی گەست، بەشەقاوی گەورە گەورە، بەشەقامە رێیەکەدا بەرەو دێیەکە هەڵکشا، جێ جێی رێگاکە قوڕ و قوڕاوبوو،نسار و بەرزاییەکان سەهۆڵ خەریکبوو پەیتی دەکردنەوە و دەیبەستانەوە، شووڕی دار بەڕووە نیمچە رووتەکان لە بەر گوڕی بایە ساردەکە لەرزیان لێ هاتبوو. زۆر نەڕۆیشتبوو کە کچۆلەیەکی بچکۆلە، لە گەوەیەکی رێگاکەدا بەدیارکەوت و کەوتەوە نادیاری، کە گەیشتە پێچەکە، پیرەژنێک و کچۆڵەکەی سەد هەنگاوێک لە پێشە خۆی، لەسەر چەقی رێگاکەوە کەوتنەوە بەرچاو، پێی سووک کردن، لە دامێنی گۆڕستانەکەی بەرماڵان پێیان گەیشت، ماندوونەبوونی لە پیرەژنەکە کرد.(پیرەژنێکی بچکۆلەی توندوتۆڵ و قیت و رەقەڵە و گەنم رەنگ و دەموچاو لۆچاوی، لووت و چەناگەی زۆر لە یەکتری نزیک بووبوونەوە).

مندالەکە، پۆتینێکی شینی لاستیکی نوێی لە پێدابوو، پاڵتۆیەکی جوڕەیی سەر بەکڵاوە، لە تەپڵی سەرییەوە تا سەر پۆتینەکانی

داپۆشــتبوو، لــووت و دەم و چــاوی، قامکەکــانی وەک دنــدووکی کەو سوور هەڵگەڕابوون، لانکۆڵەیەکی بەڕەنگی ئەرخەوانیو شینی ئاسمانی و ســەوزی بــۆیە کــراو لە نــاو دەســتی چەپیــدا دەلەرزی، رۆیشــتنی بەئاستەم بۆ دەکرا. بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی:ـ داپیرە لە رۆژێکی وەهــا دژواردا چــۆن ئەم منــداڵە ســاوایە لەگەڵ خــۆت دەگێــڕی؟ بەو سەرماوسۆڵە سەرما بردی دەکەی و دەیفەوتێنی.

پیرەژن دەستی بچووکەکەی گرت و هەنگاوێک لە چەقی رێگاکە بۆ لاڕێ دوورکەوتەوە و گوتی: کەسی داپیرەی! ئەگەر ناچاری نەبێ، بەم زریــان و تۆفــانە، گەورەش ســەر لە کــونی ژووری دەرنایێنێت، دڕنــدەی کێوان ئەمڕۆ لە لانــێ خۆیــان وەدەرنــاکەون، بەڵام دەمزانــی لەکن کەس گیــر نابێــت، بــۆیە لەگەڵ خــۆمم هێنــا، ئەو ســێ رۆژەش زریــانە شــێتە لەگەڵ ئەم شــاخو هەڵەتــانە شــەڕیەتی، بەم پــاش نیــوەڕۆیە بڕێکــی شــکاندووە، بــۆ دوو ســعاتان چووبــووم، چیڵــو گــۆلکم لە پشــتێرێدا بەســتاینەوە، بەکەسیشــم نەســپاردوون، کەســیش ئاگادارنییە،ڕیســییە پووشــێکیان بــۆ لە ئــاخوڕێ بکــات، بیانبــاتە ســەر ئــاوێ، بیاندۆشــیو گۆلکیان تێ بەربدات.

لە پیرەژنەکە تێنەپەڕی بەجێی بێڵێت، لەگەڵیانــدا بەهــوردە هەنگــاوان بەهەورازەکە هەڵگەڕان.

داپیرە خۆ ئاوایی ئاوەدانی تێدایە، کوڕێک، کچێک، بووکێک، خزمێک، خێرەومەنــدێ، نــاوەڵڵا ئەوەی لەتەمەنــی تــۆ دابــێ، هەمــوو ئیشــو کارێک بەدەستی خۆی نەکات، دڵی ئاوێ ناخواتەوە.

پیــرەژن ئــاخێکی هەڵکێشــاو گوتی:ــ کــوڕ، کــچ، خزمــوکەس... ئەوەنــدەیە وا لەگەڵــم دایە. ئەگەر کەســێکم هەبــوایە، هەتیــوێکی ئەوهــام هەمــوو دەمــێ نەدەکــردە چانچــانۆکەی دوای خــۆم، بەناشــکوری نــاڵێم،

ئەوەی نەگبەتی رووی تێکرد. کچۆڵەکە گوتی: دایە !... دایە! (دەستی لەناو دەستی پیرەژن دەرهێنا و خۆی لە کەلێنی دوو گابەردان کوتا، بزربوو، لەو دیوی بەردەکان بانگی کردەوە): ((دایە...! دایە...!)) (لە ژێر دار بەڕوویێکی گەورە، کە پەل و پۆیەکەی، نیوەی گۆڕستانەکەی، تا دەگەیشتە سەر ڕێگاکە، داگرتبوو. لەلای کۆمەڵە گۆڕێکی گەورە و بچووک وەستا، لانکۆڵەکەی لەسەر گۆڕێک دانا و هەڵی گرتەوە و لە ناو کۆنە لانکێکی دانا کە لەسەر گۆڕێکی گەورە داندرابوو) پیرەژن بانگی کردەوە: زۆر درەنگە ! کوڕم سبەینێ هەینییە دێینەوە.

- دایە هەر لانکەکەم بەدایکم پیشان دەدەم، لە کن لانکی وی دای دەنێم، هەڵی دەگرمەوە و دەیهێنمەوە، ئەمشەو لە ماڵێ بووکەکەم لەناویدا دەنوێت، ئەدی نابێت دایکم بزانێت ئەمنیش لانکم هەیە. (پیرەژن چاوی پڕ گریان بوو، لچی تەتڵەی دەکرد):

- ئەتۆ چۆن بزانی هەموو دەمێ تیخم لە برینێدا بگێڕی، رۆژێ هەزار جار زیاتر برینی دڵم بکولێنیتەوە.

کیژەکە کە پێشتر هەڵدەلەرزی و لە رۆیشتن کەوتبوو، بەڕاکردن بۆ ڕێگاکە شۆڕ بۆوە، ڕێگاکە، گۆڕستانەکەی کەرت کردبوو، تۆپە بەفرێکی لە ناو لەپی دەستیدا بوو، خستیە ناو لانکۆڵەکەیەوە

- دایە ئەم بەفرەم لە ناو لانکی دایکم دەرهێنا، پڕی بەفر بوو، لانکەکەی خۆم بەدایکم و براکانم پیشان دا، ئەرێ ئەوانیش نایبینن دایە؟. بەدی کیژی خۆم.- دایە! وەکی چووینە کن باوکم لانکەکەش دەبەین؟.

(زووریـــنەی هەرەزۆری رووداوەکـــان و وێـــنە فۆتـــۆییە سروشتییەکانی دەبیندرێن راستەقینەن، خۆی دیویەتی لە گەڵیاندا ژیـــاوە.. حەمەدەمـــین (میـــنە)ی حـــاجی مـــحەمەد مەمیخەڵـــی و

کارئەکتەرەکانی دیکەی، لە بەر هەندێک هۆی هونەری، ناوی چەند کارئەکتەرێک لەجیاتی ناوە راستەقینەکەیان بەکارهاتووە، رۆڵی چەند کەسایەتیکیش دراوەتە کارئەکتەرێک. زۆربەی رووداوەکانیش، بە ناوی کەسایەتییەکانیشەوە، وەسفەکەی دەربارەیان نووسراوە، مەگەر بۆ پێویستی شاردنەوە و تێدا بزرکردن گۆڕدرابن، دەنا هەموویان راستە قینەن، هەندێکیشیان تاکو ئێستا لە ژیاندا ماون، نموونە: مینە، حەسەن.. ناوی گوند و شوین و لووتکە چیایەکان: مەمیخەلان و چۆمان دەربەند.. گردمەندیل، بەردە بووک و کوێستانەکان، گۆڕستانەکان و گۆڕەکان.. واتە تۆمارکردنی بیرەوەریی، گێڕانەوەی رابردووی زیندووی هەن و هەبوون، خۆم دیومن، لەگەڵیاندا ژیاوم، یانە بەسەرهاتن، لە نزیکەوە و راستەوخۆ بیستوومن، بەیەکەوەم بەستاون. مێژوویکە بەشێوەی چیرۆک خراوەتە بەر دیدی خوێنەر.)

پیرەژن دەستی بۆ کۆمەڵە گۆڕێکی ناو گۆڕستانەکە درێژکردو گوتی: ئەو هەشت گۆڕەی دەیبینی لە ریزەکی درێژ بووینە؟ ئەوە گۆڕی (حەلیمی) بووکم و پێنج کوڕەزا و (هەمینێ) کیژم و سۆفی (هەمینێ) زڕدایکی مامۆستای گوندییە، لە ناو زەوییە تووتنەکەی خۆمان، پێشنوێژی هەینی بوو، لەسەر کانیێ کۆڵیان وەسەر نابوو، ئاگرەکەش دووکەڵی کردبوو، دوو فڕۆکە لە ئاسمانێ پەیدابوون، دوو سێ شریخە و گرمەی وەکی بروسک و گەواڵەی بەهاران هاتن، دووکەڵ و تۆز ئەم دۆڵەی پڕ کرد، لە گوندی بوو بەهەڵڵا، وەکی چووم! چ ببینم! رۆڵە! کافری هەرسێ دینان نەیبینێت، هەموو خەڵکی گوندەکە لە کەندەلانەکە، لە خۆڵ و پارچە شاخەکە ئالابوون. ئەم کاتەی رۆژێ بوو وەکی تەرمەکانیان بەنیوە رووتی دەرهێنان، سۆفی هەمین ئەوێ رۆژێ سەر لەبەیانی هاتە ماڵێ مە و گوتییە: (حەلیمێ)

بووک: "دۆت مەلا! خەونەکی زۆر ناخۆشم دیووە، زۆر دڵم توندبووە، هاتووم هەندێک قسەینێ خۆشم بۆ بکەی". ئەوانیش دەگەڵە خۆیان بردیانە کۆڵێ.

(هێماکردنێکی بەپەنجە و بەدەم): ئەم کیژەش لە ناو ئەو لانکێهێ بوو. (ئاماژە کردنی دەستی بۆ دەستە راست گواستەوە) لەژێر ئەو دار گوێزەی ئەوبەری بوو، بۆ خەم و خەفەتان، بۆ برین کولاندنەوەی من خودا رۆژی نەهێنابوو، باوکی ئەم کیژەش لە حەژمەتان، حەفت مانگی پڕ، زمانی بەسترا، چەند باوکی من لە گۆڕستانێ هاتەوە و چووە ناو ئاوەدانی و قسەیەکی کرد ئەویش هەر هێندە، ورتەیەک چییە لە زاری نەهاتە دەرێ، چەند دوعا و نووشتەمان بۆ کرد، کن سەد چاک و پیران... لە دختۆری دونیایمان گێڕا، داو و دەرمانی دختۆر و حەکیمان نەما بەدەمیەوە نەکەین. خودا و قورئانی پیرۆز و (شێخی باڵەک) کردیان، هوردە هوردە هاتەوە سەرەخۆ.

کە گەیشتنە بەر ئاوایی، ئاوڕێکی بەرەو دواوە دایەوە، دیتی چارەگی لای سەرەوەی خۆرەکە،وەک گڕێکی سوور دادەخزیە پەنا شاخەکەوە.

- داپیرە! من ماڵی کۆنە ناسیاوێکم لێرەیە، دەبێت لە کامە لای گوندەکە بێت؟.

- ناسیاوەکەی تۆ کێیە؟. ناوی شێرکۆیە.

- ئێ ئێ خێزانەکەی ناوی (ئاوات)ە وا لە چاوە خانووەکەی ماڵی سلێماناغایە، لەلای سەرەوەنە، لەو دیون، هێشتا ماڵەکەیان بەدیار نەکەوتووە، بەڵام ژنەکەی ئەوە دوو سێ رۆژێکە نەخۆشە و کەڵکی مێوانداریيان نییە،. کوڕی خۆم! دەبێت ئەمشەو لەلای پیرە دایکی خۆت بمێنیتەوە! میوان خۆشەویستی خودایە، خێر و بەرەکەت لەگەڵ خۆیدا

دەینێت، دەزانی بەتەنێ چەند دڵم دەگوشرێت؟ ماڵی بێسەردار، وەک ئاشی ئاو لێبڕایە، هەتا میوانیش رووی تێناکەن، بەشێخی باڵەکان ئەم شەو لای دایکی خۆ بی، وەکی (مینە) ی کوڕم هاتبێتەوە ئەوهایە، کوڕم خودا نانی زۆر کردووە، بۆ هەر بۆ ماڵە... دەخشن؟ رووێکی خۆشی خانەخوێ هەزار پڵاو برنج دێنێت، هەرچەندە ناوەختیشە، وا پێکەوە دەچینەوە ماڵێ، بەڵام ئەمنیش پڵاو برنجی بۆ کوڕی خۆم لێ دەنێم.

یەکەم ماڵی سەر رێگاکە ماڵی ئەوان بوو. لە ئافرەتێک هەڵەنگوتن لە دەرگای ماڵەکەیان دەهاتە دەرەوە، بەڕوویێکی گەشەوە:ــ یاخوا بەخێربێنەوە. رووی لە میوانەکە کرد: کاکە گیان بەخێر بێی.

رووی بۆ پیرێژن وەرگێڕایەوە: مامۆژن چێڵەکانم دۆشیون و ئالیکیشم داون، گوتم تازە نایێتەوە، سێ رۆژە چاومان سپی بوو ئەوەندەی چاوەڕوانیت بکەین.خوا بکات مژدەیەکی خۆشت هێنابێتەوە!

مامۆژن:ــ ئەرێ وەڵڵا قسەکەی گوتیان (حاجی قەسیم) گوتی راستە! گوتیشی وەرە سەری مانگێ پێکەوە دەچینە دیدەنی، سەری مانگێش زۆری نەماوە، هەتا بەچاوی خۆم نەیبینم باوەڕناکەم.

– مامۆژن! مزگێنییەکی خۆش! بەقوربانم بووەکە، باش بەتەڵەی وەبووە، بەتەڵەیەکی دووکەوانەیی بەرازگر وەبووە، بەرەڵڵابوونیشی نییە.

– مامۆژن: دەزانم (عەلکە چوێڕ)ە خوێڕییەکە گیراوە، ئەگەر بیکوژن ئەوا جحێڵ دەبمەوە، بەڵام هەتا ئەو بەرنەبی، (تیراوە)ی دڵم بنی نایە.ئافرەتەکە:ـ من وا دەڕۆم، هەندێک گەنمم لە جۆنییەکەدا کوتابوو، هەندێکیشم بۆ تۆ لەسەر هەمبانەکان داناوە، لە ناو بادیە گەورەکەدایە."

بەشــی چــوارەم لە ڕۆمــانی ((شــەخەڵی داربەڕوو"ە، لە نووســینی نووسەری ئەم بابەتەیە.

2- شــێوازی بیرهــات (الخــاگرە): بیرهــات بــابەتێکە لە کــاتێکی دیاریکراودا بەهۆی بینین، یان بیرکردنەوە لە ئەنجامی وروژاندندا، لەگەڵ موچڕکە شیرین و تاڵەکانەدا، لە کاتی نائاگایی و شۆڕبوونەوە بەناو ناخدا دێتە کایەوە. هەندێک بیرهاتنووس گەلێک بایەخ بەداڕشتن و رووخسار، لەسەر پشکی ناوەرۆک دەدەن، وا چاکە رووخسار و ناوەرۆک هاوپشکی یەکسان و راگر و تەواوکەری یەکدی بن، وەک پەیوەندی نێوان گۆشت و ئێسکی مرۆڤێکی زیندوو لە یەکدی جیا نەکرێتەوە. نموونەی شێوازی بیرهات: (بەهەشت و یادگار، گەشتی هەورامــان)ەکەی گــۆرانی نەمــر، کە لە هەمــان کاتــدا گەشــتنامەیەکی خنجیلانەیشە.

نموونەی دەق: "سەرکۆتی سووکی بوو: کە منداڵ بووم، باوباوی فەرمانی باوک سالاری بوو، سەرکۆتی و لوولاق رووتی بۆ پیاوی پیاو، سووکی و شەرمە و ناشیاوی بوو. ئێستا دەبینم سەر و شان و سنگ و پــووز و نەرمەی ران رووتکــردن، دامەن هەڵمــاڵین و وانەک خواسکرنی نێرینە و مێیینان، هێمای پێشکەوتن و داوای مافپەروەرانی سەردەمی دایک سالاری و نەوە لاسارییە. ئەوەیش لەگەڵ ژینگەی نوێ و سەردەمی خێراڕۆیی رانەیەت، ئەوا شێتی و کۆنەپەرستی و مێشک وشکی بۆ دەمێنێتەوە. بەپەلە خۆی بگەیەنێتە شێخی گۆڕستان باشترە، لەوەی کە لەگەڵ نەوەی نــوێ بەناســازی و نەبــانی و ناتەبــایی بەکوڵەمەرگی بژیەت! ئەگینا سەرکۆتان سەد کڵاوگۆریە و تەپڵەکی لبادی دەنێنە سەر."هونەری.ل 38

3- شـــێوازی نـــامه و نامەكـــاری: "شـــێوازێكی خۆشـــی بەخشـــە، بەتـــایبەتی ئەگەر بیرەوەرنـــووس بەقـــووڵی بەنـــاخی خۆیـــدا رۆبچێـــت، هەڵچـــوون و بـــارە دەروونییەكـــانی دامـــان و رامـــان، شـــین و شـــایی، هەڵزنـــان و شـــۆڕبوونەوە. بـــۆ سەركێشـــكردنی هەســـتی خـــوێنەر لە نامەكانیـــدا بخـــاتەگەڕ. لەم شـــێوازەدا بـــابەتی تـــایبەتی و نهێنـــی كەسایەتیشـــی تێدا تۆماردەكرێت. نامەكـــانی جەواهێـــر لال نەهـــرۆی بـــۆ ئەندێرای كچی، دووچامە ناودەرەكانی نالی و سالم، نامەكانی نێوان مەســـعوود محەمـــمەد و حەكـــیم كـــاكە وەیـــس پتـــر دەكەونە ژێـــر ئەم شـــێوازەوە. نمـــوونە: نووســـەر باســـی رووداوێـــك لە نامەیەكیـــدا بـــۆ برادەرێكی دەنووسێت و دەڵێت:

"كـــاتژمێر نـــۆی ئێـــوارەی رۆژی هەینـــی رێكەوتـــی 21|3|2010 پاشباران بوو، لەگەڵ كاك (ە. ب) بەیەكەوە، بەسواری ئەسپ، لە بەستە قـــووڵ و قـــوڕاوییەكەی دامـــێن گونـــدی پـــوونگینەی ســـەر بەنـــاوچەی كەسنەزان، بەرەو گوندی باخچە دەپەڕینەوە، پیرە ژنێكی رەقەڵەم بینی: بەتەنیا شینی دەكرد و قژی خۆی دەڕنییەوە، خۆم بۆ نەگیرا.دابەزیم، ویستم هێوری بكەمەوە." هونەری. ل39

4- شـێوازی رۆژانە نـووس: "رووداو و بینـدراوەكانی رۆژانە، رۆژ بەرۆژ لە تۆمـارگەیەك تۆمـار دەكرێت، وێـڕای تۆمـاركردنی زانیـارییە تایبەتی و گشتییەكان، ئاستی رۆشنبیری و پلەی بەرپرسایەتی و باری كۆمەڵایەتی و جۆری كەسایەتی نووسەری تێدا دەخوێندرێتەوە.

" وردتـــــرین و راســــــترین بیرەوەریـــــی كەســــــایەتی ئەوەیە، كە خـــاوەنەكەی لە كـــاتی رووداودا تۆمـــاری بكـــات، نەك لە دوای كـــات

بەسەرچوون، بەڵام وادەبێت لە نووسینەوەی راستەوخۆدا چەندین بۆچوونی بەرتەسک و لێکدانەوەی کورتبینانە دێنەکایەوە، ئەوانیش بەتێپەڕبوونی کات روونتر و ئاشکراتر دەبن، گەلێک دید و هۆکار راستر و گشتگیرتر دەکەونە بەرچاو، بۆیە لەدوای ماوەیەکدا لەکاتی پێداهاتنەوەدا پوختتر دەکرێت. رۆژانەنووس هەمیشە لە تۆمارگەی رۆژانەیدا کات و شوێن و کەسایەتییەکان بەوردی دەردەخات، ئەگەر نەگوتنی بەمەبەستی پاراستنی نهێنی پێویست بوو، ئەوا بەهێمای یەک دوو پیت ئاماژەی بۆ دەکرێت. وادەبێت کەسێکی نزیک، بەئاگاداری بۆ هاریکاری، لەم شێوازەدا لەبری کەسێکی دیکە کارەکە ئەنجام بدات. نموونە: ئیبنول شەداد رۆژانەکانی ژیانی سەلاحەدینی ئەیوبیی نووسیوەتەوە.

نموونەی نووسینی بیرەوەریی بەشێوەی رۆژانەیی مێژوویی

"**سێشەممە- 18ی ئاداری 2003:** لە بەرەبەیانی ئەمڕۆژەدا، بۆش (سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.) بەگەفەوە، داوای لە سەددام کرد کە دەبێت لە ماوەی 48 کاتژمێردا عێراق جێبێڵێت. بارودۆخەکە ترسناکە، بەڵام هێشتایش ئومێد نەبڕاوە.

**چوارشەممە- 19ی ئادار:** بەغدا نیمچە چۆڵە. وادەردەکەوێت کە ئەم رۆژە دوایین رۆژی بەر لە جەنگە.

**چوارشەممە 2ی نیسان، رۆژی چواردەمین:** بۆردوومانکردن درێژەی هەبوو، دیمەنی جەرگبڕی کوژراوان، لە حیلە دیترا. کوشتن و لەیەکدان لە دیوانییە و کەربەلا و کوت دابوو. هێزی ئەمریکییەکان 19 کم لە باشووری بەغداوە دوورن، رووە و بەغدا دێن..." هونەری. ل 39 و 40.

5- هەن بەسەرهاتی ژیانیان بە هۆنراوە دەهۆننەوە، نموونە:-
مەولوود نامە (ژیاننامەی) پێغەمبەر (د.). زەمبیل فرۆش. یوسف و زولێخا. ژیاننامەکەی گۆرانیبێژی میلی کورد حەسەن زیرەک.

6- شێوازی ئاوێتە کردنی دوو شێواز یا پتر لە نووسینێکدا: ئەمەیان بۆ زۆرینە لەبار و باوترە.
نووسەری خوێنەر! مەمکە لۆمە! ریشم سپییە و پشتم کۆمە، بەکارهێنانی رەنگی هەر پێنج وەرزەی ساڵ: "سپیی بەفرینی کوێستان، سەوزی خەملێوی بەهار، زەردی زێڕینی خەڵە و خەرمانی هاوین، شینی ئاسمانیی کورتترین رۆژی پاییز، سووری خوێنینی وەرزی پێنجەمی نەبڕاوەی کورد، یەکە یەکە بەجیا و بەتێکەڵاویش لە نووسینی تابلۆکانم، کاری تایبەت بەخۆمە." هونەری. ل 41
نموونەی دەقی تێکەڵاوکردنی پتر لە شێوازێک: "راز نووسین: کە بڵاوکراوەیەکی نوێ دەبینم، هەستم دەبێتە منداڵێکی بنارگر چاوی بەبووکەڵەیەک دەکەوێت و رک دەگرێت، هەڵدەپەڕێت و خۆی دەپچڕێتەوە و، تا وەدەستی نەهێنێ ناوەستێت. هەر گوڵێکی تازە پشکوتوو ببێنێت، دەیەوێت شۆخی و دڵکێشی و بۆنخۆشی هەڵبسەنگێنێت، دەیەوێت بزانێت ئاخۆ گوڵە مێخەکێکی پڕ گوڵاوی هەنارییە!؟ گوڵهەنارێکی دوورکوژی نزیک خەسارە!؟
بەدەست خۆم نییە، ئەمە خووە و گرتوومە. جارجارە دەمەوێت دەست لە نووسین وەربدەم، هەستی دەروونم تۆماربکەم، بەمەرجێک لەگەڵ رەوە و نەوەی بڵاوکراوەی ئێستا بگونجێت. زۆر لەخۆ دەکەم، خۆم دەسخەرۆ دەدەم، گەر گەرەکم بێ زەڕنەقووتەکەی ببێتە

کۆترێکی سپی ماڵی، یان گاپەلێکی کێوی، ئەوا چاو هەڵناهینێت، لە ناودەستمدا مرداردەبێتەوە.

کە بمەوێت نەمرێت و باڵبگرێت و ببێتە فڕندەیەکی ئێسک سووک، ئەوا دەبێتە هەڵۆیەکی تیژفڕی، قیژە تیژی دەنووک و چڕنووک پۆلایین، هەر حەفت ئاسمانان تەی دەکات و دەقریوێنێت، شاباڵی بەسەر سەری دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی دادێنێت. لە بەرزایی ئاسمانەوە، بەچاوە تیژەکانی، گشت کونج و بن پنجی ئەم گەردوونە بەوردی دەپشکنێت، لەگەڵ رەوی واشە لاشەخۆرەکان دەیکاتە جەنگی مان ونەمان، تاریان دەکات، ئەگەر دەیگرمەوە، ئەوا قەفەزەی دڵ و دەروونم دەشکێنێت، بەرەلادەبێت و دەمفەوتێنێت.! نازانم بیر و هەستی من نامۆیە و لەگەڵ خودی خۆم و دەوروبەردا ناسازێ! یان ئەمە راستی و دروستی بارودۆخی نووسین و رەنگدانەوەی ئەمڕۆی ژیانی ئێمەیە؟

کە هزر و هەست، زمان و دەربڕین، کردار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لە یەکدی هاوێربکرێن و لە یەکتر دابڕێن، لە ئەنجامدا پێکەوە نەبان و ناتەبا دەبن. من وای بۆ دەچم کە جیابوونەوەی گوفتار و کردار، لەگەڵ بیر و بۆچووندا، لە سەرچاوەی هەستەوە هەڵدەستێت، چونکە هەست، هەست بەتاڵ و شیرینی ژینگەی ئادەمیزاد دەکات، نزیک و دوور، هەوراز و لێژ، کات و شوێن دەبینێت.

خۆنەویستە زۆرانبازییەک لە نێوان ویژدان (دیوی ناوەوەی هەست) و ویستە خۆشە ژیانپەرستەکان روودەدات، بێلەنگەرییەک پەیدا دەبێت، یان زمان و کردار دەبنە داردەستی دەستی ویژدان، یان جڵەوی لە دەست بەردەبێت و ئەسپە شێتەی حەزی نەخۆش هەڵیدەگرێت و لە هەڵدێری قافی ژیانی داوێت، دەسەلاتی بالاش پابەندە بەپێتەویی خودی مرۆڤ و کاریگەریی دەوروبەرەکەی.

که دەمەویت تابلۆیەک بنووسم. باشووکەی خەیاڵم هەڵدەفڕێنم، بۆئەوەی بیرۆکەیەکی دڵگرم بۆ بگریت، بەڵکو بیکەمە هەوێنی کورتە چیرۆکێک، کۆپلە شیعریک. لووت و بزووت سەدان رووداوی رووت بەقینەوە رووده‌بنە پەلی خەیاڵم، باڵبەستی دەکەن و بۆ سەر زەویی راستەقینە دایدەگرنەوە، هەزاران بووکی رازاوەی شەرمنی دڵ پڕ راز و ئارەزوو، بووکە پەری باڵ سپی لێو بەبزەی چاو بەفرمێسک، بێ شەرم، بێ باک دەستی زاوای هەستم دەگرن، بەنزگرەی خنکاوەوە لیم دەپرسن:

((لە ئێمە شۆخ و خۆشتر، رووپاک و دەروون خاوێنتر، دلسۆز و دڵ بەسۆتر، دڵگیر و دڵ گەرمتر بەکام خەیاڵ و کام راوکەر راودەکرێت؟. لووت بەرزەی نابینا! بۆ نامان بینی؟ ئێمە ئەفسانەی نەبڕاوەینە، بۆ نامان خوێنیتەوە؟)).

که کەزی چەند بەسەرهاتێکی سەر ئەم خاکە ناخ پڕ بوومەلەرزە و گڕکانە ئاگرین و داخیینە، بەیەکەوە دەهۆنمەوە، دەبێتە زنجیرێکی ئێجگار گەورە، زنجیرێک کە هەموو زیندەوەرانی سەر ئەم هەسارە، هەوسار و سندم بکات.! بەلام تەنیا، هەر بەتەنیا لە خۆم دەئاڵێتەوە. دەبێتە ئەژدیهایەکی ترسناک، لە سەر کلکیا رادەوەستێت، دەم دەکاتەوە، دەکیفێنی، دەڵێم ئێستا گاز لە گۆی زەمین و ویژدانی مرۆڤایەتی دەگرێت، کەچی تەنیا، بەڵێ تەنیا و تەنیا، بێ ئەوەی کەس هەستم پێبکات، هەست و هۆشی من دەگەزێتەوە. ناچار، بەناچاری و کوڵەمەرگی هەڵیان دەوەشێنمەوە. دووبارە، سێ َبارە، دە بارە.

چیبکەم، خەیاڵ لە فڕین ناکەوێت، ئەندێشەم پڕ ئێشە و دەگەڕێت، چاو دەگێڕێت. گەرەکییەتی گوێ بۆ شتێک رابگرێت، کە تێنووەتیم بشکێنێت، شەکەتیم بحەسێنێتەوە.

کۆنەپەرستییانە، پەنا دەبەمەوە بەر رابردوو، گوێ بۆ گۆران، هەردی، کامەران، هێمن شل دەکەمەوە، مەقامەکانی خاڵە تایەر، مامڵێ، خالقی، لاوکەکانی کاوێساغا، شڤان دەخوێنمەوە، بۆ دڵسۆزییان بەسۆز دەگریم، کە بەئاگادێمەوە و ئەسرینەکانم دەسڕمەوە، چاوی سەرنجم دەگێڕم، گوێی هەستم بۆ هونەرێکی رەسەنی سەردەم رادەگرم (کەدەڵێم هونەر مەبەستم مانا فراوانەکەیەتی)، لە داخان دووبارە کوڵتر دەکوڵێمەوە.

لەوەتەی لە یەکدی دابڕاوین (لە ئاداری 1975- 1990)ەوە، لە تۆ دەپرسم! هونەری داهێنانمان، داهێنانی هونەریمان چی بووە؟ دەزانی پازدەساڵ لە تەمەنی میللەتێکی دواکەوتوو، لە چەرخی خێرایی و پێشکەوتندا نرخی چەندە؟ مەگەر ژاپۆن لە ساڵی (1944)ی.ز. لە جەنگدا نەدۆڕا؟ نەپلیشایەوە؟ ناکازاکی و هیرۆشیما مۆری دڕندەیی تەوێڵی مێژووی مرۆڤایەتی نین؟ بەپازدە ساڵ لە وڵاتێکی شکستخواردووی گەورەترین جەنگ، لە دوورگەیەکی دووری بێ نەوت و بێ زێڕ و ئەڵماس هەڵنەستایەوە، نەبووەوە ئەم ژاپۆنەی ئیمڕۆ کە دەوڵەتە دەوڵەمەند و مەزنەکانی رۆژهەلات و خۆرئاوا دەستی دەرۆزەی بۆ پاندەکەنەوە؟ بەڵێ بەپازدە ساڵ! بەلام چۆن و بۆچی؟

چونکە ئەوان لە ناو خودی خۆیاندا هەرەسیان نەهێنا، هەستیان نەمرد، حەزی خۆپەرستی رەشکێنی چاوی نەڕشتن، کاتیان کردە کۆڵیان و کۆڵیان نەدا، سووتان لەلایان بووە رووناکی و وزە و جووڵە و سەرمایە و تێگەیشتن و پێگەیشتن.

پرسیارێکی شێتە و وەلامێکی ژیری دەوێت! لەم حەمکە ساڵەدا تەکان و رابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنمان، لە گشت بوارەکانی ژیاندا چەند بووە؟ هونەر و داهێنانی هونەریمان چی بوو؟

که هاوێنەی هونەر دەبێتە ئاوێنەیەکی تەڵخ، شێوەی کات و شوێن و کاردانەوەی دەروون دەشێوێنێت، هۆنەر و هونەرەکەی پووچەڵ و بابردەڵە و مردۆخ و بێ نرخ و بێ گیان دەبن.

من حەز لە گۆرانی دەکەم، گۆرانی دەنووسم، لەگەڵیاندا دەژیم، حەزم لە دەنگ و ئاوازێکە هەست و هۆش جۆشبدات، گریان و خەندە بەخش بێ، بوێر و چاوتیژ و تۆکمە و رەسەن و بێ خەوش بێ، وەک ئەو هەڵۆ بەرزەفڕەی ئاسمانی وارە بێ نازەکەمان.

من هۆگری لاوک و بالۆرە و حەیرانم، شەیدای چریکەی شالوور و بلوێری شوان و قیژەی هەڵۆ و قاسپەی کەوانم، لەشاخەکانەوە بێنەوە نێو گیانم".

ئەم دەقەی بانەوە پتر بەلای رووخساردا شکاوەتەوە. من کە چیرۆکیش بۆ منداڵان دەنووسم، بۆ منداڵی زیتەڵ و پیتۆڵ و پیرۆنەی دادەرێژم، ئەتۆش خاوەنی دیدی خۆتی، دڵت کامە رەنگ دەخوازێت و کامەیان بۆ خوێنەرانت هەڵدەگریت، هەر خۆت سەرپشک و بڕیاردەری." هونەری. ل41-44

**هەنگاوەکانی بیرەوەریی تۆمارکردن:**

"- تۆمارکردنی بەسەرهاتە گرنگەکانی رۆژانە.

- تۆمارکردنی تێبینی و سەرەبابەت و زانیارییە پێویستەکان.
- خوێندنەوەی یادەوەریی چەندین کەس.
- هەڵبژاردنی بیرۆکە و مەبەست و شێواز.
- مەشق و خۆ راهێنان.
- تۆمارکردن و لێخەفتن و بەسەرداچوونەوە و راستکردنەوە و پاکنووس کردنەوەی نووسراوەکە.

- بەراورد کردنی بەرهەمەکە لەگەڵ تۆمارکراوی کەسانی دیکە.
- لە سەرەتادا بەکەسانێکیان پیشان بدە کە جێگەی متمانە بن و سوود لە تێبینییەکانیان وەربگرە.
- کەسانی شارەزا، بابەتە نووسراوەکەت ببینن و رەخنەت لێبگرن و بەگفتوگۆی روون و رووبەڕوو هۆشیارتر دەبیتەوە. - بۆ خوێندنەوەی خۆت و دەقەکەت بەچاوی خەڵک، چەندین رووپەڕ لە رۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی راگەیاندنی سەردەم بڵاوبکەوە." هونەری. ل 44 و 45.

شارەزایی نووسەر لە رووی دەروونزانیی کۆمەڵناسیی و زانستی مێژووەوە:

"مرۆڤ کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ناو ئاپۆرای خەڵکدا دەژیەت، راست و بەڵگەنەویستە کە هەرکەسە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هیچ کەسێک لە دەوروبەر و کات و شوێنی خۆی دانابڕێت، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەسەرهاتی ژیانی و رووداوەکانی دەوروبەری، بەجۆرێک ئاوێتەی یەکدی دەبن کە لە میانی گێڕانەوەی یەکێکیان ئەوی دیکەیش دەخوێندرێتەوە، نموونە:

ئەگەر کەسێک بیەوێت دار دار، باسی دارستانێکی چڕ بکات، ئەوا ناچار دەبێت سەرنجی دارەکانی دەوروبەریشیان بدات، وەک: تەمەن و باری رابردووی و شوێن و سنوور و جۆری خاک و ئاو و هەوا و بەرزونزمی لە رووی دەریاوە و.. هتد، هەرچەندە ئەم وەسفکردنەیش تایبەتمەند بێت، هەر دەبێتە باسی تاکێکی کۆمەڵگەیەک. کە باسی جەنگەڵەکەیش بەشێوەیەکی گشتی دەخرێتە بەرچاو، بێگومان تاکە دارەکەیش بەشێک و تاکێکی دارستانەکەیە. لەم روانگەوە، کە یەکێک سەربردەی ژیانی خۆی تۆمار دەکات، ئەوا وێڕای تایبەتمەندییەکانی

خـــــۆی، بەویســـــتی و بەبێویســـــتی، زۆربەی رووداوە گشـــــتیی و ســـەرەکییەکانی ســـەردەم و رابـــردووی خـــۆی و ژیـــنگەکەی تێـــدا دەردەبڕێـت، کە باســی ســەختی سەرماوســۆڵەی زســتان، تــاریکی ئەنگوســتەچاوی شــەوێکی بەهــار، نەهــاتی و قــاتی و قــڕی، جەنــگ و مــاڵوێرانی و دەردەســەری.. هتـد دەکـات، ئەمـانە گشـتگرن، هەر لەم دیـــدگەیەوە، بـــۆ ئەوەی نووســـینەکان پوخـــت و تەمەن درێـــژ و بـاوەڕپێکراوتربن، ببنە سـەرچاوە و بەڵگەنـامەی تۆکمە، چـاکتر ئامـانج بپێکن، بایەخداربن، لەکاتی تۆمارکردنی بەسـەرهاتە تـایبەتی و رووداوە گشتییەکاندا پەیڕەوی هەندێک رێساو وردە تێبینی دەکرێت.

گەلێک مرۆڤ لەکاتی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا لە خودی منی باڵایەوە بەرەو ئامانجی گشتگرەوە هەنگاو دەنێن. تێیدا ژیاننامە و بیر و بۆچوونی نووسـەر و دۆزە گشـتییەکانی سـەردەمەکە لە یەک دەدەن، نمـوونە: لەیەکـدانی بیرەوەریـی و بـابەتی ئـایینی وەک نووسـینەکانی ئیمـامی غەزالـی. ئـاوێتەکردنی بابەتەکـانی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و مرۆڤایەتی. وەک نووسینەکانی مەهاتما گاندی.

بە هەڕەمەکییەکـی بەپـلان، چـۆنیەتی پێگەیشـتن و رک و کیـنە و کەسایەتی بێژەر و رەوشی کۆمەڵایەتی و باری سـەربازی و هـونەری بەڕێـوەبردن دەکەوێـتە بەرچـاو، نمـوونە: (خەبـاتم)ی ئەدۆلـف هیـتلەر." هونەری.ل 11 و 12.

بـابەتێکی بایەخـداری دیـکەی چـاپکراوەکە ئەوەیە: تـوێژینەوەیەکی هەنــدە لێزانــانەی بە بەڵــگەی چەســپێنەرەوە دەربــارەی کەســایەتی حەمـدانی و سـەددام و بیـر و بەرنامەکەیـانی بە بەڵـگەوە کـردووە کە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی دیکەی نووسەرە خراوەتە بەردیدی کورد و

هەموو گەلانی عێراق و ئێران و کوێتیەکان و سەرکردە تاکرەوەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

سێگۆشەی دەقی هونەری و داهێنان: زمانی پاک و ناوەرۆکی چاک دوانەی مەرجی سەرەکی دەقی نووسینی وێژەیین، شارەزایی و هونەرزانی نووسەریش لەم بوارەی کە تێیدا دەنووسێت، دوولایەکە دەکاتە سێگۆشە. ئەگەر ئەم سێگۆشەیە بە سێلای داهێنان ناو بنێین، ئەوا هەر لایەکیش پەیوەستە بە بەهرە و توانا، ژینگە و دەرفەت، ئارەزوو و کۆششەوە. واتە هەر لایەکی سَگۆشەکە دەبێنە سێلای یەکسان. نووسەری بە توانا و شەیدای پوختی داهێنان و کاری نایاب و شاکارخەرەوە، کەسێکە لە کۆششکردنیدا هەمیشە ئەم سێ سێگۆشەیە لەبەرچاو دەگرێت. لە هەڵزناندا دڵبەند و تامەزرۆی گەیشتنە لووتکەی ئامانج و ئەنجام هێنانییەتی. دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە لایەکی دیکەی گرنگ، سێگۆشەی داهێنان دەکاتە چوار، ئەویش ئەوەیە هەڵبژاردنی ئەم بوار و بابەتەیە کە نووسەر تێیدا پتر بەهرەمەند و دەسەڵاتدارە، یابڵێن دەستنیشانکردنی ئەو مانە حدودەیە کە پێدەچێتە مەیدانی سوارسوارانێی و پێشبڕکێیەکە.

ئەگەر لە هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێکی وێژەیی ئەم تەرازووە بەکار هات، بە ووردی پەیڕەوی پێوەرەکان کرا، بە مەرجێک سۆز و خۆشەیستی، یا کینەبەری نووسەر و بکەر تەرازووەکە دز و لەنگ نەکات، ئەوا ئەنجامی نرخاندنەکە بابەتی و زانسنی دەکەوێتەوە و سوودی بکەر و نووسەر و دەوروبەریشی دەبێت.

**سێگۆشەی هەڵسەنگاندن (سێگۆشەکەی بلۆم و هاوبیرانی):**

هەڵسەنگاندنی زانستی، لە دەستپێکییەوە تا ئەنجامی کۆتایی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو سەختیشە چونکە سەرکەوتنی پایە بە پایەی پێبلکەیەکی پایە بڵند و رک و گەڕگەڕە، تا دەگاتە لووتکەی ویستراو، ئەویش کۆتایی هەڵسەنگاندنەکەیە. زانایان (بلوم هاوڕێکانی) هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندنیان بەم ئاست و شێوازانەی خوارەوە بە شەش خاڵ، لە ناو سێگۆشەیەکدا دیارکردووە و بۆ هەر راستە هێڵی لایەکی سێگۆشەکە دووخاڵی داناوە:

1- هەبوونی زانیاری ( المعرفه) تەواو دربارەی بابەتی ویستراو.

2- تێگەیشتن ( فهم)ی تەواو تاک لە بابەتەکە( توانای لە تێگەیشن و دەسەڵاتی لەسەر هەڵگێڕ و وەرگێڕی رووەکانی بەرهەمەکە یاخود گۆڕینی لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکەوە.

3- هەنگای پیادەکردن (التگبیق) واتە توانای تاک لەسەر بەکارهێنانی ئاستەکانی یەکەم و دووەمی لەبانەوە ناوبراوە، بە پێی یاساو رێساو بنەما تایبەتمەندەکان.

4- ئاستی شیتەڵکردن (التحلیل): دەکرێت بڵێن ئاستی توانای تاکە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەو گێڕاندنەوەی بابەتەکە بۆ توخمە پێکهاتەکانی.

5- ئاستی لەیەکدان و پێکهێنانەوە و دروستکردنی بابەتێکی دیکەی نوێ (الترکیب)، واتە هەڵگەڕاندنەوەی شیتەڵکردنەکە.

6- ئاستی هەڵسەنگاندن (تقویم) ئەویش توانای تاکە دەربارەی بڕیاردانی نرخاندن و دیاریکردنی بابەتی دیاریکراو، بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی دەرەکی و ناوەکییەوە. هەر هەڵسەنگێنەرێکی ئەکادیمی لە

نرخاندندا رەچاوی ئەم شەش ئاستە دیاریکراوەی بلۆم نەکات، ئەوا روونکردنەوە و نرخاندن و رەخنەکەی گەلێک جێگەی متمانە نابێت، چونکە ئەو بنەما سەرەکیانە مرۆ دەخەنە بارێکی دەروونییەوە بەر لەوەی بە نیازی رەخنە و هەڵسەنگاندنەوە بڕوانێتە بەرهەمێک، دەبێت لە پێشدا هەڵوەستەیەک بکات بە دیدی نرخێنەر بڕوانێنە خۆیەوە و لە خۆیەوە دەستپێ بکات.

ئەگەر بێت و لە روانگەی سێگۆشە و بنەماکانی بانەوە (هونەری یادەوەریی تۆمارکردن) بخەینە تای تەرازووی نرخاندنەوە، ئەوا بە ویژدانەوە دەڵێم نووسەر هەر دوو سێگۆشە و هەر شەش پایەی زۆر بەهرەمەندی و کۆشش و لێزانی و ئاگادارییەوە بڕیوە. من وای دەبینم کە چەندین سەرچاوەی نوێ و تۆکمەی کۆن و سەردەمی دەربارەی بابەتەکە کۆکردۆتەوە و بە وردی بەناویاندا گەڕاوە هونەری یادەوەریی و نووسینەکەی الحمدانی کردۆتە مەبەست و لە نیازە ئاشکرا و شارەوەکانی نێوان دێرەکان گەیشتووە، بەوردی و بە دووربینییەوە پیادەی کردوون و هەڵیوەشاندوونەتەوە و بۆ درووستکردنی بابەتێکی زانیاری سەردەم لێکی داونەتەوە، ژیرانە گەیشتۆتە تۆپکەی هەڵسەنگاندن. بە واتایەکی دیکە وای دەبینم، نووسەر بابەتێکی چاکی دەستنیشان کردووە، بە شارەزایی لە ناوەوە و لە دەرەوەیدا خولاوەتەوە، لە میانی کەلێن و کلاڕۆژنەیەوە چووەتە ژوورەوە و وێنەی سەرتاپای ژوور و هەیوان و لابیان و دالان و رێڕەوەکانی گرتوە، ئینجا لە ژوورەوەڕا دەرگاو پەنجەرەکانی خستۆتە سەرپشت. بە دیدی من لە نووسەری بابەتەکان و خوێندنەوەی ناخی ویستی دیار و نادیاریاندا بەتایبەتی (فریق الرکن رعد مجید الحمدانی

نووسەری پەرتووکی: قبل أن يغادرنا التأريخ پتر قوڵبۆتەوە. یا وەک ئەوەی ئەو نووسیبیەتی ئاوها هەڵس و کەوت لەگەڵ دەقەکان دەکات.

ویڕای ئەوەی لەم سەرچاوە کەم وێنەیەدا ڕێنمایی کردنی چۆنیەتی نوویسینەوەی یادەوەریی خراوەتە بەرچاو، لە هەمان کاتدا لە بەشی هەڵسەنگاندندا وەڵامی بابەتیانەی بە بەڵگەی بتەوەوە بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بە ویژدانکوێری و نژادپەرستییەوە دەڕوانـنە کورد و دۆزی ئازادیخوازیی. ژیرانە نووسەرانی دۆست و دوژمنانی کورد لەیەکدی هاوێردەکات. ئەو ویستوویەتی لاپەڕە چڵکنەکانی مێژوو شێوێن و راستپۆشان بە بەڵگەوە ریسوا بکات. بابەتەکە لە رووی مێژوویی و رامیاری و کلتووری بە تایبەتبش بۆ لێکۆڵەرەوانی مێژوویی و رەخنەگران و بەراوردکارانن تا بڵێی بایەخدارە، هەرچەندە وەک خۆی دەڵێت: بە کوردی بۆ گەنجانی ئێستا و نەوەکانی داهاتووی نووسیوە و زۆرینەی هەرەزۆری ژێدەرەکانیشی عەرەبین، بەڵام بە پێویستی دەزانین وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزیش، چونکە ئەوەندە بابەتەکانی بە جوانی شیکردۆتەوە و بابەتیانە بەیەکی گرووتن و بابەت بابەت بەپێی قۆناغەکانی نیوە سەدەی رابردوو دایڕشتوونەتەوە، مرۆ بە تاسەوە حەزدەکات بیخوێنێتەوە و لەگەڵ رووداوەکان گوزەربکات و لە دوای ئەویشەوە بە شوێن ژێدەرەکانی دا بگەڕێت. بەرهەمێکی هێندە ئەکادیمییە لە رووی بەکارهێنانی سەرچاوە و هەڵێنجانی ئەنجامەکانی، کتومت لێکۆڵینەوە و نامەیەکی خوێندنی باڵای ئاست بەرزە. لە نێوان پاژ و پەڕەگرافەکانیی و لە میانی وەڵامدانەوەی ناحەزانی کورددا، ستەملێکراوی نەتەوەکەی و زۆداری و تاوانکاری دوژمنەکانی، بە شێوەیەکی تراژیدی و تژی هەڵچوونی پیرۆز دەخاتە ژێر تیشک و هاوێنەی وردبینەوە. نموونەکانی

پاکتاوکردنی فەیلییەکان و بزرکردنی بارزانییان و ئەنفال و کیمیابارنکردنی کوردستانی، بە دیدی حەز و ناحەزانەوە، جوانتر خستۆتە بەرچاوی خۆمان و جیهانەوە.

**لە رووی توانا و لێزانی هەڵسەنگاندنەوە:**

لەم سەردەمەدا بەهۆی بەردەستبوونی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و زۆربوون و کەمتێچوونی دەرفەتی چاپ و ئاسانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وێژەیی، لە نێو لێشاوی بەرهەمی زۆر و بۆر، ئەگەر نەڵێن شەموولەی شەوەڕەشی نووسەرانی نەخوێندەوار و خوێنەرانی نائارەزوومەند زۆر بە ئاستەنگ بەرهەمی پوخت و باڵابەرز دەدۆزرێتەوە، بە تایبەتیش ئەگەر نووسەر لایەنگری لایەن و گرۆپێکی دەسەڵاتدار تەبێت. بۆیە بە ئەرکی لێزانانی وێژەی رەسەن دەزانم، کە لە نرخاندن و رەخنەگرتندا بەرهەمە دڵگر و بەپێزەکان، بە شیکردنەوەوە بخەنە بەرچاو. وەک دەزانین کورد رەخنەگری لێزان و پەیجووری بێلایەن و نرخێنەری کارامەی کەمە، من یەک بەباری خۆم نووسەری (هونەری یادەوەریی) بە رەخنەگرێکی شارەزا و بەتوانا دەزانم، ئەگەر رووبکاتە بواری رەخنە وادەزانم سوودمەندتر دەبێ و سوودمەندتریشمان دەکات.

**نموونەی هەڵسەنگاندنی یادەوەریی تۆمارکراو:**

نووسەر، دوو یادەوەریی تۆمارکراوی، وەک نموونە خستۆتە تای تەرازووی بنەماکانی هەڵسەنگاندنەوە، بەو هیوایەی نووسەرانی بیرەوەریی پتر لە نووسینەکانیان بخەفتن، رەچاوی ئەوەیش بکەن: کە بەم کارەیان مێژوویێک تۆماردەکەن، خەڵکێکی دیکەی چاوگەورەی

هاوسەردەم هەن ئاگادارن، میکرۆسکۆبی ئەلەکترۆنی و تەلەسکۆب تیشکی لیزەرییان لەبەردەستدایە، بەوردی سەرنجی تەنافرۆیی و راستیی و راستپۆشییەکانیان دەدەن، کەسانێکی پیتۆڵی تامەزرۆیش هەن بەدوای چنینەوەی رووداوەکاندا وشیکارن.

نووسەر دەپرسێت: "بە خەیاڵی هەستت ریزە خەڵکێک (نووسەرێک، کەسایەتییەک، شێوازێک) بێنە بەرچاوت! ئەمەی ئەم سەرەیان مرۆڤێکی هەستیاری سادە و ساکاردەربڕە، دەر و ژووری یەکە. سەری پەڵدەیت پەلارێک بەنارەوا ناوێت، ئەوەی ئەو سەریشیان رووخساری لە مرۆڤ دەچێ، بەڵام دەعبایەکە: شاخی کەڵە گامێش و گوێی گوێدرێژ و کلکی رێوی و کەڵبەی گورگ و پێستەی یەکشاخە و زمانی بۆق و ژەهری کۆبرا و دەستوبرد و بوێری بەور و سپڵەیی کتک و وانەکی کەمتیاری هەیە، ئەگەر ریزەکە بڵاوەیان کرد، داوات لێکرا بەریزبەندییەکی گونجاو زنجیرەیان بکەیتەوە، چۆنیان رێکدەخەیتەوە و کامەیان دەکەیتە پێشە و کامەشیان قڕە؟" هونەری.ل 46.

**یەکەم: هەڵسەنگاندنی یادەوەرییەکانی عەریف سولێمان:**

" سولێمان خوالێیخۆشبێت، لە دایکبووی ساڵی 1927 – گوندی (مەلائۆمەر– عەنکاوە) و، دانیشتووی هەولێرە. عەریفی پۆلیس بووە، لەسەرەتای لاوپەتییەوە چووەتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ بڵێسەی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد، لە 1961دا، وەک جەنگاوەرێکی دلێر و شۆڕشگێڕ رووی کردۆتە شاخ. یادەوەرییەکانی بە ناوی (لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان) چاپکردووە. هەڵبەتە لەخۆبووردەیی و ماندووبوونی ناوبراو بۆ دەرخستنی رووداوەکان شایانی رێزلێنانە، بەکۆکردنەوە و دارشتنەوەی

بەرهەمەکەی کەم شەکەت نەبووە، لە توانای خۆی پتر کۆشاوە، شتی چاکیشی کردووە، ئەگەر ئەو شتێکی نەخستایەتە بەردیدی مەمانان، ئەوا دەرفەتی رەخنە گرتنیش بۆ ئێمە نەدەرەخسا، بەڵام چونکە ئێمە لەم بوارە و لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری نووسین و چەسپاندنی بەڵگەنامە و تۆمارکردنی مێژوودا هەژار و نەدارین، بۆیە هەر هێندەی بۆکراوە، لە هەمان روانگەوە تێبینییەکانی ئێمەیش لێرەدا پتر دەربارەی دەرخستنی کەموکورتییەکانیەتی." هونەری. ل 47

هەڵسەنگاندنێکی سەرپێی بۆ چاپکراوە سادەکە کردووە، ئێمەیش لێرەدا مشتێک لە خەروارەکە دەخەینە بەرچاو و دواتر پتر بەدوای هەڵسەنگاندنی دووەم بەرهەمدا دەرۆین کە نووسین و هەڵسەنگاندنەکەی بۆ ئەمڕۆی ئێمەی کورد پێویستترە.

"خاڵی دووەم ئەوەیە: خۆی گوتەنی لە ساڵی (1959)دا لە بنکەی پۆلیسی سیساوە عەریفی پۆلیس بووە، گەرەوان و سیساوەیش دراوسێن، ناکرێت ئەو هێندە وشیار و چاپووک بێ و گەرەوان و گەرۆتە لە یەکدی جیانەکاتەوە! چونکە گوندی لاسە و گەرەوان تیشێکیان نێوانە. گەرەوان و لاسە و میراوە سێکوچکەیی هەڵکەوتوون، کەچی لاسە و گەرۆتە لەیەک دوورن!

خاڵی سێیەم: خەڵکانێک بەرلە بەرێزیان لە میری یاخیبوون و روویان کردە شاخ، نەک وەک دەفەرمووێت: " لەگەڵ سێ هەڤالی دیکەی دەبنە ریزی یەکەم دەستەی شۆڕشگێڕی حیزب لە شاخ" سولێمان، رووبەرگی دواوە. گومانیش هەیە هەر لەم سۆنگەیەوە رۆژی کوشتنی سەدیق میران و دەرچوونی کاوانییەکانی نەنووسیبێت، ئەگینا؟. "بەڵام ئەوانەی کە بەم کردارە هەستابوون گوێیان لە بڕیار و هەڕەشەکانی حکوومەت نەگرت و خۆیان تەسلیم بەسوڵتەی مەرکەزی

نەکرد و پەنایان بردەبەر شاخەکان و گوندەکانی دەوروپشت و بەڵێنی بەرگریکردنیان راگەیاند، دژ بە حکوومەتی مەرکەزی راوەستان و کردارەکەیان بە سەرکەوتن و پیرۆزی ریگای کوردایەتی دەناساند. ئەوانەی کردارەکەیان ئەنجامدابوو (مەبەست کوشتنی سەدیق میرانە) ئەندامی حیزب بوون (مەبەست پارتی دیموکراتی کوردستانە) حیزبیش پاڵپشتی دەکردن" سولێمان. ل 92-93.

خەبات و رۆڵی عەریف سولەیمان لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ناوچەکەدا دیارە و نکۆڵی لێ ناکرێت، بەڵام بەخۆی و هەڤاڵانی لە ئەنجامی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق، کە دەبوو لە رێکەوتی 1961/8/6دا عەریف سولێمان و سێ هاوڕێی: عەبدولڕەحمان مەلا قادر و ئەنوەر جۆخین و تاهیر حاجی، بڕۆنە سەرکارەکانیان لە باشووری عێراقدا. لە هەمان رۆژدا هەر چواریان لە لایەن رێکخستنەکانی پارتی ئاگادارکراونەتەوە کە هەولێر جێبێلن و رووبکەنە شاخ (گوندی گەرۆتە- هیران). پارتیش ئەوانی گەیاندۆتە شوێنی مەبەست. دواتر لە شەوی 18- 19ی هەمان مانگدا، عەریف عوسمان، کەریم حەسەن بەگ شوفێر، محەممەد سالح عەبدولا و هادی شێرە و هەمزە جبراییل و قادر حەمەد کە پۆلیس بوون، بە هاوکاری رێکخستنەکانی پارتی لە هەولێر، چەکەکانی جبەخانەی سەرای پۆلیسی هەولێر، کە (55) پارچە چەک و چەند سندوقە فیشەکێک.. برد و گەیشتنە لای پۆلیسی هاوکار و هەڤاڵانیان" سولێمان ل 97-121.

"بۆ دەوروبەری عەسرێکی درەنگ، چەکدارەکانی پێشتر کە لەسەر کوشتنی سدیق میران هاتبوونە شاخ، ئەوانیش گەیشتنەلامان. ئەوان لە خۆشی ئەوەی هەواڵیان بۆ پەیدا بووبوون شادی و خۆشحاڵی زۆریان

دەربــڕی، ئــێمەش لەبەر ئەوەی دەمانەوێــت کۆبــوونەوەی چەکــدارە شۆڕشگێڕەکان گەشە پێ بدەین.. ژمارەی ئەم برادەرانە دەچوونە سـی کەسـێک..." سـولێمان ل122. بەخـوا ئێمەش لە سـەفین لە (2400) کەس تەنها (200) مـاینەتەوە" سـولێمان ل 177· کەچـی لە لاپەڕە (179)دا ئەم دووسەدە بووتە شەش سەد کەس!؟. کە دوو زانیاری یا نووچە دژیەک بـن، دەبێت بە خـوێنەر بڵێین: هەڵەنییە و ئاگـادارین، ئەگینـا بەناڕاسـتی دادەنێت.

ئەمــانە و وێــڕای هەڵەی چــاپی و کەموکــورتی زمــانەوانیی زۆر، خێرارۆیــی و پەلەکــردن لە داڕشــتنیدا و کەم ئاگــایی لە بوارەکــانی هوونەری ئەدەبی یادەوەرییەکـان، چەنـدین وشـەی، بەمانـای هەڵە (نەک وەک هەڵەی چـاپ)، لە نووسـینەکەیدا دەبینـدرێت، نمـوونە: ((اوقـاف)ی لەبـری ((ئاوقـات))ی تـورکی بەواتـای پـارێزەر، بەکـاربردووە. نـاوی گوندی (ئەسپینداره)ی کردۆتە (سپیدار)." هونەری . ل 50–52.

دووەم: هەڵسەنگاندنی یادەوەرییەکانی سالاری یەکەمی سیلە رەعد مەجید

الحمدانی سەرتیپگەلی دووەمی پاسەوانیی کۆماری عێراق:

الفریق اول الرکن رعد مجید الحمدانی– قائد فیلق الحـرس الجمهوری العراقی الپانی (الفتح المبین) نووسـەری ((قبل أن یغادرنـا التـأریخ – بەر لەوەی مێژوو جێمان بێڵێ)) دەفەرمووێت:

"نووســینەوەی یادەوەرییەکــان: تــاڕادەیەک رەوشــت بەرزی و بــێ لایەنی راستگۆیی دەوێت.. هەرچەندەیش ناتوانین پاکانە بۆ خـۆ ویسـتی و لایەنگری خۆمـان بکەیـن، بەڵام مـن ویسـتوومە میانڕەو و بەویـژدان بم" لحمدانی، ص 18.

سـەردار سـیلەی خانەنشـین د. عەبـدولوەهاب القصـاب لە پێشکەشکردنی ((قبل أن یغادرنا التأریخ))دا نووسەر بە: داهێنەر و بڕوا پتەو بەخودا، پابەندبوونی بەرەوشتی ئیسلام، لەگەڵ خۆیدا راست بڵێ و روون دەربڕ دادەنێت، ئەمانەیش لە سۆنگەی ئەوەوەیە(( کە ناوبراو لە ژینگەی بەغدا و لە دەزگای سەربازی عێراقی پێگەیشتووە، کە ئەمانیش رەوشتی عێراقییەکان وخەسڵەتی عارەبانە)) ناوبراو ئەشهەدو بۆ: راست و رەوا بێژی نووسەر دەکات و بەرهەمەکەی بە دەستکەوتێکی شکۆدار و ئەنجامێکی نایاب بۆ هەر تاکێکی عەرەب دەزانێت)) الحمدانی، ص 9-11. بەخۆشی خۆشییەوە باگۆی بۆ دەداتەوە.

فەریق رەعد الحمدانی لە رووپەڕی 3 دا، لە پێشەکی بەشی ((جەنگ لە باکووری عێراقدا)) وەک کورد دۆستێکی دلسۆز و کەسێکی مرۆڤپەروەر و رەوا ویست، باسی خۆزگەکانی کورد و ستەمی داگیرکەر و دابەشکەرانی نیشتیمانەکەی دەکات. هەروەک لە سەرچاوە و دەقەکەی بەڕێز شۆڕشی حاجی رەسووڵ و مێژوونووسانی دیکەی بەویژدان و راستخوازەوە رایگوێزابێت، بەشێوەیەکی گشتی کرۆکی سەرچاوەکان کۆکن کە دەڵێن: "لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لە 10|8|1920 لە سیڤەر بەڵێنیان بەگەلانی ناوچەکەدا کە دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ دروست بکەن، گەلی کوردیش یەکێک لەو گەلانە بوو کە بەڵێنیان پێدابوو.. دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوە و.. لە 24|7|1923 لە شاری لۆزان کۆبوونەوە، کوردستانیانی بەردەستی عوسمانیان، بەسەر عێراق و تورکیا و سووریادا بەشییەوە" الحمدانی، ص 37.

**بەیەکەوە بەستنەوەی کورد و جوو و بەراوردێک لە نێوان تەلئەبیب بەغدادا:**

"لە ساڵی (1967)دا مەلا مستەفای بارزانی سەردانی ئیسراییلی کرد، دوابەدوای سەردانەکە، ئاسانکاری بۆ کۆچکردنی نزیکەی 5000 کوردی جوولەکەی بۆ ئیسراییل بەدوا دا هات" الحمدانی، ص 38. کامە کالیت بەم کاڵە برایەی راگەیاندووە؟ چ گەمژەیەک لە ساڵی شەست و حەوتدا بەم مێشک سپییەی گوتووە، کە لە دوای ساڵی (1952)وە جوو لە کوردستانی عێراقدا ماون؟ پێشینان گوتوویانە: ((کوچک لە ئاگری گەرمترە.)) من تا ئەم نووسینەم نەدیبوو، لە پەندەکە نەدەگەیشتم یان بڕوام پێی نەبوو.

"یەکەم سەردانی بارزانی بۆ ئیسراییل لە ساڵی 1968 بوو. دووەم سەردانیشی لە هاوینی ساڵی (1973)دا بوو. هەمیشە دە جوولەکەیەک وەک شارەزای چەک مەشقیان بەچەکدارانی بارزانی دەکرد، هەمیشەیش جوولەکەیەک یاوەری بارزانی بووە" **البراک**، د. فازل، مصگفی البارزانی الأسگوره والحقیقه، ص 214. کەچی الحمدانی دەفەرمووێت یەکەم سەردانی بارزانی لە ساڵی (1967)دا بوو!

ئێمە نازانین کامە وەستایان سازکار و راستگۆ و بە هەڵوێستترە؟. ناشزانین بە چ جۆرە دووربینێک لە بەغداوە جووەکانی یاوەری بارزانییان لە دیلمان و ناوپردان و حاجی ئۆمەرانەوە دەبینی؟ کەچی ئەوانەی لە تەک بارزانی دانیشتبوون، نەیان دەدیتن.؟ دەبێت چرا و دووربینەکەی سندبادیان بەکارهێنابێت؟" هونەری. ل 61

لێرەدا مەبەستمان نییە، لە زۆرلێکردن و چەوساندنەوە و ناڕەوایی کردەی سەران و دادگاکانی جوو، بەبەراوردکردن لەگەڵ کوشتن و لەناوبردنی بێ دادی وبێ دادگایی کوردان لەلایەن بەغداوە، بخەینە

پێتەرازووی بەرچاوانەوە، چونکە ستەم ستەمە هەر ستەمە، ئینجا گاور، جوو، موسڵمان.. هەر کامەیان بیکات. زۆرلێکراویش هەر ئایین و رەگەز و رەنگێکی هەبێت، هەر هەمان قوربانی و ستەمدیدەییە. بەڵام ئەویش چەندین پلە و شێوازی ناوازەی هەیە، بەپێی کات و شوێن و بارودۆخ دەگۆڕێت.

بۆ خاتری چاوی گەشی چاوڕەشان، گەرەکمانە بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان گەلی فەلەستین و کوردانی کوردستاندا، لە نێوان کاربەدەستانی تەلئەبیب و کردەکانی عروبیانی بەغدا بکەین، نەک وەک الحمدانی بەیەکەوەیان ببەستینەوە، پتریش بۆ ئەوەیە تا بزانین: چەوساندنەوەی کامەمان پترترە، تای تەرازووی زۆری تاوانی کامە لایەنیان لەنگترە.

بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی دەزانین گەر بێژین: گوێ لە قاسپەی کەوماران مەگرن، بەڵکو بڕواننە رەفتاری گورگ و سەگە هاران!. دیدی ویژداندارانە، کە دەڵێین: گەلی فەلەستین و کوردانی کوردستان، هاونیرن، بەنەداری و زۆرداری و ناچارییەوە خراونەتە ژێر بار. قاچاغچییەکی زۆردار و جووتیارێکی ستەمکار، جووتە هاولیسێک، دوو رەشە ئەژدهای شاخداری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە ڕۆژ پێیاندا هەڵدەڵێن، بەشەویش دەیانڕەتێنن، بە زیندوویی کەوڵەڕن و بەساغیش لووشیان دەکەن.

لە راگەیاندنی عارەبان و زۆرینەی وڵاتانی موسڵمان و چەندین وڵاتی دیکەی رۆژهەڵات و خۆرئاوادا دەبیستین کە: جوولەکە خۆپەرست و دین دوژمنن. مزگەوتی گەورەی ئەقسای پیرۆز و ئایینی پاکی ئیسلام بنکۆڵ دەکەن. گەلی عارەب و موسڵمانی فەلەستین بەناڕەوا دەکوژن، لە شوێنی باپیرانیاندا دەریاندەکەن، لەناویان دەبەن.

نیشـــتمانەکەیان زەوت دەکەن. ئەمـــانەی گـــوتران، تـــاوانی زەبەلاحـــی درندانن، دژە هەڵوێست و کرداری ژیرانە و بەتین و کۆمکاری دەوێت، کەچی رۆژانە تەنها بەگوتاری بێ کردەوە، لێرە و لەوێ دیبیستین و دەیبیســـتینەوە. ئەگەر بـــۆ نمـــوونە: تاوانەکـــانی تەلئەبیـــب بەرامـــبەر فەلەستینییەکان کە دەیبستین، کردارەکانی ئەعرابیانی بەغدایش لە دژی کوردان، کە بەچاوی سەری خۆمان بینیومانە و دەیانبینین، بەراورد بکەین، نەک بەیەکەوەیان ببەستین، ئەوا دەڵێین:

1- بەڵگە نەویستە، کە عارەب و جوو لە نەژاددا سامین، باوک برا و ئامۆزان، خوێنگر و خوێنەستینی یەکدین. جوو، لە میسر و یەمەن و فەلەستین و ئوردەن و سووریا و سعودیەی ئێستادا، بەر لە عارەب، یان لەگەڵ ئەودا و بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبوون. لە دوای ســەرهەڵدان و بڵاوبـوونەوەی ئیسلامیشـدا، ئەوان لە نـاوچەکەدا هەر ماونەتەوە. ئیسلام و جوو، (عارەب و عیبری) هەزار و چەند سەد ســاڵێک بەخۆشــی و بەناخۆشــییەوە، لە نــاوچەی گــوتراودا بەیەکەوە ژیـــاون. زۆرن ئەوانەی دەڵـــێن: چەوســـاندنەوەی لە رادە بەدەری جوولەکـــان لە لایەن ســـەرانی عارەبـــانەوە، بیـــری جووداخـــوازی و دروستکردنی وڵاتی سەربەخۆی لەلا دروستکردن! یانە جوو خۆیان بەخاوەنی ناوچەکە دەزانن و لەگەڵ عارەب و ئیسلامدا دین دوژمن و دوژمنی سەرسەختن.

عارەب لە ساڵی 1948دا ماڵ و سامانی گشت جوولەکەی وڵاتانی عـارەبی ئەوسـایان زەوت کـرد، جووەکانیـان بەڕووت و رەجـاڵییەوە ناردنە فەلەستین، زۆرینەی ئەوانیش چوونە شوێنی عارەبی فەلەستینی و جێگەیـــان بەوان لەقکـــرد. ســـوودی ئەوەیـــش بەتەواوی رژایە نـــاو

بەرژەوەنـدی بـزووتنەوی سـەهیۆنیزم و پشـتیوانکارانی (وەک خۆیـان گوتەنی).

تێکەوتنێکی دیکەی عارەبان ئەوەیە کە: زوو زوو، سەرانیان بۆ خۆ هەڵکێشان لە پێناو پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتیان و کێشکردنی سۆزی عـارەبی نەتەوە حەز و گەلانـی موسڵمان، بەڕاشـکاوی و بەبەر چـاوی جیهـانەوە، بە گەفوگـوڕی ئـاگرینی بـێ کـردار، فـس فـس پاڵەوانـانی، دەفەرموون: ئێمەی عارەب، پاکترین و مەزنترین نەژادی سـەرزەمینین، بەم زوانە بەهێـزی سـوپا هێـرش دەکەیـنە سـەر جـوولەکە، کـۆرپە خۆشەویسـتەکەی ئیمپریـالیزمی جیهـانیی، فەلەسـتین رزگـار دەکەیـن، جووەکان دەخەینە دەریا و بە رووباری نیلیان دادەدەین. بە رۆکێتێکی کیمیایی دووسەرەرە، بە چەکی ناوکی، دەوڵەتۆکەی قەوارەی ئیسـراییل تەفروتوونـا دەکەیـن. بەم ترسـاندنە درۆزنانەیـان، جـوو یەکترگـر و، لایەنگریـان لە خۆرئـاوا و لە نێـوان وڵاتـانی زلهێـزدا زۆرتـر دەبـوو. هەمیشـەیش جـوو بەکردار نەک بەگوتـار بەنـوێترین چەکـی کوشـندەی سەردەم، بەپیلانـی کورت و بەپلانـی درێژخـایەن، بەئامادەکاری چەکـی ئەتـۆمی توانـای مـرۆڤییەوە. خـۆی بـۆ جەنـگ و شـکاندنی عارەبـان ئامادەکردووە، بەنهێنی و بەئاشکرایش، لە بەڕاواندا راوەستاوە.

حەوت سەد ساڵ بەر لە (ز.)دا، گەلـی کـورد خـاوەنی ئیمپراتـۆرییەت و هەرێمگیـری خـۆی (میـدیی بـاپیرانی کـورد) بـوو و پایتەختەکەیـان هەمەدان بـووە، بەهاریکـاری بابلییەکـان، نەیـنەوا (پـایتەختی ئەوسـای وڵاتـی ئاشـوور)ی گرتـووە، لە پـێش ئەو سـەردەمەوە تـاکو ئێسـتایش، کورد لەسەر ئەم کوردستانەی ئێستایدا رواوە و ژیاوە و هەڵنەقەنـاوە، بەڵام عـارەب لەگەڵ شـەپۆلەکانی بڵاوبـوونەوەی ئیسـلامدا بەحوشـتر گەیشتوونەتە باشوور و ناوەراستی عێراقی ئێستا گەیشـتوونەتە کەنـار

هەواری کـوردە فەیلییەکـان (لەبـابەتی: ریشەکێشـکردنی فەیلییەکانـدا باسکراوە.). لە دوای هاتنی ئایینی نویٚ (ئیسلام) کوردیش بووەتە برای ئایین و هاونیشتمان و هاریکار و هاوخەباتی عارەب.

2- ئەگەر پێشمەرگەیەک (فیداییەک، بەرگریکارێک)ی فەڵەستینی، لە نـاو خانووێکدا، تەقە لە هێزەکـانی جـوو بکـات، ئەوا جـوو، خـانووەکە بۆردوومـان دەکـات، لە ئەنجـامی کـردەکەدا گەر چەکـدارەکە بەئاسـانی نەکوژرێـــت یـــا نەگیرێـــت، لەوانەیە ئەوانەی لەگەڵ ئەودا لە نـــاو خـــانووەکەدابن، (بە ژن و منـداڵ و کەنەفـت و بـێ دەسەڵاتانیشـەوە) بکوژرێن، جوو زۆردارە، دین دوژمنە، لە کوشتنی فەلەستینیانی عـارەب و موسـڵماندا رەچاوی هـیچ دەسـتوور و یاسـایەکی ئاسـمان و زەمینـی ناکات.

کە چەکدارەکە شەهید دەبێت، یا دیل دەکرێت، هەنگینێ ئەو پیاو و ژن و منداڵانەی لە خـانووەکەدا زینـدوو مـابوون، ئەوا بەر هەڵـدەدرێن، بەڵام بەهەڵەداوان خانووەکەیـان دەڕووخێنـدرێت، ئەوکـاتە دایـک و زارۆکـی بـێ توانـا و بـێ تـاوان پەڕاگەنـدە دەبـن.. ئەم تـاوان و کـردە دزێوانە، لە دەزگاکانی راگەیاندنی ناوەخۆیی و هەرێمی و جیهانییەوە بە بەسەروەنانیشـەوە بڵاودەکرێنەوە. بەپێی یاسـاکانی سـەرانی بەغـدا، ئەگەر لە هەر گەڕەکێـک و لەسـەر هەر شـەقامێک و لەنزیـک هەر گونـدێک و ناوچەیەکـدا، تەقە لە پیـاوانی رژێـم بکرێـت، ئەوا وێـڕای چەندین خانوو، دەیان ماڵ، بگرە چەندین گونـد و گەڕەکی دەوروبەری رووداوەکە بۆردوومانـدەکرێن و بە (تـی ئـێن تـی) لە بنـاخەوە هەڵدەتەکێنـدرێن و بە شـۆفەڵیش رادەماڵـدرێن، هەر کوردێکیشـیان لەو کاتـانەدا لەو نـاوەدا دەسـت بکەوتـایە، یەکسـەر، بـێ لام و جـیم گوللەبارانیان دەکرد. نموونە: کە لە شـەوی 16-87/10/17 لە زەنـدۆڵی

(پردی کریکۆری)- هاوینە هەواری شارۆچکەی شەقلاوەدا، پێشمەرگە تەقەی لە ئیڤەیەکی (جۆرە بارهەڵگرێکی فەرەنسایی سەربازی بوو) پڕ سەربازی رژێم کرد لە بەیانی دوای رووداوەکە، هێزێکی ملەوەزی رژێم، بەتانک و زرێ و چەکی سەردەم، دەیان کۆشک و خانوو و باڵاخانەی دەورەبەری شوێنی کردەکەی بەماڵ و ناوماڵ و میوانخانە گەشتوگوزارییەکانی: سەلیم کاکۆ، نەورۆز، بەغدا، دۆڵی سەوز، مەلا حەمید، حەسەنی قادربەگەوە، لە بناخەوە بە (تی ئێن تی) تەقاندەوە و لە ژێرەوە هەڵیان تەکاندن. بەوەی چاک بوو خەڵکەکە رەفتاری ئەعرابیانیان دەزانی، بۆیە هەر لەو شەوەدا هەڵاتبوون، بەڵام دواتر رژێمی گۆرین وەک کۆنە خووی خۆی، (30) سی گەنجێکی شەقلاوەیی گرت و لە بەندیخانەی هەولێردا (23)ی کوشتن و لە گۆڕستانی (کارگەی قیڕ)ی سەر رێگەی مەخموور، بەکۆمەڵ ژێرگڵی کردن.

3- ئەگەر چەکدارێک، سەرکردەیەکی جەنگاوەرانی فەلەستینی لە جەنگدا بگیرێت، ئەوا دادگایەکی سەر بەزایۆنیزمە دڕندەکان، بڕیاری: سزای بەندکرنی: (5، 10، 20، 30) ساڵ، هەتا هەتایی، بەگوێرەی کاریگەری و چالاکی چەکدارەکە، بۆی دەبڕێتەوە، یانە بڕیاری دەرکردنی لە خاکی فەلەستین (ئیسراییل)دا بۆ دەردەکات و بەدەری دەنێن. ئەویش پەنا دەباتە بەر رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بەڵکو لەسەری بێنە دەنگ و نەیەلن دەربکرێت. وابووە بەهۆی ناوبژیوانانی نێودەوڵەتییەوە، هەزار دیلی فەلەستینییان بەهێسکوپروسکی دوو سەربازی کوژراوی ئیسرائیلی و دیلێک سەربەسەر گۆڕیوەتەوە!

کەچی کە کوردێکی بێ چەک، لە ناوماڵ و خاوخێزانیدا، لە گوندەکەی خۆیدا (کە بەپێی یاسا و رێکارەکانی ئەوکاتی بەغدا کاری پێ دەکرا، دانیشتنی کوردانی تێدا قەدەغەکراوبوو) بدیترایە، ئەوا

نـــــاوچەکە بەگشـــــتی بۆردوومـــــان دەکـــــرا، هەر کەس َکـــــیش لە دەوروبەرەکەیـــدا بەردەســـت دەکەوت، بەبـــێ هەڵوەســـتەکردن دەیـــان کوشت. کە کوردێکی هەڵاتووی ژێر چەنگی رژێم دەگیرا، ئەوا بەبێ دادگـــاییکردن، (5، 10، 20)، ژمـــارەیەکی نادیـــاری کـــوردی دیکەیـــان لەگەڵدا، ( 5، 10، 20) جار گوللە باران دەکران.

ئەگەر پیاوێکی کورد لەدەست رژێمدا رایبکردایە و لە وڵاتی خۆی دەرچـــــوایە و گەیشـــــتبوایەتە هەنـــــدەران، ئەوا رژێـــــم داوای لە کەســـوکارەکەی دەکـــرد: دەبێـــت لە مـــاوەیەکی دیـــاریکراوی کەمـــدا بیـدۆزنەوە و بیهێنـنەوە ژێردەسـتی (بـۆ ئەوەی لەنـاوی ببـات) ئەگەر هەڵاتووەکەیش نەگەڕابوایەتەوە، ئەوا بێ سێ و دوو، دایک و خوشک و باوک و برا و خاوخێزان و منداڵەکانی لە بری ئەودا دەگرت و گومی دەکـــردن، دواتـــریش کوشـــتن و ئەنفالکردنیـــان لە چـــارە دەنووســـرا. هونەری. ل 66- 71.

**شەڕی هەندرێن:**

"لە ساڵی (1963)دا، یەکەم شانەی سیخوڕی ئیسرائیلی لە ناوچەی باکووری عێراقدا، بۆ پشتگیری یاخیبوانی کورد ئاشکرا کرا. لە ساڵی (1966)دا مۆسادی ئیسرائیلی بەچەک و مەشقدان، یارمەتی کوردانی داوە، ئەمەیان رۆڵی کاریگەری هەبوو لە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی کوردەکان بەسەر لەشکری عێراقدا، کە هێزی چواری لەشکری عێراقی، شەڕی چیای هەندرێنی دۆڕاند. الحمدانی

ئەوەی جـــێگەی گومـــان نیـــیە داگیرکردنـــی هەنـــدرێن و ئـــازاد کردنەوەکەی، وەک لێرە و لە بەڵگەنامەکانی بەغدایش روونە نزیکەی 8-9 رۆژی خایانـدووە، چـۆن لەم مـاوە کەمەیەدا، بەپێـی بـارودۆخ و

دووری نێوان ئیسراییل و کوردستان و تواناکانی گواستنەوە و نهێنی پاراستنی ئەوکاتە، بە دە ڕۆژ چەکیان گەیاند، پلانی هێرشیان دانا، مەشقیان بەپێشمەرگە کرد، مەگەر هەمووشتەکان، وەک ناڕاستەکانی ئەوان: هەربەگوتن و نووسین، ئامادەکاری بۆ کرابێت. نەمان زانیوە گەراجێکی باش نەک فڕۆکەخانەیەکی نێو دەوڵەتی ئەو کاتە لە بناری هەندرێن و هەڵگورددا هەبووبێت، مەگەر لە ژێر زەوییەوە پردێکی ئاسمانی ئەفسانەیی لەنێوان کورد و ئیسراییلەوە هەبووبێت و جیهانیش ئاگادار نەبێت؟

پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، چەکداران و سەرانی ئەو کاتەی حیزبی شوعی عێراق، بزاڤی ئازادیخوازی کوردی بەگشتی شانازی بە سەرکەوتنەکانی شەڕی هەندرێنەوە دەکەن (هەرگیز ویستمان نەبووە بەشداری لە ململانێی نێوان لایەنە کوردستانییەکاندا بکەین، چونکە هەمیشە لە بارودۆخە نەمەیودا بەخۆ کوێرکردنی دەزانین. بەڵکو بەرهەڵستکاری میانڕەوی، رووی دوژمنانی گەلەکەمان و دژی رەگەزپەرستی و چەوساندنەوەین. هەر بۆیەشە وەک هەواداران، لەبەر ململانێی ناوەخۆ ئاگام لە هێرشی گورگە گەلی دەوروبەر نەبڕاوە!

هەرچەندە دوژمنانمان لە ناخی دڵەوە دژیەکن، بەڵام بۆ خواردن و بنەبڕکردنی ئێمە برای تەبا و باوکبرای گەلێک کۆکن، ئێمەیش کە لەناوخۆماندا چەندین ماڵ و چەندین باڵی دڕدۆنگین، بۆچی لە بەرامبەریاندا یەک دندووک و یەک چڕنووک نەبین؟. لە ساڵی (2008)دا لەگەڵ شاندێک سەردانی گلکۆی مۆسۆلینیمان کرد، ئێمە لە شوێن خۆمانەوە، هێندە رکی کوێرانەمان لە و پیاوە ناوەزڕاوەیە، ئەگەر گۆڕەکەیشی هەڵتەکێنین هێشتایش ئۆخەییمان نایەت. گلکۆیەکەی وەک

مەزارێکـی ڕێـزدار، زۆر بەرێکـی ڕاگیرابـوو، چەنـدین چەپـکە گـوڵە گەنمیشی لەسەر داندرابوو. پرسیم" ئەم وشییە گەنمانە چی دەگەیەنن؟ کابرای ئیتاڵی: ئەم سـەرکردەیە گەلی هەژاری ئیتالیای تێر نـان کـرد. گوتم "ئەدی ڕەگەڵ هیتلەر نەکەوت؟ جیهـان و گەلی ئیتالی بەکوشـت نەدا؟ بەسـەر سـاردییەوە گـوتی: "لەمەیانـدا هەڵەی کـرد!" ئەمەیە ڕۆشـنبیری و مـرۆڤ پەروەری و نەتەوە ویسـتی و نیشـتمانپەروەری. ئێمەیش لە جنێو و تەشەرە و ڕشـانەوەی: ناپاک بوو...گەل و نیشـتمان فرۆشـبوو.. نـۆکەر و سـەرکاری نـاحەزانبوو.. خۆپەرسـت و .. هەرگیـز چاومـان چـاکەیەک و گەورەییەکـی گەورەکـانی خۆمـان نابینێت. دوای نەمانیشیان هەر بەدوای سـووکایەتی و لەنـاوبردن و نـاو لەکەدارکـردن و زەلیل و زەلیل کردنیاندا دەگەڕێین. ئایا بەمە مێژووەکەمان پرشنگدار یان خۆمان ناودار دەکەین؟)

ڕەعد، سالار سیلەی ئەمڕۆ کە لەوکاتەدا مێرد منداڵێکی بەغداییە لە (63-66)دا لە بەغدا خوێندکاری ناوەندی و دواناوەندی بـووە، هێشـتا جەنگـی سـاڵی (1967) لە نێـوان عـارەب و جـوو ڕووی نەدابـوو، بەعسیش نەهـاتبۆوە سـەر کورسـی دەسـەڵات، بۆیە ئەم هەڵبەسـتۆکانە لەوکـاتەدا هێنـدە باویـان نەبـوو! ئەم بەهرەمەنـدە سـاوایە چـۆن ئەو سرووشـــە پێشـــکات کەوتـــنەی بـــۆ هـــاتووە؟ کەچـــی هەر بەخـــۆی دەفەرمووێت: "دەرچوونی لە کۆلێژی سـەربازی کە لە (1970)دا بـوو، لە دوای تەواوکردنـی ماسـتەر لە زانسـتە سـەربازییەکان لە (1980)دا، ڕێـــکەوت ئەوی بـــردۆتە هێـــزی چـــوار". دەبێـــت کـــات بەرەو دواوە بگەڕێتەوە و ئێمەیش نەزانین؟ دەبێت لە 1963دا لە دەزگـای سـیخوڕی کاری کردبێت؟ یان گوتەی مامۆستایەکانیەتی بەنـاوی خـۆی تووتیـانی دەیانفرۆشـێتەوە! جیهـان بەراشـکاوی دەزانێـت پـلان و ئەنجامـدەرانی

شەڕی هەندرێن، کوردی ڕەشوڕووت بوون. پێشمەرگەکانی پارتی و شیوعی عێراقی و خەڵکی ناوچەکە بوون، چەندین ئەفسەری شیوعی هەڵاتووی سوپای عێراقی و بەڕەگەز عارەب بوون، تاکو ئێستایش زۆریان لە ژیاندا ماون. هەر ئەم شکستەی هێزی چوار و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لەم جەنگ و جەنگڵستانەدا، بەغدای ناچارکرد بەهەڵەداوان بکەوێتە پەلەقاژە و پەنا بباتەوە بەر دانوستان، کە ئێستا کاتەکە تێپەڕیوە، دەیانەوێت رابردووی سپیی خەڵک بەکۆنە پنە و پەڕۆی رزیوی رەش، لەکەدار بکەن." هونەری. ل 73 و 74.

"لە 12|5|1966دا، سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمن و دەوروبەریان هاوەن باران کرا، لە سەرەتای هیرشەکەوە سەنگەرەکان راستەوخۆ پێکران. هێزی پەلاماردان ملی نا. ورە بەرزی و سۆزی سەرکەوتن بووە هۆی ئەوەی هێزەکەمان پابەندی پلانەکە نەبێت و گەلێک لە و شوێنەوە تێپەڕێت کە نەخشەی بۆ داندرابوو. زیانمان. سێ شەهید (عەریف سلێمان عەزیز، خدر عەولابەگ، سالح مام ئەلیاس) و چەند بریندارێکی سووک بوو.

کەپکە (موو) ئازادکرایەوە، دوو بەتالیۆنی (فەوجی) هیزەکەیش (لیوایەکەیش هێزی بەغدا) کە لەسەر چیابوون، ئەوەی کوژرا ئەوەی دیکەیش پشتیدا و بەڕاکردن وەک حوشتری رەوییەوە شۆڕبۆوە، بەتالیۆنی سێیەمی هێزەکەیش کە لە خوارەوەی چیابوو، ئەویش لە ترسانا حەجمانی بڕا، هەترەشی رژا، خۆی بۆ نەگیرا، ((بوو بەهەڵێ هات)) سەربازگەکەیان چۆلکرد. دواتر سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی بیانی لە (کانی گوێزەوە) سەرکەوت و وێنەی سەرکەوتنەکانیان گرت. شایانی گوتنە، جوو نە لە نزیک و نە لە دوورەوە هیچ پەیوەندییەکی بەداستانی هەندرێنەوە نەبووە.

شیکەرەوەکانی سەربازی عێراقی پاساو بۆ شکانی خۆیان دادەتاشن. عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق دەڵێت (معرکە هندرین لغز لم یحل) واتە شەڕی هەندرێن مەتەڵێکی وەڵام نەدراوەیە". حاجی مەلا سەعید رەواندوزی، پ. م. شیوعی، بەشدار بووی بەرگری کردن و دژە هێرشەکەی هەندرێن.

پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، چەکداران و سەرانی ئەو کاتەی حیزبی شیوعی عێراق، بزاڤی ئازادیخوازی کوردی بەگشتی شانازی بەسەرکەوتنەکانی شەڕی هەندرێنەوە دەکەن (هەرگیز ویستمان نەبووە بەشداری لە ململانێی نێوان لایەنە کوردستانییەکاندا بکەین، چونکە هەمیشە لە بارودۆخی نەمەیودا بەخۆ کوێرکردنی دەزانین. بەڵکو بەرهەڵستکاری میانڕەوی، رووی دوژمنانی گەلەکەمان و دژی رەگەزپەرستی و چەوساندنەوەین. هەر بۆیەشە وەک هەواداران، لەبەر ململانێی ناوەخۆ ئاگام لە هێرشی گورگە گەلی دەوروبەر نەبڕاوە!

الحمدانی، سالار سیلەی ئەمڕۆ کە لەوکاتەدا مێرد منداڵێکی بەغدایی بووە، دەیەوێت بەپەلارێکی کوێر و هەڵبەستەیەکی رووتوڕەجاڵ، ئەو سەرکەوتنە مەزنە لەبار ببات، بەگوتە ئامادەکراوەکانی عروبی شۆفینی و دوژمنی کوردان د.فازل بەڕاک و هاوبیرانی پاساو بۆ دۆڕاندنی تاڵ و تێکەوتنەکانیان دەدۆزنەوە. وەک هەمیشە دۆڕاندنەکانیان دەخەنە ئەستۆی جوو و ئەمریکا و رۆژئاواوە، بەئاسانیش مەتەڵە گرانەکان هەڵدێنن!

نووسەری فەلەستینی، جۆرج کتن دەنووسێت "عەرەبەکان، بەتایبەتی سەردەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەیان، بەشەبەنگە جیاجیاکانی نەتەوەیی و چەپ و ئیسلامی، هێشتا لەو

سەردەمە دوورن و زۆربەیان جیهانگەری رەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەمە هۆکارێکە ئەمریکا دەیەوێ لە رێگەیەوە دەست بەسەر ناوچەی عەرەب دابگرێت و سەرلەنوێ داگیر و تالان و پارچە پارچەی بکاتەوە، یان بیداتە دەست ئیسراییل. نەتەوە پەرستیش بووەتە: ئامرازێکی رەگەزپەرستی، ئەرکەکەی لەناوبردنی خەڵکانی دیکەیە، یان بەزۆر کۆچپێکردنیانە.. دەردی عەرەب دووسەرەیە: لە لایەک بەدەستی رژێمە سەرکوتکەر و بۆگەنەکانەوە، لە لایەکی دیکەش بەدەستی سەردەستەکانیانەوە کە هێشتا لە بۆتەکەی ئەو بیروبۆچوون و چەمکە کۆنانە دەرنەچوونە کە سەردەمیان بەسەرچووە." کتن - و. بەهرام. ل 13-15.

## رێککەوتننامەکەی یازدەی ئاداری 1970:

"سەرۆکی پێشوو سەددام حوسێن، ئەو کاتە جێگری سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، رۆڵی گرنگی لە رێککەوتنەکەدا دیت. ئەم یاسایە مافێکی رۆشنبیری و خۆبەڕێوەبردن و دەستووری فراوانی دایە کوردە عێراقییەکان، لە کاتێکدا کوردانی وڵاتانی دیکە قەدەغەبوو بەکوردی قسە بکەن." الحمداني، ص 191.

مەبەستی ژێرەوەی ئەم دارشتنە راستبێژە! : هەڵنانی سەددامی چاکیار و پاکنیاز و دەرخستنی سپڵەیی بێ ئەمەکی کوردی عێراقە. خەڵکی ناکوردیش وا تێدەگەیەنێ کە سەددام ئەم مافە فراوانەی نەک لە ئەنجامی جەنگ و دانوستان، بەڵکو لە مرۆڤایەتی خۆیەوە، بەخێر بەکوردی بەخشیوە!

"رێککەوتننامەی 11ی ئادار، هەموو شتێکی لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا یەکلا نەکردەوە. زۆر لە کێشە بنەڕەتییەکانی: بابەتی

سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی دەزگاکانی حوکمی زاتی و وەزعی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەجێ هێڵدرابوون بۆ دانوستان. بڕیاردرا کە لە ماوەی چوار ساڵ گفتوگۆدا لەسەر کێشە و وردەکارییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی عێراقدا بکرێت و پڕۆژەی حوکمی زاتی گەڵاڵە بکرێت. تاکو کورد لە سنووری کوردستاندا ئیدارەی حوکمی خۆی بکات. " رەسووڵ، ل 29.

"لە 17|7| 1968 بەعس بەکودەتایەکی دیکە، عەبدولڕەحمان عارفی وەلانا و جڵەوی دەسەڵاتی عێراقیی گرتەوەدەست. وای نواند کە: بەخۆی دادەچێتەوە، پەندی لە هەڵەکانی رابردوو (1963) وەرگرتووە. دووبارە داوای گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کردەوە، کوردیش نیازی ئەوانی دەزانی، لەگەڵ هەندێشدا وەک ئاشتیخواز و گەلحەز و نیشتمانپەروەر، بۆ هەنجەتبڕینی ناحەزان و پشێویکی رەشوڕووتانی کوردستان، بە(چاکە) وەڵامی دانەوە، بەڵام هەر هێندە گوڕاحیان خۆشبۆوە و دەستیان هاتەوە بەرخۆ، بەجەربەزەییەوە کەوتنەوە جەڕباندنی زەبروزەنگ و هێزی سەربازی. کورد کوشتن، کوردستان وێرانکردن، سووتاندنی تەڕ و وشک، مەرگباراندن، تۆقاندن، کردنە بەعسی و عەرەباندن، بەوپەڕی دڕندایەتییەوە ئەنجامدران، بەڵام کە شلوکوت وەستان، هیوابڕاو بوونەوە. ((لە دوا دوایی ساڵی (1969)دا کەوتنەوە دانوستان، لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی کورد دیسان بڕوای بەئەنجامی دانوستان لەگەڵ بەعسدا نەبوو، شای ئێرانیش بەڵێنی چەوری دابووە سەرکردایەتی کورد، ئەگەر لەگەڵ بەغدادا رێک نەکەوێت.! بەڵام بارزانی سەربەخۆیی شۆڕشی کورد و نیشتمانپەروەری رەچاوکرد و بڕیاری دانوستانی دا کە لە ئەنجامدا

ڕێککەوتننــامەکەی 11/ئــاداری/1970ی لــێکەوتەوە" دزەیــی، ل 180 و 191.

"مێــژوو و ڕووداوەکــان ئەوەیــان ســەلماندووە کە هــیچ حــاکم و حکوومەتێکی داگیرکەری کوردستان بەویست و ئارەزووی خۆی دانی بەمافی گەلی کوردستان نەناوە.. هەرکاتێکیش گفتوگۆیان لەگەڵ کورددا کردبێت، لە بڕوابوونیان بەمافی کوردەوە نەبووە، بەڵکو شەقی زەمانە ناچاری کردوون، یاخود بەرژەوەندییان لەوە دابووە کە گفتوگۆ لەگەڵ کــورددا بــکەن، گفتوگــۆی ســاڵەکانی: (1964، 1966، 1970،1968، 1979، 1984، 1991) ئەو ڕاســتییەی ســەرەوە دەســەلمێنن" شــۆڕش حاجی ڕەسووڵ .

"ڕێککەوتننــامەی 11ی ئــادار، هەمــوو شــتێکی لە نێــوان کــورد و دەوڵەتی عێراقدا یەکلا نەکردەوە.

تــاکو ئێســتایش ســەرانی بەغــدا هەمیشــەو بێــپەروا، کە بگــاتە بەندەکانی باسی سنووری کوردستان، کوردییەتی کەرکووک، یەکلایی کردنەوەی نــاوچە تێکەڵاوەکــان، دەســەڵاتی حکــوومەتی هەرێــم، بەشــە بوودجەی هەرێم و نەوت، هێزی پێشمەرگە و ئاسایش، ٍبەهۆی نیاز ڕەشیانەوە، بەر چاویان تاریک دادێت، هەزار و یەک بەڵێنان دابێت و دووهەزار ڕێککەوتننامەیــان دەربــارە مۆرکردبێــت، ئەوا بەبیــانوو و بێبیانوو، هەمیشە لێی پاشگەز دەبنەوە، چونکە نایانەوێت کێشەکە بە چارەسەرییەکی مرۆڤانە یەکلایی ببێتەوە.

لە مۆرکردنی ڕێککەوتننـامەی ئـاداردا، بەغـدا بەزمـان و بەنووسـین بڕیاریــدا، بەڵام ئەوەی بــووە ڕێککەوتننــامە، بەکــردەوە ئەنجــام نەدرا. هۆکـارە ڕاسـتەقینەکانی هەڵگیرسـاندنەوەی جەنگـی نێـوان حکـوومەتی

بەغدا و شۆڕشگێڕانی کورد لە ئاداری 1974 دا، کە یادداشتنووس، لە هەموو کەس چاکتری دەزانێت و دەیخاتە پەناوە:

1- **ئەوکاتە سەددام حوسێن** جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش و بریکاری ئەمینی رازگری حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالستی هەرێمی عێراق بوو، لە ناچاریدا، بەو نیاز و ئامانجە لە 70/3/11دا لەگەڵ کوردان رێککەوت، بەڵکو ئەوەی لە جەنگدا بەخوێن بۆی نەلوا، لە سێبەری ئالای سپی ئاشتییەوە بیگەیەنێتە ئەنجام. سەرکردایەتی کوردیش وەک هەمیشە لەم نیازانەیان بێ ئاگا نەبوو، هەرچەندە بەغدا داوای مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کرد (بۆ دانوستان بچێتە پایتەخت و ژێر دەسەڵاتی ئەوان)، متمانەیان پێنەکردن. نموونە: نامەیەکی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر کە تیایدا داوای سەردانی بارزانی بۆ بەغدا دەکات: نامەی بەکر بۆ بارزانی: "بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. کۆماری عێراق. سەرۆکایەتیی کۆمار: برای ئازیز بارزانی هێژا، سڵاوێکی برایانە، هیوام وایە کە باشبیت. دوای چەند رۆژێکی کەم یادی (هەردوو تەمموز) دێت و ئەو یادەش کە شۆڕشی رزگاری نیشتمانی لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێکەوە کۆدەکاتەوە، شوێنێکی تایبەتی لای گەلی عێراق بەعارەب و کوردەوە دەکاتەوە، لێرەدا ئێمە وای دەبینین کە بایەخدان بەو یادەوە لە لای ئێمە کارێکی تابڵێی گرنگە، دڵخۆشییەکەمان زۆرترە ئەگەر بتانفەرمووبوایە بەشداری ئاهەنگەکانی ئەو یادەتان لەگەڵ بکردینایەتەوە، ئەو یادەی کە هەلێکی لەباری تێدا دەبینین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دیدوبۆچوون، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خەباتی گەلەکەمان لە پێناوی ئامانجە مەزنەکانی و چەسپاندنی بناخەی هاوکاری تێکۆشان لە نێوان هەردوو نەتەوەی عارەب و کورددا و

هەربــڕین. براتــان ئەحــمەد حەســەن بەکــر ســەرکۆماری عێــراق. 1970\7\12." مەسعوود، ب 3، بەشی دووەم، ل 444. کەچی بارزانی بــۆ دەربڕینــی نیازپــاکی و پابەنــدبوون بەبەڵێنەکــان، ئیــدریس و مەسعوودی کوڕی و ئەندامانی نووسینگەی رامیاری پارتی ناردنە بەغدا. دواتر نیازی سەددام بەڕاشکاوی دەرکەوت. لە ماوەی چوار ساڵەکەدا دووجار هەوڵی تیرۆری بارزانی دا بەڵام کەڕک بوو.

**2- رژێمی بەغدا رەچاوی کردبوو** ئەم چوار ساڵەی بۆ بەسوود وەرچەرخێت، ئەویش ئەوەبوو: کورد لە ناوخۆیاندا (پێشمەرگە و لایەنگرانــی بەغــدا) بــکەونە شــەڕی براکــوژییەوە، هەر بــۆ ئەم مەبەستەیەیش کەوتە نانەوەی دووبەرەکی و دەست لەپشتدانی چەندین کەســایەتی و گــرۆ و خــێڵان، بەڵام لەوەشــدا نەک هەر تێیــدا ســەر نەکەوت، بەڵکو چۆکاوچۆکیش کەوت. دەکرێت بڵێین ئەوکاتە کورد لە رۆخــی، یــان لە نــاخی بــارودۆخی دۆزەخینــی خوێنــداری بــوو. ســـەرکردایەتی شۆڕشــی کــورد، بەدووربینــی و لێبــووردەییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دۆخە مەترسیدارەکە کرد، کە لێبووردنی گشتی دەرکــرد. ریزەکــانی حیــزب و پێشــمەرگەی رێکخســت و رۆڵەکــانی نەتەوەکەیشی پتر یەکخست، گەلی کوردستان گەلێک تەبا و پڕ تەڤاتر و یەکگرتــووتر دەرکەوت! بەڵــگەی بەردینــی بەرچــاویش: وەســتانی یەکڕیــــزی گەلەکە بــــوو، لە پشــــت ســـــەرکردایەتییەکەی و رووبەڕووبوونەوەی بەغدا بوو. رژێم لە داخانا چاوی پەڕییە پشتە سەری، وەک سەددام خۆی گوتەنی "خەریک بوو دارخورما لە تۆقی سەریدا دەربچێت". ئەم لێبووردن و ئاشتەواییە، نموونە و ئەزموونێکی بێ هاوتای جیهانی بوو، کەچی نیلسۆن ماندێلا، بیست سی ساڵ دواتر

ئەمەی لە ئەفریقیای باشووردا دووبارە کردەوە و کرایە نموونەیەکی لێبووردەیی جیهانی سەردەم.

لە نامەیەکی دوور و درێژی سەددام بۆ بارزانیدا، سەددام بۆ دەسخەرۆدان، دان بەهەندێک راستیدا دەنێت، ئینجا تێیدا دەکەوێتە گلەمەندی لە سەرکردایەتی کورد، کە لە میانییەوە نیازە شاراوەکانی و ویست و پەرۆشییەکانی سەرهەڵدەدەن کە دەفەرمووێت: "بەیاننامەی11ی ئاداری مێژوویی، بەری گەلێک قوربانیی تاڵ و ئەرک و ماندووبوونی رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان بەعارەب و بەکوردەوە بوو، ئێوەیش رۆڵێکی بنچینەییتان هەبوو لە قورسکردنی بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی ئەوەی کە رووناکی بەچاوی خۆی ببینێ.. چونکە تەنیا حکوومەت لە بەیاننامەی 11 ئادار سوودمەند نابێت، بگرە سەرجەمی گەلی عێراق سوودمەند دەبێت.. رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا، کە سوارەکان (فرسان صلاح الدین، جاشە کوردەکان، کوردانی لەگەڵ هێزی بەغدا دژی بزووتنەوەی کورد دەجەنگان. پاتەخۆرەکان.) و جەماعەتی جەلال تاڵەبانی و پشمەرگە زیادەکان لە و ژمارەیەی رێککەوتنی لەسەرکرابوو (شەش هەزار) ببنە پاسەوانی سنوور، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموومان بڵاوە پێکردن و لە ماوەیەکدا کە لە مانگێک تێنەپەڕی هەموو چەکەکانمان لێ وەرگرتنەوە.. ئەی برا هەموو کارێک بەنیازە هەرکەسە و نیازی خۆی، بەڵام شوێنپێ نیشانەی پێدا رۆیشتنە...کاتێک ئێمە پەیوەندی خۆمانیان لەگەڵدا دەپچڕێنین، تۆ بانگیان دەکەیتە گەلاڵە و پارە و چەکیان پێ دەدەیت و لە خۆتیان نزیک دەکەیتەوە.. لەبارەی سەرفکردنی هەندێ پارە بۆ محەممەد رەشید لۆلان و جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و جەماعەتەکەیان، سیخوڕی و بەدڕەوشتی تومەتباریان دەکەیت، کەچی لەم ماوەیەی

دواییدا گوێبیستی ئەو پێوەندییانە دەبین کە لە نێوان ئێوە و جەلال لە عێراق و لەندەندا هەیە، بۆ قەناعەت پێکردنی تابگەڕێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. برا هەموو ئەمانە چۆن لێک بدەینەوە.. برام! باوکی ئیدریس! هیوادارم قسەکانی من وا تێنەگەن کە ئێمە دژی دڵ ساف بوونەوە و دژی بیرۆکەی یەکگرتنی کورد و کۆتایی پێ هێنانی رک و کینەین لە نێوانیاندا.. بەڵام نارەزاییەکەی ئێمە لەسەر ئەو جیاوازییەیە لە نرخاندن و هەڵوێستدا.. سیخوڕ و بەکرێگیراو و رەوشت نزم، کاتێک لەگەڵ دەسەڵاتدان، کە ئێوەیش بەشێکن لە دەسەڵاتەکە.. دوای ماوەیەکیش کاتێک ئێوە لێی رازی دەبن کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزە." مەسعوود. ب 3 بەشی دووەم ل 448-449.

یەکگری کوردان لە بەرگریکردنەکەی ئاداری 74-1975دا، لە نسکۆی ئاداری (1975)یشدا بەڵگەنەویستبوو: دەیان هەزار کەس بگرە هەزاران و دەیان هەزار خێزان و تاکی چەکدار و بێ چەک، رەگەڵ شۆڕش کەوتن، دوای نسکۆش لە سنوورەکاندا لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەغدا بەناچاری گەڕانەوە، یا بەرەو ئێران و تورکیا و ئاوارەیی هەندەران دەرکەوتن. نووسەر نکووڵی ئەمەی بۆ ناکرێت، بەڵام خۆی لە لیفەی تەڕی بێدەنگییەوە لوولداوە. ستەمکاران، سەرلەبەر بەتوانەوەیان لە نێو زۆرکاری و بێدایدا بیر و بڕوایان دەسووتێت، کە کەسانێک لە ناو تاواندا بە دووکەڵی سووتانی بڕوایان، دەر و ژووری دڵ و تەوێڵیان رەش ببێت، پەڵەیەکی سپی بۆ دەرمانیش تێیاندا نەمابێت، چۆنچۆنی رووناکی رابردوویان تێدا دەمێنێت؟ گوتراوە: گەڕخوازان، زمانیان بۆ گەڕنانەوەی کووکە و هەڵگیرساندن و گەڕی و

گولی و گەنکاری نەبێت ناگەڕێت. ئەوان گشت شادی و شایی دونیایان تەنیا بۆ خۆیان دەوێت و هەموو شیوەن و ماتەمینیش بۆ خەڵک.

3- "لە خاڵە ناکۆکەکانمان لەگەڵ سەددامدا: داننانبوو بەکوردییەتی کەرکووک و شوێنە راگوێزراوەکان و ناوچە تێکەڵاوەکان، بڕیاردرا لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێری بکرێت و بەپێی رێژەی دانیشتوان بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەبو و سەرکردایەتی کوردی کردی، نەدەبوو دوابخرێت." دزەیی، ل 199.

4- بەر لە مۆرکردنی رێکەوتن نامەکە بەعس لە سەر رۆخی هەڵدێران بوو، ویستی لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا خۆی بەهێز و پێگەکەی توونید بکاتەوە: لە ساڵی (1972)دا پەیماننامەی هاریکاری و هاوڕییەتی لەگەڵ یەکیەتی شورەوی بۆ ماوەی پازدە ساڵ مۆرکرد. لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبە کوردییە کارتۆنی و دەستکردەکانی خۆی ((بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەتووخواز))ی دامەزراند و دژی داخوازییەکانی کورد وەستانەوە، داوایان لە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش دەکرد، بەپێی مەرجەکانی بەغدا بچێتە ناو بەرەکەوە. لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا تابلێی رژێم چەکی زۆر و کاریگەر (فڕۆکە و کۆپتەر و تانک و زرێپۆش و تۆپ.. هتد)ی کڕی و لەشکرەکەی خۆی پڕچەک و بەهێز کرد.

" دووەم خاڵی سەددام ئەوەبوو: ئەو لەگەڵ پیاوی بەهێز، هەڵینەدەکرد و دەرینەدەبرد، بارزانیش پیاوێکی تۆکمە و تابشتدار و پڕتوانا بوو، لە دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەکە، سەددام هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی دا. بەڵێ سەددام پلانەکەی داناو نازم گزاریش ئەنجامدانەکەی گرتە ئەستۆ" شربل، ل 159.

"بەعس بەر لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکەی یازدەی ئادار، زۆر شەکەت و کەم هێزبوو، هەرئەوەتە خۆی لە رووی دوژمنەکانی ڕاگرتبوو، لایەنی ئابووری داتەپیو، هێزی سەربازی ورە تەپیوی کەم چەک بوو. لە ناوەخۆیدا ناتەبا و لەگەڵ حیزبە عێراقییەکانی دیکەیشدا ناڕێک و نەیاربوو، ئەگەر جەنگی کوردستانی نەوەستاندایە، ئەوا خۆی بەسەر پێیەوە ڕانەدەگرت، هیچ کەسێکیش وەک سەددام حوسێن ئەم ڕاستییانەی هەڵنەسەنگاندبوو. هەر لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکرەوە، بەعس بەفێڵ و تەڵەکەبازییەوە کەوتە بۆسە و تەڵە نانەوە، بەرچاوترینیان: "لە 28/ 9/ 1971دا کە بەپلانێکی تۆکمە: بەناردنی تەقەمەنی لە هەگبەی پیاوانی ئاییندا بەیاوەری دەزگا ئەمنییەکانی، بۆ تیرۆرکردنی سەرۆک بارزانی بوو، بەڵام سەرۆک بەرنەکەوت. سەددام بێ ئاگایی خۆی نواند و کارەکە خرایە ئەستۆی (نازم گزار) بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئاسایش. سەرۆک کۆمار لە بەغداوە، بۆ خۆشیدەربڕین لە دەربازبوون و دڵدانەوەی بارزانی، د. ئەحمەد عەبدولسەتار ئەلجەواری وەزیری پەروەردەی ناردە لای بارزانی، کە ناوبراو ڕێزێکی تایبەتی لەلایەن بارزانییەوە هەبوو" دزەیی، ل 261- 264.

"بارزانی متمانەی بە بەڵێنەکانی بەعس نەبوو، بۆیە هەر لە دوای ڕێککەوتننامەکەی 11|3|1970ەوە گوتی: "دوژمن تاکو ئێستا بەتۆپ و فڕۆکە و سوپاوە، ڕووبەڕوو لەگەڵمان دەجەنگا، دەبێ هۆشیارتر بین، چونکە لێرە بەدواوە شێوازی ڕووبەڕووبوونەکە ناڕاستەوخۆیە، لە پەناوەیە، بەشێوەی جیاجیا لەگەڵماندا دەجەنگێت، هەڵبەتە بەرەنگاربوونەوەی شێوازی دووەم ئاستەنگترە.

بەعــس لە دوای راگەیانــدنی ڕێککەوتننــامەکە، کەوتە بۆســە و تەڵەنـانەوە و کـوکە هەڵگیرسـان و گەڕگێـڕان. هێشـتا مانگێـک بەسـەر ڕێککەوتننــامەکەدا تێنەپەڕیبــوو، کەوتە دەرکردنــی کــوردان و بەعـارەبکردنی نـاوچەی کەرکـووک و شـوێنەکانی دیـکە. سـەرژمێرە گشـتییەکەی بەپێـی بەیاننـامەکە دەبـوو لە نـاوچە دیاریکراوەکانـدا ئەنجامبـدرێت، دوای خسـت. کەوتە کڕینـی دڵکـرمن و زۆڵەکـوردان. هەوڵـی کوشـتنی ئیـدریس بـارزانی دا" دزەیـی، ل 290و 292- 293. راستەوخۆش کەوتنە بانگەشـەی ئەوەی: کە پارتی و بارزانی نـۆکەری ئیمپریالیزم (ئەمریکا) و بەکرێگیراوی شای ئێران و بەندەی زایۆنینن.

ئەم خاڵانەی بانەوە و چەندینی دیکەیش هەموویان لە دەمەتەقێی نێـوان لایەنـی یەکەم: رژێمـی بەغـدا (حکـوومەتی بەغـدا + بەرەی نیشـتمانی نەتەوەیـی پێشـکەوتوخواز) بەزنجیـرە وتارێـک بەنـاوی ((بـۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزرێت و یەکیەتی نیشتمانی بەهێزبێت" لە رۆژنـامەی ئەلسەورە و ئێستگەکانی رادیۆ و دەنگوڕەنگی بەغدا و بەناوی دیکەیش لە رۆژنامەکانی **گریق الشعب** و هەفتەنامەی الراصدەوە بڵاودەکرایەوە. ژمـارە 147ی تەریقولشــەعبدا کە لە سێشــەمەی ڕێکەوتـی74/3/12دا دەرچـووە دەقـی بڕیـارەکەی 33ی سـاڵی ی 1974 بڵاوکـردۆتەوە، کە بریتییە لە بەیاننامەکەی 74/3/11 تایبەت بەیاسای حوکمیزاتی نـاوچەی کوردسـتان، رۆژی پێشـتر دەقەکە لە لایەن ئەحـمەد حەسـەن بەکـرەوە خوێندراوەتەوە. لە لایەنی دووەمیشەوە: سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد بەزنجیـرە وتـاری "لە پێنـاوی ئاشـتی و یەکیەتـی نیشـتمانی، لە پێنـاوی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننـامەی یـازدەی ئـادار"دا لە رۆژنـامەی التـأخی وەڵامی دەدانەوە.

"سـەددام لەوپەڕی هێـز و بەخۆنـازینەوە ئەوەی بەخـۆی بەڕەوای دەزانـی بـۆ کـوردی دانـا. تـاک لایەنە بەیاننـامەی حـوکمە زاتیـیەکەی ڕاگەیانـد، ئەمەیـش پتـر دەمـامکێکی کـاتی بـوو بـۆ پاراسـتنی ئـابڕووی هاوکـــارانی لە (بەرەی نیشـــتمانی نەتەوەیـــی پێشـــکەوتووخوازدا). لە سـەری دووەمیشـیەوە بـۆ شـلۆق و نالەبـارکردنی ئاسـۆ و ئاینـدەی شۆڕشی کورد و سـەرکردایەتییەکەی و هەڵپەسـاردن و ڕیسـواکردنیان لە نێوەندە گەلی و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و وڵاتـانی جیهانـدا بـوو، کە بە ڕازیبـوون، یانـاڕازی بـوونی (جەنـگ هەڵگیرسـاندنەوە) لە هەردوو باردا، هەر دەبوو بەری شۆڕشەکەی کورد لەبار بچێت، ئەمەیش خـۆی لەخۆیدا کوتـانی تەپڵـی جەنگ و ڕاگەیانـدنی سـەرکەوتن بـوو، لە لایەن دەوڵەتێکی نەوتفرۆشی دەولەمەند، ملەوەزی دەسـەڵاتدار، دژی گەلێکی هەژاری بێکەس و پەنا". **دزەیی**

پاش کۆتایی هاتنی ئاگربەستەکە کە بۆ ماوەی چوار سـاڵ بـوو: "لە 1974/3/11 دا ڕژێمی بەغدا بەبێ پرسکردن بەسـەرکردایەتی شۆڕشـی کـــــوردەوە، یەک لایەنە، وەک بۆخـــــۆی دەیەویســـــت، یاســـــای خۆبەڕێـوەبردنی بـۆ نـاوچەی حـوکمزاتی دەرکـرد، کە کەمتـرین مـافی نەتەوایەتی کوردانی تێدا دابین نەکرابوو." **دزەیی.**

"کـورد دەیەویسـت بەیاننـامەی یـازدەی ئـاداری (1970) بەکـردار جێبەجێ بکرێـت، بەڵام بەغـدا گەرەکـی بـوو بیکـاتە ڕووخسـارێکی بـێ نـاوەرۆک، هەروەک لە دوای سـاڵی (1975) دەرکەوت " مەسـعوود، ب. 3 بەشی 1، ل 5. " بەعس پتر مەبەستی هەڵگیرساندنەوەی جەنگ بـوو، وایـدەزانی لە مـاوەی چەنـد هەفـتەیەک، یـان مانگێکـدا، شۆڕشـی کـورد لەنـاو دەبـات" هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. "خـوا شـایەتە مـن ڕکـم لە شەڕدەبێتەوە. شـەڕ نالەبـارترین شـێوازی چارەسـەری هەر کێشـەیەکە،

بەڵام بەعس ڕێگەیەکی دیی بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان، لەوە بەولاوە کە وازیان بۆ لە کەرکووک و ناوچەکانیتر بهێنین، هیچ واتایەکیتری نییە، ئەمەشیان مەحاڵە. ئەگەر لە نێوچەوانمان نووسرابێ هەموو لەناو بچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لاناخۆشە کورد بێن، تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکووکت فرۆشت؟- بارزانی- 1974" هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 264.

((هێندەی نەبرد کە حکوومەتی عێراق دەستی کرد بەهێرشێکی بەربڵاو، پەلاماری ئەو گوند و شار و شوێنانەی دا کە لە ژێر دەستی پێشمەرگە دابوون. بەغدا هەموو جۆرە چەکێکی کە لە جبەخانە و سەربازگەکانیدا دایکردبوو لەسەر کورد و لە کوردستاندا تاقی کردەوە. هێزی ئاسمانی، تۆپخانە، تانک و زرێپۆش و سوپای ملەوەزی بژاردە (هێزی تایبەتی، هێزی تێکشکێنەر،پاسەوانی کۆماری، گورگخنکێن، جاشی پاتەخۆر) لە و هێرشانەدا بەشدارییان کرد. بۆمبی هێشوویی و ناپاڵم بەرادەیەکی زۆر بەسەر ئاوایی وچیا و دەشتەکانی کوردستان بەردرانەوە. بۆمبارانکردنی شارەکانی قەلادزێ لە 24 /4 / 974دا، هەڵەبجە و گەلاڵە (هیران و چۆمان و دەربەندی رایات و .. بەندە و نەریمان تۆفیق چەلەبی – کۆیی و بەهائەدین شەمسەدین سیان _ گابەڵەکەیی، لەوکاتەدا لە هیران بووین، کە فڕۆکە بەناپالم و رۆکێتی چەندین تەنی بوردمانی هیران- نزیک مزگەوتی شێخی کرد، دار گوێزی گەورەی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەند و هەڵیدا!. هەروەها لە چۆمانیش بووین کە فڕۆکە بۆمبارانی فرۆشگاکەی نزیک مزگەوتی بازاڕی کرد و شەهید و برینداری کەل و کرۆمم بینی. بۆردوومانکردنی پردی گەلاڵە و شارە دێی قەسرێشم بینیوە، لە

ئاداری 1975دا میری نیشتمانی بەچەکی فسفۆڕی لە دەربەندی رایاتی دا، خۆمان بینیمان رووبارەکە دەسووتا). نووسەر

"کۆمەڵکوژی و سووتاندن و تالانکردنی ماڵی گوندنشینەکان رووداوی رۆژانە بوون. شالاوی کردنە، شارەکانی کەرکووک، خانەقین، شەنگار، دبس، پردێ، مەندەلی، شێخان و گوند و ناوچەکانی دەوروبەریان دەستی پێکرد، ناوچەکان لە کورد چۆل دەکران و ماڵە عەرەبیان دەهێنایە جێگەیان. لەگەڵ هەموو ئەم درندەیی و زەبروزەنگەی حکوومەتی عێراقیشدا، هێشتا هێزی پێشمەرگە توانی بەرگرییەکی ئازایانە لە ناوچە ئازادکراوەکان بکات. حکوومەتی عێراق زەرەری سەربازی زۆری لێ کەوت."رەسووڵ، ل 32. "لە ئەنجامی جەنگی 74-1975دا بەکورد و بەعەرەبەوە سەد هەزار کەس لەناوچوو" عبدە، ص 21.

### رێککەوتننامەکەی جەزاییر:

"لە ئەنجامی ناوبژیوانییەکی چاکی هەواری بۆمیدیەندا، لە رێکەوتی 1975/3/6دا رێککەوتننامەی ئاشتی جەزاییر لە نێوان عێراق و ئێراندا لە کۆنگرەی سەرانی (ئۆپێک) لە جەزاییر راگەیەندرا، کە کۆتایی بە کێشەی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ هێنا" الحمدانی، ص 51.

حەمدانی لەم ناسکە هەڵوێستەیدا، بە وریایی و زیرەکییەوە، دەیەوێت هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژوو و هونەری یادەوەریی نووسیندا بکات. دەڕوانێتەوە پاشە و پێشە و ئەملا و ئەولای خۆیەوە، بەئەنقەست بۆ مەبەستی دڵی، رۆڵ و ناوی هنری کیسینگەر و شا فەیسەڵ دەشارێتەوە.! چۆن دەبێت جارێک بیانکاتە دەستشکێن و دوژمن و باوکە کوشتەی فەرماندەکەی. دواتریش پاشگەزببێتەوە و

بیانکـاتەوە بـراگەورە و ریشسـپی و چاوسـاغ و دەسـت و دەستکێشـی هەمان سەرکردە؟ بۆیە بەسەر ئەم راستییانەدا بازدەدات: کە سـەرکردە پەنـای بـردە بەر رۆژئـاوا و کیسینگەری بە ئـایین جوولەکە و بەرەگەز ئەمریکیـــی، بەپیشـــە سیاســـەتمەداری جیهـــانی و وەزیـــری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا.

بەپلانێکـــی نێـــودەوڵەتی، بـــۆ هەڵگێـــڕانەوەی عێـــراق لە بەرەی خۆرهەڵاتی ئەوسەردەمدا، لە رێککەوتننامەی جەزاییر، نیوەی رووبەری یەکاوی عارەبانیان کردە مزەی کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد.

قەریـف روکـن، کـورد تاوانبـار دەکـات، گـوایە: کـورد بە فیکـی دوژمنانی عێراق و ناحەزانی عروبە: (ئیمپریالیزمی ئەمریکا، زایۆنیزمی ئیسراییل، فورسی مەجووسی ئێران و ئەبوناجی- سوورەی چاوشین، تەنـز و نـاتۆرەی عارەبـانن، لەبـری ناوهێنـانی ئینگلیـز و ئینگلیزسـتان بەکاری دێنن. جەنگی لە نیسانی 1974دا هەڵگیرساندەوە!

ئەگەر ئەم دڤە **(درۆ)** زەبەلاحـانەی گڤەگڤیـانە، راسـت و رەوا بـن، دەبێت لار و خوار و چەوت و نـاڕەوا و ناڕاست کامانەبن؟ زیرەک لە کەوتـن و هەڵسـتانەوەی خەڵـک سـڵ دەکـات و پەنـد وەردەگرێـت، نازیرەکەکانیش، لە کەوتن و هەڵنەستانەوەکانی خۆیان و کارەسات و نەهامەتییەکـانی تووشـی خۆیـان و دەوروبەرەکەیـان دێت، کەم شـتێک کۆناکەنەوە! تاکو ئێستایش نووسەر بەدیدی هەمـان سـەردەم، دهەمبـان زار، هەمـــان زاراوەی دەکـــاوێتەوە، کە رەگەزویســـتان لە ســـێبەری سەرکردەی ئوممەدا، لە کاتی لەخۆ دەرچوون و کوشتوبڕ و قڕکردنی کوردانـدا بەکاریـان دەهێنـا. لە بـری رێککەوتننـامەی نێـوان دوولایەن، بەیاننـــامەی تـــاک لایەنە بەکـــاردێنن، وشـــەی (کوردســـتان) دەمیـــان دەچرمســـێنێت و هەر (شـــیمالینالحەبیب و شـــەعبنالعەزیز فیلشـــیمال)

دەجــوونەوە! تووتیــانیش: دوژمنــانی عێــراق و ئــوممەی عــارەبی و پاســەوانانی دەروازەی ڕۆژهەڵاتــی نیشــتمانی عــارەبی! نــاحەزان: ئەمریکــای ئەهــریمەن و جــووی زایــۆنی و فارســی ئاگرپەرســت و ئەوروپای خوا خاچ و کوردان نەوەی خێوانی شەڕانگێزن.

"هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکا، تەنـانەت باڵنـدە و گیـانلەبەرانیش ئەو مافەیـان هەیە..ئەرکەکـانی تـاک بەرامبەر بەخۆی و بنەماڵەی و نیشتمان و بەجیهان، لێکدی جودانین. ناکرێت بەزیان گەیانـدن بەخـۆت یـان بنەمـاڵەکەت، خزمەتـی نیشـتمان بکەیت، هەر بەم شـێوەیە ناکرێت بە زیـان گەیانـدن بەجیهـان خـزمەت بەخۆت بکەی" گاندی، ل 246.

ئەگەر ڕەوایاری، یان تاوانکاری لە ناخی مرۆڤدا شـاڕەگی داکوتـا و ریشاژۆ بوو، هەموو خانە و شـانەکانی دیار و نادیـاری گرتەوە، بووە پیشــەی هەمیشــەیی، ئەوا گــۆڕان و گەڕانەوە ئاســان نیــیە. بــۆیی چەتەکاران هەرچەندە بزانن ڕاستەڕێ کامەیە، هــەر حــەز لە بەربەیـار و خـێچ و پـێچ و گەوەی تیـژی سـەرە و لێـژدەکەن. ئەگەر خوداناسـی ڕاست بین، دەبێت بڕوامـان بەفەرمـان و دەسـتکارەکانی ئەویش هەبێ، دەبێت بزانین هیچ کەسێک بەهۆی ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە و خێزان و رابردووی باپیرانی لە کەسێکی دیکە مەزنتر، یا نزمتر نییە. هەر ئەو فەرمانمــان پــێ دەکــات، بەخۆشــی و خۆشەویســتی لەگەڵ یەکــدی هەڵــبکەین، نەک یەکـدی لەنـاوببەین! گانـدی گـوتەنی "خۆشەویسـتی بەهێزتــرین هێــزێکە کە جیهــان لەبەر دەســتیدایە، لە هەمــان کاتــدا ساکارترین هێزیشە کە بیری لێبکەیتەوە" گاندی، ل 246.

"پێکهـاتنەوە و ڕێککەوتننـامە لە نێـوان ئێـران و عێراقـدا بـۆ ئاسـایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە میانی کۆنگرەی سـەرانی وڵاتـانی

سەر بە ڕێکخراوی ئۆپێک (وڵاتانی نەوت فرۆش)، لە 1975/3/6دا لە جەزاییر ڕاگەیەندرا. کە تێیدا هاتبوو: (ئێران دەست لە خستنە ناو کاروباری عێراق هەڵبگرێت) نوێنەری عێراق سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆمارو، لایەنی ئێرانیش شاهانشا محەممەد ڕەزا پەهلەوی بوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ئەنجامی ناوبژیکردنی هەواری بۆمیدیەن سەرۆک کۆمارەی جەزاییر هاتە ئاراوە،(دووبارە دەڵێین: نووسەر بەوریاییەوە ڕۆڵی هنری کیسینگەر دەخاتە پەناوە) کۆتایی بەکێشەیەکی درێژخایەنی نێوان هەردوو لا هێنا. بەپێی ڕێککەوتننامەکە: عێراق سازشی لەسەر ڕۆژهەلاتی سنووری یەکاوی عارەبان کرد. (هەر ئەم سازشکردنە دواتر بووە هۆی هەستکردنی سەددام بەتاوان، تاکو ڕێککەوتننامەکەی لە سەرەتای جەنگی ئێران- عێراقدا ڕەتکردەوە).. سەرکردایەتی کورد بەزانینی ئەم ڕێککەوتننامەیە شۆکی کرد. (دەقەکە ڕاستەوخۆ دان بەبزووتنەوەی کورد و سەرکردایەتییەکەی دا دەنێت. سەرکردایەتییەکە لە ئەنجامی تاوانێکی نێودەوڵەتی کە زلهێزەکانی ڕۆژهەلات و خۆرئاوا و وڵاتانی عارەبی و دەوروبەریدا، دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلێکی پلیشایەوە و وڵاتێکی بڕبڕکراویان، وەک گورگی بەخوێنی بەرخ تێنوو، بۆ بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانیان دەرگاکانی ئاسمان و زەوییان لەسەر کوردان داخست، تا ئەو کاتە، کورد لەم باوەڕە دانە نەبوو، تاوانێکی هێندە زەبەلاح بەبەرچاوی زەوی و ئاسمانەوە، لەلایەن زلهێزەکان و بەبێدەنگی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ڕوویدات. کە ڕوویدا هیچ چارەیەکی خێرا و بەردەست لەم ساتە تاریک و ترسناکەدا بەدەستەوە نەما)

شا، بەمێشکێکی ساردەوە گوتییە بارزانی: "ڕێککەوتننامەکە گەیشتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ورەی یاخی بووەکان بەشێوەیەکی سەیر هەرەسی هێنا" الحمدانی. ص 51. (ئەم هۆکارانەی شۆک بەسەرکردایەتی گەلێک دەکات، هەمان هۆکار ناخی گەلەکەیش دەهەژێنێت. ئەمەیش یەکیەتی نێوان گەل و سەرکردایەتییەکەی لە خۆشی و ناخۆشیدا دەنوێنێت، کەچی نووسەر بۆ مەبەستی بەزین و ناشیرین کردن دەیانڕێژێت).

یاخییەکان ژمارەیەک دیلی ئێمەیان لە چۆمان کوشت، کە تیایاندا فڕۆکەوان بوون" الحمدانی، ص 51. لێرەیشدا نووسەر دەریدەخات (بەڵام وەک بینیمان پێشتر پەردەپۆشی دەکرد) کە پێشمەرگە: فڕۆکەکانی ئەوانی خستۆتە خوارەوە و فڕۆکەوان و سەربازانی ئەوانی بەدیل گرتوون و لە چۆمان بەندیکردوون. ماوەیەکی چاکبوو لەوێ بەندکرابوون، کەچی ئەو مەبەستییەتی بڵێ: "کورد دڕندەن، دیلان دەکوژن!" لێ کۆمەڵکوژی ژن و منداڵی دیلکراوی کوردی ئێراق و ئێرانی و کوەیتی دەخاتە خوورجەوە. ویژدانی ئەلحەمدانی نەیهێشتووە زمانەکەی بڵێت: لە راپەڕینەکەی بەهاری (1991)دا دوو تیپگەل سەرباز، بەڵێ دوو تیپگەل سوپای عێراق (دەیان هەزار سەرباز)! سەرەڕای هێزەکانی تایبەت و ئاسایش و دەزگاکانی سیخوڕی عێراقی، کە خۆیان دایەدەست کورد، تاکێکیشیان کەپووی دانەڕسا!. ئەو کاتە ئێمە لە چۆمان بووین. تا پێشمەرگە ناوچەکەی بەردا تاکە دیلێک نەکوژرابوو. کە لە کاتی بەدیلگرتنیان نەکوژران، ئەم ماوەیە سەختە بەخێوکران، بۆچی لە چرکەساتی کۆتاییدا دەیانکوژن؟ چەندین بەندیمان لە بەردەرگای گرتووخانەکەی رایات، بێپاسەوان بینی، چاوەڕوان بوون لەشکری عێراق بێت، تاکو رەگەڵی بکەونەوە. کوشتنی دیلەکان هەڵبەستەیە!؟ بۆ سۆز جووڵاندنە؟ یانە لەشکری عێراقی کوشتوونی، چونکە خۆیان داوەتە دەست دوژمن؟ یان شتێکی دیکەیە،

ئەوا ئەو لە ئێمە باشتری دەزانێت، ئەگەر بییەوێت بیڵێت!. بەڕێزیان لەو کاتەدا براوە بووە و وایدەزانی هەتا هەتایە هەر گوتە جۆکەرە جوانەکانی ئەو دەیخوات.

"لەم ماوەیەدا لەشکری عێراق شەکەت و کەم چەک و بێ تەقەمەنی بوو، ئێرانیش لایەنگری کوردەکان بوو، ناوچەکەیشیان ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، کوردان لە جەنگی پارتیزانیدا کارامە و بەکارن، سوپای عێراقیش لێی کۆلەوارە.. ئەوە دەرفەتی بۆ رێککەوتننامەکەی جەزاییر خۆشکرد. سەلاح عومەر ئەلعەلی: سەددام رێککەوتننامەکەی جەزاییری لە دڵەوە مۆرنەکرد، ئەو لە و بڕوایە دابوو بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی وا دەخوازێت. بۆ ئەوەی بوو ئاگربەستێک بەمەبەستی پشوویێک رابگەیەنێت" شربل، ل 159- 160.

گوتمان: کورد ئارین، گریمان لەگەڵ سامییەکاندا، (بنەچەی عارەب و جووەکان) گەلێک لێک و دۆست نین! کوردستان خاکی عەرەبستان نییە، بۆیە دیل و نادیلی دەکوژن و دەیعەرەبێنن! ئەعرابییەکانیش کارەکە بەکارێکی پیرۆز (فراوانکردنی رووبەری عەرەبستان و بەهێزکردنی ئوممەی) دادەنین و بەهەموو توانایانەوە تێدەکۆشن دایپۆشن. دەزانین حەزیانە کورد چنگی نەبێت خۆی پێبخورێنێت و چنکە نانێکیشی نەبێت منداڵەکانی خۆی پێ بخافڵێنێت، دەزانین ئاواتخوازن کورد رۆیشتنی بێ گەڕانەوە، نەگەڕانەی بێ لێ پێچانەوە، سەربڕینی بێ پەرچدانەوە هەبێت!.

پرسیارێکی کوڵکن لە لاڕا ریش هەڵدەتەکێنێت: بۆچی میر جابری کوێتتان، بەسەرکۆتی و بەپێی پەتییەوە دەرپەڕاند، بەپڕەپڕیش بەعەگالی سەری و سۆلی عارەبیانیی رانەگەیی؟ مامەی ریشن دەپرسێتەوە: بۆ سەرلەبەر دیلە کوێتییەکانتان کوشتن؟ لە کوێ و

کەینێ و لە کامە گۆڕی بەکۆمەڵ ناشتنتان؟ بۆچی گۆڕبزرتان کردن؟ خۆ ئەوان، تا لە پڕ کەوتنە بەر هەڵمەتەکەتان، خوێنبرای عارەب و هاوئایین و دراوسێی بەکەلک و پاڵپشت و دەستگری فەرماندەی عێراق بوون؟ ئەم رەوا پۆشین و نهێنی پاراستنە، بۆ کێ و لە پای چی؟ بۆچی ماڵی کوێتیانتان تالان کرد و گەلەکەیشتان بەسۆدرە برد؟ بەرامبەر بەمەیش ئەم هەڵبەستە و هەڵبەست کارییەتان لەچی؟ نەتەوەپەروەری سەردەم!

لەبری وەڵام، نووسەر وەک هەمیشە کردوویەتییە پیشە، بەزەق و رەق و ناهەقییەوە، پێمان دەڵێت: ئەمریکا و جووی دوژمنمان، پێی فەرماندەیان خلیسکاند و پاڵیان پێوەنا کوێت بگرێت؟ لەوانەیشە بفەرمووێت: دیلە کوێتییەکان بەدەستی ئەمریکا و زایۆنیزم و خۆرئاواوە کوژراون! هەرگیز ناتوانێت راستی بابەتەکە بدرکێنێت و بڵێت: مەبەست لە گرتنی کوێت: داپۆشینی دۆڕاندنی جەنگی عێراق-ئێران بوو. بۆ پڕکردنەوەی قەرزوقۆڵەی زۆری سەر عێراق بوو. لەخۆبایبوونی فەرماندە و حەزی شێتانەی بوونی بەسەرکردەی مێژوویی ئوممە هاندەر و پاڵنەربوون.

"بە پێی تۆمارگەکانی ئێمە لە ناوچەی چۆماندا (14000) چەکداری کورد سوودیان لە لێبووردنە گشتییەکە وەرگرت و خۆیان دایە دەست هێزەکەمان. (بەهۆی گەورەیی پیلانە نێودەوڵەتییەکە و لە ناچاریدا، چوارده هەزار پێشمەرگە لە کەرتی چۆمان خۆی دابێتە دەستەوە! چەندین ئەمەندەیش دەربەدەری ئێران و هەندەران ئاوارەبوون، وێڕای زۆری ژمارەی پێشمەرگە، لە ناوچەکانی دیکە لە خانەقین و گەرمیان و هەلەبجەوە، تا دەگاتە زاخۆ و شەنگار و قووڵایی کوردستانەوە. الحمدانی ئەمەی لە پل دەرچووە و نەیزانیوە کەمانای گشتگری

شۆڕشـی کـورد دەنوێنێت. چـونکە ویسـتوویەتی بڵێت: کـورد لە بـاری دۆڕانـدا دیلـی ئێمەیـان کوشـت و ئـێمەیش لە لـووتکەی سـەرکەوتنەوە، بەوپەڕی بەخشندەییەوە باوەشمان بۆ چەکدارە یاخییەکانیان کردەوە). لە 30|3|975دا جەنـگ بـڕایەوە، یـاخیبوون لە بـاکوور کۆتـایی هـات، (نووسـەر لێرەدا نەختێک لەگەڵماندا دڵنەرم بووە یا دواتـر بینیـویەتی ئینجا نووسیویەتی؟ چونکە ئەوکاتە دەیانگوت بزاڤی یاخیبوونەکە هەتـا هەتـایە کۆتـایی هـات و جـارێکی دیـکە نـاتوانن سـەر هەڵبێنـنەوە، نەک بگەڕێـنەوە نـاو ریزەکـانی گەلـی عێـراق!) ئاشـتی وڵاتە جوانەکەمـانی خەملاّنـد ( واچـاکە بـزانین کە خەملانـدنەکەی ئێـرە، بە کـردار مانـای خاپوور کردن و خاپیندان (تەفرەدان) خەپراندن (چینەکردنی مریشـک) دەگەیەنێـت. نەک ئـاوەدانکرنەوە.). دەمـرەوانییە شـوێنەواری جەنـگ و زیـانی هەردوو لایەن، چـونکە یەک زیـانە و گشـتیان عێـراقین.. تـاوانی قوربانیـانی ئەم جەنـگە چـی بـوو؟ تـاوانی ئەم هاووڵاتیـانەی لە بـار و دۆخی وێرانکـاری جەنگدا، برسـی بوون، لەیەکدابڕان، کو**ژران!** (هێندە بەسـۆز شـینمان بۆ دەگێڕێت و سـەردوولکەمان بۆ دەبێژێت. خەریکە منیش بڕوای پێبکەم.)

بێگومان هەر دوو لایەن تێیدا بەشداربوون.. جەنگ بۆ گەلی کوردمـان هات و نەهاتێکی مسـۆگەربوو. پاسـاوی بڕوا پێکراوی نەبوو. (الحمـدانی حکـومەتی بەغـدا و سـەرکردایەتی کـورد، وەک یەک دەکـاتە هاوبەشـی تاوانی جەنگ هەڵگیرسانەوە، دواتر پاشـگەز دەبێتەوە و وای دەبینێت کە سـەرکردایەتی کـورد هـیچ پاسـاوێکی لەگـوینی نەبـوو، کە جەنگـی هەڵگیرسـاند و دوارۆژی کـوردی خسـتە مەترسـی هـات و نەهـاتەوە!.) زیـانی هێزەکـانی سـەربازیمان لەم سـاڵەدا (63000) قوربـانی بـوو، بەتەواویش زیانەکانی هێزی بەرامبەر نازانین" الحمدانی، ص 51-52.

" هەرچۆنێک بێ پیاوانی سوپای دلێرمان داستانێکی دیکەیان لە پێناوی یەکیەتی نیشتمان و گەلدا تۆمارکرد" الحمدانی، ص 51-52. (هەر لە ناو سەردوولکەکانیدا هەڵدەگەڕێتەوە و شانازی بەئازایەتی ئەو لەشکرەوە دەکات و پێیدا هەڵدەڵێت کە خەڵکی بێتاوانی کوشتووە، پەڕاگەندە و دەربەدەری کردوون. هەرچۆنێک بێت منیش ئەوەی لێ بەداو وە ناکەم، چونکە لە سەرەتادا فەرموویەتی: "نووسینەوەی یادەوەرییەکان: تا رادەیەک رەوشت بەرزی و بێلایەنی راستگۆیی دەوێت. من ویستوومە بەویژدان و میانڕەو بم".

ئەگەر لەبیریشت چۆتەوە دیسان هەر چونێک بێت هەرهیچ ناڵێم، بەڵام دەبوو بەلایەنی کەم، گوتە و گوتەت تێک بکەنەوە. چونکە دەزانین کردار و گوفتارتان، هەردوو جەمسەری گۆی زەوین! هێڵی یەکسانبوون و کەمەرەی زەوییان لە نێواندایە.

"کە الحمدانی باسی سەرکەوتن و بردنەوە دەکات، دەیشارێتەوە کە لەو کاتەدا، تەواوی بلۆکی رۆژهەلات، دەست و ئەژنۆ و بەر و پشتی بەغدا بوون، کەچی دوای ساڵێک کوشتوبڕ، نەیتوانی ئەنجامێک بەدەست بهێنێت، ناچار لە ترسی ئابڕوو چوون و دۆڕان و رووخان، بۆ خۆدەربازکردن، خۆی خستەوە باوەشی رۆژئاوا و ئێران، باجی ئاشتبوونەوەی (بەناو سەرکەوتن و بەناوەرۆک ژێرکەوتنەکەی): دۆڕاندنی نیوەی یەکاوی عارەبان و خەفەکردنی شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیەکی رەسەن و بێ پشتیوان بوو.." هونەری. ل 107.

"ناکرێت و نابێت بڵێین: رێککەوتننامەکەی جەزاییر، ژێربەژێر، لە نێوان بەغدا و تاران و جەزاییر و ئەمریکاوە تەواو نەکرابوو، بەڵکو لە 1975/3/6دا لە جەزاییر کراو راگەیەندرا. چ گەمژەیە بڕوا دەکات کە

ئەم شـێرپەنجە دێـرین و گشـتگرە، وا بەسـووک و ئاسـانی بەیەکـدی دیتنێکـی سـەرپێی بنەبڕکـرا! وەک نەکـرا!. بـراوە لە ڕێککەوتننـامەکەدا ئێـران بـوو: بەسـاچمە ژەنێـک، کۆمەڵێـک چـرگ و کەو و کەودەری لە خـوێنی خۆیـان و لە خرتـۆرێ وەردا. دوژمنێکـی سەرسـەخت و سـەر سنووری خۆی بەچۆک داهێنا. نیوەی یەکاوی عارەبانی لەسەر ئێران تاپۆکرد. کێشە کۆنییەنە سنوورییەکانی نێوانیانی بەویستی خۆی کێشا. بـزووتنەوەی ئـازادیخوازی کـوردی خەفەکـرد، چـونکە هەمیشــە ئەو راســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ ویســـتوویەتی شۆڕشـــەکانی کـــورد بکوژێنێتەوە و نەهێڵێت کورد لە دەست دەربچن، نموونە کۆنینەکانیشی: لێدانی شۆڕشەکانی شێخی نەهری و سمکۆ و بارزان و مهابادە.

دەستکەوتی ئەمریکایش: هاوێرکردنی عێراق لە گەلەی رۆژهەڵاتەوە، گێـڕانەوەی بـوو بـۆ نـاو کـۆزی خـاوەرزەمین بـوو. چانـدنی چەشـنی (کەپسـوولەی) بـۆمبێکی ئەتـۆمی وێرانکـار لە سـنووری نێـوان ئێـران و عێراقدا، کە هەر کاتێک بیەوێت بیتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی عێراق و ئێران و ناوچەکەیش هەمیشە لەسەر لێواری هەڵدێران بمێننەوە و نەتوانن لە سـنووری خۆیـان دەربچـن. هەوبـوو لە دوای هـاتنی ئیمـام خـومەینی چەشنەکە ئاگردرایەوە.

ئەلحەمدانیش لێرە و لەوێ پاسـاو بۆ سـەرکردەی سـەرنەکەوتە، بۆ هۆکارەکانی جەنگەکە دادەنێت!

بەشـــی رژێمـــی بەغـــدا و شۆڕشـــەکەی کـــورد لە داونـــانەوەکەی ئەلجەزاییردا: دۆڕان بوو. تاکە جیاوازی لە نێوانیاندا: نسکۆکەی کورد ئاشـکرا و بەرچـاو بـوو، بەڵام تەڵەی تێکەوتنـی عێـراق و راوکردنـی فەرماندە، نەختۆکەک داپۆشراو بوو.

باشـــتر وایە بگوترێـــت ســـەرکەوتنێکی رووکەش و دۆڕانـــدنێکی نەقۆڵابـوو، چـونکە جەنگێکـی سـەخت و وێرانکـارییەکی پتـری بەدوا داهات.

ئەگەر بۆ تێڕامان بگەڕێینەوە سەر پەڕەگرافەکانی نووسەر و وردتر ناواخنی نێوان دێرەکان بخوێنینەوە، ئەوا لە چەندین شوێندا دەبینین: لابەلا و نائاگا، ئاماژە بۆ راستییە تاڵەکان دەکات، یا مەبەستی بووە بەگوتنی چەند راستییەکی بچووک، هۆشی خوێنەر بخاتە بەر رکێفی خۆیەوە، تاکو گوێی بۆ بکاتەوە و ناڕاستییە زۆر و زەبەلاحەکانی لەگەڵ راستییە کەم و پووتەکانـدا بئـاخنێتە مێشـکەوە، وەک ویسـتی ســەرکردەکەی (بە پـیچە قوربـانییەک دەسـتکەوتێکی زۆر و زەوەنـد بچنێتەوە، بەڵام بەشیان هەر لێنەکەوتن تێکەوتن بووە!)، بۆیە هەر زوو پاشەکشە دەکات و دەکەوێتەوە کاواندنەوەی ناڕاستییە نەقۆڵایەکانی، جارێک هەڵگیرساندنەوەی جەنگی(974) دەخاتە ملی کورد و ئەمریکا و جوولەکە و ئێرانەوە، دواتر دەگەڕێتەوە زۆرینەی بارەکە دەخاتەوە ئەستۆی کورد و سووکە ئۆباڵێکش بۆ بەغدا دەهێڵتەوە. لە هەڵبەستە و تێپەســـتەی زۆری زۆر نـــاڕەوادا، هەرگیـــز درێغـــی نەکـــردووە. لە رووخساردا خۆی خاوەن پرسەیە و ئازیز مردە لە گەرمەشیندا بۆ کـوژراوانی جەنگـی نـاوەخۆ، ســەری لە قوڕدەگرێـت، لە ناکـاوڕا، بە مەبەستی تۆقاندنمان خێوانیی قاقا پێدەکەنێت! بە ئازایەتی جەنگاوەرانی عێراق و ئوممەکەی هەڵدەڵێتەوە.

ئەگەر بڵێین ئازایەتی گەلێکی هەژاری چەوساوەی بێ پشتیوان و بێ دەوڵەت، بەدوژمن گەمارۆدراو، لە رووبەڕوو بوونەوەی چەندین زلهێز و سوپای حوجانیدا، بەئاشکرا گەلەکۆیی لێکراوە، بەڵام هێشتایش لە شەڕگەدا بەرامبەر زەبەلاحترین هێز نەدۆڕاوە. کەچی سەرکردەی

سروشت گوڵەبەڕۆژە و خڕبردە و بنەبڕکردەی عێراق، بۆ مانەوەی خۆی، بە ناچاری بەپێچەوانەی گوڵەبەڕۆژەیش لە بەرەبەیانی رۆژهەڵاتەوە روو بەرەو ئێوارەی خۆرئاوا وەردەگێڕێت و دەچەمێتەوە و سازشیش لەسەر خاکی وڵاتەکەی بۆ دوژمنانی دەکات، هەر هێندە شۆڕشی کورد دابمرکێتەوە! بەڵام ژیلەمۆی شۆڕشەکە بەکزەبایەک هەڵگیرسایەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە: کوردی مل باریک و کوردستانی بەستەمکاران دەورەدراو، لە چوار دەوریەوە خەرمان ئاسا دەخرێتە بەردەمی جەنجەڕی ستەم و دەکوترێت، شەندەکرێت و کەوشەنەکەی تەسک دەکرێتەوە. زۆردارانی دوژمنیشی هەرچەندە زۆر و بازوو ئەستوور و ملەوەزن، بەڵام ناڕەوان، بۆیە ئەژنۆ شلن، زوو دەبەزن، بەپخخەیەک پانتۆڵەکانیان گران دەکەن!" هونەریی. ل 111و 114.

ئەگەر نووسەر هێندە بەزەقی خەڵک بەنابینا و حۆل و گەلحۆ نەزانیت!؟ رەوا و راستی بەڕاشکاوی و بەزەقەزەقی چاوان نەشاریتەوە؟ شانازی بەسەرکەوتنی خەیاڵی سوپای نەتەوە و سەرکردەی مێژوویی نەکات؟ هەر بەخۆی لە پشتەوە خەنجەر نەوەشێنیت، لە رووبەڕووکاریشدا برینەکە تیمار و سارێژ نەکاتەوە؟ دڵی چڵکن و دەستی چەوری خۆی بەسەری پاکی خەڵک نەسترێتەوە؟ مەمانان ناکارێین بێینە دەنگ.

**جەنگی عێراق- ئێران، لە دوای رێککەوتننامەکەی جەزایێر:**

هۆکارەکانی جەنگ: "یەک گرتنەوەی بەرژەوەندی ئێران و عێراق هەر وەک لە رێککەوتننامەکەی جەزاییر ساڵی (1975) هاتە کایەوە، ترسی هەژاندنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی وڵاتە زلهێزەکانی (مەبەستی لە وڵاتانی زلهێز، ئەمریکا و ئینگلیزستانە، چونکە ئەوکاتە

ســــەرکردایەتیی عێـــراق، بەنەوت و دراوی نەوت و چەک کــــڕین و بازرگانی، بەرژەوەندییەکانی: یەکیەتی سۆفیەتی کۆن و چین و هیند و ژاپــۆن و فەڕەنســـا و ئەلەمانیـــا و ئیتاڵیـــا و بەرازیلـــی بەزیـــادەوە دابینکردبــوو، گەلێکــیش لاگــری بــوون.) لــێ کەوتەوە. لە پێنــاو ئەم ستراتیژییەدا بەپێویستیان زانی جەنگێکی هەرێمی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرسێنن، تواناکانیان بپووکێننەوە، ئەوکاتە بەئاسانی دەچنە ژێربــاری وڵاتە مەزنەکــان و ئاسایشـــی بەرژەوەنــدییان لەم نــاوچە بایەخدارە دەپارێزرێت." الحمدانی، ص 57.

" چــونکە دەســتدرێژییەکانی ئێــران لە رادە دەرچــوون، بــۆیە رای گشــتی لەگەڵ ئەوەدابــوو کە بەرپەچــی ئێــران بــدرێتەوە، لەولایشــەوە گــوتەی بەرپرســـانی ئێرانـــی بەڕاشـــکاوی هەڵگیرســـانی جەنگـــی دەردەخست.. لە 9/18/ 1980دا، عێراق دەرفەتە لەبارەکەی قۆستەوە.. تیپەکـانی شەشــەمی زرێپــۆش و یەکەمــی ئامێرکـاری، زنجیـرەیەیەک هێرشی خێرایان کرد." **الحمدانی، ص 61.**

پێشــتر گەیشــتینە ئەم بــڕوایەی، کە لە ئەنجــامی رێککەوتننــامەکەی جەزاییرەوە رووبەڕوو بوونەوەیەکی لەناکاو لە نێوان ئێران و عێراقدا، رووداوێکی مسۆگەری کات نادیاربوو. بنووسی یادداشتەکان لەگەلێک جــێگەدا راســتەوخۆ تێهەڵنگوتــووە، بەڵام ئەوەی بەئەنقەســت، لێــرە و لەوێ، پاســاوی بــۆ دێنێــتەوە ئەوەیە کە: هۆکــار و تــاوانی جەنــگەکە دەخــاتە ئەســتۆی ئەمریکــاو.. دووبــارە و ســێ بــارەی دەکــاتەوە. ئەمە دەردێکی کوشندەی عروبەیە و دەرفەتی چاکبوونەوە و کۆتــایی هــاتنی دوور و ئاستەنگە، بۆیە جــێگەی تێڕامــان و بۆ دامــانە! ئەگەر بمانەوێت لێـــی بکــۆڵینەوە، بەدوای رەگ و ریشـــەی هۆکـــارە راســـتەقینەکانیدا بگەڕێین!

نووسەر بەویست و پەرۆشیێکی لە ناخەوە، لە هەموو سەرە باسێک و دووڕیانێکدا گەرەکیەتی تاوان و تێکەوتنەکانی سەرۆکەکەی بخاتەوە ملی ئەمریکاو جوو و ئێران و.. ئێمەیش بەکورتبڕییەوە دەڵێین: زۆر گوتن قورئان خۆشە! ئەندازیاری ڕێککەوتننامەکەی جەزاییر و چێنەری جەنگەکەی نێوان عێراق و ئێران، مستەر کیسینگەری چاوشین بوو! وێڕای هەڵە و پەنەرتییەکانی سەرۆکی لەخۆڕازی و خوا لێی ناڕازی. دەبوو هێندە بیر کول نەبیت، دەبوو تۆش لە یادت نەچووبوایە کە بەقەڵەمە رەنگینەکەی خۆت نووسیوتە "ئەم سازشکردنە (مەبەست سازشکردنیەتی لەسەر رۆژهەڵاتی یەکاوی عارەبان، کە دایە ئێران.) دواتر بو بەهۆی هەستکردنی سەددام بەتاوان، تا لە ساڵی (1980) لە سەرەتای جەنگی ئێران- عێراقدا ڕێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە." ((جارێک فێڵت لێکردم خوا بتگرێت، دووەم جار هەڵتفریواندم خوا خۆم بگرێت، سێیەم جار هەڵتخەڵەتاندم خوا خۆم و هاریکارانم بکوژێت.))

"کە شەش مانگ بەسەر جەنگێکی خوێناوی(جەنگی 1975) تێپەڕی، ئاسۆی سەرکەوتنیش دیارنەما، لەشکر شەکەت و بێزار و ورە داتەپیو، جبەخانەکان بەرەو گسکدان دەهاتن، دووبارە سەددام کەوتەوە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دیکە. یەکەم کەس کە بۆ مەبەستی راوێژکردن پرسی پێکرد: جۆزێف بروس تیتۆ سەرۆکی یۆگۆسلاڤیای ئەوکاتە، کە پیاوێکی لێزان وخاوەن ئەزموون بوو، ئەویش سەددامی راسپارد هەوڵبدات: هەواری بۆمیدیەن سەرۆک کۆماری جەزاییر تێبگەیەنێت، بۆمیدیەن میانڕەوێکی ناسراوی رۆژهەڵات و خۆرئاوایە، بەهۆی ئەوەوە دەتوانێت بگاتە ئەمریکییەکان و لەگەڵ شای ئێرانیش ئاشتبێتەوە و ڕێگەی بزووتنەوەی کوردەکانش ببڕێت.

بۆمیدیەن داواکەی سەددامی لە دڵەوە لە لا پەسندبوو، ڕۆڵی ناوبژیوانی گێڕا، ویستی سەددام لە ڕەوەی ڕۆژهەڵاتەوە دەربکا و ڕەگەڵ گەلەی خۆرئاوای بخاتەوە. سەددام گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی بۆمیدیەن بوو، ئامادەیی خۆی دەربڕی کە ڕووگەکەی بەرەو ئەمریکا وەربگێڕێت و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواییان دابین بکات، دەستیشی بخاتە نێو دەستی شا و شانیشی ماچ بکات و ویستەکانیشی بێنێتەدی، بەمەرجێک لە گرفتی کوردان دەربازی ببێ و نەڕووخێت. ئەمە ڕەوشتی سەرکردەی مەزن و بێ هاوتای ئوممە بوو. ئەمڕۆ ڕێککەوتننامەیەکی واژۆ دەکرد، بەیانی پاشگەزدەبۆوە، هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت لەلای وابوو.

سەرۆک (بۆمیدیەن)یش، (عەبدولعەزیز بوتەفلیقە)ی وەزیری دەرەوەی جەزاییری ئەوکات و سەرۆک کۆماری ئێستای تێگەیاند، ببێتە پێناو، ئەویش بەنهێنی کەوتەکار و بەچاکی کۆشا، هەردوو لایەنی دەبینی و لەژوانگەدا لەگەڵیان دادەنیشت، پێبەپێ دڵبەری و دڵداری خستە نێوانیانەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی توانی عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەروەی ئێران و تاریق عەزیزی عێراقی بەیەکەوە لە ژوانێک کۆبکاتەوە. ئەمانە و چەندین کاری دیکە لە پەناوە ئەنجامدران، پڕۆژەی ڕێککەوتنەکە ژێربەژێر بەتەواوی تەواوکرا، لەکۆنگرەی سەرانی وڵاتانی (ئۆپێک)دا بەرێنوێنی و چاوساغی گەورەیان هینری کیسینگەر، سەددام و محەممەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، لە ماڵی بۆمیدیەن و بەئامادبوونی شا فەیسەڵ شای عارەبستانی سعودییە، دەستیان خستە ناو دەستی یەک و ئەوانیش چەپڵەیان بۆ کوتان. دوژمنەکانی دوێنێ بوونەوە برا، ڕێککەوتننامەکە لە 6|3| 1975دا، لە جەزاییر ڕاگەیەندرا." دزەیی، ل 292.

"له دوایین هەفتەی شوباتی 1975دا له پایتەختێکی عەرەبییەوە کیسینگەر چۆتە بەغدا، له ماوەی (24) کاتژمێردا لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی کۆبۆوەو بنەماکانی ڕێککەوتننامەکەی جەزاییری دانا (نیقۆلا تشکۆفسکیش لایەنگری بوو)." (بکر احمد یعقوب. ص 222).

"دواتر له راپۆرتێکی گۆڤاری (The Village)ی ئەمریکیی بڵاوکرایەوە: کە ئەمریکا (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هینری کیسینگەر) بەشداری کاریگەرییان له سازکردنی ڕێککەوتننامەکەی جەزاییردا هەبووە، له ئەنجامی بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەیش نووسەرەکەی له کار دەرکرا، چونکه ئەمریکا کارەکەی له پەنای پەردەوە کردبوو، مەبەستیشی دابڕاندنی عێراق بوو له بەرەی ڕۆژهەڵات و گێڕانەوەی بوو بۆ پەچەو نێو کۆزی ڕۆژئاوا" دزەیی، ل 293.

له دیمانەیەکدا له کیسینگەریان پرسی: بۆچی ئەم تاوانەت دەربارەی کوردی عێراق کرد؟ له وەڵامدا گوتی: ئەوکاته سیاسەتی جیهانی ئەوەی دەخواست!

"کیسینگەر: ئێمە بۆیە دەست له کوردەکان بەردەدەین، تاکو عێراقییەکان رووبکەنە سوورییەکان، چونکه سووریایی دانوستان لەگەڵ ئیسرائیلییەکان رەتدەکەنەوە. به پێی ئەم راپۆرتە: نه شای ئێران، نه نیکسۆن و نه کیسینگەر دەیان ویست کوردان سەربکەون. له راپۆرتێکی کۆنگرێسی ئەمریکی (بابک)دا هاتووە: رەفتاری ئێمە دەربارەی کوردەکان رەوشت نزی بوو: نەیارمەتیماندان، نەلێیان گەڕاین کێشەکانیان بەدانوستان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا چارەبکەن. پشتگیریمان کردن، دواتر وازمان لێیان هێنا" (بکر. ص 221 و 222).

" له چەندین نامەی کیسنگەرەوە کە بۆ بارزانی نەمر ناردوونی، ئێستایش له ئەرشیفەکەی کاک مەسعووددا ماون، دەردەکەوێت:

کیسینگەر بۆ دابڕاندنی عێراق لە سەربازگەی سۆڤیەت، بەگوتەی شیرین کاتی بەکوردان تێپەڕاندووە". دزەیی ل.

"سەددام: وەک شۆڕشی شیعەکان و وەک کۆنە دوژمنێکی خۆی لە خومەینی دەترسا، ئەوەیش بووە هۆی دەرکردنی بڕیارێکی هەڵە و ترسناک، بڕیاری هێرشکردنە سەر خاکی ئێران لە ساڵی (1980) دا، بۆ قووڵاییەکی زۆر چووە ناو خاکی ئێرانەوە، بەم جۆرە سەددام حوسێن رێککەوتننامەکەی جەزاییری دڕاند" عبدە، ص 33..

"حازم جەواد: سەددام لە یادی نەچووبوو کە لە جەنگانی لە دژی کوردانـدا، لە رێککەوتننامەی جەزاییر ناچارکرا، بۆ محەمەد رەزا پەهلەوی سازش لەسەر یەکاوی عارەب بکات، سەددام نەیدەویست مێژوو لەسەری بنووسێت، کە ئەو سازشی لەسەر بستێک خاکی عێراق کردووە" شربل.

"حازم جەواد، لە زمانی سەلاح عومەر ئەلعلییەوە: ((سەددام بەشداری لە کۆنگرەی سەرانی وڵاتانی بێ لایەن، لە ئەیلوولی (1979)دا، لە هاڤانا کرد، لە شوێنی حەسانەوەی خۆیدا پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئێران (دوکتۆر ئیبراهیم یەزدی) دەکا. سەلاح عومەر هەڤالێکی دێرینی سەددام بوو، ئەو کاتە کە سەلاح نوێنەری عێراق بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەشداری دیدەنییەکەیان بوو. لە رووکەشدا یەکدی بینینەکەیان کەڵکمەند بوو. لە دوای دیدەنییەکەوە، سەددام بەرەو باخچە دەڕوات و سەلاحیش بەدوایدا دەچێت، بۆ ئەوەی هانیبدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانی خومەینی باشتر بکات. لە ناکاودا سەددام دەڵێت: "ئەی سەلاح! ئاگاداربە! ئەم هەلە، هەر سەد ساڵ جارێک هەڵدەکەوێت. ئەمڕۆ دەرفەتە سەری ئێرانییەکان دەشکێنین و هەموو بستەکانی خاکی داگیرکراومانیان لێ دەستێنینەوە، یەکاوی

عارەبـانیش دەگێـڕینەوە. سـەلاح سەرسـام بـوو، سـەددامیش لەسـەر گوتەکـانی ڕۆیشـت: "ئەو قسـەیەی دەربـارەی چارەسـەری ئاشـتی و مرۆڤـانە.. چـارەی گرفتەکـان لەگەڵ ئێرانـدا.. نامەوێـت جـارێکی دیـکە بەسـەر زمانـت دابێتەوە! خـۆت بـۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئامـادە بکە! گوێبگرە! بزانە چیت پێ دەڵێم: سەری ئێرانییەکان دەشکێنین، هەموو بسـتە خاکێـک لە مـوحەمەرەوە تـا دەگـاتە یەکـاوی عارەبـان دەسـتێنینەوە".)) شـربل، ل 15-16. و ( 81- 82 راسـتەوخۆ لە زمـانی سەلاح عومەرەوە. هونەری.ل 122 و 123

**جەنگی ئێراق - ئێران و ئەنجامەکانی:**

" لە 10/4/ 1980دا عێراق یەک لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەمەیش دەرفەتێکی زێڕینی دایە لایەنی ئێرانی بۆ ئەوەی بکەونە دانوستان، کار بۆ وەستاندنی خوێنڕشتنی نێوان دوو وڵاتی موسڵمان بکەن." الحمدانی، ص 66.

چـونکە عێـراق دەروازەی نیشـتمانی عـارەبە، سـەرکردایەتیمان لە میانی ڕەوشتی بەرزی عارەبییەوە توانی ڕۆڵێکی گرنگ بداتە جەنگی ئێران- عێراق، کە بەرگریکردنی ناڕاستەوخۆ بوو لە وڵاتانی کەنداوی عارەبـان، بـۆیە سـعودیە و کوێـت و ئیمـارات، لەلایەنـی مـاددییەوە، بەدەستکراوەیی یـارمەتی عێراقیـان دەدا."الحمـدانی. دونیـا دەزانێـت، لە ترسـی گەشەسـەندن و بڵاوبـوونەوە و شـەپۆلی بیـری شـیعەگەری ئیسـلامی لە نـاوچەکەدا، لەقکردنـی شـوێنپێی ئەمەریکـا و لەرزانـدنی تەخـت و تـاجی دۆسـتانی لە دەڤەرەکەدا، دەسـەڵاتی بەغـدای ئەوکـاتە و وڵاتـانی کەنـداوی هەژانـد و دۆخێنیـان کەوتە چۆکـان. لە چەنـدین لاوە، زیرەکـانە بەغـدایان سـاوی، کسکسـیان لێکـرد و لە بـری خۆیـان

جەنگەکەیان خستە دەستی، بەچەک و پیلان و دراو و ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی خۆیان بوونە پشت و براپشتی سەددام، باجەکەیش بزوتنەوەی کورد و گەلانی عێراق و ئێران دایان، بەرەکەیشی بۆ ئەمریکا و جوو و دۆستانیان بوو.

"تارق عەزیز گوتییە ڕۆژنامەوان حەمیدو نەعنەع، لە ماوەی جەنگمان لەگەڵ ئێراندا، پاشکۆی ئەمریکی و چەند وڵاتێکی عارەبان زانیاری هەواڵگری چاکیان دەداینێ" الحمدانی، ص 96.

"ئەلخەزرەجی: وەفیق سامەڕایی بەرپرسی هەواڵگری عێراق نووسیبووی: هاریکارییەک لەنێوان هەواڵگری عێراق و ئەمریکادا هەبوو. ئاگاداربووم ئەمریکیی و فەڕەنگەکان زانیارییان دەداینێ. ئەوەش دەزانم کە وێنەکانی لە قووڵایی خاکی ئێرانەوە لە لایەن مانگە دەستکردەکانیانەوە دەگیرا دەخرایە ژێر دەستی ئێمەوە" شربل، ل 218–219. دەبێت ئەمریکا هێندە کەمزان بێت ئەم زانیارییە پڕ بایەخ و هەرە نرخدار و دروستانە، خۆڕا بخاتە ژێر دەستی عێراقی نادۆستی؟ ((ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە)) نا کەسیش لە هەزار وشەدا پیتێک وەرناگرێت!.

" ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا کە لە ساڵی 1994دا بڵاوکراوەتەوە: ئەمریکا لە ساڵی 1985دا چەکی بایۆلۆژی داوەتە عێراق، لێزانە ئەمریکییەکانیش مەشقیان دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەئیسرائیلی و عێراقییەکان کردووە." بکر. ص 215.

"بە پەرۆشەوە ئاواتە خوازی دەرفەتێک بووین، بۆ ئەوەی لەوێ لە گەلیاندا بجەنگین" الحمدانی. بەزمان موسڵمانە و دژی جەنگ و بەکارهێنانی هێزە!! کەچی بەنیاز شەڕنگێزە و مگێزی لە شەڕە و خەون

بەجەنگ و دەستوەشاندنەوە دەبینێت!. "هۆی ئەوەی کە ململانێی چەکداری نێوان عێراق و ئێران، هەشت ساڵی خایاند، ئەوەبوو کە رژێمی ئێرانی رژێمێکی ئیسلامی شیعەی ئوسوڵیی، بەبۆچوونی ولایەتی فەقیە ئایین دەسیاسێنی، پیاوانی ئایینی کێشەکانی کۆمەڵگە چارە دەکەن، ئەوانیش دەربڕینە علمانییەکان وەلادەنێن. ئەم رژێمە ئایینییە، سنووری سیاسی خۆی لەم کەوشەنەدا رادەگرێت کە شیعەی لێ دەبڕێتەوە.. بەرامبەر بەمە سیستەمی عێراقی کە سیستەمێکی سیاسی علمانی نەتەوەییە، لە دیدی ئەودا، ئایین بابەتێکی کەسایەتی مرۆڤایەتییە، لە چوارچێوەی نێوان مرۆڤ و خواکەیەتی. سەددام حوسێن سەرکردەیەکی گەنج بوو، لە ساڵی 1979دا، بووە بەرپرسی یەکەمی حیزبی بەعس و فەرمانڕەوای عێراق. سەددام خەونی بەژیاندنەوەی تواناکانی نەتەوی عارەب لە زەریاوە بۆ کەنداوەوە دەبینی." الحمدانی، ص 56. الحمدانی، نایەوێت بڵێت، یان نازانێت: کە وڵاتانی جیهان یارمەتی هەردوولایانیان دەدا، تاکو جەنگەکە درێژە بکێشێت و نابێ هیچ لایەنێکیان بباتەوە و رژێمەکانی عێراق و ئێران، لە لمووز بەرزی هەڵپە هەڵپ و سەرکێشی خۆیان بکەون. دوای ئەنجامەکەییش هێشتا هەر دمبگە کۆنە دەکووتێت! زیانی عێراق وێڕای ئەوەی کە رژێم زیانی کوشتنی نیو ملیۆن کەسی دا، گەڕایەوە سەر خاڵی سفر"، جەزاییری- بەهرام، ل118. بەڵام چونکە کورسی دەسەڵاتیان لە دەست نەدابوو ئەوا هەر خۆیان سەرکەوتوو دادەنا الحمدانی ئەمانە بنگۆم و گوم دەکا.

" ((زیانە مادديیەکانی ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەی دا بە(644) ملیار و هی عێراقیش (453) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە.)) جەزاییری،- بەهرام، ل 126. هونەری. ل 124-126.

**ریشەکێشکردنی کوردە فەیلییەکان:**

"دەسـتدرێژییەکانی ئێـران.. ترسـناکترینیان ئەوەبـوو لە زانکـۆی موستەنسـیرییەوە روویـدا، لە ئەنجامەکەیـدا تـارق عەزیـز، وەزیـری دەرەوەی عێـراق برینـدار بـوو، ئەم دەسـتدرێژییە چەنـدین عێراقـی بەڕەسـەن فـارس (مەبەسـتی کـوردە فەیلییەکـانە) بەهانـدانی هەواڵگـری نـوێی ئێـران ئەنجامـدرا، بەم هـۆیەوە بڕیـارێکی هەڵە (دەرکردنـی هەر کەسـێکی عێراقـی لە بـنەچەدا فـارس بێ، بنێـردرێتەوە ئێـران دەرچـوو" الحمدانی. لێرەدا الحمدانی وەک راوچییەکی زیرەک دەیەوێت بەتەپکە و دەرخـۆنەیەکی داریـن، بەجارێـک سـێ سووسـکە و هەشـت هەوێـردان بگرێـت: پاسـاو بـۆ جەنگـی عێـراق- ئێـران دروسـت دەکـات، گـوایە: ئێرانییەکـان دەسـتدەخەنە کاروبـاری نـاوەکی عێـراق و ئـاژاوەی بـۆ دەنێنەوەو، لە پەناوە شەڕی پێ دەفرۆشن.

بیـانوو بـۆ دەرکردنـی کـوردە فەیلییەکـان سـازدەکات، کـوردە فەیلییەکـان دەکـاتە فـارس و خـۆفرۆش و دەسـتی هەواڵگـری ئێرانـی، کوشتنی گەنجانی فەیلی و زەوتکردنی ماڵ و سامانیان و رەگەزنامەیان دادەپۆشێت. ئەوەیش دەشارێتەوە کە: فەیلیش وەک ئەندامەکانی دیکەی حیزبـی دەعـوەی ئیسـلامی و ئەنجـومەنی بـاڵای - شـیعەی عێراقـی، بەرهەڵسـتکاری بەعـس و سـەددام بـوون، لەگەڵ رژێمـدا بەدەیـان و بەسەدان، بگرە بەهەزاران کەسیان لەیەکدی کوشت، کەچی شیعەیەکی

عـارەب، یـان ئەرمەنییەکـی لەم سـاڵانەی دوایـیش لە ئێـرانەوە هـاتبنە عێراق، نەناردرانەوە ئێران.

نووسـەری یادەوەریی و سـەرکردەکەی، لە مەمانـان باشـتر دەزانـن: کوردی فەیلی، فارس نین و بەرلە هاتنی ئیسلام و عارەب بۆ نـاوچەکە، بەرلە دامەزرانـدنی عێراقـی ئێسـتا، ئەوان لەسـەر ئەم نیشـتمانەیاندا ژیـاون، بـۆیە ناکرێـت بڵێـین: بەهەڵە یـان بەنەزانـی ئەم شـەکرانەی شـکاندووە، بەڵکو بەئەنقەسـت و بەمەبەسـتی نـاڕەوا و بـۆ راسـتپۆشـی دەفەرمووێت.

نووسەرێکی عارەبی بەویـژدان دەڵێت: "لەو کـاتەی ویلایەتـی موسـل بەعێـراقەوە لکێنـدراو بەشـەکانی دیکەی کوردسـتانیش لە ژێـر دەسـتی وڵاتـانی دیـکە هێڵـدرانەوە.. دەسـەڵاتدارانی نـاوچەکە هـیچ پرسـێکیان بەفەیلییەکـان نەکـرد.. بەڵکـو رێککەوتننامەکەیـان بەسـەردا سـەپاندن.. هەرچەنـدە دەسـەڵاتدارە عێراقییەکـان بەتەواوەتـی دەزانـن هەبـوونی کوردە فەیلییەکان لەو ناوچـانەدا لە بـوونی خۆیـان (وەک عەرەب) زۆر کۆنترە.. عەرەب لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە بوونەتە بەشێک لە دانیشتوانی عێراق، بۆیە مـافی ئەوەیان نییە گەلانـی نـاوچەکە دابـبڕن و لە سەر خاکی خۆیان بە بیانیان بزانن.. لە دوای فتوحـاتی ئیسـلامییەوە کـورد بـوونەتە بەشـێک لە دەوڵەتـی عەباسـی کە سـنوورەکانی هەمـوو کوردستانی گرتۆتەوە." حەبیب- و. بەهرام، ل 19-20.

"دوکتـۆر زهیـر عەبـدوڵلا دەربـارەی فەیلییەکـان، لە وتارێکیـدا، کە لە مـاڵپەڕی (العـراق للجمیـع)دا بڵاوکـراوەتەوە، دەڵێـت: تـوێژی فەیلـی، کـۆنترین دانیشـتوانی بەشـی رۆژهەڵاتـی خـوارووی وڵاتـی نێـوان دوو رووبارانن، ئەوان دانیشتووی رەسەنی ئەو گوند و شـارۆچکانەن کە لە

خانەقین لە باکوورەوە، بەرەو کوت و عەمارە تا دەگاتە بەسرە لە باشووردا، وێڕای شاری بەغدا.

عەباس عەزاوی کە توێژەرێکی عارەبی عێراقییە، دەربارەی مێژووی شاری عەمارە گوتویەتی: "ئەم شارە لە ساڵی (1860ز)دا دروستکراوە، فەیلییەکان تێیدا نیشتەجێبوون." عبود. المسؤولیە القانونیە. ص 21 و 22.

"کۆمەڵێک کوردی فەیلیی توانییان پایەی گرنگ لە کەرتی بازرگانی ناوخۆیی بازاڕەکانی بەغدا وەربگرن، بەتایبەتیش لە دوای راگواستنی بەزۆری زۆرینەی هاووڵاتییە جوولەکەکان بۆ ئیسراییل.. عەبدولکەریم قاسم یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق، رایگەیاند: هەر لە کۆنەوە ئەو ناوچانەی کە لە کەنارە رۆژهەڵاتییەکانی رووباری دیجلەوە دەستپێدەکەن، شوێنی کوردە فەیلییەکانە." حەبیب- و. بەهرام، ل 22-23.

"بەکارهێنانی چەکی رەگەزنامەی عێراقی لە رووی سیاسی بەمەبەستی رزگاربوون لە ژمارەیەکی زۆر لە و عێراقیانەی (کوردی فەیلی) کە لە بنەڕەتدا بەدژایەتیکردنی رژێم لە قەڵەم دران، دواتر حسابی سیخوڕی ئێرانیان لە عێراقدا بۆکرا.. کە لە دوای لێسەندنەوەی رەگەزنامە و زەوتکردنی مولک و سامانیان، ناچارکران بڕۆنە ئێران. ژمارەی کوردانی فەیلی دانیشتووی بەغدا، بەرلە کوشتن و دەرکردنیان بە ملیۆنێک کورد مەزەندە دەکرا" **حەبیب، و. بەهرام، ل 26 و 48.**

" کوردە فەیلییەکان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی کوردستان بەعێراقی عەرەبییەوە لەسەر خاکی باوک و باپیرانیانەوە دەژیان، چونکە کورد بوون، بۆیە ماڵ و سامانیان تالانکردن، رەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندنەوە، گەنجەکانیان کوشتن، ژن و منداڵەکانیشیان بەشەوی تاریک، لەسەر سنووران، بەناو کێڵگەی میندا بەرەو ئێران رەوانە کردن. لە ساڵەکانی 1968- 1982، نزیکەی (220)

هەزار کـوردی فەیلـی لە عێـراق دەرکـران. فەیلـی: کـورد و شـیعە و بەرهەڵستکاری بەعسیش بوون! بۆیە سزای هەرسێ لایەنی بەسـەردا سـەپێندرا". رەسـوولّ، ل 27 و 113-114. وێـڕای ئەوەی کە دەوڵەمەندی ناوداربوون، گەرەکی بوو دەست بەسـەر ماڵ و سامانیان دابگرێت. هەروەک دواتر ئەوی دەربارەی بازرگانە ناودارەکانی دیکەی بەغدایشی کرد. هونەری.ل133.

"ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش (بەنـاو ئەنجـومەن بـوو، لە راسـتیدا هەر سـەرۆک سـەددام و سـەددامی فەرمانـدار و سـەددامی بنیاتنەری عێراق و سـەددامی سوارچاکی ئوممە و سـەددامی سـەددام بوو.)، بڕیاری ژمارە (474) لە 981/4/15دا دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە:

(4000) دینار واتە نزیکەی (12000)ی دۆلاری دەدایە هەر پیاوێکی سوپایی ئەگەر ژنەکەی فەیلی بێت و تەلاقی بدات، بۆ ئەوەی رەوانەی ئێران بکرێتەوە، (1500) دیناریشـی دەدایە هەر پیاوێکی شاریی ئەگەر هاوسـەرەکەی فەیلی بوایە، دەبوو بەرەلای بکردایە." عبود، قچیە. ص 81 و82.

"لە بروسـکەی ژمـارە (2884) لە 980/4/10دا کە لە وەزارەتـی ناوەخۆدا بۆ فەرمانگەکانی ئاسایش ناردراوە تێیدا هـاتووە: ((هەموو ئەو ئێرانییـانەی کە رەگەزنـامەی عێراقییـان نیـیە، رەوانەی ئێـران دەکرێنەوە، ئەم بڕیارە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لە خێزانێکدا هەندێکیان رەگەزنامەیـان هەیە و چەندێکیشـیان نییـانە، رەگەزنامەکـان لەوانە بستێننەوە کە هەیانە و رەوانیان بکەن، یا لەودیوی سنوورەکان یەکدی بگرنەوە. لاوە ئێرانییەکانی تەمەنیان لە نێوان (18-28) سالانە رەوانەی ئێـران نـاکرێنەوە، لە پارێزگەکانـدا بەدەستبەسـەرکراوی دەهێڵـدرێنەوە. فەیلییە ئێرانییەکان لە رێگەی کونسوڵخانەوە دەنێردرێنەوە ئێران، ئەگەر

کونسوڵخانە وەری نەگرتنەوە، ئەوا لە ناوچە سنوورییە ئاساییەکانەوە دەنێردرێنەوە ئێران. بەجەختکردنەوە ئاگادارتان دەکەینەوە: هەر رەوانکراوێک بیەوێت بگەرێتەوە عێراق تەقەی لێ بکەن. ئەم رەوانکردنەوەیەی بۆ ئێران ئەرمەنییە ئێرانییەکان و عارەبەکانی عارەبستانی ئێران ناگرێتەوە" المصدر السابق . ل 77–79..

"گەلێک فەیلی رەوانەی نوگرەیسەلمان کران، بۆ تاقیکردنەوەی کاریگەری چەکی کیمیایی بەکارهێنران (ژمارەیان دەهەزار گەنجێک بوو، تەمەنیان لە نێوان 18–28 ساڵانە، چونکە تەمەنی سەربازانی دوژمن (ئێرانی) لەم تەمەنە دابوون، بۆیە تاقی کردنەوەیان لەسەر ئەم تەمەنە دەکرد.) تەرم و گۆڕەکانیشیان شوێنبزرکرا، تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە)) عبود، المسؤولیە القانونیە . ص 73..

دەرکردنی فەیلییەکان گەلێک لە دەرکردنی جوو لە ساڵی (1948)دا سەختتر بوو، چونکە فیرعەون رەفتارارانە (نێرینەکانیان دەکوشتن)، لەویش تێپەڕیوە کاتێک هەندێکیان بەند کردوون و تاکەکانی خێزانەکانیان لە یەکدی دابڕاندن و ژن و منداڵ و کەترەکانییان لەسەر سنووری ئێران، لەناو کێڵگەی مینی نێوان دوو سوپای ملەوەزی بەرامبەر یەک، لە بەرەی شەڕدا بەرەڵا کردوون.

ئەو تاوانانەی سەرکردەی چاوسووری رووزەرد، گوتە سپی بیربۆگەنی، دەربارەی کورد بەگشتی و کوردە فەیلییەکان بەتایبەتی کردوویەتی، گەلێک زۆر لەوە بەپشتەوەترە کە ستەمکارانی سربی: سلۆبۆدان میلۆڤیتک و رادۆڤان کەرازادیک سەرکۆماری سربیی پێشوو، لە هەمبەر موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆدا کردیان. ئەوان بەهۆی تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانیانەوە درانە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای، کەچی سەددام و سەرانی رژێمەکەی کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەگوتن،

تـاکو درانه دادگـای بـاڵای تاوانەکـان له بەغـدا، بەمەیـش نەیانویسـت تاوانەکانی بەرامبەر کوردان کراون بکەونه بەرچاوی جیهانەوە، (تـاکو تـاوانی پاکتـاوکردنی کـوردان وەک تـاوانێکی جینۆسـایدی سـەرتاسـەری گـۆی زەوی بناسـرێت). له هەمـان روانـگەوە: له سـێدارەدانی سـەددام، لەسـەر تـاوانه کۆمەڵکـوژییەکەی دوجەیـل، گەلێـک لاپەڕەی تـاوان وتاریکی مێژوویی له سنگی سەرکردە و یارانیدا شاردرابوونەوە لەگەڵ له گۆڕنـانی تەرمـی سـتەمکاران ئەوانـیش ژێرگڵکـران. له سـێدارەدانی بەخێرایـی زۆرداران، یـانهەر لەسـێدارەدانیان، له بەرژەوەنـدی کـوردی ستەمدیدە و عێراقییـان و مرۆڤـایەتی نەبوو، بەڵکو سـوودی خۆیـان و نەوەکانیانی تێدابوو.

**بزرکردنی بارزانیان:**

"له بەەبەیانی ڕۆژی 30 /7 /1983 دا هێزێکی ئەمن و ئیسـتخبارات، چواردەورەی ئۆردووگای بارزانیـانی قوشـتەپەی نزیـک شـاری هەولێری گـرت، له مـاوەیەکی کەمـدا (5–8) هەزار بـارزانی (نێرینەکـانی) تەمەن له نێوان (12–70) سـاڵیدا گـرت و بـرد. گـرتن و بێسەروشـوێنکردنیان لەبەر هـیچ هـۆیەک نەبـوو، ئەوە نەبێـت که بـارزانی بـوون. سـەددام له له سەردانێکی بۆ کوردستان، ناوی ئەو بارزانییانەی بەخۆفرۆش و تاوانبـار هێنا و وتی: ئەوانه بەسزای خۆیان گەیشتن" رەسووڵ، ل 42– 43.

"له 1983/7/26دا، دوژمـن **(مەبەسـتی هێـزی ئێرانه)** هێرشـی کـردە سـەر نـاوچەی حـاجی ئـۆمەران کەرتـی بـاکوور بەهاوکـاری کـوردانی بـارزانیی دەسـتی بەسـەر شـوێنەکە داگـرت)) الحمـدانی، ص 94. (لێرەدا بێچـووە پرسـیارێک دەمیاوێنێت: که له ئەنجـامی جەنـگەکەدا، لەشـکری عێـراق شـکا و بەپڕەپـڕ پاشـماوەکەی هەڵات!. نـاوچەکە کەوتە ژێـر

دەستی هێرشکارانی ئێران، بەچ بەڵگەیەک دەریدەخەیت کە بارزانیی هاریکاریان بوون؟ ژمارەیان؟ ناویان؟ رۆڵیان چەند و چی بوو؟ بەبێ دادگایی کردن چۆنتان زانی چ جۆرە پەیوەندییەکیان بەبارزانییەکانی دیکەی دەوروبەری هەولێرەوە هەبوو؟ چۆن چۆنی ئەو گوفتارە دەکرێتە پەڵپگرتن بۆ کوشتنی حەشاماتێکی دیکە؟ دۆستانە لێی دەپرسین: بۆچی ئاگاداریت، کە چەند بارزانییەکی دەرەوەی عێراقی، هاریکاری ئێران بوون؟ بۆ لە گرتن و بزرکردنی هەشت هەزار بارزانی دەوروبەری هەولێردا خۆت کڕوکپ دەکەیت، نائاگا و خەواڵوو خۆت دەنوێنیت؟ ئاخۆ مێژوونووسی راستی دەرخەر و تێر ویژدان! چ وەڵامێکی مردارەوەبووی هەیە؟)

لەم دەقە کورتبڕەی حەمدانیدا خوێنەری وردبین، چەند مەبەستێکی دەست دەکەوێت:

یەکەم: پاساو هێنانەوەیە بۆ ئەنفالکردنی بارزانییەکان. دووەم: لە و گوفتار و رەفتارە شیرینەیدا بیانگە بۆ شکانی لەشکرەکەیان دێنێتەوە، بەوەی کە بارزانی کارامە و شارەزان، هاریکار و چاوساغی هێزی ئێران بووین. سێیەم: بەتیلنیگاوە ئاماژە دەدات کە کوردان دژی عێراقی عارەبین و دەیانەوێت خاکی عارەبان بدەنە دەست دوژمنی نەتەوەی عارەب (فارسی مەجووسی). لێرەدا یاریکردنێکی دووفاقەیی نەتەوەییە. هەروەک هەمان رەفتار لە دۆڕاندنی حەوزی پێنجوین لە لایەن سوپاکەیانەوە دووبارە دەکاتەوە و دەفەرمووێت: چەکدارانی یەکیەتی کوردستانی، هاریکاری ئێرانیان دەکرد.

گوتمان: گریمان نووسەر وەک بەخۆی بەئاگایەوە لە نائاگایدا پیشانی دەدات، نیشتمانپەروەرێکی عەیار بیستوچوارە و لە بەفری تازەکەوتووی سەری گارا و تۆپکی حەسەن بەگ و قەسرەکانی

سەرکردەی ئەوسای سپی و بێگەردترە! بەچاوی خۆیشی کوردستانی وێرانکراوی نەدیوە، هیچیشی دەربارەی نەبیستووە.

کلکە پرسیارێکی سەرسووڕێنەر: بۆچی لە هەموو پەڕەگرافێکدا زۆر بەئاگادارییەوە دەرخۆنە دەخاتە سەر کردارەکانی لەناوبردنی فەیلییان و گومکردنی بارزانییان و شاردنەوەی ئەنفال و وێرانکردنی کوردستان و تاوانە نامرۆڤایەتییەکانی سەرانی رژێم؟

ناکرێت بڵێین سالار سیلە نائاگایە یا قەلەزراوە، ماران گەستەیەوە لە گوریسی رەشبەڵەک ترسیاوە و لە هەژمەتی سەری خۆی پاکانە بۆ ناپاکی دەکات. یانە تاکو ئێستایش بۆ کەوڵنەکردنی خۆی، لەژێر فشاردا، فیشاران دەهۆنێتەوە، بۆیە خۆی لە کاولکارییەکانی کوردستان بواردووە! پاساو بۆ پاکتاوکردنی نەتەوەیەک دێنێتەوە! مەگەر وا گۆشکرابێت کە تەنیا گوێی لە بەندوبالۆرەی کۆنینەی راگەیاندنە دەزگا سکرەشەکانی سەردەمی جەنگە چەواشەکارەکانیاندا بگرێت! خووی بە ئاوازی ئەوانەوە گرتووە، هەڵبەستە هەڵبەستان لە شیرییەوە بووەتە ئیشی و نایەوێت بەپیریش پیشەکەی بگۆڕێت!؟ هونەری. ل138- 140

**بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ:**

"لە ماوەی 17-22/ 1/ 1988دا، دوژمن (مەبەستی ئێرانە) زنجیرەیەک هێرشی بەدوای یەکدا کردە سەر شەڕگە لە بەشی باکووردا. لە ئەنجامدا چیاکانی ئەحمەد رۆمی و (ماوەت)یان داگیرکرد، بە هەزاران سەربازی ئێمەیان بەدیل برد، شەهید و برینداریێکی زۆریشمان دا. هێزەکانمان بەزنجیرەیەک دژە هێرش رووبەرووی دوژمن بوونەوە.. بەڵام چونکە زستانەکەی سەخت بوو، بەفر

سـەرتاپای نـاوچەکەی پۆشـیبوو، بەئەسـتوورایی دوو مەترێـک بەفـر لەوێ کەوتبوو." الحمداني، ص 144.

"لە شەوی 88/2/15دا دوژمن بەنیازی گرتنی هەڵەبجە و خورماڵ، هێرشـێکی بەرفراوانـی کـردە سـەر نـاوچەکە، داگیـری کـرد. فەرمانـدەی تیپـی تۆپخـانە (تیپـی 34) سـەردار سـیلە عەلـی عەگـاری و چەنـدین ئەفسەر و پلەداری دیکەیش دیلکران. ئەمە شـۆکی بەورەی هێزەکانمـان کـرد. چەنـدین هێـرش بـۆ سـەندنەوەیان کـرا، بەڵام سـەرنەکەوتین، ئەمەیش هەر وەک لە ساڵی 1986دا لە گرتنی فاو روویدا و فاومـان لە دەستدا (پێشەکییەو سەرپێکی پاسـاو هێنـانەوەیە. مـافی تیرەبـارانکردنی سـەربازەکانی خۆیـان و بەکـار هێنـانی چەکـی کیمیـایی لە هەڵەبـجەدا بەڕەوا دەنوێنێت.). سـالار سیلە کامـل سـاجد سـەرتیپگەل، بەپشـتگیری سالاری یەکەمی سیلە نزار الخزرجي سوپا سـالاری عێراق، بەخواسـتی سـەرۆک کۆمـار، فەرمـانی گـوللە بـارانی ژمـارەیەکی زۆر ئەفسـەر و سەربازانی سـەر بەهێزی تـایبەت دەرکرد و بڕیارەکەیش لە شـەڕگەدا جێبەجێ کرا. لە هێزەکەماندا تەنیا سەرهەنگ سیلەیەک و چەند ئەفسـەر و دوازدە سەرباز دەرباز بوون." الحمداني، ص 145-146.

"هێزی ئێران توانی بچێتە ناو شاری هەڵەبجە، مەبەستی بوو دەست بەسەر بەرزاییەکانی شەمیران دابگرێت و بەرەو سلێمانی مل بنێت. لە تەنگەبەرەکەی سـەید سـادقەوە تێپەڕی" بەراشـکاوی دەبینین نووسـەر پێ بە پێ، ناچار بوونیان بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خۆشدەکات.).

کە حوسێن کامل، سەرپەرشتیاری هێزی پاسـەوانی کۆمـاری، بـووە فەرمانـداری شـەڕەکە، بەهاوکـاری لەگەڵ گەورە ئەفسـەرانی تایبەتمەنـد وەک فەرمانداری تۆپخانە (سەرهەنگ س.) و بەرپرسی هۆبەی کیمیایی (سەرهەنگ سیلە ح.) لە هێـزی کۆمـاریدا، کە شـەش کەرتـی تۆپکـاری و

کەرتێک رۆکێت هاوێژ، کە کڵاوەی کیمیایی جۆری (هەڵۆ-18) یان هەڵدەگرت، سەرکردەکەیشی (پێشکار: ر.م.) بوو.

بەهەزاران گوللە مەترەلۆزیان (رۆژی هێرشکردن و کاتی بەکارهێنانی کیمیایی (گازی خەردەل) دیار ناکات، هەروەک ناوی بەرپرسەکانیش دەشارێتەوە.) لە لەشکری ئێران دا، وێڕای (720) رۆکێت. دوژمن زیانی زۆر قورسی بەرکەوت، ناچاربوو ناوچەکە جێبێڵێت و بکشێتەوە ناو خاکی ئێران. بەڵام بەداخەوە پتر لە (150) کوردیش، لە وانەی لە ناو هەڵەبجە دەرنەچووبوون، لابەلا بەرکەوتن و بوونە قوربانی، لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی هەڵەبجە لە سەرەتای هێرشەکەوە دەرکەوتبوون. هەندێک سەرکردەی کورد تەئکیدیان کردەوە، وێڕای رۆکێتەکانی ئێمە، ئێرانیش لە هەمان کاتدا، هەمان جۆرە چەکی بەکار هێناوە."

الحمدانی لەم دەقەدا ویستوویەتی بڵێت: ئەگەر کیمیاییان بەکار نەهێنابوایە، ئەوا ئێران عێراقی داگیر دەکرد. هەروەها لە ناچاریدا بۆ هەنجەت دۆزینەوە پێی لە تاوانەکە ناوە، بەڵام ژمارەی کوژراوانی هەڵەبجەیی بەپێی ویستی خۆی زۆر کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەخێرایی گەڕاوەتەوە و تاوانەکە دەخاتە ملی کوژراوەکان و ئەستۆی ئێرانەوە:

"دەبوو ناوچەکەیان چۆلبکردایە، ئێرانیش لە هەمانکاتدا هەمان چەکی بەکارهێنا (نووسەر بۆ خۆدەربازکردن و پاساو هێنانەوە بۆ بەکارهێنانی کیمیایی، بەبێ بەڵگە ناڕاستەوخۆ بەزمانی کوردان ئێران تاوانبار دەکات، کە ئەویش هەمان چەکی بەکار هێناوە، کەچی هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن یان نێودەوڵەتی پشتگیری قسە رووتەکەی ئەوی نەکردووە.) وەزیری بەرگری و جێگری فەرمانەدەی گشتی

سوپای عێراق، عەدنانی خەیروڵا، کۆنگرەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و پەیامنیران بەست، باری بەرەی جەنگی ڕوونکردەوە." الحمدانی، ص 146.

"نزار ئەلخەزرەجی: عێراق لە ساڵی (1984)دا چەکی کیمیایی بەکارهێنا، وادەزانم عێراق یەکەمین بوو لە بەکارهێنانی ئەم چەکەدا" شربل، ل 178.

" نزار ئەلخەزرەجی: ناکرێت بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە هزری سەددامدا داببڕێت، چونکە تاکە گوتەی کۆتایی لای ئەو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بەکارهێنانی هێزە. خۆیشی بەسەرکردەیەکی زۆر دیار و فەرماندەی عێراقێکی بەتوانا دادەنا، کە دەبێت ڕۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینێت" سەرچاوەی پێشوو، ل 178.

"ئۆباڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ئەستۆی سەددام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید و حوسێن کامل دایە" سەرچاوەی پێشوو، ل 182. "هێشتا جەنگی عێراق- ئێران کۆتایی نەهاتبوو کە سەددام چەکی کیمیایی لە 1988/3/16دا لە هێرشێکی بۆ کوشتارگەکەی هەڵەبجە بەکارهێنا، لە ڕۆژی یەکەمدا پێنج هەزار کەسی کوشت و لە ڕۆژانی دواتریش پازدە هەزار کەس بەهەمان هۆوە گیانیان سپارد)) عبده، ص 25. هونەری. ل 142- 144.

"لە ساڵی 1988دا لەشکری عێراق بووبووە یەکێک لە گەورەترین و پڕچەکترین لەشکری دنیا. عێراق خاوەنی نۆ تیپگەل (کۆتیپ) سەرباز بوو" سەرچاوەی پێشوو، ل 138. هێزی ئاسمانی لەشکری عێراقی بریتی بوو لە (600) فڕۆکەی جەنگی و (1500) هەلیکۆپتەری بارهەڵگر و شەڕکەر، سەرچاوە سەربازییەکان ژمارەی تۆپ و کاتیۆشای عێراقیان بەزیاتر لە (2200) دانابوو. هونەری. ل 146

"هێـزی پێشـمەرگە رووتەی تەنیـاش، سـەرەڕای ئەوەی فـڕۆکە و هەلیکۆپتەر و تانک و زرێپۆش و کاتیوشا و چەکی گران و نیمچە گران هیچ، پشتگرێکی کارگێڕی و مەعنەوی دەسگرێکی ماددیشی هەر نەبوو! بەژمـارەیش بەقەد زەکـاتی پێکهـاتەی لەشـکری بەغـدا نەدەبـوو، کەچـی هێشـتا رژێـم پەنـای دەبـردە بەر کوشـتنی ژن و منـداڵ و راگـوێزانی گوندییان و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێونەتەوەیی، بە چەکی کیمیاییشـەوە. ئایا بە چ پێوەرێک ئەمە دلێری و پڕتوانـایی و دڵسـۆزی سـوپای عێـراق و فەرمانـدە و سـەرکردەکانی دەنوێنێت و مـایەی پێـدا هەڵگوتن و شانازین؟

ئەگەر رەچاوی هەر پێوەرێکی سـەربازی و ناسـەربازی بکرێت، ئەوە خنـۆکی و منـۆخی دەنوێنێـت. دلێـر و رەواپەروەر و بـڕوا پـتەوان، کەسانێکی بەلەنگاز و لانەوازی بێ کەس بوون، بەتفەنگ و نـارنجۆک و پێنە و مشتەکۆڵە، رووبەڕووی تانک و فڕۆکە و گازی کیمیـایی لەشـکری دڕندان دەبوونەوە و بەبرینداریش سـەنگەری بەرگریکردنیـان بەرنەدەدا. ئەم کێشـە و هاوکێشـەیە، نەک هەر نـابەرانبەر و مشـت و درێشـە نـین، بەڵکو ناکرێت لەگەڵ یەکدیش بەراورد بکرێن." هونەری. ل 146.

**ئەنفال کردنی کوردان لە سەدەی بیستەمدا:**

"لە ساڵی 1991 بڕیاری 688 لە ئەنجومەنی ئاسـایش دەرچـوو، ئەو بڕیـارە داوای لە عێـراق کـرد، بەپەلە هەمـوو شـێوەیەک لە شـێوەکانی سەرکوتکردنەوەی گەلەکەی خۆی رابگرێت" کتن، - بەهرام، ل 15.

"لێـژنەی مافەکـانی مرۆڤ- سـەر بەنەتەوەیەکگرتووەکـان، زیـاتر لە جارێک ئەو پێشـێلکارییانەی سـەرکۆنە کـردووە کە حکوومەتی عێـراق دژی مافەکـانی مرۆڤـ و یاسـای نێـودەوڵەتی بەشـێوەیەکی فـراوان و

یەکجار مەترسیدار پیادەی کردن و بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین شــێوەی داپڵۆســین و چەوســاندنەوە. هــۆی ئەم پێشــێلکارییانەش فراوانبوونی بازنەی جیاوازی کردنە لە نێوان رەگەزێک و رەگەزێکی دیکە و زۆربوونی ترس و تۆقاندن و کردەوەکانی (ئەم دەنگ هەڵبڕین و سەرکۆنە و سەرزەنشت و شەرمەزارکردنانەی جیهان بوو، نووسەر نــاوی دەنێــت "گــۆڕانی ئــاوازی راگەیانــدنی ئەمریکــا. دەڕژایە نێــو بەرژەوەنــدی ئیســراییلەوە.) گوللەبــارانکردنی دەرەوەی دادگاکــان و جێبەجێکردنــی ئەو بڕیــارانەی کە تــایبەتن بە ســەپاندنی ســزای تیــژ و نامرۆڤانە.. ئەو تاوانــانەی عێراق لە دژی گەلی کورد، لە کردەوەکانی ئەنفالــدا ئەنجامیــداوە، بەڵــگەی روون و ئاشــکران لە پێشــێلکارییەکانی عێراق بەرامبەر بەمافەکانی مرۆڤ و ئەو سەربەستییە بنەڕەتییــانەی پەیماننــامە و رێککەوتننــامە نێودەوڵەتییەکــان دەســتەبەریان کــردووە." عەلی - بەهرام، ل 49. هونەری، ل 148-149.

پیاوێک، ژنێکی کوێر و خەسوێکی بڵحی هەبوو، هەمیشە دەیگوت: "هاوسەرینی چاوکوێر گەلێک ئاسایی نییە، بەڵام ژیان لەگەڵ دڵکوێردا گەلێک ئەستەمە". یەکێکی دیکەیش هەڵی دەدایە و دەیگوت: "هاوڕێیەتی لەگەڵ نەخۆشــدا زۆر خــۆش نیــیە، بەڵام بەڕێــگەدا رۆیشــتن لەگەڵ ویــژدان مــردوان، گیــان مــردووی لاشــە زینــدووە. کە لەگەڵ دڵکــوێر و ویژدان نازیندوان بکەویتە چاڵ. لە سەر دونیا دەکەویتە تەپانی بنی دۆزەخەوە".ئەوەی بەڕووخســار ئەم نیــوە ئــایەتە، ئەم نــزا زارەکیــیە دەفەرموێت:

" رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا" بەشێکە لە دوایین ئایەتی سورەتی بەقەرە، الحمــدانی بــۆ دەربڕینــی نیــاز پــاکی، لە ل 347 پەرتــووکەکەی

تۆماری کردووە. بخوێنێتەوە، بەکرداریش ئاگای لەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە ببڕێت:

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ
ئایەتی (71)، سورەتی ئال عمران.

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلا تُسْأَلونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ
سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنَ النَّاسِ مَا وَلَّاهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُلْ لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ
" ئایەتەکانی 141- 142ی سورەتی بەقەڕە.

خودا بۆیە دوو چاوی مرۆڤی لە رووی پێشەوەی کەللەسەردا، لە ناو دوو چاڵی نێوان تەوێڵ و روو، لەملا و لەولای لووتەوە داناوە، سەرەکەیشی خستۆتە سەر ملێک، کە سەر لەسەریدا بەم لا و ئەو لادا، بۆ بەرزی و نزمیش دەجووڵێت و دەسسووڕێت، بۆ ئەوەیە مرۆ راست و چەپ و پاش و پێش، زەوی و ئاسمانی پێ ببینێت، کەچی هەن کەللە شەقن، دەعبان، دڕندە و بڕندەن، بڕبڕە و سەر و مل وشک و رەقن، لمووز شۆڕ و دوو چاو زەقن، رەواپۆش و کار ناحەقن، راستییەک ببیژن پفدانکانی دەتەقن.
وەک دیوتانە لاچاوی جووتە ئەسپی ژێر پەیتوونی پاشا، بۆ ئەوە دەبەستن، تا تەنیا بڕواننە پێش لمووزی خۆیانەوە، ئەگەر ئەملا و ئەولا ببینن، ئەوا دەڕەونەوە، ملی خۆیان و خاوەنەکەیان دەشکێنن. ئەسپی ئاو راکێشانی ناعووریش هەر هێندەی ئاسانە تا دەیخەنە کار و

سوورە سوور، کاتێک دەزانی سۆمایی چاوی داهاتووە، پێش لمووزی خۆیشی نادینی، بۆیە لمووزی دەخەنە ناو ئاخوڕەکەیەوە، ئاو دەکەن بەدەمیەوە، کاری رۆژانەیشی پێ دەکەن.

"دەوڵەتی عێراق لە نەخشەی ستراتیژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراقدا، کوردی بەیەکێک لە مەترسییە سەرەکییەکان داناوە، بۆ سەر ئاسایشی عێراق و عەرەب. حیزبی بەعس لەوەتەی حوکمی لە عێراقدا گرتۆتە دەست، هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەم مەترسییە نەهێڵێت، بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەزۆر راگواستن و بەتاک و بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستانی پیادە کردووە" رەسووڵ، ل 54.

بەڵام کە نەیان توانیوە سیاسەتی بنەبڕکردنی نەتەوەیەکی رەسەن لەسەر خاکی خۆیدا بەراشکاوی و بەیەکجار و بەیەک قۆناغ ئەنجام بدەن، ئەوا پلانە گشتگرییەکەیان بۆی داناوە و پاساویان بۆ دروستکردووە، پێبەپێ، بەپێی دەسەڵات و بارودۆخی لەبار، بەنهێنی و بەئاشکرا، پیلانەکەی خۆیان جێبەجێ کردووە. لە ئەنفالکردنی کورداندا هەمان سیناریۆی بەرلە رێککەوتننامەکەی جەزاییر دووبارە کرایەوە، ئەوکاتە هەموو بلۆکی رۆژهەڵات بەچەک و پلانی سەربازی و راگەیاندن و.. هتد پشتیوانی عێراق بوو، هەروەک لە ناوبژیکردن و ئاشتکردنەوەی سەددام و شای ئێرانیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و شای سعودیە رۆڵی سەرەکییان گێڕا. ئەوەتە:

"حکوومەتی عێراق لە پێش ئەنفالدا لەلایەن هەموو زلهێزەکان و تێکڕای دنیای رۆژهەڵات و رۆژئاواوە پشتیوانی لێ دەکرا، بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێراندا. لە نێو عەرەبانیشدا جگە لە سووریا و لیبیا،

هەمـــــوو دەوڵەتە عەرەبییەکـــــان، بەرێکخـــــراوی رزگـــــاریخوازی فەلەستینیشەوە، پشیتیوانییان لێ دەکرد." سەرچاوەی پێشوو، ل 182.

لە هیچ جەنگ و ئاشتییەکی جیهانیدا بەرژەوەندییەکانی خۆرهەڵات و خۆرنشـــین ئـــاوا تێکـــی نەکـــردۆتەوە، تەنیـــا جارێـــک لە رووبەڕو بـوونەوەی هیـتلەر، لە جەنگـی دووەمـی جیهـانی و لە جەنگـی عێـراق – ئێرانــدا لە دژی خــومەینی، دوو کەڕەتــیش لە دژی کــوردی هەژار و کوردسـتانی دابەشـکراودا، دوایـین جـاریش لە دژی تـاکە سـەرکردە و فەرمانـدەی نەمـری عێـراق و شاسـواری ئـوممە، پـاڵەوان و پشـتیوانی ئیســلام و خــۆر و رۆشــنکاری ســەرتاپای جیهــان نەبــێ. کە پێشــتر چەپگەران و راستڕەوتانی دەستیات لە پشتی دەدا.

"عەلـی حەســەن مەجیـد لە رۆژی 3 /6 / 1987دا، نـامەی ژمـارە 3650ی بۆ هەموو دەزگا لێپرسراوەکانی حکوومەت و حیزبی بەعس و کۆتیپەکــانی یەک و دوو و پێــنج نــارد. لە و نــامەیەدا هــاتووە کە ناوچەکــانی قۆنــاغی یەکەم بەتەواوەتــی نــاوچەی قەدەغەکــراون، نـاوچەکـانی قۆنـاغی دووەمـیش لە 6/21 /1987وە دەبـن بەنـاوچەی قەدەغەکراوی تەواو. داوا لە یەکەکانی سوپا دەکات کە هەر مرۆڤ و ئاژەڵێکیان لە و ناوچانەدا دیت، بیکوژن. لە نامەکەیدا هاتووە کە نابێ هیچ جۆرە خواردەمەنییەک بگاتە ئەو ناوچانە." رەسووڵ، ل 73.

"لە رۆژی 20/ 6/ 1987دا عەلی حەسەن مەجید بڕیاری نەگریسی ژمــارە (4008)ی دەرکــرد، بەپێــی ئەو بڕیــارە: هەمــوو گونــدەکانی کوردسـتانی عێـراق بەنـاوچەی قەدەغەکـراو لە قەڵەم دەدرێـن. دەبێـت هێزی سـوپا بەردەوام – بەڕۆژ و شـەو– بەکیمیـایی لەو گوندانە بدەن بۆ کوشتنی زۆرترین ژمـارەی خەڵـک. (5) هەر کەسێک لە و ناوچـانەدا بێت، دەبێت بگیرێت، ئەوەی تەمەنی لە نێوان (15–70) سـاڵدا بێ، دوای

لێکــۆڵینەوە، دەبێــت یەکســـەر گــولله بــاران بکرێــت. هەر چەک و کەلــوپەلێکی جــاش و ســـەرۆک جاشـــەکان لەو ناوچــانەدا دەســتیان دەکەوێـت، حەلاڵــی خۆیــانە بـێجگە لە چەکـی قـورس. هەزاران کەس (کورد)، کە لە دوای ئەو رۆژەوە کەوتوونەتە دەستی هێزەکانی عێراق، بـڕگەی پێنجـی ئەو بڕیارەیـان لەسـەر جێبەجـێ کـراوە. بەپێـی بڕیـاری ئەنجـومەنی شۆڕشــی عێـراق و دیـوانی سـەرۆکایەتی: هەر کەسـێک لە سەرژمێری مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1987دا ناونووس نەکرابێت ئەوا مافی عێراقیبوونی نامێنێت." رەسووڵ، ل 77و 78.

ئـاخۆ بیرەوەرنـووس ئەم بڕیـار و راگەیانـدنە ئاشـکرا و نهێنیـانەی نەدیــون؟ نەیبیســتوون؟ بەشداریشــی لە دارِشــتن و جێبەجێکردنیــان نەکردووە؟ وەک مرۆڤێکی لابەلا دەڵێین: براله رۆژانی پاسـاوهێنانەوە و راستپۆشـی تێپەڕین! چیـدیکە پاسـاویان بـۆ مەهێـنەوە! راسـتییەکان لە نەوەکـانی دوارِۆژ ناشـێردرێنەوە، بەم کارانەتـان خۆتـان پتـر نـابووت و خـودا و خەڵکیش تـووڕەتر دەکەن و بەگەنیـویش دەچـنە نـاو تـابووت، زەوی ناتانگرێتەخۆ و ئاسمانیش لە خۆتان دەورووژێنن. ئێوە بەنـاوی چاوڕشتنەوە، رەشکێنی چاوی ئێستای خۆتـان و داهـاتووی نەوەکانتـان دەڕێژن.

سالار و سەرتیله و سەر بە تیلاکی سپی تاین! پەکتان براوە، رشـتی و پڕتـاوی کەلکی نەمـاوە، ئیـدی گرکـانی تـاوان بەتـاوڵی تـووکە وشـتر داناپۆشـرێت! ســەردەمی تــایەنی شــەوارەداران ئــاو و ئــاوچوو،. نهـۆ نـۆرەگری و خـۆ دەبەر مــردوان مرانــدن، مردنــی مــۆری دمــۆرانە. "سەرهەڵێنن خوای ببێنن" بە پێچاوپێچی و سەرپێچیکردن، چیدیکە رەوا راپێچ ناکرێت، لە رۆژگاری لێپێچینەوەیشدا بەگەمژە و هیچ و پووچـان راستی لەبەر چاواندا ناپێچرێتەوە. مامە خەمەی خۆمان، ئەگەر گومـانی

له راستی قسەی پیاوێک هەبوایە، بەزەردە خەنەیەکی نەرمەوە دەیگوت:"ئەگەر وابێت، وایە".

"لە بەرەبەیانی رۆژی 23/ 2/ 1988دا یەکەم بریسکەی تۆپ و راجیمەی شالاوی ئەنفال دەستی پێکردووە" رەسووڵ، ل 188. "ئەنفال بەهەشت قۆناغ جێبەجێکراوە، لە رێکەوتی 9/3 /1988دا، دوایین قۆناغی ئەنفال ئەنجام دراوە، لەم ماوەیەدا (180000- 182000) کورد ئەنفالکراوە. ئەنفال تاوانێکی سامناکی درِندانەیە و بە ئاشکرا لە سەرتاسەری کوردستاندا کراوە. هەزاران دۆکیۆمێنت و بەڵگەی بەڵگەنەویستی هەیە، کە سەدان کتێبی مێژوو و رۆمان و فیلمی لەسەر بنووسرێت هێشتا هەر هیچی بۆ نەکراوە. هیچ رووداوێک هێندەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە میدیای کورددا باسی نەکراوە. کۆڕ و کۆنفراس و پێشانگای زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە کراون." هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"تاریق عەزیز، وەزیری دەرەوە و جێگری سەددام (سەرۆک وەزیران سەرۆکی گشت پۆستە سەرەکییەکانی عێراق) کە کیسینجەری عێراق بوو دەڵێت: ژمارەکە زۆر کەمترە، نزیکەی سەد هەزارێکە؟.

دەپرسین: چۆن کوشتنی سەد هەزار مرۆڤ (ژن و منداڵ و کەسانی بێ دەسەلاتی ژێردەستتان) و هاوولاتیانی خۆتان ئاوا بەئاسانی بەسەر زمان دادێت.؟ بەپێی کام ئامار و کامە بەڵگە ئەو دەزانێت سەد و هەشتا هەزار نین و سەد هەزارێکە؟ بەلام هێشتا تاریق لە سالار سیلە رەعد راستبێژترە چونکە سالار دەیانکاتە (سەد و پەنجا!)، ئەویش تاوانی خۆیان بووە کە لە شارۆچکەکە دەرنەکەوتوون! کە تاوانەکان لە میدیاکانی جیهان باسدەکران، ئەعرابیانی عێراقی وەک پیشەی هەمیشەییان: بەدەهۆڵ کوتانی ئیسراییل و ئەمریکا و دوژمنانی

عێراق و عروبە دایاندەنا. ئەگینا کەسێک نەبوو دەنگوباسی ئەنفالی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نەبیستبێت و نەیبینیبێت. نەخاسمە لە نێو جەرگەی گەڕاوەکەیشدا سەرکردە بووبێت!

### هووشەی هەڵبەستەکان (پاساوی بەبارەبار):

"بێگومان دوژمن گوێ و چاو و هۆش و هزری هەیە، تۆماردەکات، کۆپی دەکات. ئاوازی ڕاگەیاندنی ئەمریکایی گۆڕا، بوو بە ئاوازێکی هەراسانکار، لە میانی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕادیۆیی و دەنگوڕەنگدا، کۆمەڵە گومانێکیان بۆ سەرکردایەتی عێراق و تواناکانی ورووژاند، کە زۆر بەسەروەنانی بەئەنقەستی تێدا بوو و دەرژایە ناو بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلەوە". الحمدانی، ص 191. ڕاگەیاندنی خۆر ئاوایی بەئەمریکایشتەوە لەو کاتەدا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و خاپوورکردنی کوردستان و بەئەنفال بردنی کوردی عێراقی دەخستە رووی جیهانەوە، ئەو کاتە ئێوەیش کارەکتەری سیناریۆیەکە و ڕاستەوخۆ لە ناو ڕووداوەکان بوون. بە ئاشکرا و بەوپەڕی شانازی سەرکەوتنەوە، بەکردار ئەنجامتان دەدا و بەگوتەیش دەتان گوت: درۆ و هەڵبەستەی زایۆنیزم و ئەمریکا و ئینگلیز و خۆرئاواییانە؟ سەیر و سەمەرەکە لەوە دایە: دوای ئەم تەمەن و ئاشکرابوونانەی ڕۆژانە پێشاندەدرێن، هێشتا لە کەلی شەیتان دانەبەزیوە و دەستی لە چاویلکە ڕەشەکەی و خەنجەری زمانی دەستخەرۆدان و بۆچوونە درندایەتییەکانی ئەو کاتی بەرنابێت!. دوور نییە هێندە ڕاستگۆبیت نەتوانێت گوتەکەی خۆی بگۆڕێت.

که سالار سیله رەعد مەجید ڕاستبێژ و ڕاگر سیلەی خانە نشین: د. عەبدولوەهاب قەساب و ڕاگر سیله: تەها شەکرچی (جزار)و سەری

گەورە و سەرەکانی دیکەیان دەفەرموون: موسڵمانی لە خوا ترس و بڕوا بتەون، شانازیش بەئوممەکەیانەوە دەکەن: نابێت زویربین و زەرد هەڵبگەڕێن کە بۆ کورتە وەڵامێک، بەکوتە پرسیارێک بڵێین: چۆن ئاوا بەراشکاوی، نەفرەتبازی و فریوکاری و راستپۆشی لەسەر زەوی دەکرێت!؟ ئایا بیری لەوە کراوەتەوە: ئاخۆ رۆژی پسلان، چۆن چۆنی خودای رەشوڕووتان چاوبەست دەکەن؟

بەر لەوەی عەدنان خەیروڵڵا بەر نەفرەتی خودا بکەوێت، لە دیمانەیەکی لەگەڵ پەیامنێرانی دەزگاکانی راگەیاندن و لە شاشەی دەنگورەنگی عێراقدا دەیفەرموو:

"لەشکرەکەمان هێندە باڵا و باڵادەستە، پێویستی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی نییە، وێڕای ئەوەی بەکارهێنانی چەکەکە لە جەنگی ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا بەهۆی لە یەکدی نزیکی و سروشتی زەوییەکەوە زۆر ئەستەمە، بەڵکو لە رووی هونەری سەربازییەوە کارێکی کەسنەکردەیە. ئەوەی لە دەزگا گومان لێکراوەکانەوە دەیبیستن، ئەوە هەڵبەستەی دوژمنانی شۆڕشەکەمانە، ئەگینا ئەوان چ پەیوەندییەکیان بەکاروباری ناوەخۆی عێراقەوە هەیە."

سالار الحمدانی سەری کۆتیپی پاسەوانی کۆماری، بەوپەڕی توانا و لێزانییەوە دەکۆشێت، سەرانی بەغدا بە وارپەروەر و گەلویست و نەتەوەحەز و مرۆڤیار و رزگارکار بنوێنێت.

هەرهێندە دەگوترێت: دەککە بەدبێژی ناراستگۆ، مووە لەزمانی و کونێر لە کۆمی بێ، رووی بە رووی قەلێ بێ! کلکی مەیموون و پەڕی سیخوڕی لێ بڕسکێت! شاخی کەڵەکێویش لە تەوێڵیەوە بڕوێت. هەمیشە ئاخ و داخی بێت و هەرگیزیش بێوەی نەبێت، لە رۆژی پسلانیشدا بەوەی وەیەوە، لە تەپانی بنی دۆزەخ و ناوەڕاستی وەیلدا

لەتەک نەمــرود و نیــرۆن و هیــتلەر و ســتالین و میلۆدیڤیچــدا خــۆی بدۆزێتەوە!

دووبارە وای دادەنێین کە نووسەر راستگۆ و بەویژدانە! لە پلاندانان و ئەنجامدانی کارەکان بەشدارنەبووە! لە دوای رووخانی رژێمیش (لە ســاڵی (2003)یەوە، تــاکو ئەمــڕۆیش، ئەو لەســـەر خــڕۆکەی زەوی نەژیاوە و لە ئەشکەوتێکی هەسارەیەکی نەدۆزرایەوە خەوتووە، وێنەی هێسکوپرووسکی ژن و منداڵانی کوردی زیندە بەچاڵکراو و کەرنەڤاڵی هێنانەوەی تەرمی شەهیدانی بارزانیی و گەرمیانیی و بادینانیی و بەگاز کوشتنی هەڵەبجە و بالیســان.. بەوێنە و دەنــگ و رەنگەوە نەکەوتۆتە بەرچــاو، یــان بەدرۆیــان ببینێت. لەم مـاوەیەی کە نووســەری (قبل أن یغادرنا التأریخ)، فەرماندەیەکی پایە بەرزی سەربازیی و هەواڵگریی و پلانــدانەر و ئەنجامــدەری زۆری کــارە مەزن و ترســناکەکان بــووە، هەرچەندەیش راستەوخۆ و بە هەر دووچاوی سەری خۆی، درشت و وردی رووداوەکانی بەسەر کورد و کوردستاندا هـاتوون دیوە، بەپێی پێگەکەی بەشـدار و ئاگـاداری زۆرینەی هەرەزۆری نهێنییەکـان بـووە، بەڵام لە نووسینەوەیاندا بەپێی ویستی زۆر تەسک و تایبەتی خۆیەوە تۆماریــان دەکــات، نەک وەک ئەوەی روویــداوە و دیتــراوە و پێویســتە بکرێتە بەڵگەنامەی مێژوویی.

لە دوای رووخانی رژێمی تـاکە سـەرکردە (سـەددام) و بنەمـاڵەکەی، لە دادگای باڵای تاوانەکاندا لە بەغدا بەدادگایی کردنی سەرانی تاوانکار، بەبەڵــگەی چەســپێنەر و دیکــۆمێنتە فەرمییەکــانی خۆیــانەوە، بڕیــاری دادگاییان بۆ دەرچوو، چەندێکیشیان بەبەرچاوی جیهانەوە لە سێدارە دران، کەچــی هێشــتا نووســەر هەر تەقەی ســەری دێ و بە ربەکەی تەقــتەق دەوردەکــاتەوە و ئەنجامــدەرانی کارەکــان نەک هەر بەتاوانکــار

نازانێت، بەڵکو خۆیانی بۆ ڕەشپۆش دەکات و بەجەڤەنگی پیرۆزیشیان دادەنێت. خەوش و خورشتی تاوانەکانیان دەشارێتەوە. وەک فریشتەی سپی لە خەودا دێنەوە بەرچاوی.

**کورتەی ڕەفتارەکانی سەرکردە:**

سەرکردەی مەزنی ئوممە چەندین ڕەفتاری تایبەتی هەبوو نموونەیان:

1- بەرلەوەی سەددام بگاتە کورسی سەرۆکایەتی عێراق: هەر لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی بەتوانای حیزبەکەی خۆی دوور دەخستنەوەو دەیخستن، بەبیانووی سەیر سەیر دەیگرتن، بەفێڵ، لە پشتەوەڕا پیاوە بەوەجەکانی پێشە خۆی یەکە یەکەی وەک: "حەردان تکریتی وەزیری بەرگری، عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوە، عەبدولڕەزاق نایف، وەزیری ناوەخۆ سالح مەهدی عەماش.. محەممەد باقر الصدر (بەرهەڵستکار) و خوشکەکەی (بنتل هودا.. کوشتن." شربل، ل 56.

جێگە و پێگەی بۆ زەوتکردن و قورخکردنی دەسەڵات لە دەستی خۆیدا خۆشدەکرد.

2- لەناوبردنی نەیارە ناوەکی و دەرەکییەکانی: سەددام دەستی خستبووە ناو کاروباری لوبنان و فەلەستین و سووریا و سودان و مۆریتانیاوە. کوردستانی عێراق و ئێران و کوێتی بەسۆدرە بردن، ئەگەر بمابوایە ئەوا سێ سەرسەرانێی دیکەی لەگەڵ سوریا و سعودیە و تورکیایش دەکرد.

کە گەیشتە دەسەڵات. بەڕاوەدونان و گرتن و کوشتن کەوتە گیان پارتی نەتەوەی عەرەب_ ناسری،

3- ویستی خۆی دەربارەی کوردان یەکلاکردبۆوە: پلانی قڕکردنی کوردانی بەپێی ستراتیژییەکی نەخشەکێشراو، لە بارودۆخی گونجا و دادەبەزاند. بۆ نموونە: لە سەرەتادا، کەسوکاری پێشمەرگەکانی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵدەگرت و رەوانەی ناوشاخانی دەکردن. لە هەنگاوی دووەمدا کەوتە راگوێزانیان بەرەو باشووری عێراق. لە گەڕی دواتر رەوانەی بەندیخانەکانی باشووری (نوگرەی سەلمان و بیابانی نێوان عێراق و عەرەبستان) کردن. لە دوا یین قۆناغیشدا خڕ گوندنشینەکان ئەگەر کەسیان پێشمەرگە بوایە، یان دڵسۆز و لایەنگرانی میری، هەموویانی بەیەکسانی رادەپێچا ـ دەیبرد بەزیندوویی لە بیابانەکانی باشوور دەیناشتن. تاوان دوای تاوان گەورە و دڕندانەتر و گشتگرتر دەبوو.

"رژێمی سەددام، هەر لە سەرەتاوە پلانی لەناوبردنی کوردانی دانابوو، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی عێراق – ئێران، ئەنجامدانەکەی نەختێک دواخست، چونکە ماوەیەک بەڕێوەبردنی جەنگەکە سەرقاڵی کردبوو، هەر بۆیەش لە سەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگەکەوە ئەو دەرفەتی وەرگرت و بەپاساوی جۆراوجۆرەوە کەوتەوە ئەنجامدانی پیلانەکەی" عبود.محکمە الأنفال. ص 15.

"هەموو ناوچەکانی دەرەوەی جادە سەرەکییەکانی نێوان شارە گەورەکان، بەناوچەی موحەرەم دانران، ئابڵووقەی ئابوورییان لەسەر دانرا. تۆپبارانی گوندەکان و بۆمبارانکردنیان لەلایەن تەیارەی مێک و سۆخۆی و پیلاتۆس و هەلیکۆپتەر، بوون بەرووداوی رۆژانە. لە شارەکانیشدا رەشبگیری و توندوتیژی گەیشتە پلەیەکی زۆر بەرز. واتە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەت لە شار و شاخ بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد." رەسووڵ، ل 57 – 58.

4- له کاتەکانی تێکشکانیدا،دڵتەنگی خۆی بەکوشتنی کەسانی دیکە دەڕەواندەوە:

هەمیشە لە کاتەکانی تێشکاندا، شاسواری عارەب، فەرماندەی گشتی لەشکری عێراق، دڵتەنگی خۆی بەکوشتنی کەسانی دیکە ( هەتا ئەگەر نزیکترین کەس و خۆشەویستی خۆیشی بوایە)، دەڕەواندەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە دەیکردنە پەند بۆ ترساندنی ئەوانی دیکە، نەوەک یەکێک لاری لە گوفتار و کردارەکانی بکات و نەیەوێت لە پێناوی ئەودا سەری خۆی ببەخشێت، نموونە: "محەمەد بیلال بەرپرسی حیزبی تیپێکی سەربازی، بەفەرمانی سەددام لە نۆهەدەکان گولله بارانکرا" الحمدانی، ص 64. "گوللەبارانکردنی پێشەنگ (نەقیب) سەعید و چەندین سەربازی دیکەی لەشکرەکەی بەدوا داهات. بەبیانووی درێخی کردن، گولله بارانکردنی شەش ئەفسەری دیکە ئەنجامدرا کە یەکێکیان پێشکار سیلە (مقدم الركن) ئەکرەم ئەلمەشهەدانی بوو" الحمدانی، ص 73.

ئەمە پیشە و نەریتی سەرکردە بوو، هەڵچوونی دەروونی خۆی بەرەنگی خوێن و بەدەنگی ناڵەی ستەمدیدان هێمن دەکردەوە. کەچی کەچە نووسەریش دەفەرمووێت: هەمیشە هێمن و مێشک فێنک بوو!.

"لە دوای 1982 /5/8دا سەردار سیلە سەلام قازی، سەر تیپگەلی سێیەم و جەواد ئەسعەد شیتَنەیی، (لە کوردەکانی دژی بارزانی بوو) سەرتیپی تیپی سێ و محسن عبدولجەلیل فەرماندەی هێزی زرێپۆش، دوای ئەوەی بەکەمتەرخەم داندران، گولله بارانکران، لە کاتێکدا جەواد و محسن بەرزترین خەڵات و نیشانەی ئازایەتییان هەبوو، سەلام قازیش لە کودەتایەکەی بەعسدا لە ساڵی 1968دا بەشداری گرتنی کۆشکی کۆماری کردبوو. سەرهەنگ سیلە ماجد عەبدولحەمید فەرماندەی هێزی پازدەیش خۆی کوشت" الحمدانی، ص

69 و 83. له 1985/12/17دا دیمەنی خۆ کوشتنی جێدارێکی ئەندازەی سەربازی تاساندمی" المصدر السابق، ص 114.

که الحمدانی له باسی شەکرچیدا دەفەرمووێت: "پیاوێکی سەرەڕۆ بوو" مەبەستییەتی تاوانە دڕندایەتییەکانی (کە دایپۆشیون) لە ئەستۆی سەرکردایەتی حکوومەتی بەغدا داڕنێ و بەتەنها لە ملی تاوانچی شەتەک بدات، "پێشکار سیله تەها شەکرچی فەرماندەی یەکە سەربازەییەکە، دووازدە پلەدارای بەرەگەز کوردی لە هێزەکەی خۆی کۆکردەوە، لە ناو چایخانەکەی سەر سێڕیانی بیستانە بەبەر چاوی هێزە سەربازییەکەیەوە گوللە بارانی کردن و چایەخانەکەیشی بەسەردا تەپاندن" دزەیی، ل 41-42. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان کردارەکانی سەرکردەی مەزن و شەکرچییدا بکەین، ئەوا دیسان، "هەزار جار خۆزگەمان بەخەڵات دزی" شەکرچی تەنیا گوێکەرێکی چاکی سەرکردایەتییەکەی بووە، بەویستی ئەوان، بووەتە بکوژ و تۆقێنەرێکی ناوداری بەدڕەفتار، ئەگینا مرۆڤ یاریزانێکی سەرەڕۆی لە تیپەکەیدا هەبێت دەری دەکات، چ جای سەرکردەیەکی سەربازی! سەرخستنی بەخێرایی پلە لە دوای پلەی ناوبراو لەلایەن سەرکردایەتییەوە راستییەکە دەچەسپێنێت. کەچی نووسەری یادەوەریی وەک رۆماننووسێکی کارامە، بە ئاگادارییەوە گەرەکیەتی لە ژێر بەرگی بێئاگاییدا ویستەکانی تێبپەڕێنێت!

"دوای هێرشی گرتنی هەڵەبجە، بڕیاری گوللە بارانکردنی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو سەرباز، بەتایبەتی لە هێزی تایبەت لە شەڕگەدا درا و دەست بەجێ، جێبەجێکرا" الحمدانی، ص 146. بەگوللە بارانکردنی ئەفسەر و رووباری خوێنی سەربازەکانی خۆی، خۆی ئازا بنوێنێت و بەشان و بازووی لەشکری نەتەوەکەیشی هەڵبڵێت!. پێشتر گوتمان:

گریمان نووسەر وەک بەخۆی دەفەرمووێت: نیشتمانپەروەرێکی پاک و پاکمرازە! حەزدەکەین دووبارە ئێوەیش بپرسن: بۆچی لە هەموو سەربەند و دوا بەندێکدا، لە گشت دووڕیان و سەرە ڕێگەیەکدا، بەنهێنی و بەئاشکرا، پاساوی بەجێ و نابەجێ، دەکاتە ناسنامەی تێپەڕاندنی ئەم تاوانە زەبەلاحانە؟ ئایا ئەمانە تاوان نین؟ یانە...؟

**5- سەروک بە ڕۆژ نەبیست و زلکوێر، بەشەویش کەڕ و نابینا بوو:** تاکە فەرمانده‌ی دووربین هەر شەو نابینا و ڕۆژ زلکوێرنەبوو، بەڵکو بەڕاستی لە راستکاریدا دڵکوێر و بیرکول و کەڕ و کووند و ئەقڵ قووندەیش بوو، ئەگینا چۆن هێندە بەئاسانی دەکەوتە چاڵانەوە، هێندە جارە بەتەپکان دەگیرا، لە هەمان کۆسپدا ساتمەی دەکرد، دەکەوت و بەخوێنی عێراقییان هەڵدەستایەوە، دووبارە، مامی زۆربارە تێدەکەوتەوە. چۆن هەمیشە کێشەیەکی بەردەستی بەگرفتێکی دووری گەورەتر چارە دەکرد. بەڵێ لە دڵڕەقی و لاملی و گوێنەدێری و خۆ بەزانا زانیدا لە مێژوودا بێوێنەبوو.

"حازم جەواد لە دەمی حوسێن کامل دەگێڕێتەوە: لە ئەنجامی روانینی بۆ درامای ڕووداوەکان دەماری گرژبوو و گوتی: سەرۆک (سەددام) هیچ تێبینییەک یان بەخۆ داچوونەوەیەکی ناوێت، لە هیچ قسەکردنێکی بەپێچەوانەیشی نابوورێت" شربل، ل 84.

"سەلاح عومەر ئەلعەلی لە زاری عەدنان خەیروڵاوە: سەددام کەسێکە پەیوەندی بە سوپا و بەزانستە سوپاییەکانەوە نییە، هیچ شتێکیش دەربارەی جەنگ نازانێ و ناشزانێ بەرێوەی ببات، بڕیارەکانی خستۆتە ژێر دەستی خۆیەوە و سەرکردە سەربازییە لێزان و پسپۆڕەکانی وەلاناون، دەست دەخاتە ناو هەموو گەورە و بچووکێکی پلاندانانەوە، ئەمە لە گشت لایەکەوە بەرەو دۆڕاندن و

کارەساتمان داژوات؟ شربل، ل 154. "سەددام لە سیاسەتی دەرەوەدا نەزان بوو" شربل، ل 213.

واباشترە بلێین عێراقی سەردەمی سەددام و بەعس: زەبەلاحێکی سەربازی، حوجێکی ئابووری، کورتە بالآیەکی سیاسی بوو، یانە بلێین ئەلەمانیای سەردەمی نازیزم و هیتلەربوو. سەددام لە بەرەکانی جەنگدا هەمیشە وەک چاودێرێکی سەربازی، بەدووربینی زەبەلاح، لەروانگە و سووسەکاندا دەیڕوانییە هێڵی سوور و کوشتارگە و ناوچەی قەدەغەکراو و لەشکری دوژمنی، بەڵام هەرگیز بەبیری دانەهات سەیرێکی ژێر پێی خۆی و تاوانەکانی خۆی و هاریکارانی و باری هەژاری و هەتیوباری و بێوەژنکاری و پەل بڕاو و مل پەلدراوانی ژێردەستی بکات! "عەلی حەسەن مەجید (ئامۆزای سەددام) سەربازبوو، بوو بەسالاری یەکەم، حوسێن کامل مەجید سەربازێکی نیمچە خویندەوار، کرایە سالار یەکی سیلە" هەمان سەرچاوەی بانەوە..

6- بێبەر و پشتی: "سەلاح عومەر ئەلعەلی: گرفتێکی سەددام ئەوەبوو: لە رووکاردا رێککەوتننامەی مۆردکرد، بەڵام لە راستیشدا هەر بڕوای بەچارەسەرکردنی بەهێز هەبوو." شربل، ل 159. فەرماندەی سەرکردە برای دایک و باوکیی کوێتی عارەبی و دوژمنە گەورەی فارسی مەجووس بوو، بەخوولەکێک سەد و هەشتا پلە سووڕا، برای کردە دوژمن و دوژمنی کردە برا، ئەگەر تاکو ئێستا، خودا مۆڵەتی بدابوا، ئەوا چوار جاریی دیکەیش بەلای هەرەکەم، لە هەمان شوێن و لەسەر هەمان پێ دەسووڕا و وەردەگەڕا.

بەناو، بەکردەوەی بەرچاو، سەرکردە برای یاسر عەرەفات و لایەنگری گەلی فەلەستینی بێپشتیوان بوو، لە هەمان کاتیشدا لایەنگری چەتە فەلەکانی خوارووی لوبنان (بە سەرۆکایەتی عیماد میشێل عۆن)

بــوو، بــۆ ئەوەی لە باشــووری لوبنانــدا خــۆگربن و لە دژی ســووریا کاربکەن" شربل، ل 234. بەچەک و بەپارە پشتیانی دەگرت. چەتەکان راستەوخۆ سەر بە ئیسراییل بوون. میشێل عۆن ئەوکاتە داردەستی جوو و دوژمنی سووریا و لوبنان و گەلی فەلەستینی بوو، ئینجا برای پۆشیار! بۆچی و چۆنی دادەپۆشێت؟ وەرە نەڕە قرشێک بگرە و گەڵت تەڕنەبێت!؟ لە دوایین ساڵانی سەرتەختیدا، هیچ گەلحۆیەک بڕوای بەگوفتار و کرداری سەرکردەی بنکەوتە نەمابوو! خودا هەڵناگرێت ئەویش متمانەی بەگەلی و بەکەسوکاریشی نەبوو. نەک گەلەکەی، بەڵکو تاکە سەرکردەیەک کە نێوانی لەگەڵ چاکبێت و لە جەژن و بۆنەکاندا نامە و پیرۆزباییان دەگۆڕییەوە و برا و برادەری یەکبوون: سەرۆک رادۆڤان کەرادیچ سربینیسیا، سەرۆکی بۆسنی- سربستان- کۆسۆڤۆ، بوو، کە ئەویش لە ساڵانی 92- 1995دا بەتاوانەکانی لەناوبردنی موسڵمانانی کۆسۆڤۆ، درایە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای. لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەودا"لە یۆگوسلافیای کۆندا دەستدرێژی کراوەتە سەر 25- 30 هەزار ئافرەت" کاکە وەیس. ل 66. کوشتنی دەیان هەزار و زیندەبەچاڵ و ناشتنی دەیان و سەدان گۆڕی بەکۆمەڵیشی لەسەر ئاشکرا بوو. (تەیری گول ئاشق بەداری زەقنەبووتە).

**7- مزگەوت رووخێن و قورئان سووتێنیی:** ئەگەر بەوەی ریسەکەیان دەبێتەوە خوری، گرژنەبن! ئەوا دەپرسین: کە گاورێک لە رۆژئاوادا ویستی دانە قورئانێک بسووتێنێت، سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی هاتە هەژان و ورووژا، بەتاوانێکی کەسنەکردە و کەتەی بێهاوتا زاندرا، بەخۆپیشاندان و گەف و سەرکۆنەکردن و داوای جیهادکردن بەرپەچی درایەوە. دەپرسین: بۆچی کە سەرکردەی مەزن،

ریشسپی کردارڕەش و هاوبیرانی، (4500) گوندی کوردی موسڵمانیان بەمـزگەوت و کلێسـا و بەدەیـان هەزار قورئـان و ئینجـیلەوە، بەژن و منـــداڵ و کەنەفتیـــانەوە، ســـووتاند، عـــارەبێکی خـــاوەن ویـــژدان، براموسـڵمانێکی هاوئـایینی کـوردان، گـوتەیەکی لەدەم دەرنەچـوو؟ یـان سووتاندنی مزگەوت و قورئان بەدەستی سەرکردەی موسڵمانان تـاوان نییە؟ ئایا داپۆشینی ڕەشەتاوانی موسڵمانان، بەرامبەر قورئـانی پیرۆز، بڕواداری و سپیکارییە؟. کە سەرکردە بۆ داپۆشـینی کردەکانی، لێرە و لەوێ مزگەوتێک بەسـامانی گەلـی عێـراق دروسـتبکات، یـان کاتێک لە کوشتنی چەنـدین بێدەسـەلاتی ژێردەسـتی دەگەڕێتەوە، بۆ چاوبەسـتنی موسڵمانانی سادە، بە بەرچاوی کامیرا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەچێت نوێژدەکات و قورئان دەخوێنێت.. "علامات المنافق ثلاپە: اژا حدپ كژب، اژا وعد اخلف، واژا اءتمن خان. و رابعهم: فـاژا خاصـم فجـر". نیشـانەی دووڕوان، ســــێیە.. ئەو چوارەمیشـــــی ڕەگەڵ خســــتۆتەوە: "ئەگەر دوژمنــداری کەســێکی کــرد، ئەوا بەدڕەوشــتی لەگەڵ ئافرەتەکانیــان دەکات.

ژیـران، بەدوای سـپیکردنەوەی ڕابـردووی ڕەش، کـات نـادۆڕێنن، خۆشـیان ڕەش نـاکەن، بەڵکو لە پێنـاوی ئاییندیەکی پـاک وپرشـنگداردا دەکۆشـن، خەبـات دەکەن بـۆ ئەوەی بە سـەربەرزی بـژین و بەمەزنـی بمرن، داهاتووی نەوەکانیان گەش و گەشاوەبکەن.

### ئازایەتی پێشمەرگەکانی کوردستان:

لە چەنــدین شــوێندا نووســەر ویســتوویەتی بەوردی، ئــازایەتی لەشـکرەکەی خـۆی پیشـانی خـوێنەر بـدات، بەڵام درشـتبینی نـیمچە شارەزایش، دەتوانێت لە نێوان دێرەکاندا، نەبەردی و بوێری و بڕوای

پــتەوی پڵنگەکــانی کوردســتان، زۆری و زلــۆری و زۆری زۆرداری قەڵەزراوی و خنــۆکی و منــۆخی زلە لەشــکری خــوو کەمتیــار و سەرکردایەتییەکەی تێدا بخوێنێتەوە و تەرمی دڤە چنراوەکانیشی تێدا بدۆزێتەوە! نموونە:

"لە کـاتژمێر هەشـت و نیـوی 1974/6/19دا بەر لەوەی دەسـت بە هێرشــی نــوێ بکەیــنەوە، ســەردار ســیلە عەبــدولڕەحمان سووســە لە بارەگـای سـەرکردایەتی باکوورەوە گەیشت، زۆر قەڵس و تووڕەبوو، ســەرلقی ئــێمەی بەتــۆمەتی کشــانەوەی بــێ فەرمــان تاوانبــار کــرد" الحمــداني، ص 45. (لێــرەدا لە نائاگیــدایە و ئاگــای لە بەروپشــت و دەوروپشتی خۆی نەماوە، بەدەم خەوەوە چەمکێکی پەردەکە (فەرمانی کشانەوەیان) لەسەر (بەزین و دۆڕاندەکەیان لادەدرێت).

" دەرفەتی بۆ چەندین تانکان ڕەخساند.. لە ئاسمانی ناوچەکەدا پۆڵە فڕۆکەی سۆخۆی جەنگیم بینی.. بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن داوای هێـزی پیـادەم کـرد. لە مـاوەی نیـو کـاتژمێردا هێـزی پیـادەم بینـی لە زرێپۆشــــەکانی جــــۆری (BTR 60) بــــارکرابوون. لە یەکەم گەوەی ڕێـگەکەدا چەنـدین مـین لە ژێـر زرێپۆشـی یەکەمـدا تەقیـیەوە.. لە دوای دوو کـاتژمێردا چەنـدین کۆمەڵە سـەربازی هێـزی تـایبەتی گەیشـتن کە خەریک بوو لە تێنواندا دەخنکان، چونکە کۆپتەرەکەی ئاوی بۆ دەبردن کەوتبوو، ئاومـان دانـێ " الحمـداني، ص 46. (لێرەیشـدا، لە بـری ئەوەوە دەڵێـین: فـڕۆکەکە، خرابـووە خـوارەوە! دواتـر ناڕاسـتەوخۆ لە ئـاداری 1975 لە چۆمانــدا لە کوشــتنی فڕۆکەوانــی دیلکــراودا لە نائاگــاییەوە ڕاستییەکە دەردەکەوێت. ناچـارین یـارمەتی بـرای گەورەمـان بـدەین و شتە بیر نەماوەکانی بخەینەوە یادگە. ئاخۆ ئەم پشێوییەی ئەم هەمـوو هێـزە، لە ئەنجـام چـی هـاتۆتە کـایەوە؟ دەبێـت تەیـرەڵ ئەبابیـل لە

ئاسمانەوە بەردەبارانی لەشکری ئەبرەهەیان کردبێت؟ یانە گەلە دێو بەسەری داداون؟ هەمووشتێک دەبێت. تەنیا رووبەڕوو بوونەوەی پێشمەرگە نەبێت ! کە هەر ئەویش بوو.. نووسەر بەپەرۆشەوە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا باسی هەڵگرتنەوەی چەند مینێکی دژەتانک دەکات. لە شروان بۆ شەهید و بریندار بوونی کارمەندانی ئەندازەی سەربازیی بەهاوار دەگری و شین دەگێڕێ! کەچی بەچاوی زەقییەوە بەدیار گوند و باخ و رێگە و کێڵگە و کانی و پاوان و چیاکانی باکووری وڵاتەکەی وەستابوو، کە ئەم ئەندازەی سەربازییە، چەندین ملیۆن مینیان، بۆ ژن و منداڵی رەوەندی دەوارنشین و جووتیار و گوندییان، بگرە بۆ ئاژەڵە کێوییەکانی کوردستانیش چاند. ساڵانە و مانگانە و رۆژانە تاکو ئێستایش دەتەقنەوە و خەڵکی هەژار و بێئاگا، ئاژەڵی بەستەزمان لە هیکرا دەکوژن، یان بێ پێ و بێ پەلیان دەکەن. کار گەیشتە ئەوەی: رێکخراوێکی خێرخوازی جیهانی لە هەندەرانەوە بێت و کارگەیەکی دروستکردنی دەست و پێی دروستکراو لە (سۆران) دابنێت. کەچی ئەویش بەدیاریان وەستاوە، هایی یان رای لێ نییە، باسی تاکە مینێکیشیان بکات؟

لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەی 2010/10/25دا لە کەناڵی دەنگوڕەنگی (السومریە)دا نوری مالیکی- سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد: یارمەتی عێراق بدەن، بۆ ئەوەی لە مین پاکبکرێتەوە، چونکە لە خاکی عێراقدا 27 ملیۆن مینی چێندراو هەیە. هەر لە هەمان دەنگ و رەنگەوە لە کاتژمێر هەشت و نیوی ئێوارەی 2010/11/5 گوتە بێژێک بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گوتی " سێ ملیۆن و نیو کەمئەندام لە عێراقدا هەن".

وەزارەتـی تەندروسـتی عێراقـی فیـدرالیش بەبـۆنەی ڕۆژی مـافی مرۆڤ و ڕۆژی مافی کەمئەندامانەوە لە 2010/12/20دا ڕایگەیاند: دوو ملیـۆن و نیـو کەمئەنـدام لە عێراقـدا هەن، واتە ڕێـژەی 12،5% دانیشتوانی عێراق کەمئەندامن.

ئای خودا کە مرۆڤی لامل لاڕێی گرت، کە دەسەڵاتدار لەگەڵ ڕەوادا ناڕەوابوو، ئاو سەرهەوراز داژوات، گەر کەڕوڵاڵێکیش بڵێ "ئۆۆۆییی" ئەوا بەزیندووەتی کەوڵەکی لەبەر دادەڕنن و لەتوپەتی دەکەن.

"بەهۆی خراپ خەملاندنی بایەخی بەرزاییەکانی (قهر السمکە)وە!؟ لەلایەن فەرماندەیی تیپی هەشتەوە کە ڕاگر سیلە: تەها شەکرچی، فەرمانداری بوو، ئەم پیاوە بەسەرەڕۆیی ناوی دابوو" (ئەگەر سەرەڕۆبوو چۆن بوو بەڕاگر سیلە؟ چۆنیش کرایە سەرتیپ؟ ئەمە خۆ لە خوا کردن و پاساوە بۆ تاوانەکانیان لە کورد کوشتندا. بۆچی نووسەر خۆی لە ژمارەی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی لەشکر و زیانە زۆر و کوشندەکانی گەلی عەلی بەگ دەدزێتەوە، یا مەبەسی داپۆشینی زیانەکانیان و فەرامۆشکردنی نەبەردایەتی پێشمەرگەیە؟). ڕەوشی شەڕەکەمان لە گەلی عەلی بەگ زۆر نالەباربوو" الحمدانی، ص47.

"لە 74/8/2دا هێرشمان کردە سەر بەرزاییەکانی دەڕوانە سەر ڕێگەی عەربەد- دەربەنیخان.. فڕۆکە پەروانەدارەکەی سەرکردایەتی هەرێمی باکوور، بەیاوەری سەرتیپی تیپی دوو، زۆری نەمابوو بەئاگری دوژمن (سەختی ڕووبەڕوو بوونەوەکە و دەستە و یەخەیی شەڕەکە دەنوێنێت). بخرێتە خوارەوە.. کەچی کەوتنە خوارەوەی (دیسان شەرم دەکات بڵێت: خستنەخوارەوەی!. دووریش نییە بەهۆی بۆردوومان و سووتان و چڕە دووکەڵەوە، چاوی پێکان و گڕگرتن و

کەوتـنە خـوارەوە و سـووتانی فـڕۆکەکەی نەدیتبێـت، حەزمـدەکرد پاسـاوێکی باشـتری بـۆ دروسـت بـکەم، بەڵام بـۆم نەکـرا. بەڵکـو ئێـوە باشتر بەهانایەوە بچن! چونکە پیاوەکە: سەرێکی مەزن و شارزایە. لێی قەومـایە بـۆیە سـەری لێـی شـێوایە.) دوو فـڕۆکەی جـۆری هـۆگرهەنتەر ڕووداوێکی خۆش نەبوو" الحمدانی، ص 48.

"بە لێکـدراوی لەگەڵ هێـزی دووەمـی ئامێرکـاری، بـۆ ئەوەی چیـای هەنـــدرێن ببـــڕین و بەرەو گەلاڵە بچـــین، خۆیشـــمان لە ڕووبەڕوو بـوونەوەی سـەخت دووربخەیـنەوە، لە نـاوچەی پردەکانـدا. لە ڕۆژی 27|9|74دا لە (چوارقـوڕنە)وە ڕووە و (سـەروچاوە) و بەرزاییەکـانی (بێتواتە) بچینە پێش، تاکو بیکەینە بنکەی هێرشـمان بـۆ سـەر شـوێنێکی زۆر تەسک، لە ناوچەیەکی سەخت و هەڵەت و پەڵەتدا.. لە سێ قۆڵەوە هێرشـمان کـرد، مـن بەتـانکەکەمەوە پێشـەنگی قـۆڵی ناوەڕاسـت بـووم، هێـزە بنەڕەتییەکەیشـی (بەتـالیۆنی 2 هێـزی 2) بـوو، ئەرکمـان گرتنـی لووتکەی **(النجمة)** بوو (مەبەستی نووسـەر (زینـی ئەسـێرۆکان)ە، مـافی بەعـارەب کردنـی ناوەکەیشـی داوەتە خـۆی.) دوای ئەوەی هەشـت کیلۆمەترێـک بەرەوپـیش ڕۆیشـتین، زەوی لێمـان هـاتەوە یەک، تانکەکانمان لە نێوان گابەردانـدا گیریـان خـوارد. ئەم مـاوەیە سـەختترین کاتەکـانی جەنـگ بـوو لە بـاکووردا، شـارەزایی و کـارامەییەکی چـاکم لە بوارەکـانی فەرمانـدەیی و چـۆنیەتی پاراسـتنی ورەی سـەربازانی گەمـارۆدراو و خـۆگری لە ژێـر تۆپبـاران و خـۆ بەدەسـتەوە نەدانـدا پەیـداکرد. شـەوانە چەکدارانی دوژمـن بانگیـان دەکـرد خۆمـان بـدەین بەدەستەوە (ئەوپەڕی ئازایەتی و مرۆڤ دۆستی پێشمەرگە دەردەخەن) نیمچە گەمارۆ درابووین، هاوەنباران کردن زۆر هەراسانی کردبووین، ناچاربووین بۆ ماوەی دووورودرێژ لەناو تانکەکانماندا بمێنینەوە..

له گەوەیەکـی ڕێـگەی گەلیـدا ڕووبەڕووی بەرەنگـارییەکی سـەخت بـوومەوە، زۆرینـەی سـەربازانی پەلـی ئەنـدازەی سـەربازی کە بەپـێش تـانکەکەی مـن کەوتبـوون لێـدران و پێکـران، گـوللەیەک بەر ملـی سـەرپەلەکە کەوتبـوو، لە و پێکـدادانەدا ناچـاربووم تفەنـگ بەکـار بێـنم" الحمداني، ص 45.

"زیانەکـانی لەشـکری عێراقـی (لە جەنگـی یەک سـاڵەی کـوردان) گەیشتە شەست و سێ هەزار. زیانی لایەنی دیکەیش بەتەواوی نازانین. هەرچۆنێک بێت، پیاوانی سوپای دلێرمـان داسـتانێکی دیکەیـان لە پێنـاو یەک پارچەیی گەل و نیشتماندا تۆمارکرد." **المصدر السابق.**

ئاخۆ شەست و سێ هەزار پیاوی چەکداری سوپایەکی راهێنـراوی پڕ چەکی سەردەم، کە بەفڕۆکە و تانک و تۆپ پشتیوانییان لێ دەکرا و ئازووقە و تەقەمەنیشیان لە بڕان بوو، بەدەستی خێوان هـاتنە کوشـتن؟ یـان بەدەسـتی پێشـمەرگەی بەژمـارە کەم و بەچەک هەژار و بەبـڕوا پۆلا؟

لەشکری عێراقی لە جەنگەکەی سـەرکردەی مەزن لەگەڵ ئەمریکـادا، بەو ژمـارە زۆرە و بەو هەمـوو فـڕۆکە و تانـک و تـۆپ و کیمیـایی و چەکـــی دیـــکەی تـــاک و کۆکـــوژییەوە، بەم هەمـــوو توانـــا و هاریکارییـانەیەوە، تـوانی تەنیـا سـێ هەفـتە لەسـەر خـاکی خۆیـدا کنگە شـەڕ لە لاڕا و لە پەنـاوە لەگەڵ لەشـکری ئەمریکـادا بکـات. بەڵـێ ئەو لەشـکرەی ئەم ئوممەیەی تـۆ، بیسـت و یەک شـەو لە هەلاتـن بترازێـت توانـــای ڕووبەڕوو بـــوونەوەیەکی ئەوتـــۆی نەبـــوو، کە نەوێرۆکێکـــی درۆزان پێیدا هەڵبلێ. لەم مـاوەیەدا، هەر بە دووربەدووریـش، نەیتـوانی زیـانی مشـتە کۆلەیەکی قەلەزراوانەیشـمان پیشـان بـدات. لەوە دڵنیـاین ئەگەر شەست و سێ ساڵ لە لەشکری ئەمریکا و هاوپەیمانـانی بدابایە،

ئەوا هێشتا زیانی شەست و سێ هەزار سەربازی نەدەگەیاند، کە پیاو لە دیوەخانێکی ئەکادیمیی خێڵەکییەوە شانازی پێوە بکات، کەچی سالار سیلە، مامۆستای هونەرزان و ئەکادیمیی سەربازی، پاساوی نابەرامبەری هێزەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە! بەڵام نایەوێت بڵێت: سوپای بەغدا وێڕای هێزی زۆر و چەکی نوێی لە بڕان، فڕۆکە و تانک و زرێپۆش و ئاوو ئازووقە و...هتد هەبوو.

کوردە رووتەیش بەژمارە گەلێک گەلێک کەمتر و بەچەکی کۆن و فیشەکی داگیرایەوەی ناو فیشەکدانەکەی پشتی و توێشووە نانی مەزرەقەی کۆڵی و ئاوی مەتارەکەی قەدی و بڕوای پۆڵایینی ناخی بەملاوە شتێکی دیکەی نەبوو، ئینجا وەرە و بەراوردیان بکە! ئاخۆ نابەرانبەری نێوان ژمارە و توانای لەشکری عێراق و بوێری پێشمەرگەیش هەزار هێندە لەنگتر نەبوو؟ ئینجایش چەکی کیمیاییتان بەفڕۆکە بەسەریاندا داباراند!

لەو شوێنانەی کە لەشکری ئوممە دەشکێت، بیانووی بۆ دەدۆزێتەوە، وەک: هێزی دوژمن بەژمارە و بەچەکی سەردەم لەگەڵ هێزی ئێمەدا نابەرامبەر بوو. هێرشێکی لەناکاوی چاوەروان نەکراوبوو. زستانێکی سەخت بوو، بەفر 2م هاتبوو.. دەستی جوولەکە و ئەمریکا و ئێرانیان لە پشتبوو. کوردان هاریکاریی دوژمنیانکرد.. کە سوپای عێراقی دیلان دەکوژێت، ئەو دەیشارێتەوە، بەڵام ئەگەر سەربازێک لە شەڕگەدا کوژرابێت یان دیلێکی بریندار لە لای کوردان مردبێت، یاهەر کوژراو و مردووشیان نەبووبێت، ئەوا ئەو بۆ جوولاندنی هەست و سۆزی لایەنگرانیان، بەبڵند گۆ: "نامرۆڤانە دیلە عێراقییەکانیان کوشت".

کە الحمدانی سەرکردەیەکی مەزنی هێرشی مەیدانی سوپای عێراق بوو لە گرتنی کوێتدا، ناکرێت راستەوخۆ ئاگاداری کوشتنی دیلی کوێتی

عـارەب و موسـڵمان، تـالانکردنی مـاڵ و سـامان و بـازاڕ و دەزگاکـانی میـــری و ســـووتاندنی تەڕ و وشـــکی کوێـــت نەبووبێـــت بەڵام ئەو بەئەنقەست ژێرگڵیان دەکات."حازم جەواد لە زمانی حوسێن کاملەوە: دیلە کوێتییەکـان لە شـەڕگەدا کـوژران، ئەوانەی دیکەیـش هەر زوو لە ناو عێراقدا کوژران. گەڕان بەدوایاندا بێهودەیە." شربل، ل 86.

**داگیرکردنی کوێت:**

"رامیارکارانی سەهیۆنی دڵنیابوون، زلهێزان و وڵاتانی دەوروبەر، لە دەرئەنجامی سروشت و هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی عێراق و رەوتی سیستەمە سیاسییەکەی، بینیان ئەوی لە ئاسمانی خۆرهەڵاتی نیشتمانی عارەبدا هەڵدەچێت و دەدرەوشێتەوە، زەنگی گەشەکردنێکی ترسناکە، گـــۆڕانێکی مەترســـیدارە بـــۆ هاوکێشـــەی هێزەکـــان، پێویســـتی بە چـاوەدێرییەکی تونـد هەیە" الحمـدانی، ص 184. " بەڕوونـی توانـا و کارامەیی عێراقییەکـان، بردنەوەی جەنگی درێژخایەنمـان لەگەڵ ئێران بەپشتیوانی خودا دەرکەوت" الحمدانی، ص 184. (دیسان بەزمورەزمی گـۆرینە! کـۆنە قەوانە سـواو و گرەگـرِی دەنـگ گەڕەکەیە! ئەگەر ئەمە بردنەوەبێت؟ ئـاخۆ دەبێت دۆڕان چۆن چۆنی بێت!؟ ئەی خودا!. ئەی خەڵکینە!)

" هەر ئەم سەرکەوتنە دۆڕاندنەی ئەو دەیلێت: کە سـەرکردەی دانـا و پـڕ توانـا، حوشـترێکی بە مشککەروێشـکێک گـۆڕییەوەو. کێشـەیەکی بەکێشـەیەکی گەورەتـر و بەشـێوەیەکی کـاتی لە ملـی خـۆی دارِنـی. بە زۆرزانـی لە نەزانیدا، دواتـر خـۆی رووبەڕووی جەنگێکـی تەڕ و وشـک سـووتێنی ئێـران و عێـراق و نـاوچەکە کـردەوە. لە پـاش هەشـت سـاڵ کوشـــتن و وێرانکـــردن، (زارومـــارانێ) لە کـــوێ دەســـتی پێکردبـــوو،

پاشەوپاش، گەڕایەوە هەمان چوارگۆشە و ناویشی دەنێن سەرکەوتن!" هونەریی. ل 107

"نهێنییەک نادرکێنم گەر بڵێم سەرەتای بەکار هێنانی ئەم هێزە (مەبەستی گەل و سەرکردایەتی عێراقە.)، کە خۆی لە پڕۆژەیەکی مەزنی نەتەوەییدا نواند، ئەویش پڕۆژەی ئازادکردنی فەلەستین بوو: سەددام حوسێن دایڕشتبوو. لەگەڵ قەوارەی خەیاڵ و ویستەکانی ئەو دەگونجا. تەوەری سەرەکی و چەقی ویستی حیزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستیشە. دوای ئەو دیدەنییە بەتەواوی بۆم دەرکەوت، کە سەرکردایەتی عێراق بەمکوڕییەوە بیر لە پڕۆژەی نەتەوەیی- رزگارکردنی فەلەستین دەکاتەوە، چونکە ئەمە تەوەری سەرەکی بەعسە و بەراشکاوی رایگەیاندووە، وێڕای ئەوەی کە ویستی گەورەی سەددام حوسێنیشە، ناهێڵێت ئەم دەرفەتە زێڕینیە لە دەست دەربچێت." الحمداني، ص 185.

" لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ (جەنگی ئیراق- ئێران. هێندەی جەنگ کردووە، روون نەکرێتەوە لەوانەیە خوێنەری گەنج سەری لێی دەرنەچێت.) بۆ مانەوەی سوپا بەو شێوە زۆرەی و پڕچەکییەوە و بەبێی چالاکی نواندن، دوو بۆچوون هەبوو، یەکەم: دەبێتە هۆی لەکارخستنی بەشێک لە هێز و توانای گەل. (لە لایەک پیاوانی عێراقی سەربازبوون و بەکاری دیکە رانەدەگەیشتن، لە لای دووەمیشەوە نان و بەرگ و بەخێوکردنیان و چەک و پێداویستی سەربازی و .. بوودجەیەکی ئەستووری دەویست) پێویستە ئەرکێکی مەیدانی و چالاکییەک بۆ ئەم سوپایە بدۆزرێتەوە، ئەگینا دەبێتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی و نائارامی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

دووەم: عێراق کە خاوەنی ئەم لەشکرە بێت، ئەوا هەر بەراگەیاندن و گەف و چاوزەقکردنەوە و تۆقاندن، بەبێ پەنا بردنە بەر هێز، دەتوانێت چەندین دەستکەوتی سیاسی بەدەست بێنێت." عەلی- بەهرام. ل 126.

؟ئەلخەزرەجی: سەددام 350 بلیۆن دۆلار لە جەنگی ئێراندا وامداربوو، کە چل بلیۆنی هی وڵاتانی عەرەب بوو. لەم ماوەیەشدا کوێت و ئیمارات نرخی نەوتیان هەرزانکرد، سەرکردەی عێراق کوێتی بەوە تاوانبارکرد: نەوتی عێراق لە خاکی کوێتەوە دەردەکات و دەیفرۆشێت! لە کاتێکدا فەرماندەی هەڵخەڵەتاو وای دەزانی خۆی و عێراقی کردۆتە لەمپەر و پاسەوانی وڵاتانی کەنداو، چاوی ئەوەی هەبوو لەوامەکانیان خۆشبن" شربل، ل 202و203.

"پلانی گرتنی کوێت لە نێوان سێ کەسدا شاردرابۆوە: سەددام حوسێن، حوسێن کامل، عەلی حەسەن ئەلمەجید" هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 84- 86. تەها جزراویش کەسی چوارەم بوو مانگێک بەر لەئەنجامدانی پیلانەکە ئاگادربوو.

"نزار ئەلخەزرەجی لە کاتی جەنگی عێراق- ئێراندا، سوپا سالاری لەشکری عێراق بوو، لە کاتی داگیر کردنی کوێتیش هەمان پایەی مابوو بەڵام لەوکاتەی هێزی پاسەوانی کۆماری هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد، ئەو هایی لە (کا) ماشیش نەبوو" هەمان سەرچاوەی پێشتر، ل 176.

ئەلخەزرەجی: "سەرسامییەکە لەوە دابوو! چوار مانگ بەرلە داگیرکردنی کوێتەوە، سەددام بەرزترین خەڵات و نیشانەی ئازایەتی عێراقی کردە ملی میر (شێخ جابر ئەمیری کوێتەوە)" هەمان سەرچاوەی پێشتر ل 206.

له ساڵی(1990)دا سوپای دلێری ئوممە، بەفەرمانی سەرکردەی نەتەوە، وڵاتی کویتی عارەبی برای بەپێنج کاتژمێر داگیرکرد. فەرمانداری عێراق لە دوای گرتنی کوێتەوە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ سەرۆکی ئێرانی برا (فارسی مەجووس و زەردەبای خۆرهەڵاتی دوێنێ) نارد و لەدەزگاکانی راگەیاندنی ئاشکرا بڵاوکرایەوە و بەراشکاوی و بێپەنا و پێچ گوتی: ((ئەوەی ئێوە داواتان کردبوو، ئێمە لارییەکمان نییە و جێبەجێی دەکەین)) نەزار ئەلخەزرەجی: "تالانکارانی سەرەکی کە ئاویان لە کوێتەوە وەرکرد، بەپلانێکی رێکوپێک، سەرلەبەر وڵاتێکیان تاڵانکرد: کوڕ و زاوا و وەزیر و دەستوپێیەکانی سەددام بوون، سوپاکەیش چاوی لەوانکرد" سەرچاوەی پێشوو، ل 196. (فەرهود- تاڵان) پیشەی کۆنینەی خۆیانە: ((گەورە ئاوێ دەرژێنێت و گچکەیش پێی لێدەخشێنێت)) ئەوەیش بۆیان نەدزرا، ئاگریان تێبەردا، گڕیان بەردایە بیرە نەوتەکانی کوێت، گوایە دژی بەرژەوەندی رۆژئاوایە، وێڕای تەپاندنی ژێرخانی ئابووری، کاولکردنی ناوچەکە و تێکدانی ژینگەکەی بەدووکەڵی سووتان و پەترۆڵ و تەقەمەنی و تیشک و گازی کیمیایی، بەفیڕۆدانی سامانی سروشتی، نیشانەی گەمژەیی و شێتگیری بوو. دواتر هەموو زیانەکانیان دۆلار بەدۆلار، بەعێراق بژاردەوە. ئەمە دەردەکەیە، هەرجارێک بۆ ریش چووبێت سمێڵی لەسەرداناوە. ئەوانیش هەمیشە بەبەژن و باڵای شاسواردا هەڵدەڵێن.

الحمدانی لە سەرەتای پلاندانان و گرتنی کوێتەوە، تاکو تاڵانکردن و وێرانکردنی، وەک سەرکردەیەکی بەتوانا و دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیار، لەناو جەرگەی رووداوەکان بوو، کەچی دەیەوێت وا پیشان بدات کە سەرکردەی عێراق و سوپای عروبە فەرهودکار و تاڵانچی نین، بەڵکو ئەو رەوەند و کرێکارە بیانییانەی لە هەندەرانەوە هاتبوونە کوێت

کاربکەن، ئەوان ماڵی کویتیانیان بەتاڵانبرد.. لە کاتێکدا کوێتییەکان بە پەلەپڕوزە سەری خۆیان دەربرد و ماڵ و سامانیان لە ترسی تۆپ و فڕۆکەی عەروبە جێ هێشت. لە و کاتەدا هیچ دەرچوون و هاتنە ژوورەوەیەک بۆ کوێت نەبوو، جگە لە و ڕێگەیەی دێتەوە عێراق!

"ئەنجام و ئامانجەکانی جەنگەکەی کوێت، هەرچەندە تاڵ و خوێناوی و کارەساتی مرۆیی لێکەوتەوە، بەڵام پتر نەهامەتی عروبەچیان و خێری گەلانی عێراق، بەتایبەتیش شیعە و کوردی چەوساوەی لێکەوتەوە" رەسووڵ، ل 133. ستاندنەوەی مافی بەزۆر زەوتکراو، بەرێگەی راست و رەوا، ئەرکێکی پیرۆز و لەبارە، بەڵام تۆڵە و تۆڵەکردنەوەی بەناڕەوا، دزیوکارین، نەوتی ستەمە، دەکرێتە سەر ئاگری تاوانکاری خوێندارییەوە و بەئاسانی ناکوژێتەوە.

"رووخانی حوکمی سەددام حوسێن لە 2003/4/9دا تەنها رووخانی رژێمی فەرمانڕەوایی نەبوو، بەڵکو رووخاندنی حوکمی تاکە تیرەیەک و هۆزێک و رەگەزێک بوو، رووخاندنی بیروباوەڕێکی تاکڕەوی سیاسی بوو. ئەوەی بڵێت: بەغدا لە سەر دەستی هێرشە سەربازییەکانی رۆژئاوادا رووخاوە، ئەوە درۆدەکات و لێی شێواوە، چونکە بەغدا لە پێش هێرشەکە و لە دوای هێرشەکەش نەڕووخاوە، بەڵکو ئەوەی رووخاوە، فەرمانڕەوایی حیزبی بەعس و سەردەمی سەددام حوسێن بوو" ئەلنابلسی- بەهرام، ل 2210-211.

کوێت گرتن، هەر بۆ گەلانی کوێت و عێراق و وڵاتانی کەنداو و هەرێمەکە و رۆژهەڵاتی ناوین کارەسات نەبوو، بەڵکو رۆژهەڵات و رۆژئاوا تێیەوەگلاو بەگەلە کۆیی لێیاندا. سەرکردەی بلیمەت و دووربینیش نەک هەر دەسەڵاتەکەی، بگرە سەری خۆی و سەرانی بنەماڵەی و لایەنگرە دڵسۆزەکانی خۆیشی لەسەر دانا.

## دەستگیرکردنی سەرکردەی پاڵەوان:

"ئەحـــمەد چەلەبـــی: ئەمریکییەکـــان بەدەستکێشـــی عێراقییـــان لە 2003/12/12دا، سەددامیان لە نێو چاڵێکدا بەبێ بەرگریکردن گرت، کە باوەشـێنێک (پانکەیەک)ی کارەبایی و چەندین رەشـاش و حەوت سـەد هەزار دۆلاری ئەمریکـــی لە لابـــوو، بەبـــێ تەقە خـــۆی دایە دەســـت ئەمریکییەکانەوە"

((وەک پووره خوازێ گوتی: خوداکەی ئێمە و ئێوه کردی، ئەوەی ئەوان بەناڕەوایی کردیان و بەبێدادی خواردیان، بەتاڵان بردییان، رەوا کردییە ئاگر و لە تفنکانیان هاتەوە.))

## دادگایی کردنی سەرۆک و دەربارەکەی:

"بێگومـــان دادگـــایی کردنـــی ســـەددامی تـــاکڕەو و هاوکـــارە تاوانکارەکـانی، لە سـەر کوشـتن و تۆقانـدنی گەلـی عێراقـدا، کـارێکی ئاسـان نیـیە، بەڵام بـایەخەکەی لە دەرخسـتنی تاوانەکـان دایە، کە لە رۆژی دەســـەڵاتگرتنە دەســـتیانەوە لە 1968/7/17ەوە تـــاکو رۆژی دەسـتگیرکردنی سـەرکردەکەیان لە نێـو کـونە رێـوییە نـاودارەکەی" عبود.محکمە. ص 185.

"داواکاری گشتی لە دادگایی کردنی ئەنفالچییەکاندا گوتی "کاسێتی دەنگورەنـگ و چەنـدین بەڵـگەی دیـکەی چەسـپێنەرم لایە، بەڕوونـی دەیچەسپێنن کە خودی سەددام لە هەشتاکاندا فەرمانی داوە بەچەکی کیمیایی لە کوردە عێراقییەکان بدرێت" عبود.ص 79 و 84.

لە دادگایی کردنیـان لەسـەر هەر تاوانێکدا بڕیـاری لە سـێدارەدانی چەندینیان و بەندکردنی هەتاهەتایی و.. بەجینۆساید ناساندنی زۆرینەی تاوانەکـان دەرچـووە، هەر یەکە و پەرتـووکی سـەربەخۆی لەسـەر

نووسراوە و لە ماڵپەڕی تۆڕی ئەنتەرنێتیشدا بڵاو کراونەتەوە. ئێمە لەم دەرفەتە تەنگەدا تەنیا نموونەی چەند دەقێک و چەند تێبینییەکی خێرا دەخەینە بەرچاوان و وەبیر نووسەریشی دێنینەوە، نەوەک لە یادگەیدا ژەنگن بووبن یان سووتێندرابن.

"سەددام لە دادگاییکردنەکەیدا، ئامـاژەی بەوەکـرد کە دوورخستنەوەی خێزانە عێراقییەکان و دەستبەسەرکردنیان لە بیابانی نوگرەی سەلماندا، بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و یەککردنیان بوو، لە بەرژەوەنـدی ئەوانـدابووە" عبـود. قچـیە، ص 39. ناچـارین بڵێـین سـەرکردەی گەل و هاریکـانی، لە بەرژەونـدی دابوونیانـدا راسـت دەفەرموون، مەبەستیان دادپەروەری لەستەمدابوو، نیازیشیان وابووە، نێر و مێ گەورە و بچووکی بەرهەڵستکارانیان، یەک چارەنووسیان هەبێت. ئەدی ئەوە نییە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بەیەکەوە کۆکراونەتەوە و یەکیان گرتووە!. سەرکردە پیاوێکی رەسەنی ئوممەیەکی نەمرە، لە چیرۆکە دڵدارییە فۆلکلۆرییەکانی گەلەکەیدا بیستوویەتی کە دڵدارێک و دڵبەرێک لە ژوانگەدا بەتاسەوە سوێند بۆ یەکدی دەخۆن و دەڵێن: ((سوێند بەخودا و بەئەشقی پیرۆز دەخۆم: یان بۆ تۆم یان بۆ گڵم)) بەڵێ ئەوانە ئاشقی خاک و گڵی خۆیان بوون، بۆیە سەرکردەی مەزن و گەلویسـت، یـارمەتی دان، تـا بەدڵبەرەکەیـان بـگەن. پێویسـتە ئەم هەڵوێستە مەردانە و کەسنەکردەیەی بکرێتە نموونەیەکی زیندوو، بۆ مێژووی رابردوو و داهاتوو.)

" لە میـانی گەواهیـدانەکەی تـاریق عەزیـزدا، کە لە سـەردەمی ستەمکاریدا سیاسەتمەدار و بڕبڕەی پشت و جێگر و وەزیری دەرەوە و راوێژکاری یەکەم بوو، سووک و چرووک کردنیانی بەسازشکردنی بێبەرامبەر بۆ ئەمریکا و داننان بە ئیسراییل و عێراق لەسەر خوانێکی

زێــڕین دەرخــواردی کۆمپانیــا و بەرژەوەنــدییەکانی ئەمریکــا بــدات، ئاشکراکرد، بەڵام کاتەکە درەنگە و سەرۆک سەددام ئێکسپایەر بووە و ڕۆلی هەتا هەتایە بەکۆتا هاتووە" (**عبود. قضية . ص 148**) سەددام ویســتی بەر لە دۆڕان و ڕمانیــدا هەمــان گەمەی ڕێککەوتننــامەکەی جەزاییر (کەناری هەڵدێران) دووبارە بکاتەوە، لایەنگرانیشی چەپڵە بۆ ســــەرکەوتنە مەزنەکەی بکـــوتن، بەڵام بەدرەنـــگەوە زانـــی دەردی حەمەرەزا شای ئێرانی گرتووە، دونیای لێ بۆتە چەرمی چۆلەکە و هیچ شوێنێک لەسەر گۆی زەمین نایگرێتە خۆ.

کاتێک دەفری ستەم لەسەری ڕژایەوە، شای بەغدا لێی گۆڕا، پێی لەبەرخۆی چوو، تەنیا خۆی بەنێر زانی، بویە فریشتەی یاری هەیپێی لێکرد، ڕۆژگاری تووش داپڕسایە، شەوگاری دێزە نێرەکەرتۆڕی کرد، کەمتیــار و گورگـــانی دەوروبەر لێـــی گڕبـــوونەوە، کـــاتێکی زانـــی شاپترێنکرا، قەیسەری لێ بووە کونە مشک، لە نێو کونە ڕێوی دەریان هێنا، ئینجا زانی خواردن ڕیتنی دەوێت، خواردنی بەناڕەوا ڕشانەوەی هەیە، ئەوەی بەستەمی لەرادەبەدەر هەڵلووشێت، ئەوا لە کونە لووتی دێتەوە.

" ڕێکەوت و هەڵکەوتە سەرسوڕهێنەرەکە لەوەدابوو، کە سەددام پێشتر لە هەمان شوێندا، سەدان بگرە هەزاران کەسی عێراقی بێتاوانی لێ لە سێدارە دابوو. هەر لەوێوە بکوژەکەیان لە سَیدارە درایەوە. هەرگیز بەبیری دا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویش لە و شوێنەی کە جێگەی کاری ڕۆژانەی خۆی بوو کۆتایی دێت" (**عبود. قضية. ص 105 و 118 و 186**).

تێککـردنەوەی ســێ ڕێکەوتــی دیــکەی ســەیر ئەوەبــوو: لەوکـاتەی شاسوار دانیشتە سەر کورسیی سەرکۆمار (ئەو کورسییەی لە ئەحمەد

حەسەن بەکری سەند). یەکەم بڕیاری: گرتن و کوشتنی 54 سەری هاوڕێی و هاریکارانی خۆی بوو. کە بەزی و لە کورسییەکەی دابەزی، بڕیاری، گرتن و دادگایی کردن و لە سێدارەدانی 52 سەرکردەی هاریکاری دەرچوو. ئەم دوو ژمارەیەش لە رووی شیکردنەوەی ئامار‌دا یەک ئەنجامە، جیاوازییان لە نێواندا نییە.

دووەم هەڵکەوتەکەی دیکەیش ئەوەبوو، چی بەسەر عێراق، بەتایبەتی بەسەر گەلی کورد هێنابوو، هەمان شت بەسەرخۆی بنەماڵەی و هاریکارانی هاتەوە. جیاوازی لە نێوان وێکچوونی ئەم دوو لەناوچوونەدا ئەوەبوو: ئەوان لە ئەنجامی ناڕەواییدا بەڕەوایی لەناوبران، کەچی بەناڕەوایی کردن بەرامبەر کوردان، کورد بەڕەوایی مایەوە. لە دوای دادگایی کردنێکی ئاشکرا.

دووەم: سەرۆک زۆر حەزی بوو بەبۆنەی سەرە سالانی زاییندا خەڵک بکوژێت، ئەویش لە 30/ 12 لە سێدارە درایەوە. سێیەم "سەددام لە لایەن دادگای بالای تاوانەکانی عێراقەوە لە دوای (41) دانیشتنی دادگایی کردن، کە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنەکەی بەتۆمەتی کوشتنی 168 کەسی دانیشتووی دوجەیل بوو" عبود.. ص 79 و 84. بڕیاری لە سێدارەدانی لە رێکەوتی 2006/11/5دا دەرچوو، لە 11/25دا دادگای پێداچوونەوە، بڕیارەکەی پەسندکرد. لە رۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، لە رێکەوتی 2006/12/30 لە بەغدا لە سێدارە درا" عبدە، ص7 و 8 و 34. (ئەو بۆخۆی بۆ کوشتنی خەڵک پێویستی بەدادگا و مادگا و پەت و سێدارە نەبوو، جێبەجێ بڕیاری دەدا و زۆرجاریش بۆ دامرکاندنەوەی دەروونی گڕگرتووی، دەست بەجێ و هەربەدەستی خۆی دەیکوشتن، یان دەبوو لەبەر چاویەوە بکوژرێن.)

کندری قناره خرایه ملی، بەدەم گیاندانەوە هەڵدەلەرزی، تاکو دڵی نە وەســتا و جەســتەی نە تەزی، گەلــی عێــراق و دەوروبەری دوور و نزیکی ترسی ئەم دەعبایەیان لە دڵ دەرنەچوو. چونکە سات لە دوای ساتدا پتر شەیدای سامان و دەسەڵات و ناوبانگ و حەزە شێتەکانی دەبوو و پتریش سواری ئەسپی بێلغاوی رک و کینە و سەرکەشی.

"لە نیسانی (1989)دا، راسپێردرام ببمە ئەندامێکی کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەکانی هەواڵگری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی لەشکری ئیسرایل، بەدرێژایی 600 کم لە سنوورەکانی سووریا – ئیسرایل، ئوردەن– ئیسرایل. قسەیەکی خۆشی جووتیارێکی ئافرەتی ئوردەنیم بیرکەوتەوە، کە گوتی "ئایا تۆ ئەفسەرێکی عێراقی نیت؟". "گوتم بەڵێ.". گوتی "چی تۆی هێناوەتە ئێرە ؟" گوتم: "ئایا لەماڵی خانەخوێدا لە هۆی هاتنی میوان دەپرسن یان رێزی دەگرن"؟ گوتی "بەخودا ئێوە و سەددام حوسێن دەخەینە بان سەرمان، ئێوە ئابڕووی ئێمەن، بەڵام وای بۆدەچم: کە ئێوە بۆ جەنگ هاتوون. خودا بێ وەیتان بکات. کە لە کارەکەماندا لە سنوور نزیک کەوتینەوە، لە ناکاو بینیم سەربازانی دوژمن بەڤیدیۆ و فۆتۆ وێنەمان دەگرن، ئێمەیش جلی سەربازی عێراقیمان پۆشیبوو" الحمدانی، ص 187.

ئەگەر کەوانەیەکی بچووکمان پێ رەوا ببینن ئەوا زۆر بەپەلە دەپرسین: چۆن دەبێت نووسەر خۆی هێندە کەمزان و کاڵ ئەقڵ بنوێنێت؟ کە تەمەنێک خوێندن و ئەزموونی لە بواری سەربازی و هەواڵگریدا هەیە و بەڕاشکاوییەوە شانازییان پێوە دەکات! چۆن هێندە بەئاشکرا و بەجلی سەربازی عێراقییەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری دەچێتە سەر سنووری دەوڵەتێکی وەک ئیسرایل؟ کە پیرەژنێکی جووتیاریش دووربەدووری بزانێت ئەمە ئەفسەرێکی

عێراقییە و چاوەدێری سنووری جوو دەکا؟ هێندەیش بەکەمتەرخەمی و نائاگاییەوە لە سنوور نزیک بکەوێتەوە کە سەربازانی دوژمن، لە ناکاو، راستەوخۆ لە نزیکەوە وێنەی بگرن؟. وادیارە خودا بەهانایەوە چووە دەربازی کردووە!.

ئاخۆ هەرکەسێک مانگێک سەربازی کردبێت، حەفتەیەک لە شەڕگەدا ژیابێت، رۆژێک لە هەواڵگری کاریکردبێت.. دووربەدووریش نووچەی جەنگەکانی ئیسراییل - عارەبانی بیستبێ، دەیان نیشانەی سەرسووڕمان و پرسیار، دەربارەی ئەم رۆماننووسەی لەلا گەڵاڵە نابێت؟ لە کاتێکدا هەر بەخۆی دەفەرمووێت: "بەر لە گرتنی کوێت بەشێوەی یاریدەدەری لێخوڕی تڕێڵە (بۆ تێدا بزرکردن و نەناسینی) بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی چوومە ناو کوێتەوە!" الحمداني، ص 197.

ئەگەر ئێمەیش وەک نووسەری یادەوەر هەڵوەستەیەک بکەین و هەڵبەستەیەک لە شوێنی پێویستدا بکەینە هەڵوێست، ئەم چیرۆکە رووخسار راستییەتان بۆ دەنووسین: بێوەژنێکی جووتیار، بەدیار تاکە کوڕەکەیەوە دادەنیشێت، بەبێوەژنکۆشی گەورەی دەکات. دەیەوێت بەر لە مردنی ژنی بۆ بێنێت و بەبینینی نەوەی خۆی خەمی دڵی بڕەوێنێتەوە. کیژی ژنە جووتیارێکی زیرەکی ئوردەنی بۆ دەخوازێت، کە کچە بۆ کوڕەکەی دەگوازێتەوە، تا چەند مانگێک کوڕە هەر دەڵێت " بەستراوم، بەزاوا نابم"، ئەویش بەگومانەوە دەڕوانێتە گوفتار و کرداری کوڕ و بووکەکەی. دەبینێت هاولیسێکی زۆر رێک و پڕپێکن. دادەمێنێت و بۆ سایەدی (چاوەدێری) تێیان رادەمێنێت، کاتێک بێوەژن دەبینێت بووکەکەی بێزوو بەلیمۆی ترشەوە دەکات و لە تاواندا پەرسیلە بەخوێ و کوتکە (فەریکە) هەنار دەخوات. لە ناخەوە

رادەچڵەکێت!. هەرچۆنێک بێت خۆی دەگرێت، کە ئێوارە کوڕ و بووکی لە پاڵ یەکدی دادەنیشن و قونجرک لە رانی یەکدی دەگرن، بەچاو یەکدی دەلسنەوە، بێوەژن لە ناگزوریاندا بەقوڵپی گریانەوە دەڵێت: کوڕم! ئەگەر شەرم لەخۆتان ناکەن! باکتان بەخەڵک نییە! لە خودایش ناترسن! بەزەییەکتان بەمنی خۆشی لەخۆ نەدیو، تەوێڵرەش و سەربەهەشی داتەپیو دابێتەوە!. دەترسم خەڵک بڕواتان پێبکەن. کە واقەی منداڵ لە ماڵمانەوە بیسترا خەڵک بڵێن: بێوەژنە تەڕوبڕەکە زۆڵی داناوە و بەکوڕ و بووکەکەی دایدەپۆشێت.

ئایا سوپا و دەزگای هەواڵگری ئیسراییل لە هی کوێت کەم توانا و خەوتووترە؟، یانە نووسەر لە خەودا قسەدەکات؟ یان خوێنەر بەنووستووی بەر باران دەزانێت؟ کوڕی بێوەژنێ

"شتێکی سەیر بوو کە سوپاسالار، نەزار خەزرەجی، لە دانانی پلانی گرتنەوەی فاو، بێ ئاگا کرابوو، لە کاتێکدا هاریکارانی: سالار سیلە حوسێن رەشید تکریتی، سابیر ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری و یاریدەدەرەکەی وەفیق ئەلسامەڕایی و چەندین گەورە ئەفسەری دیکەی وەزارەتی بەرگری، بەشدارییان لە دانانی پلانەکە کرد. لەم رەفتارەدا خەزرەجی دڵی لە سەددام یەشا و لایەنگریەتی و دڵسۆزییەکەی بۆ سەددام لەلا کاڵبۆوە..." الحمدانی، ص 148-149.

سەردار سیلەی خانەنشین، دوکتۆر عەبدولوەهاب ئەلقەصاب، پێشکەشکەری ((قبل أن يغادرنا التأريخ)) دەڵێت: "ئەوکاتە من لە وەزارەتی بەرگری بووم، لە نزیکەوە ئاگاداری خەزرەجی بووم، خەزرەجی لەگەڵ وەزیری بەرگری بەیەکەوە لە بەرەی جەنگی باکووردا بوون، هەر لەوێ بەیەکەوە پلانەکەیان گەڵاڵە کردبوو و لەسەری کۆکبوون، پشتگیری خۆیشی دابووە وەزیری بەرگری و

بەیەکەوەش بەتەبایی کاریان کرد" (واتە نەک هەر ئاگاداربووە، بەلکو بەشدارییەکی کاریگەریشی لە پلانەکاندا هەبووە.)

پێم باشە ئێوەش لەگەڵ مندا، بەیەکەوە سوپاسی القصاب بکەین، چونکە لە پێشکەشکردنەکەیدا دەستی لە سنگی داوە و ئەشهەدووی راستگۆیی بۆ الحمدانی کردووە و باگۆی بۆ داوەتەوە. کەچی بۆچوونی ئەلقەساب دەربارەی نزار ئەلخەزرەجی لەگەڵ بۆچوونی الحمدانی تێک ناکاتەوە. وەک گوتمان ئەو دەڵێ نەزار خەزرەجی (سوپا سالار) بێ ئاگا کرابوو.. لەم دوو دەقەی بانەوەدا، دوو سەرکردەی سەربازی مەزن و لێزانی دێرین و راستگۆ و رەواپەروەر، دەکەونە بەرامبەری یەکدی، نازانین کامەیان راستبێژترە! ئێمەیش شتەکەمان بۆ روون نابێتەوە، هەروەک لە لای خۆیشیان تەماوییە. بۆیە دەڵێین: دەبێ نەبێت بڵێین هەردووکتان بۆ مێژوو دەدوێن هەرتک ناڕاستی دەفەرموون!

**رەگەزپەرستییەکی کوێرانە:**

" عەلی حەسەن مەجید لە ماوەیەکی کورت دەستی بەکارکرد، ئەوەبوو لە 10 /1987/4، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حیزبی و حکومی و ئەمنی بەست، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری نەهێشتنی گوندەکانی (مەبەست کوردستانە) پێ راگەیاندن کە شوێنەکانیشیان بکرێتە ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی.. لە سێ مانگی یەکەمی دەستبەکاربوونی، کۆمەڵێک دەستکەوتی بەرچاوی بەدەست هێنا، لە نەهێشتنی ژیان لە قووڵایی عێراقدا، لە دەشتەکانی هەولێر و قەراج و مەخموور و کەرکووک، تەنانەت گوندەکانی دەوروبەری شاری موسڵ و کەنارەکانی دیجلەیش، کە بەناوەڕاستی عێراقدا تێپەڕدەبێت گرتەوە. لەناوبردنەکە تەنیا ئەو گوندانەی نەگرتەوە کە

پشتگیری شۆڕشی کوردیان دەکرد، بەڵکو ناوچەی عەشیرەتەکانی لایەنگری حکوومەتیشی گرتەوە." جەزاییری. ل 61.

"عەلی لەسەر داوای سەددام بڕیاری کوشتنی ئەو کوردانەی دەرکرد کە خزم و کەسیان لەگەڵ پێشمەرگە دابێت. بەپێی نامەی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە 106309 کەوتنە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، دەیان هەزار کورد بەپێی ئەم بڕیارە گوللەبارانکران (بەزۆریش کوشتنەکان، یەکسەر و راستەوخۆ و بەبێ دادگایی کردن بووە.)، هەروەها عەلی حەسەن بڕیاری کوشتنی کوردە بریندارکانیشی دەرکرد" جەزاییری. بەر لە ئەنفال. ل 99-100.

"لە 1989/8/4دا کە بەرنامەیەکی چڕ و پڕ بۆ چاوەدێری باکوور بەفڕۆکەی سەمتی و بارهەڵگر و ترومبێلی سەربازی، بۆ فەرماندەکانی هێزی پاسەوانی کۆماری دەرکرا، باکووری وڵات لە ئاشتی و سەقامگیرییەکی نەبیندراودا خەملیبوو(ئەگەر بکرێت بپرسین: ئاخۆ لەو کاتەدا تەنیا و تەنیا (4500) گوندی کوردستان چۆل و وێران کوونە تێیدا نەیدەخوێند؟ کەروێشکێکی کوردیشی تێدا دەربکەوتایە فڕۆکەی سەمتی و مووشەکی دوورهاوێژ لە ئاسمانەوە و تۆپ و تانک و شەست تیر لە زەوییەوە ئاگر بارانیان نەدەکرد؟ یان عارەبیانە بڵێین: باز و سەگ راویان نەدەکرد. ئەگەر دڤ نییە و دەڤەرەکە لە ئاشتی و ئاسایشدا قرقێنەی دەهاتەوە! خولانەوەی سەمتی و سووڕانەوەی تانک و زرێپۆش و گەڕانی هێزی پیادە و سوارە، لە گشت کون و کەلەبەرێکی کوردستانی کاولکراودا، گەشت و سەیرانیان دەکرد؟) چونکە پێشتر و ئێستایش، ناوچەکە جێگەی چاوتێبڕینی چاوچنۆکە تواناداراکانی ناوچەیی دەوڵەتەکانی دیکە بوو (ناچارین پێی بڵێین دیسان بەزمورەزمی سیدیە کۆنەکەیە!. ئاخۆ هیچ لایەنێک هێندەی

رژێمی نەژادپەرستی بەغدا چاوی بڕیوەتە کوردستان؟ ئایا بەدرێژایی مێژوو هیچ دەسەڵاتدارێک ویستوویەتی، نەک کردوویەتی گەورە و بچووک، نێرومێی گەلێک لەسەر خاکی خۆی بەچەکی کیمیایی قڕبکات؟، نەتەوەیەک بەتەواوی زیندەبەچاڵ بکات؟ ئەگەر چەنگەقژەیەکیشی کرد، بیخاتە ئەستۆی ئەمریکا و ئیسراییل و وڵاتانی دەوروبەرەوە، یا بەم شەکرە تاڵانە پاساو بۆ ئەنفال و کیمیابارانی کوردان دێنێتەوە. بینینی بەڵگەنەویستەکانی کارەکانیان: گۆڕی بەکۆمەڵ، ئێسکوپرووسکی ژن و منداڵی زیندەبەچاڵکراو، درشت و وردی بەگاز خنکێندراوی کوردانە، نەک پسولە و بەڵگەنامەی هەڵبەستراوی نێوان بەرژەوەندی وڵاتان و گرێچنی بیری شەیتانە! هەرچۆنێک بێت لە کۆنەوە تاکو ئێستایش، هەر هێز خواردوویەتی نەک راست و رەوا ویستی، بە**ڵام** هەرگیزاوهەرگیزیش رەوا و راستی هەتا هەتایە بنگۆم نەکراون و ناشکرێن.) لایەنەکان بۆ ئەوەی سەروەری عێراق پێشێل بکەن، ئاگری یاخی بوونیان خۆشدەکرد(بەڵگەی دانپێدانانی هەبوونی بەرگرییە لە کوردستانێکی چۆلکراودا، ئەگەر نەڵێین نەکوژانەوە، یان هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کوردە.) بەڵگەنامەکانی هەواڵگری ئەمریکا و ئیسراییل و ئێران ئەمە دەچەسپێنن...

بۆ ئەوە هێزەکانی ئێمە بڵاوکرابوونەوە، تاکو پڕۆژەی گەشەکردنی گەورە دابین بکات، کە سەرکردایەتی سووربوو لەسەر ئەنجامدانی. ( دەپرسین: کامە پڕۆژەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە؟ جگە لە راکێشانی رێگەی سەربازی بۆ سەر چیا و ناوچە چۆلکراوەکان، ئەویش بۆ مەبەستی خێرا گەیشتن و گەمارۆدان و کوشتن و راوەدوونانی خەڵک و پێشمەرگەکانی کوردستان بوو! بیرم کەوتەوە! دەترسم مەبەستی پڕۆژەکانی سەددام بێت، کە لە لووتکە هەرە بەرزەکانی چیای

گارا و سەری حەسەن بەگ و...! ڕێگە و کارەبا و ئاوی لە ئاشاوە و ئەسپیندارەوە بۆ سەری گارا سەردەخست، کۆشک و تەلاری جوانیشی لە دامێنی گارا بۆ دەستوپێوەندەکانی هەڵدەنا، کارمەندی عارەبی عێراقی و میسری و بیانی دیکەیان دەهێنا پرۆژەکان ئەنجام بدەن. کەچی بەبیانووی پاراستنی نهێنی و ئاسایشەوە، کوردی دەرکراوی ناوچەکە و ئەوانی دیکەیش، بگرە جاشە باشەکانی دهۆک و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەیش، جێگەی متمانە نەبوون. قەدەغەبوو، کاری کرێکاری ئاسایی تێدا بکەن!. یان بەوێدا تێپەڕن!.

لەوکاتەدا تەنیا سوپای بەغدا و سیخوڕەکانی و قەل و کوند، لە سەرتاپای گوند و شارۆچکە دوور و نزیکەکانی کوردستاندا دەیانخوێند، بەراز و گورگ و کەمتیار و توورگ جلیتانییان تێدا دەکرد!). ڕێگە نوێیەکان جێگەی دڵخۆشی بوون، کە ناوچەکانی بە یەکدییەوە دەبەستایەوە، بەڵام ئەنجامدانی هەندێک کار، زیانی بەکوردانی دانیشتووی ناوچەکە گەیاند، وەک چۆڵکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی بەقووڵی (30) کم (ئاخۆ دەبێت یادەوەرنووس، ئەگەر نەڵێم چیرۆک بێژ، لەم بڕوایەدا نەبووبێت کە: کورد و سەرکردایەتییەکەی وەک چەندین کەڕەتی پێشتر، جارێکی دیکەیش کفن دەدڕن و ئەفسوون ئاسا لە گۆڕ دەردەکەونەوە، سواری باڵی دێوی سپی دەبنەوە، پێ بەزەنگار و دەست بەزەرگ و زرێوە، دەگەنەوە کەژەکانی باپیرانیان؟ وەک گەلە خێوی خۆنەویست دەکەونەوە بەرگریکردن، پەلاماری جەرگبڕیش دەدەن، مۆتەکە ئاسا سواری ملی بکوژانیان، داگیرکەرانی هەواری کۆنیان دەبن؟ بەڵی نەک هەر هەڵەیان کرد و هزریان ئەمەی نەبڕی، بەڵکو لە لووتبەرزی و کورت بینییاندا، لە خەونی شەوانیشدا ئەمەیان بەبیردا نەدەهات، بەڵام کە زۆرکاری لە ئەندازە دەرچوو، پەتی ستەم لە

ئەستووریدا پسا، هەلەکە هات، ئاپۆرای نێژراوی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان، حەشاماتی کۆتکراو، راستییە زیندە بەچاڵکراوەکان سەریان هەڵدایەوە، راستبوونەوە، فریشتە ئاسا باڵیان گرت و بەباڵێک، بەمژۆڵ لێک دانێک، گەیشتنەوە ئەم کوردستانەی ئەوان ناویان نابوو ((شیمالینال حەبیب)). نووسەر تاکو ئێستایش هەرخەوتووە و خەونی حوشتر دەبێنێت و هەر چاو لەڕێیە دەست و دەسەڵاتی زەبروزەنگ و داپلۆسین و قڕکردن، بژیەتەوە و کوردستان بەچۆلکراوی ببینێت و ماڵی بباتەوە سەرسەنگ!. ئاخۆ رۆژگاری ئەوانەی دەرکران، گیران، کوژران، گومکران، بەزیندوویی چاوان بەبەر چاوی جیهانەوە لە چاڵنران لە بیر دەچێتەوە!).

سەرتیپی، تیپی (38) و سەرۆکی سیلەکان خانووەکانی خۆیان لە سەرسنگ خستە ژێردەستم، منیش لە 1989/8/23دا، خێزانەکەم بردە ناوی، رۆژگارێک بوو لە یادناکرێت" الحمدانی.

دەپرسین خانووی سەرسەنگیان لە کوێ دەست کەوت؟ ئایا سەرسەنگ تاکە ماڵێکی کوردی تێدامابوو؟ ئەگەر رۆژەکانی ئەو رۆژگارەی تۆ لەخۆشیاندا لە یاد نەکرێت! چۆن رۆژگاری رەشی خەڵکی دەڤەرەکە: کوشتوبڕی و دەربەدەری میلەتێک لە بیردەچێت؟ "سەر هەڵێنە و خوا ببێنە!." بڕواننە ئەم یادەوەرییە، وەک نموونەی هەزاران بیرەوەریی کوردانی هاونشتیمانی الحمدانی لە( شیمالئەحەبیب). بزانین چۆن لەبیر دەکرێن:.

- خەون: عەبدولکەریم مەلا عەبدولڕەحمان مەلا ئەحمەد مەنتک، لەدایکبووی ساڵی 1955، لە 1982/1/8دا ماڵی لە خانووەکانی کێڵگەی پەلەوەری باکوور- هەولێر و کارمەندی کێڵگەکەیش بوو، خۆی و هاوسەرەکەی (حەسیبە مەلا سەدیق و کۆرپە کوڕێک (بێستوون لە دایکبووی 982/4/5)ی لە ماڵوحاڵێکی خنجیلانەدا دەژیان. وەک لاوە

لاوییەتی سووتاوەکانی ئەو سەردەمە تاریکە، لە 1982/9/2دا ناوی بۆ بێگاری سەربازگیری بانگ کرا، کرایە سەرباز و ناردرایە جەنگی قادسیەی قەقنەس. لە بەرەی جەنگدا چاوی بەکوشت و کوشتار و سەربڕخانەی مرۆڤان دەکەوێت. بۆ دەربازکردنی گیانی لە سەربازی لە ڕێکەوتی 83/3/24 رادەکات، دێتەوە هەولێر، شوێنی نشتەنییەکەی دەگۆڕێت و دەچێت لە گەڕەکی رووناکی خۆی دەشارێتەوە. ئەوکاتە مردن سێبەری سەربازی راکردوو و رانەکردووبوو.

کەریم دەستەوئەژنۆ بەگیرفانی برسی و دڵی پڕ ترسی لە ماڵەوە بەدیار بێستوونی نەخۆشی کەس لێ نەپرسی، کە تووشی ئیفلیجی بووبوو و حەسیبەی دووگیانیش لە نەخۆشییاندا لە گیانەڵا دابوو. شەو و رۆژ خۆی دەخواردەوە. کەریمی بەختنەیار وێڕای باری گرانی هەژاری و نەبوونی و زۆربوونی پەژارە و ترسی لە سەردانی، لە ڕێکەوتی 87/3/9 لە دەرگاکەیان دێتەدەرەوە، یەکسەر دەستەیەکی پیاوگرانی رژێم، وەک هەڵۆی برسی بەسەری هەڵدەبن، قیرەبڕی دەکەن، لەگەڵ چەندین بەدبەختی دیکەدا، بەناوی لەشکری میللی و خۆبەخشین بۆ بەرگریکردن لە ئابڕووی گەلی عێراق و سنووری رۆژهەڵاتی نیشتمانی عارەبان و شکۆداری ئوممە، بەرەو سەربڕخانەی قادسیەی سەددام رەوانیان دەکەن. بەڕێکەوت شەو لە کەرکووک لە نێو سەربازگەکەی تۆبزاوەی چواردەور بەشوورا و تەڵدڕ و کارەبا گیراودا دایان دەکەن.

کەریم سەربازی راکردووە، ئەو کاتەیش هەر سەربازێک رایبکردایە، ئەوا سزای خۆی و ئەوەی دالدەیشی دابوو لە مەرگ کەمتر نەبوو. بۆیە دەیەوێت بەر لەوەی بزانن سەربازێکی هەڵاتووە، دووبارە دەست بەچاویەوە وەدەنێت بۆی دەردەچێتەوە! هەرچۆنێک بێت لە تاریکە

شـەودا لە سـەربازگەکە دەردەکەوێـت و دوور دەکەوێـتەوە، بەپیکەبێـک دەگـاتەوە نـاو کەرکـووک، خـۆی لە پەنـایەک مـات دەکـات. دووبـارە دەسـتەی پیـاوگران دەگەنەوە سـەری، دەیگـرنەوە، بەڵام ئەمجارەیـان بەرەو فەرمانگەی ئاسایشی کەرکووک رایدەپێچن. پوختە و جوان چوار مێخەی دەبەستن، مێخکبەندێکی بۆ دەهۆننەوە و دەیخەنە ملی و دەڵێن: ئەوە یـاخییە، کـوردێکی نـاودار و کـارامە و بەدکـارە. هـاتووە لـوولەی نەوتـی بـاکوور هەڵبتەکێنێت، دڵسۆزانی میری بڕفێنێت، ئـاژاوە بنێتەوە، ئاسایشی شارەکە بشێوێنێت...

ئیدی بگرە و بکوتە: پێمان بڵێ کێ تۆی ناردووە؟ چۆن گەیشتوویتە نـاو کەرکـووک؟ کـێ داڵـدەی داوی و رێنـوێنی کـردووی؟ چەنـد کەس بەیەکەوە هاتوون؟ چەکەکانتان لە کوێ شاردۆتەوە؟ ئامانجتان کوشتنی کـێ و کـاوڵکردنی کـــامە شـوێنە؟ سـەر بەچ گرووپێکـی نـاوەخۆ و کرێگرتەی کامە دوژمنی دەرەکیمانن ؟

هێندەی دەکوتن و دەیکوتنەوە.. چەندین هونەری ئازاردانی کۆن و سەردەم هەیە، لەگەڵیدا بەکاردێنن. گەواهی دەری بەدرۆ لە پەنا پەردەوە لە دژیـدا ئـاگر هەڵـدەڕێژێت.. دواتـر رادەسـتی پۆلیسـی کەرکـووک و ئەوانـیش دەیـدەنەوە دەسـتی پۆلیسـی هەولێـر، لەوێشـەوە دەینێـرنە ئاسایشـی هەولێـر. لە ژێـر زەبروزەنگـدا پـرس و لێکـۆڵینەوەی لەگەڵـدا دەکەن و دەکەنەوە، کە لێـــی وەڕس دەبـــن دەینێـــرنەوە ژوورەکـــانی سـزادان.. لەم کەین و بەینەدا کەریمی چەمبەری رۆژ و شـەو، مانـگ و وەرزی سـاڵی لەلا گومـدەبێت. لە رابردوویـدا دادەبڕێـت، بەڵام کەریـم، کەریم و قایمە و ئەجەلیشی ماوە. کاتێک لە 17/تەمووزی/1987 بە بەر لێبووردن دەکەوێت و بەردەبێت. بیری دەگێڕێت و بەدوای رابردووی خۆیدا هەنگاو دەنێت، خەون و خەیاڵ و راستەقینەی لە لا ئاوێتە بووە..

کاتێـک دەگــاتەوە مــاڵەوە چاودەکــاتەوە، دەزانێـت حەسـیبەی ژنــی لە ئەنجامی نەشتەرگەری بەسەر منداڵەوە چووە، بێستوونیش شێرپەنجە و شـەپرە، شـەپرێوی کـردووە و هەر ئەوەتە گیـانی لەبەردا مـاوە، مـاڵ و خانووشـی هەر نەبـوون. وا دەزانێت لە خەودا رابـووە، ئەوەی هەیبـووە خەون بـووە، تـاکە شـتێک دەیهێنـایەوە هـۆش و بـڕوای پێـدەهێنا کە سـەربردەکەی راسـتە و خەون نیـیە، ئەویـش هـاوار و نـاڵە و دایـکە و بـاوکەی بێسـتوون بـوو.. زۆری نەبرد بێسـتوونیش گەیشـتە لای دایکـی. کەریم بەتەنیا و تەنیا مایەوە.

ئەوەی دەیەوێـت کەریمێـک لە جیـاتی هەزاران کەریمــی هەولێــر و کوردسـتان ببینێـت، بـا دانە ئێـوارەیەک، سـەردانێکی هەولێـر- شـەقامی پزیشـکان- دەرمانخـانەی ((سوسـن)) بکـات، ئەوکـاتە لە راسـت و درۆی کەریم و چیرۆکە خەیاڵییە راستەقینەکەی بپرسێ.

ئەمـانە و هەزاران هێنـدەی دیـکە، هەر کـردەیەک و سـەربردەیەکیان کەرسـتەی رۆمـانێکن، بۆیە سـەرکردەی مەزنـی عێراق لەگەڵ بـڕانەوەی جەنگــی قادسـیەدا بەهەڕەشــەوە دەیگـوت: هەرکەسـێک چیرۆکێکـی لە قادسیەدا نەبێت، شایستەی ئەوە نییە لە سەر خاکی عێراقدا بژیەت.

ئەم کورتە فیلمانەی بینیتان بەسەرهاتی رۆژانەی ئاسایی دانیشـتوانی شارێکی هێمن بوو. خۆزگەی خۆزیداران: توانا و کاتمـان دەبـوو وێنەی تـۆقێنەری ئەو کاتـانەی بەرەکـانی جەنگمـان بۆتـان دەنووسـی، ئەو کـاتە بــازاڕی رۆمانەکــانی ((جەنــگ و ئاشــتی تۆلســتۆی، دوونــی هێمنــی شولۆخۆف، ماڵئاوایی لە چەک، بۆ کێ زەنگ لێدەدرێ‌ی هەمنگوای...))مـان دەشکاند، بەڵام چی بکەین شەکەت و نەخۆش و یەک دەستین، هیـوا زۆر و پڕکار و کات کەم، لە خۆیشمان پەستین.

## هەڵە زەقەکانی چاپیی ئەمانەی خوارەوەن

| ژ. لاپەڕ | ژ. دێر | هەلە | راست |
|---|---|---|---|
| 11 | | بیرەوەری، یادەوەری | بیرەوەریی، یادەوەریی |
| 11 | 8 | دادەڕێژدرێت | دادەڕێژێت |
| 16 | 21 | وەشاند | وەشاندن |
| 18 | 5 | محەمەد شەریف | محەمەد |
| 19 | 13و14 | ئەکتەرێکی | کارەکتەرێکی |
| 39 | 19 | رایەنەیەت | رانەیەت |
| 74 | 20 | 1963 | 1966 |
| 75 | 22 | ناکاویسدا پەلامار | ناکاویشدا هێرش |
| 100 | 9 | دیاریکراوداناوبراو | دیاریکراودا ناوبراو |
| 136 | 13 | دەرچووەتی | دەرچووە |
| 151 | 6 | بیرەوەرییەکانتاندا | بیرەوەییەکانتدا |
| 173 | 14 | ئاوەژ و | ئاوەژۆ |
| 193 | 16 | زلکێر | زلکوێر |
| 194 | 17 | هاشم سولتان | سوڵتان هاشم |
| 195 | 7 | مامی | ئامۆزای |
| 196 | 23 | ناوگەدیاند | ناو گەدەیاندا |
| 202 | 28 | ساحە جرداء | ساحەجرداء |
| 207 | 14 | برسییەوتی | برسییەتی |
| 265 | 9 و 10 | ڤابگ | چابگ |
| 270 | 16 و 17 | لحیزب | لحزب |

# سەرچاوەکان

1 . هەڤدیتنێک لەگەڵ سـەدرەدین نـورەدین لە 2012/11/24. مـافی دەستکاری و بە تایبیەتیو شەو رستەی داومەتێ.

2. ســـەدرەدین نــورەدین ئەبــوبەکر (2012) هــونەری یــادەوەریی تۆمارکردن. دەزگایتۆژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان.

3. ســـەدرەدین نـــورەدین ئەبـــوبەکر شـــەخەڵی داربەڕوو (2004) رۆمان. هەولێر..

4. ســـەدرەدین نـــورەدین ئەبـــوبەکر(2005)، بەرکـــوتێکی مەتەڵـــی فۆلکلۆری کوردی. هەولێر.

5. سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر هەنگ بەخێوکردن، بە کوردی لە 2001، دهۆک. بە عەرەبی لە (2003) دا لە هەولێر.

6. سـەدرەدین نـورەدین ئەبـوبەکر (2003) .دەرد و نەخۆشـییەکانی رووەک- الأمراچ والآفـات النبـاتیە))، بەکوردی و بەعەرەبی، رێکخـراوی کشتوکاڵ و خۆراکی جیهانییەوە (فاو)، هەولێر.

7. عومەر ئیبـراهیم عەزیـز پ.ی.د. (2006گ. زانکۆی نویّ ژ. 14 ل 8 و 9.

# ڕۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو سنووری ستەم و ئازار)

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)
کۆلیژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین

(2-1)

وەک دەزانین دەروونزانی (سایکۆلۆژی) زانستێکی سەردەمی فرەلایەن و زۆر لق و پۆیە، زانستێکە پێوەندی بەگشت چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ هەموو بیرکردنەوەیەک و ڕەفتارێکیدا لە ماڵ و لە خوێندنگە و لە شەقام و لە کارگە و لە دامودەزگاکان و لە گشت شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا خۆی دەنوێنێ.

بۆیە خۆناسین و زانین و هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونی خەڵکانی دیکەش، پەنا دەبرێتە بەر دەروونزانی، گەر بمانەوێ دیوی دەرەوە و ناوەوە (ئاشکرا و شاراوەی- ڕوخسارو ناخ)ی مرۆڤێک یا چەند مرۆڤان یان هەڵسوکەوت و ڕووداوەکان لە دەقێکی نووسراودا بە باشی بخوێنینەوە، ئەوا بێگومان دەبێ شیکردنەوەی دەروونزانیانەیان بۆ بکرێت. هەرچەندەش دەروونزانی بەرەو پێش بچێت، ئەوا ئەەندە کاردانەەی لەنێو دەق و کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

هەڵبەتە نووسەرانیش هەر وەک تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەیان گیروگرفت و حەز و ویستی خۆیان هەیە، بۆچوون و باری دەروونیان و رەفتارەکانیان تا ئاستێکی زۆر باش لەنێو کار و کردار و بەرهەمەکانیان دەخوێندرێتەوە، فرۆید دەڵێ: ((ئەو نووسەرەی خەون بە خۆشەویستی و نەمری و دەسەڵات و دەوڵەمەندی دەبینێ، ئەوا خەون و ئارەزووەکانی لەنێو نووسینەکانی بۆ دێتەدی)).

شیکردنەوەی دەروونزانیانە بۆ دەقە شاکارە ئەدەبیەکانی جیهانی کە بەزمانە جیهانی و دەوڵەمەندەکان نووسراون (بەتایبەتی رۆمان و شانۆگەریەکانیان) گەیشتۆتە ترۆپێک، بەڵام لای خۆمان وەک بابەتێکی سەربەخۆ (بەپێی ئاگاداری من) گەلێک بایەخی نەدراوەتێ. تۆژینەوەی سایکۆلۆژی بۆ دەقە نووسراوەکان، ناوەرۆکی بابەتەکە جوانتر دەردەخات و تاموچێژی لایەنە هونەریەکانیشیان روونتر دەنوێنێت.

چەندین نووسەری جیهانی لە بواری رۆمان و شانۆگەریدا، نەک هەر دەروونزانیان زۆر بە کارامەیی لە بەرهەمەکانیاندا بەکارهێناوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاسۆی زانستەکەشیان روونتر و فراوانتر پیشان داوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتە دەروونییەکانیان زۆر بە قووڵی و بەزەقی لە نێو بەرهەمە بە پیچزەکانیان دەربڕیوە، هەر بۆیەشە کە زانایانی دەروونزانی ناوی کەسایەتییە بەرچاوەکانی نێو داستانە کۆنە ناوەدارەکان و رۆمان و شانۆگەرییە بەناوبانگەکان و ناوی نووسەرەکانیان وەک زاراوەی تایبەت بۆ دەروونزانی بەکارهێناوە و بە ئاسانیش چەسپاون و بڵاوبوونەتەوە، هەر بۆ نموونە: زاراوەی (سادی) لە ناوی نووسەری فەرەنسی (مارکیز دی ساد)ەوە وەرگیراوە.

(ماسوکی) دەدرێتە پاڵ ناوی نووسەری نەمساوی (لیوبولد فون ساخر ماسوک). ناوی شانۆگەرییەکی یۆنانییەوە.

(گرێی ئۆدیب گرێی دروونی) لە ناوی پاشای وەرگیراوە. (تاوان و سزا)ی رۆماننووسی رووسی (دیستۆفسکی) لێواولێویەتی لە شۆڕبوونەوە بەناو ناخی مرۆڤەکان و شیکردنەەی باری دەروونییان. زۆربەی نووسەران لە پێناوی داهێنان و دەربڕینی ویست و خەیاڵ و ئارەزووە کپکراو و ناکامەکانی خودی خۆیان و کەسانی دەوروبەریان، لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ململانێی دەروونی بەشێوەیەکی هونەری لەژێر کاریگەری تەوژمی هۆش و زیندەخەون و خەیاڵدا، حاڵەتە دەروونییە هونەری جۆراوجۆرەکان زۆر بە جوانی و بەشێوازێکی هونەری بەرجەستە دەکەن. کەواتە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیە خۆماڵیەکان لە بواری دەروونزانییەوە پێویستییەکی پێویستە، ئێمەش لەم روانگەیەوە بەپێی تواناو شارەزایی خۆمان لەم بوارەدا (دەروونزانی) ئەم بەرهەمە ئەدەبیەمان هەڵبژاردووە و دەمانەوێت ئەم کۆششەمان پێشکەشی هاو زمانمان بکەین.

رۆمانی (شەخڵی داربەڕوو- سنووری ستەم و ئازار)م خوێندەوە، کە لەلایەن (سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر)ەوە نووسراوە، زۆر بوێرانە و راستگۆیانە و ئازایانە مامەڵەی لەگەڵ بووداوە راستەقینەکان کردووە و بەخەیاڵێکی زۆر جوان رازاندراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەزمانێکی پاراو دایڕشتووە، ئەمەشیان شارەزایی نووسەر لە رووی زمان و فەرهەنگەوە دەردەخات.

هونەر بە ناخی خۆیدا شۆڕدەبیتەوە و هەڵبەست بۆ خەڵک دەنووسێت، کەچی نووسەری رۆمان و شانۆگەری ئەوا دەبێت بەناخی چەندین کەسدا شۆڕبێتەوە و تا رادەیەکی زۆریش هەست و نەستی

خۆیان لەگەڵ کەسانی ناو چیرۆکەکە بگۆڕنەوە بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی راستەقینە بنووسن، چەندیش رۆماننوس یا ئەکتەر بتوانێت کەسایەتی خۆی وەلابنێت و لەنێو ناخ و دەروونی بەرامبەرەکەیدا پتر بتوێتەوە ئەوەندە بەرهەمەکەی نایابتر و بە تەمەنتر دەبێت. نووسەری رۆمانی (سنووری ستەم و ئازار)یش ویستوویەتی لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوبدات و زۆر سنووران ببڕێت، بۆیە زۆر بە وریایی لە نێو دەقەکاندا بایەخێکی تایبەتی داوەتە دەروونزانی.

لەکاتی دەرخستنی سیماو روخساری پاڵەوانەکاندا توانیویەتی دیوی ژوورەوەیان دەربخات، چونکە هەڵچوونەکان باری ناوەکین و کاردانەوەی کردارە فسیۆلۆژییەکانن، هەروەرها رەفتاری دەربڕینی دیاریکراون، کتوپڕ بە دیاردەکەون و بەزەحمەتیش کۆنترۆڵ دەکرێن (دەستیان بەسەردا دەگیرێت).

(دافیدۆف، 1983، ل: 48) بۆ نموونە: (لەبەر خۆیەوە پێکەنینێک پیچکەنی کە بەتەواوی لە گریان دەچوو) ل105.

لە بەشی (5- کاروان و ئاوات)دا چەندین تابلۆی تراژیدی دەکەونە بەرچاو وەک: (ژنەکە پەڕۆکێکی سپی بۆری لە تەوێڵی بەسترابوو، هەر لە مەلۆتکەکان رادەما و فرمێسکی سێ ریز دەباراند، پشتە چاوەکانی پەنماون، روومەتی قۆپاوە، رەنگ زەرد و تڵخە.) ل83.

لەم دیمەنەشدا هەڵچوون پیشان دەدا، هەڵچوونەکان سێ باریان هەیە (نیگەرانی و تووڕەیی و شەڕانگێزی). لێرەدا لایەنە نیگەرانییەکەی پێوە دیارە.

لە بڕگەی ((. کە دەمی لە کوڵمی دوورخستەوە ئاوات لە لەرزین کەوتبوو، رەنگە زەردەکەی تەڵختر بوو، چاوەکانی لە مۆڵەق وەستان، لێوە تەنکەکانی لەسەر ددانە ورد و سپییەکانی وشک بوونەوە..)) ل92.

نیگەرانیەکەی پتر دەرخستووە. خۆی لە خۆیدا نیگەرانی سۆزێکی ناخۆشە، کار لەلایەنی فسیۆلۆژی بە هەموو ئەندامەکانییەوە دەکات، وەکو گرژی و لیچدانی دڵ و دەربڕین بە دەموچاو و بەهێماش. واتە لە رواڵەتی کەسایەتییەکان رەنگ دەداتەوە. دیارە لە میانەی بارە ویژدانییەکاندا کاردانەوەی کردارە فسیۆلۆژییەکان لە دەگار (کۆئەندامی) ناوەندە دەمار دیچنە کایەوە و تەنانەت کار لە کرداری رژێنەکانیش دەکەن. ((شیرکۆ وەک لە خەماوێت هەڵکێشابێ رووی وەرسووڕاندەوە و گوتی:..))ل88.

زۆر جاریش بەهۆی هەڵسوکەوت و رەفتار و گفتار یان باری دەروونی کەسایەتیەکان دەنوێنێت، بڕوانە هەڵچوون و دەمارگیران لە دیمەنێکی کڵاوی خۆی دەگریچت با نەیبات: (لەپێشدا حوسێنە فەندی هەستی لەلای کوڕەکە نەبوو، بەڵام کە بە ئاگا هات، هەموو لەشی خۆی کرد بە گوێ، بیستی وا هەمان دێر لە سەرەتاوە دووبارە دەکاتەوە، شپرزە بوو، کەس نازانی چ ناکەسێکی، دەڵێی مەیموونی، دەزانی گووەکی چەند گەورەیە و لە کێندەریش دەیخۆی..))ل34. کە وروووژاندن روودەدات، بەپێی بەهێزی و کاریگەری هۆکارەکە، کاردانەوەی لەسەر وروژێنراوەکە دەردەکەوێت. کە دەڵێ: (وەک تەزووی کارەبا لێی بدات لە شوێنەکەی خۆی بەرزبۆوە، بە پەشۆکاوی نەڕاندی: وسس وسس! وسبە کوڕە وسبەو دەمت داخە، هەی تەفرەقەچی کوڕی تەفرەقەچی، هەی هتیوی خوێڕی..) وروووژاندنەکە ئەوەندە بەهێزو کاریگەرە بۆیە کاردانەکەی ئەوەندە بەهێزە کە بەم رەفتار و قسەی ناشایستانە وەڵامی دەداتەوە.

حوسێن کە بەڕێوەبەری خوێندنگەیە، لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەویش بە ئاگری خوێنکارەکەوە بسووتێت، جلەوی هۆشی لە دەست

بەردەبێت و پێی هەڵدەشاخێت و ئەم وشە ناشیرینانەی لە دەم دەردەچێت کە لە هیچ بەڕێوەبەرێک ناوەشێتەوە.

هەر بۆ نموونە چەندین دەق و رووداوی ناو رومانەکە لە رووی دەروونزانییەوە شی دەکەینەوە:

شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و دەرخستنی ململانێ و زۆرانبازییەکانی کە لەنێوان حەزو ئارەزووە تایبەتییەکانی خودی مرۆڤ لەگەڵ هۆش و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە و بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان لەنێو ناخدا، گەر لە ئەنجامدا بیروهۆشی مرۆڤ بڕیاری راست بدات ئەوا سوودبەخش و سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کە هێزی ئارەزوو و ویستە دزێوەکانی خۆپەرستی مرۆڤ زاڵ دەبن ئەوا هەزر و هۆش بێ هێز دەبن: (مرۆڤ بۆ ژیانی ژیان، بۆ گەشەکردن و جوولانەوە و هێز بەخشین، بۆ دروستی لەش، بۆ مانەوە و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خودی خۆی و مرۆڤایەتی لە سووڕی ژیاندا، خواردن و خواردنەوەی بەپێی پێویست گەرەکە، سێکسیش سۆنگەی زاوزێکردن و ئامرازی نەبڕانەوەی توخم و رەگەزە، بەڵام کە زێدەڕۆییان لێدەکرێ و دەکرێنە تاکە هۆی خۆشی و رابواردنی ژیان، دەبنە پەردەیەکی رەش و تانەیەکی تاریک، رەشکێنەی چاوی ئەقڵ سپی دەکەن. سۆز، هۆشە ((2)) لە هۆش دەکات دەبێتە رێشمە ((3)) کێشی هزر و بیر، بستە باڵای خۆیەکی ((4)) نەوسن و چڵێس، باڵا دەکات، دەبێتە حوج، باڵادەست دەبێت، خۆمەکی باڵای ژیری و ویژدان زین و لغاو دەکات و پێ دەخاتە ئاوزەنگ و جڵەوی دەگرێتە دەست و تەقڵە کوت بەبێ وەستان، تەڕادانێی پێدەکات. بەڵێ مرۆڤ، لە مرۆڤایەتی دەشۆرێت، لە یەک کاتدا دەبێتە یەخسیر و دەبێتە گورگێکی هری بەرەڵڵاش، دەبێتە دیلی گیرفان و بەرگەدە و بەرگەدەی، هەر بۆ

ئەوان دەژییێت هەر لەپێناو ئەوانیشدا دەمرێت، کە وەڵامی بانگی تێرنەخۆرە بدەنەوە، ئیدی ئەوانیش لێی دەبنە دەریالووش، هەچەندە، تاوانی لە خۆی گەورەتریان بۆ دەکات، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بۆی تێر ناکرێن و دەروەستیان نایێت). قوڕاو خواردن، ل172. دەربڕینی پێداویستییەکانی مرۆڤ کە لەم دەقەی سەروەردا دەربڕاوە دەقاودەق لەگەڵ تیۆری پێویستییەکانی مرۆڤایەتی (ئەبڕاهام ماسلو) یەک دەگرنەوە، کە سەرەتا بەپێویستی فسیۆلۆژی دەست پێدەکات، ئەویش بریتییە لە خواردن و خواردنەوە و هەواو دایکایەتی، واتا لە بنەڕەتییەکانە و پێویستییان بە تێرکردن و هێنانەدی و دابینکردن هەیە، چونکە ئەگەر ئەم پێویستییانە نەهاتنەدی ئەوا کار لە پێویستییەکانی دیکەی (پێویستی ئاسایش و ئارامی، پێویستی خۆشەویستی، پێویستی ڕێزگرتن، پێویستی زانیاری، پێویستی جوانی، پێویستی خود) دەکات.

کە دەسەڵاتدارێکی زلهێز دەیەوێت کۆمەڵە خەڵکێک بچەوسێنێتەوە یاخود قەڵاچۆیان بکات، ئەوا پەنا دەباتە بەر فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن و هاندان و پاداشت و ستەم و سزا و ترس و تۆقاندن، هەڵبەتە ئەم کردارانەش کاردانەوەی جیا جیایان لەنێو کۆمەڵگەدا دەبێت:

کۆمەڵێکی هۆشیار و دڵسۆز زوو هەست بە مەترسییە دوور و نزیکەکان دەکەن و بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەیان لەبەرچو دەگرن و لەخۆ خۆشدەبن و بڕیاری خۆبەختکردن و بەرەنگاربوونەوە دەدەن، ئەگەر لەپێناو ئامانجە پیرۆزکانیشیاندا سەربنێنەوە ئەوا خۆیان بەسەرکەوتوو و سەرفراز دەزانن، چونکە بڕوایان وایە کە هەر دەبێ ڕەوا و ڕاستی سەربکەون و ستەمکارانیش بەدرێژایی مێژوو هەر نەفرەت و ڕووڕەشیان بۆ ماوەتەوە. بۆ نموونەی کەسایەتیەکانی لەنێو

رۆمانەکەدا بەرەنگار ستەم بوونەتەوە: شێرکۆ، دلێر، ئاوات، نەبەز، یادگار، شێرزاد..

(چاوە شەکەتەکانی بڕینەوە شێرکۆ: ((شێرکۆ! کوڕەکە ناو بنێ (نەبەز)، کچەکەش بۆ دایکم بنێرەوە، با ناوی (ئاوات)ی لێ بنێتەوە، ئەوپەروەردەی بکات، کە گەورە بێت بە کەڵکی تۆ و براکانی و داماوان دێت، ئەمانەتت منداڵەکان بێت بێ مرادیان نەکەیت. ئەمن دەمرم ستەم و ئازار لە رێگەی راستت لانەدات) کاروان و ئاوات، ل91.

شێرکۆ: (رۆڵە ئەوە سێیەمین جارە تۆ دەبینمەوە، پێشتریش پێم گوتی ئاواتی دایکت ناوی نای نەبەرز، مەبەستی بوو ستەم و ئازار نەت بەزێنن) ل238.

زانایانی دەروونزانی کە تۆژینەوەیان لە بواری کەسایەتیدا کرد، تۆژینەوەیان لەسەر سیفەتە گشتییەکان کردووە، کە لە هەر تاکێکدا لەگەڵ تاکێکی دیکە جیاوازە، هەر ئەم جیاوازیەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەریەکە و خاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆی خۆی بێت. سەرەڕای ئەمەش کە کەسایەتی جۆرێکس بەردەوامی رێژەیە (%) لە درک پێکردن و بیرکردنەوە و هەستەکان و رەفتاردا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک ببێتە خاوەنی کەسایەتیەکی دیاریکراو، پێکهێناتەی کەسایەتی- بیرۆکەکان و پاڵنەرایەتی و مەیل و رەوت و توانست و دیاردە هاوشێوەکان دەگرێتەوە. (دافیدۆف، 1983، ل570).

دایکی دلێر: (..میللەت، میللەت، کۆڵی خەمی میللەتێک بۆ بەتۆ هەڵدەگیرێ؟ سرا لە ئەقلت!. خۆت دەکەیتە قوربانی خەڵکی!؟) ل22.

(کاتی لێدانەکە، ئەستوورایی هێزی دوژمن لە لای بەشی دواوەی کەمینەکەمان بوو، بەهۆی بلێسەی (ئارپی گی)یەوە زوو شوێنی دانیشتنیان ئاشکرا بوو، بڕێک لە هێزەکەی دوژمن/ شوێنەکەیان دیاری

کرد و ویستیان لە لای پڕدەکەوە بۆیان بسووڕێنەوە و پشتیان لێ بگرن و گەمارۆیان بدەن، بەڵام مامۆستا (یادگار) زۆر هوشیار و زانا بوو، شوێنەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو و بۆ ئەولا سووڕابوو. بۆیان هەڵدەستێتە سەر پێیان و گوللەبارانی کردبوون، ئینجا هاوار دەکات: کوڕەکان بوومە قوربانتان، ئەگەر ئی شوێنە بەرزە بگرن کەزتان قورتار نێود. هتد) ل134.

(مامۆستا یادگار دەیفەرموو: ((گوللەی ستەمکار مرۆڤی بە باوەڕ نابڕێت، مرۆڤ کە هەر دەبێ بمرێ، بۆ بەملشۆڕی و بەڕووزەردی بژی؟ بۆ لەپێناو ئامانجێکی پیرۆز، بەسەربەرزی و بە رووسووری سەرنەنێتەوە)) ل137.

تۆ و بەهۆی خاک و ئاو و بارودۆخێکی لە بارەوە چەکەرە دەدات دەدات، چەکەرەکەش دەبێتە رەگ و قەد و گەڵا، رەگ بەناخی خاکدا دەچێتە خوارەوە و لەگەڵیا تێکەڵاو دەبێت و لێی جیا نابێتەوە، قەد: گەڵا و گوڵ دەردەکات، گوڵ دەبێت بە بەر، بەریش دەبێتەوە تۆ و!!. خاک: وڵاتە. رەگ و قەد و گەڵا: گەلە. گوڵ: خوێنی ئاڵی شەهیدانە.

بەر: سەربەستی گەل و نانی رەنجدەران و ئازادیی نیستمانە) ل138.

لە پۆلینکردنەکانی پاڵنەرایەتی (هاندەرایەتی) پاڵنەرایەتی بایۆلۆژی و پاڵنەرایەتی کۆمەڵایەتی (وەرگرتووە). پاڵنەرایەتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە (پاڵنەری سەرکەوتن، دەست بەسەرداگرتن، پاڵنەری خۆشەویستی، موڵکایەتی، خۆشەویستی نیشتمان)ە، هەر بۆیە لێرەدا پاڵنەری خۆشەویستی نیشتمان زۆر کاری کردۆتە سەری و ئامانجی هەرە پیرۆزی سەرنانەوەیە لەپێناو ئازادکردنی نیشتمانەکەی.

(نازانی ڕەوا و ڕاستی توانا و پشتیوانن. هێزی نارەوا هەمیشە ئەژنۆ شل و بێ هەناوە. با ملەوەزیش بێت، زوو هەرەس دێنێت) ل184.

(ئەگەر مرۆڤ داکۆکی لە مافێکی ڕەوا و ئاماندێکی پیرۆز نەکا، ئەنجامەکەی لەمانە باشتر نابێ. هەر ئەم نهێنیەش بوو، بووە هۆی سەرکەوتنی ڕەشورووتە جەزائیریە خۆڕاگرەکان، کە سەریان بەسەرکردایەتی داگیرکەری وڵاتەکەیان بەزاند. گەلی ڤێتنامیش گەورەترین زلهێزی جیهانی دەرپەڕاند.

منیش کە بەزۆرەملێ و بە ملهوڕی بیانەوێ خاکی وڵاتەکەم لەژێر پێما دەربهێنن. ئەگەر هەموو خاکی گۆی زەمین خڕبکرێتەوە ژێر پێم و گشت کۆشک و تەلار و باخ و بێستان و ئافرەت و شیرین و شۆخ و خۆشی جیهانم بۆ بێنن، فەرامۆشی کۆڵانە قوڕاویەکەی دێیەکامان و تووتڕکەکان قەراخ باخەکەم پێ نابەخشێت، نامۆیی و پەرێشانیم لە دڵ دەرناکات. ئەم دیمەن و بۆن و بەرامەیە لەگەڵ هەست و نەست و خوێنمان تێکەڵاو بووە، ئاوێتەی یادگارە تاڵ و شیرینەکانمە، گڵکۆی باوک و باپیرانمە، هێلانەی ئارام گرتنمە، ژیانمە، مردنمە. لە هەر شوێنێک بم هەر بە بیانیم دەزانن، هەر هەست بە نامۆیی و کەمایەتی و بێ ڕەگی و بێ کەسی خۆم دەکەم، ئیدی گیانم بەم هەراسانی و زیندە مرنە بۆ چییە؟ هەی قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی دەیەوێت بە داپڵۆسین و تۆقاندن ملم پێ کەچ بکا..!) ل184.

کۆمەڵەی دووەم خۆیان دوورەپەرێز دەگرن و دەبنە لای سەرکەوتووان.

هەمیشە بیر لە بەرژەوەندی ڕۆژانەی خودی خۆیان دەکەنەوە خۆپەرست دەبن و خەم بۆ دوارۆژیش ناخۆن، ئەم جۆرە کەسانە لە

کەسایەتی دەروونزانیدا جۆرێکن لە جۆرەکانی کەسایەتی بە یاریەکی (دوورەپەرێزەکی) هەر کەسایەتی سادەو ساکارە و هەستیان ئاڵۆزە، یان کەسایەتی دیار و بەهێزی هەیە. هتد: نموونە حوسێنەفەندی: (ساڵێکمان ماوە ئەسکوردمان دەشکێنین، خانەنشین دەبین، باوکم بەرگەی تێهەڵدان و بوتڵ و کارەبا و لە دار بەستان و ئوتی کردنی کونە رەشەکە ناگرین، بردن و لە شاخ هەڵدانی ئەو لاشمان بۆ ببێتە سەربار، کوڕە دارێکە و هەردوو سەری نا، هەمووی هەر هەمووی بە تەواوی پیسە، رزانم کێندەری دەگری؟..)ل38. (حوسێن خۆی لە مەبەستی قسەکانی شوکر گێل کرد، پاش ماوەیەک: من فشەم بە قسەی گەورە دێت و لە کاوێژکردنەوەی فەلسەفەی نێو کتێبانیش بێزار بوویم، زۆریش لەم بابەتە پەند و ئامۆژگاریانە دەزانم، بەلام خۆم باوەرم بە هیچێکیان نییە. تا ئەو رۆژەی ئەو بارودۆخەی من دەیلێم نێتە کایەوە من کورد نیم، تەنیا ساڵێکم ماوە خانەنشین دەبم، شرە کارگەیەک و پێنج شەش دوکانم هەنە لە خۆم تێک نادەم، ماڵ و مندالی خۆم بە دەرۆزەکردن ناخەم) ل44. (هەردوو دەستی بەسەریەوە گرت: من کلاوەکەی خۆم دەگرم (با) نەیبا خودام دەکرد ژێر و ژوور دەبوو) ل44.

کۆمەڵەی سێیەمیش (بەزۆری کەمینەن) لەپێناو سامان و دەسەلات و ویست و ئارەزووە خۆپەرستەکانیان دەبنە مقاشی دەستی ستەمکاران، دەسەلاتداریش تا کاری پێیان مابێت ئەوا پشتگیریان دەکات و هانیان دەدات، ئەمانە لە کۆمەڵگەی پاک و پێشکەوتوودا زۆر دەگمەنن، بەلام لە کۆمەڵگەی چەوساوە و دواکەوتوودا بە خێرایی پەرە دەسێنن، کە ئەمانیش چەند لقێکن:

هەندێکیان بەهۆی نەزانی و برسیەتیەوە دەکەونە نێو داوی دەسەڵاتدار و هەست بە ترسناکی کارەکانیان ناکەن تا دەرەنجامی کۆتایی بەچاوی خۆیان ئەبینن، بۆ نموونە: (مستۆ- کابرای رووگرژ): ژنەکەی مستۆی: بە گریان و پاڕانەوە گوتی: (کوڕە بۆ چەند دیناران بە نەخۆشی لەم رۆژە رەشەدا بەجێم مەهێڵە.

مستۆ: منیش گوتم بڕە پارەیەک پەیدا بکەم، زوو دەگەڕێمەوە لاتان، بەڵکو دەت بەمە لای دکتۆری و چارەت دەکەم، ئەم کۆخە و دەردە باریکەیەی تۆش ئەوە چەند ساڵە یەخەی بەرنەدای، ئەوە چەند مانگە لەنێو جێگەدا کەوتووی، منیش بە گیرفانی بەتاڵ بە دیارتەوە دانیشتووم، لە جێگەی تۆ خزمەتی منداڵان دەکەم، ماڵی دایکت ئاوابێت، کە نانمان بۆ دەکەن، ئەگینا دەبوایە وەک ژنان هەویر و هەنگوتکیش بەکەم. (نەختێک دڵی ئارام بۆوە) دەبێ سلێماناغا بەهانای منداڵەکانم نەهاتبێ، چەند جار بۆ کاری گرنگ و پڕ مەترسی، بۆ دەنگوباس هێنان، منی ناردۆتە ئەودیو، هەموو جارێکیش پارەیەکی باشی دەدامێ، ئەدی ئەم وڵاخانەم بەچی کڕین؟ چێڵێ بازیم بەچی کڕی؟ دەیگوت هەر ئیشێکت لەناو میری هەبێت بە برای خۆتی بسپێرە، بڕیاربوو بە مووچە خۆر، بە مجێوری مزگەوت یان پاسەوانی قوتابخانە دامبمەزرێنێ. هتد)ل105. (زۆر بە پەشیمانیەوە: من و ئەم خەڵکە سادەیە هەتا لە خۆمان نەقەوما لە کەسی دیکە پەندمان وەرنەگرت..)ل108.

باری دەروونی ئەم کەسانەش دەقۆزنەوە کە بەهۆی بەسەرهاتە تاڵەکان ژیانی رابردوویان دڵیان شکاوە و تۆڵەسەندنەوەیان لە دەروونداپەروەردە دەکەن و پلە و پایە و دەسەڵاتیان دەدەنێ و بە گژیانەوە وەدەنێن و تاوانی گەورە گەورەیان پێدەکەن کە ئیتر کەڵکی

گەڕانەوەی نێو کۆمەڵگەیان نەمێنێت. نموونە: شێخۆ، مەلا سەید شێخ محەمەد ئەمین:

((شێخۆ، کەچەڵێکی ریویلەی رەنگ تەڵخ و نیمچە کۆسە و چاو گورگانی و لووت و لمووز توورەکانی و ددان گڕ و دەنگ باریک بوو. پەروەردەی ژێر چەپۆکی بێ بەزەیی باوەژنێکی زۆردا بوو، منداڵێکی چڵکن و شڕ و شەپڕێو بوو، کەس رەنگی راستەقینەی جلکە دڕاوەکانی نەدەزانی، بە منداڵی خۆڵی دەخوارد و قامکی گەورەی خۆی دەمشت، وردە وردە خووی خۆڵ خواردنەکەی بە جگەرەکێشان گۆڕیەوە.

بە نەهێنی توێکڵی قەدی دار گوێز و دار سێوەکانی باخی ماڵ باوکی باوەژنەکەی تراشیبوون، دارەکان وشک بوون، کلکی ماکەرێک و جاشکێکی ئاوایی بڕیبوو، چەرمەسەی بە مریشکی گوندی دەکرد، بەدزییەوە پێستی پشتی ملی مامرەکان بە گوێزان دەبڕی، چەرم و پەڕەکانی رادەکێشایە سەر سەرو چاو و دەندووکیان، ئینجا بەرڵڵای دەکدن، لە دڵی خۆیدا زۆر بەخۆشیەوە دەیگوت: (مریشکی مل رووت و ئەلمۆدەتان لێ دەوەشێتەوە)، مریشکی پووره رەیخانی خۆشی وا لێکردبوو، لە ناخی دڵەوە دەیگوت: (هەی دایک و باوکتان. هەی گەورەو بچووکتان. هەی نێرو مێتان..)ل65.

(کینەبری و ئێرەیی لە دەروونیا جێگەی خۆشەویستی و بەزەیی نەهێشتبۆوە)ل67. (منیش ژەهرم لەگەڵ ماستاودا دەرخواردی زڕدایکم داوە، راوێژگارێکیشم بە قسەی (أبو رسالە) بە سالیۆم کوشت..هتد)ل211. (دەزانم لەم شەڕە سەگەی تێیکەوتووم دەرناچم. بۆیە کە بۆ ئەرکی تایبەتی رەوانی دەروەیان کردم، ویستم نەگەڕێمەوە و لە دەست ئەم گەلە نەهەنگە و ئەم حکومەتە حەزیایە دەرباز ببم،

بەڵام من نەخوێندەوارم و هیچ زمانێک نازانم، جگە لە چەکداری و کوشتنکاری پیشەیەکی دیکەم لە دەست نایەت، لە هەندەرانیش جێگەم نابێتەوە، لە یانەیەکی شاری بەرلین یەکێک بانگی کردم: (شێخۆ خوێڕی! کارخانچی ئەوە لێرەش لێمان ناگەڕێیت، چ کەتنێک لەژێر سەردایە) کەواتە لە هەندەرانیش دەمبیننەوە و دەمکوژن، لێرەش دەستم لە خواردنەوە و پایەی بەرز و سامان کۆکردنەوەی بێ ئەندازە بەنەبوو تا پاشەڕۆژم بەم ژیانە پڕ مەینەتیە گەیشت، خۆزگە نەهاتبوومایەوە، کە خۆم لەناو چووم سامان و پایە چیم بۆ دەکەن؟ باشە خۆ زۆر کەسی دیکەش وەک من بەناڕەوا پایەی بەرز و پارەی زۆری کۆکردۆتەوە و لافی وڵاتپارێزی و نەتەوە پەروەریش لێدەدەن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت، بۆ تەنیا من بە پەند چوویم، هەر من بزنم!..)ل200. (خۆزگە جاریکی دیکە دەستم دەگەیشتەوە (أبو رسالە)، هەر بەخۆم دەمزانی چۆن دە گوللەم لە تەختی نێوچەوان و کەللەی سەری دەدا..)ل211.

لە هەمان کاتدا نووسەر بیروبۆچوون و باری دەروونی تاک و چینی ستەمکاری فەرامۆش نەکردووە، دەسەڵاتدار و بەرپرسەکانیان لەمانەن کە لەدڵکوێری و تاوانکاری گۆشکرابن و ڕێبازی نارەوای خۆیان لە ناخی دڵیانەوە بەتاکە ڕێگەی ڕەوا و پیرۆز بزانن و لەپێناو ئارەزووەکانی خودی خۆیان و سەربەرزی سەرکردەکانیان و هێنانە دی ئامانجەکانیان سڵ لە هیچ تاوانێک نەکەنەوە، لە کانگای دڵیانەوە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بە زۆری و زۆرداری بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنن و ئەگەر خەڵکانیش نەبنە پاشکۆیان ئەوا بەرەنگاریان دەبنەوە و دەیانچەوسێننەوە. نموونە: زاوای خشکی أبو رسالە، أبو رسالە، ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە..

(أبو رساله لای زاواکەی خوشکی باسی ئازایەتی گوێڕایەڵی شێخۆ دەکات: (زۆردڵسۆز و گوێڕاڵە، بۆ گرتن و کوشتنی یاخیە نیشتیمان فرۆشەکان پڵنگێکی دەم گەرمە، گورگی کوڕی گورگیە، ئەگەر چوار پێنج گورگی دیکەی وەهامان هەبێ ئەوا گشت کێوەکانمان بۆ پاک دەکەنەوە. هتد بۆ ئەوە باشە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی دڵسۆز حزبێکی کوردی هاوکارمانیان بۆ دابمەزرێنین و ئەو ببێتە سەرۆک و کارمان بۆ بکا، بۆ دەسخەڕۆدانیش ناوی حزبەکەیان بخەینە ناو لستی بەرهەڵستکارەکان و وا بنوێنین کە لێیان نارازین و ماوەیەکیش چەند کەسێکیان زیندانی بکەین، لەمیانی ئایدیۆلۆژی حزبەکەشەوە هەوڵ بدەین کە گیانی کوردستان پەروەریان لەلا پووچەڵ بکەین، خۆ باشتریشە ئەگەر لە هەمان کاتدا شێخۆ بکەینە نوێنەری ناوچەکە و ببێتە ئەندا ئەنجومەنی یاسادانان.)ل195.

(مێنەکە ((زاوای خوشکی أبو رساله)) بە دەنگێکی نزم درێژەی بە قسەکانی دا و پلانی داهاتوویانی بۆ (أبو رساله) روون دەکردەوە: خودا سەرکرایەتیەکی بێ وێنەی ئەوتۆی بۆ ناردووین کە سەری عروبە بەرز بکاتەوە و شەرمەزاریی رابردوومان بسڕێتەوە و تۆڵەی فەلەستین و کەنداویشمان بۆ بکاتەوە، ستراتیژی خۆ داڕشتووە و هەنگاوەکانیشی دیاری کردوون. ئەمانە ئاگرن و ئامانیان بۆ نییە و. چەندین ساڵە هەر خەریکی پارەدان و هێنانەوەیانین، تا یەکێک دێنینەوە دووان بە چیا دەکەونەوە، هەرچەندە سوپاکەمان چوارەمین هێزی جیهانە، بەڵام بە دەست ئەم بێچووە جندۆکانەوە هەراسان بووین. بە راست دەڵێن بنەچەی ئەمانە ژنێکە و لە نێرە جندۆکان ئاوس بووەو زاوەو ئەم چەتە و رێگرانەی لێ کەوتۆتەوە. با بێینەوە سەر ستراتیژیەکەی خۆمان: هەنگاوی یەکەم: زۆر بە زانایی، وردە وردە

خاکەکەیان لەژێر پێدا دەردێنین و دواتریش زمان و نەریت و ڕەگەزەکەیان بە ئاسانی دەتاوێنینەوە و پاکتاویان دەکەینن بەڵام بۆ ئەوەی ریسەکەمان نەبێتەوە خوری پێویستە کارەکە بە کارامەیی ئەنجام بدەین، بە جۆرێک بێ کە هەموویان پێکەوە نەورووژێن و هەڵنەچن و لە دەست دەرنەچن، مرۆ هەمووی بە جارێک ئاوا بکەیت دەخنکێیت، دانە دانە خواردنی خۆشە، دەزانی چ هێشووێکی نایابە، هەموو نیشتمانی عەرەب لە لایەک و ئەم هێشووەش بەلایەک، بۆیە ناوە ناوە لە ناوچەیەکدا بەناوی شوێنی نەوت دەریان دەکەین، چەندین شوێنی ستراتیژیش بەناوی سەربازگە و فرۆکەخانە و کۆشک و سەیرانگەی سەرۆک کۆمار چۆڵ دەکەین، لە کەناری زێ و دەشتە بە پیتەکانیش بەناوی پرۆژەی کشتوکاڵی و دامەزراندنی بەنداو هەڵیان دەگرن، ناوچە سنووریەکانی سەر تخووبی سووریا و تورکیا و ئێرانیش بەناوی پشتێنەی ئاسایشەوە رادەگوێزین و ئەوانی خۆمانیان لە شوێن دادەنێین..)ل196.

(لازم نتغدى بهم قبل يتعشوا بنا) ل199.

(سێ ئەستێرەیەکی تێر بیروباوەڕی شۆفینیەت، کە پێشتر لەمماڵەدا قوڕاوێکی خەستی خواردبوو، بە نیازی وەگیرهێنانی کیژۆڵە جوانکیلەکەیان خۆی گەیاندە جێی هەواری، بەمراز نەگەیشت. لانکێک لەناو غەری وارەکەدا دەگریا، لوولەی دەمانچەکەی خسە ناو دەمی ساوایەکە، منداڵەکە ژیر بۆوە و کەوتە مشتنی لوولەی دەمانچەکە. دەستی بە پەلاپیتکەکەی داهێنا و بۆ هەتا هەتایێ بێ دەنگی کرد. زۆر بە قینەوە: ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ دڕە، بێچوە گورگ ماڵی نابێت، تاوەکو ئەم دەعبایانە تۆوبڕ نەکرێن، ئاژاوە لەم وڵاتەدا نابڕێتەوە.) ل164.

لەنێو لەشکری ستەمکارانیشدا خەڵکی هۆشیار و بە ویژدان هەن، بەڵام بێ دەسەڵاتن و بە ناچاری رەگەڵ سوپای ستەم کەوتوون، کە ئاشکراش دەبن ئەوا لە ناویان دەبن، بۆ ئەوەی نەبنە کۆسپ و کەسانی دیکە چاویان لێ بکەن. نموونە: چەندین سەرباز: (...((فليح جاسم عبود و مزهر لفته بوحی)) کە دوو سەربازی عەرەب بوون و گومانیان لێدەکردن و بە ناپاک و دژی رژێمی خۆیانیان دەزانین و چاودێریان هەمیشە وەک سێبەر بەدواوە بووە، جارێکیان فلیح گوتبووی: کەس هەڵبژاردنی شێوەو رەنگی دەموچاوی، دایک و باوکی، نەتەوەکەی، بگرە هەتا نیشتمانەکەشی بەدەست خۆی نەبووە، هەموومان وەک یەک ئادەمیزادین و گەلانی سەر بووی زەمینیش برای یەکترن و هەر نەتەوەیەکیش وەک لێرەوارێکی گەورە دڕکوداڵ و داری راست و چەوتی تێدایە. خۆویستی یا توندڕەوی لە نەتەوەپەروەریدا مرۆڤ دەکاتە دڕندەی جەنگەڵ. موزهیریش دەڵێ: ((نەک تەنیا دەمارگیری لە نەتەوەپەرستیدا، بەڵکو توندڕەوی لە رامیاری و ئاینداری و زۆر شتی دیکەشدا هەر هەمان ئەنجامی دەبێت، توندڕەوی گەردەلوولێکی گەورەی تەپوتۆزاویە، بە هەر شوێنێکدا تێپەڕببێت ئەوا چاوی هۆش و ویژدان نابینا دەکات و وێرانکارییەکی زۆریش لە دوای خۆی بەجێ دێڵێت، مرۆڤە کەمهۆشەکانیش بۆ چارەکردنی گیروگرفت و کێشەکانیان هەمیشە بیر لە بەکارهێنانی توند و تیژی هێز دەکەنەوە و وەک ئەم گێژەلووله کاولکاری دەنێنەوە)) لەم دواییەدا لە بیانوێک دەگەڕان لەنێویان ببەن، زۆر بە نهێنی بردنیان و لە شیوێک لەولای سەربازگەکەوە لە دوو دار چناریان بەستانەوە ئینجا شێخۆیان نارد ئەویش کۆشتیانی و چاوی دەرهێنان و ئەندامی نێرینەیانی بڕین و خستنیە نێو دەمیانەوە و چەکەکانی بردن و بە دەستگەرمیش چەند

دەستڕێژێکی رووە و سەربازگەکە کرد، ئینجا بەرەو چیا بۆی دەرچوو..)ل189.

(هەتا کەی چاوەڕوانی سەربازی بین، ئێمە کۆتاییمان هات و جەنگ و سەربازی کۆتایی نەهات. لەوەتی لە یەکدی مارەکراوین و جلک و ناوماڵ و ژووری نوستنمان بەکردن داوە، دەبوو ئێستا منداڵمان بەسەر پێ بکەوتایە، زۆر دەترسم..، دەبێت بتوانین لە باوەشی یەکدا ژیان بەسەر بەرین، حەزدەکەم ببمە بەڵاگێڕت و تۆ لەم سەربازییە دەرباز ببیت و هیچت بەسەر نەیەت، ئارامم نەماوە، لە چاوەڕوانیتدا برژام و کوێر بووم، بۆ بیرناکەیتەوە ئەگەر ئەمجارە گەڕایتەوە دەستی یەک بگرین و بەرەو هەندەران سەرهەڵگرین، یا پێکەوە لە ڕێگەدا دەمرین یا دەردەچین، لە شوێنێکدا دوور لە سەربازی و کوژران و خەفەتخانی دەژین.)ل226.

لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندی و تیژیەکی لە رادەبەدەر، داپڵۆسین بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەپێی پلانێکی درێژخایەن و لەسەر ئاستی رژێمێکی دڕندە، بە مەبەستی تواندەنەوە و پاکتاوکردنی میللەتێک: تاڵان و سووتاندن، راگوێزان و شوونبزرکردن، گرتن و کوشتن و ئازاردان، تۆپباران و بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و چەکی کۆمەڵکوژ لە زۆر ناوچاندا کە زۆربەی قوربانیەکانیشیان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و خەڵکی بێ چەک و بێ دەسەڵات و بێ پشتوان بووین، رووداوە دڵتەزێنەکان کاردانەوەی خۆیان لە ناخی ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا هەبووە، تاکەکانی کۆمەڵگەکەش وەک یەک بەرگەی ئەم بەسەرهاتە تۆقێنەرانە ناگرن و تووشی چەندین نەخۆشی مێشک تێکچوون و هەرەسهێنان و هێدمەی دەروونی دەبن وەک: خەمۆکی و دڵەڕاوکێ: دوای ئەوەی کە یەکەم دڵداری شەوچرا لە سێدارە دەدرێت، شوو بە

لاوێکی دیکە دەکات و مێردەکەشی لە ترسی گرتن و کوشتن بەرەو چیا دەچێت، ئەویش لە ترسی گرتن و دوورخستنەوە خۆی دەشارێتەوە و ماڵ و منداڵەکانی دەباتە گەڕەکێکی دیکە و خۆی بە بێوەژن بە خەڵکەکە دەناسێنێت دەیەوێت بە جلدرووین و تەونکاری منداڵەکانی بەخێوبکات، هەمیشە بیر لە ترسی دەوروبەر و بێ دەسەڵاتی خۆی و بێ کەسی منداڵەکانی دەکاتەوە، وا هەست دەکات کە ئەو دەمریچت یاخود دەگیرێت و کەسێک نابێت یان ناوێرێت لە ترسی رژێمە دڕندەکە منداڵە بی چدایک و باوکەکانی بگرێتە خۆ:

(شەوچرا: ((هەناسەیەکی درێژو پڕ مەینەتی هەڵمژی) چا گەر من نەمێنم دەبێ چیان بەسەر بێت؟. چاوەکانی وەک دوو کانیاو تەفینەوە، گوڕ گوڕ فرمێسک بەسەر رووومەتەکانی هاتنە خوارەوە، دەستە سارد و وشک بووەکانی بەسەر مەکینەکەی بە فرمێسکە گەرمەکانی تەڕکردن، لێوەکانی تەتڵەیان دەکرد: پیرێژنە یەک چاوەکەی خەسووم، خۆی بووە بە بار بەسەر کیژە بێوەژنە هەش بەسەرەکەی لە من قوڕبەسەرتر، ئینجا منداڵەکانی منیشی لێ ببتە سەربار..) ل7.

جا گریمان کەسیشیان هەبوو، کێ لەم رۆژە رەشەدا دەوێرێ بیانگرێتە خۆ و لایەکیان لێ بکاتەوە؟)ل7.

(بەخۆ و بە منداڵەوە، بێ ناز نابین، لە قون حەوشەی کەس ناکەوین، ئەوەندە هەناویشمان پڕ ترس و لەرز نابێ خۆت دەزانی کەسێک نییە سووکە دەسبارێکم لەگەڵدا بگرێ، شەو و رۆژ لە کاردامە و چارێگەکی شوێ ناکەومە خەوێ ئەویش نوینێکی سارد و سوڕی پڕ خەیاڵ و خەونی جڕناوفڕنا، خۆ چەند ماندووین، دە ئەوەندەش دڵمان تەنگ و پڕ ترس و کەسەرە)ل23.

# پەراوێز

1- الحفنى، عبدالمنعم (1995) الموسوعه النفسيه، ل21، هەروەها بۆ نووسینی پێشەکییەکە بەشێوەیەکی گشتی سوودم لە دوو بەشی (سایکۆلۆجیه الأدب والسایکۆلۆچیه الابداع ص11-36)ی هەمان سەرچاوە وەرگیراوە.

2- دەنگدانی گوێدرێژ بۆ ئەوەی بوەستێت، هۆش: هزر.

3- جڵەو.

4- أنا (خۆمەکی باڵا: أنا الاعلى).

# ڕۆمانی (شەخڵی دار بەڕوو- سنووری ستەم و ئازار)

پ. د. عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)
کۆلێژی پەروەرجە- زاکۆی سەلاحەددین)

(2-2)

شێتبوون: بەهۆی هۆکاری نەویستەوە مرۆڤ هۆشی نامێنێت و دەکەوێتە باری بێ هۆشی و بێ ئاگاییەوە (وەکی چووینە جلکان لە ڕێیێ لە (هەریرێ) لاماندا، دوو نەفەر دابەزین، لە (سیساوەی تێپەڕین لەسەر ئاوێ (سەرتا)ی (کەچۆ)مان دیت (کەچۆ: ئەحمەج شێتی خۆشناوەتی، هەموو کەس دیناسی وەلییە) ڕاوەستابوو کۆنە فانۆسێکی بەدەستەوە بوو، شوفێرەکە دەیناسی رایگرت و سواری کرد و دواندی. هتد.

گوتییە حەمەدەمینی کوڕ ((ئەوە دەچیە هەولێرێ؟ کوڕە ئاگات لەخۆبێ، لە دەشتی هەولێرێ نەکەویە بیرێ! بیریان گەلێک قووڵن، بەکەس دەرنایێ ها! کاروانچییەتیت کردییە؟)) پێکەنی و گوتی ((ترێ و هەنارت لە (سەنی)یە و (مرکی)یەی لە (کەندێناوە)و (قەراج)ێ یەک و چەند بگەنم دەدا؟! دەوارنە ترێیان. دەوارنە هەناران دەشتەکی

ناوپستێر شۆڕ لێت خڕدەبنەوە و دەڵێن ((مام خۆشناو برمانت پێیە، وای هیزە جەفتت پێ بوایە، ئەرێن وای سرکەت پێ بوایە)) گوتیە (مینە)ی ((کوڕە ئاگات لەخۆت بێ سەگبابانە کانی و رووباریان نینە، هەر بیرە بیرەکەش گەلێک قووڵ و بێ بنە، بکەویە بیرێ بە کەس دەنایێ ها..)) ئەوە کەوتە بیرێ بێ بن، بە کەسیش دەنایێ. لەم تازییەی (کەچۆ)م دیتەوە، شێوابۆوە، هەردوو چاوی بووبوونە گۆمی خوێنی، وەکی زولم و زۆرداریيەکی گەورە ببینی، تێک دەچێتەوە.)) ل71–72.

((پیرە شێتێکی کەڕولاڵی لەڕولاواز، جل شڕ و ردێن بۆز و درێژیان لەناو کاولی دێیەکەدا بە قۆنداخە تفەنگان تەواوکرد، لاشەکەشیان بە گوللان کردە سەرەند و بێژینگ. پاش بە زۆر راگوێزانی گوندەکان هەموو جووڵانەوەیەک لە ناوچە خاپووکراوەکەدا قەدەغە کرابوو، بەڵام شێتە دێیە وێران کراوەکەیانی بەجێ نەدەهێشت. حەمە شێت تاکە برایەکی هەبوو، جار جارە، بە دزییەوە دەرچوو حەمەی دەدۆزییەوە و دەیهێنایەوە، بەڵام ئەو کە متووی گوندەکەیان ببوو، وازی لە کاولە گوندەکە نەدەهێنا، زۆر بە رک و بەکەسەرەوە سەیری خەڵکی گوندەکانی دەکرد، بە دەست، بەهێما کردن، داوای گەڕانەوەی لێ دەکردن..)) ل163.

بوورانەوە: کرمانج کە بە منداڵی چاوی بە تەرمی باوکی دەکەوێت لە هۆش خۆی دەچێت، کە لەنێو خەم و ئازاریشدا گەورە دەبێت و هەست بە ستەم و ناڕەوایی دەوروبەرەکەی دەکات، هەوڵ دەدات بیانگۆڕێت، بەڵام زۆر لەوە گەورەترن کە ئەو بتوانێت، کەچی ئەویش بە باوەڕەوە بەرنگاریان دەبێتەوە و بارەکەی ئەوەندە گرانە کە لەژێریا بەلادادێت و دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە، ئەو شەوەش لەنێو دەریای خەمەکانی پیرەژنێکی ولاتە بریندارەکەی مەلە دەکات، بەڵام ناگاتە هیچ

کەناریێک، ئازار و خەمی میللەتەکەی و بێباکی و دڵڕەقی سەرانی جیهان و پاڵپشتیکردنی ناڕەوایان (دەنگ و باسی رادیۆکە) ناهێڵێت شەو چاوی بچێتە خەو، رۆژی دووەمیش چاوەڕوانی دایکی و ژنی و منداڵەکانی دەکات، کەچی خەبەری هەڵدێرانیان وەردەگرێت. کە لە ئەنجامدا لەخۆدەچێت:

((. شڵەژا، رەنگی هەڵبزڕکا، لاقەکانی لەرزین سەری گێژی خوارد، بەچوی لێڵ بوو و کەوت)). ل79.

((دلێر..! کرمانج! باوکی ئازادی..! ئەتۆ نازانی من و دایکت هاتووینە سەردانت هەی بەساقەت بین. ((ئێرە کێندەرە؟ ئێمە لە کوێین؟ ئەنگۆش لەناو ترۆمبێلی مردن؟ ئەدی کوڕەکان؟)) دایکی گوتی: بەقوربانت بین، هەموو وا لێرەینە، ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ وەکی چاوی بەتەرمی باوکیشی کەوت ئەوهای..)) ل85.

زمانبەستران: شەوچرا بەڵێن دەداتە باوکی ئەو دوو ساوایە دایک مردووانە کە ئەو ئامادەیە جێگەی دایکیان پڕ بکاتەوە: ((شەوچرا: ئەوە تۆ دەڵێی چی کاکە شێرکۆ؟ مە کچی دایک و باوکی خۆم نەبم ئەگەر لە هەموو دایکێی سەر ئەم زەمینە بۆیان خەمخۆرتر و دڵسۆزتر نەبم. ئەوانە تەنیا منداڵی تۆ نینە.)) ل99.

بەڵام لە رێگەدا فڕۆکە بردومانیان دەکات و چەندین دیمەنی زۆر تراژیدی و ترسناک دەبینێت و بەرگەیان ناگرێت لە ئەنجامدا زمانی دەبەسترێت و توانای قسەکردنی نامێنێت:

((کاروانچییەکە پیرەژنی دابەزاند و تریانەکەی کردەوە و دایگرت، لایەکی تریان و بەرماڵە رەش و سپییەکە دڕابوون، منداڵێکی دەرهێنا، منداڵەکە سەری جووڵاندەوە و گریا، قۆنداخەکەشی بەخوێن ببوو، ئەوی دیکەی بەدەستی چەپی بڵند کرد، خوێنی لێ دەتکاوە، شەوچرا لە

دەستی دەرهێنا، قۆنداخە بە خوێنەکەی کردەوە و سەیریان کرد، چ سەیر بکەن! تلیشە ئاسنێک لە سەروەی ناوکە تەڕەکەیەوە کچەکەی کردۆتە دوو لەت، شەوچرا زرووکاندی، سەر و تیتکی خۆی رنییەوە: کچێ بێ باوک و دایکەکەم! مەلۆتکە بێ کەسەکەم، ئەمن چ وەڵامی خۆم بدەمەوە.

لە شوێن خۆیا حەپەسا و زمانی گیرا. لە رێگەدا چەند جارێک بە منداڵەوە ساتمەی کرد و کەوت و هەڵستایەوە، بارگیرێکی بینی لە قەراخ رێگاکەوە کەوتبوو، خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، پەلێکی پێشەوەی بڕابۆوە، خاوەنەکەی کورتانەکەی لێ دەکردەوە، لەولاتر ژنێکی سکپڕی بریندار دەینالاند، خەڵکێکی زۆر بە حەپەساوی گەمارۆیان دابوو.. ئازاد بانگی کرد: دایە!. دایە!. مەترسە! مەترسە سەلامەتین. تۆ بۆ لە جێگەی بۆمباکان بەجێ مای..؟. بەڕاکردن و بە لرفەلرفە گەیشتەوە کەرەکە، ویستی بڵێ زامدار نەبووینە، هەستی کرد قسەی بۆ دەرناکرێت، بە هەردوو دەست شێتانە، نیشتمانی لە تەپڵی سەریەوە ت نینۆکی پێی پشکنی، دەستە بە خوێنەکەی بینی و زۆرتر ترسا، بەڵام کوڕە گەورەکەی کە نیشتمانی لە پێشە خۆیەوە گرتبوو گوتی: ئەوە دەستت لەکوێ بە خوێن بووە؟ دەستت بریندارە؟

..چەند جارێک دەم و زمانی جووڵاندن، بەڵام لە لوغەلوغ بەملاوە هیچی دی بۆ دەرنەدەکرا، سەری بۆ ئاسمان بەزکردەوە، هەموو باڵندەکان بەهێمنی تێک دەسووڕان و بەرەو زەوی نزم دەبوونەوە.. باشووکەیەک لە ئاسمانا پەلاماری فەڕەندەیەکی پەڕ رەنگینیدا، باڵندە پەڕ رەنگینەکە، باشووکەکەی بەدواوە بوو؟ خۆی کوتایە ژێر دەست و پێی شەوچرا، هاواری کرد: نەکەی. نەکەی. وازی لێ بێنە))ل116-118.

هەزاران هۆکاری جۆراوجۆری وورووژێنەر لە دەوروبەری مرۆڤدا هەن، هەندێکیان خۆشین و بریێکیشیان ناخۆشین، بەپێی هێز و شوێن و کاتەکانیان کار لە مرۆڤەکان دەەن. کە ئادەمیزاد رووبەڕوویان دەبیچتەوە کاردانەوە و وەڵامدانەوەی دەبێت. وەڵامدانەوەکانیش بە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیەوە، کار لە کەسایەتی تاک دەکەن، لێرەدا سەرەڕای فشاری خەم و ترسێکی تۆفێنەر، کە بوردومانی فڕۆکە و دیمەنی زۆر تراژیدی چەندین کارەساتی ترسناک و دڵتەزێن دەبینێ، بەرگەیان ناگرێت و لە ئەنجامدا زمانی بۆ ماوەیەک دەبەسترێت، واتریش کە باڵندە پەڕ رەنگینەکە لە ترسی دوژمنە ستەمکارەکەی خۆی، هانای بۆ دێنێت، (وەکو خۆی دێتە بەچاو و هەست بە هەموو ترس و ئازارەکانی دەکات)و ئەویش دەسەڵاتی بەسەر دوژمنەکەی ئەودا دەشکێت، هێز و توانای دێنەوەبەر و لە خەمی باڵندەکەدا بەبێ دەستی خۆی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ خۆی و خەمەکانی خۆی لەبیر دەکات و هەموو هەستەکانی رووبەرووی دەربازکردنی یەکێکی لەخۆی بێ دەسەڵاتر دەکاتەوە، لەو کاتەدا بەزەیی هاتنەوە و دەمارگیرانەکەی دەیهێننەوە سەر دۆخی جارانی و دووبارە زمانی دەکرێتەوە. لەم چەند دیمەنەدا لایەنەکانی هونەری و دەروونزانی و ژیانی راستەقینەی کەسەکان و خەیاڵ زۆر بەهرەدارانە تێکهەڵکێش کراون و خراونەتە نێو تابلۆکانەوە!

زمانگیرانی مینە: ((باوکی ئەم کیژەش لە خەژمەتان، حەفت مانگی پڕ، زمانی بەسترا، چەند باوکی من لە گۆڕستانێ هاتەوە و چووە ناو ئاوەدانی و قسەیەکی کرد ئەویش هەر هێندە، ورتەیەک چییە لە زاری نەهاتە دەرێ، چەند دوعا و نوشتەمان بۆ کرد، کن سەد چاک و پیران. لە دختۆری دونیایێمان گێڕا، داو و دەرمانی دەختۆر و حکیمان نەما

بەدەمیەوە نەکەین. خودا و قورئانی پیرۆز و (شێخی باڵەک) کردیان، هوردە هوردە هاتەوە سەرەخۆ)) ل75.

دەست و پێ شکان: کە ترسێی زۆر گەورەی وەک ئیزرایل شڵاو بۆ مرۆڤێکی ترسنۆک یا گیاندارێکی دیکە دێنێت هەست و هۆش نەتوانن بەرگری بکەن، ئەوا کاردانەوەکە ئەوەندە پڕ تەوژم دەبێت کە ئیتر مێشک و جەستە وەک پێویست ناتوانن رەفتار بکەن بەڵکو هێزی جوولانەوە و هەڵاتنیشی نامێنێت، وەک ئەوەی مشکێک پشیلە بگاتە سەری و دەرفەتی راکردنی نەمێنێت، ئەم ورەبەردان و قەڵەمشکانەش هەر بەهۆی کاریگەری ژینگەکەوە تووشی دەبێت: ((دزە بچکۆلەکەیان کە هاوتەمەنی برایەکەی من دەبوو. قەڵەمی دەست و پێی شکا. وەک دوو برایەکیانی نەیتوانی بەسەر چیلەکەدا سەربکەوێت و دەرباز بێت، کەوتە بەردەستم، کە دارێکم لە گێەزەی ملی دا، دەمی هێندەی دەمی حەزیایەک بەش کردەوە، هاواری لێ هەڵستا: ((بابەڕۆ کوشتمی، (کاکە گورگۆ) بەجێم مێلە مردم..))ل179.

**بێباکی (العبثة واللامبالاه):**

کە بەسەر هاتێکی زۆر دڵتەزێن بەسەر مرۆی بێ ورە دێت وەک کەسێکی زۆر خۆشەویستی بمرێت یاخود چارەنووسێکی رەش و بێچارە بەرۆکی بگرێت ئەوا بەرچاوی لێڵ دەبێت و بڕوای بە دوا رۆژ نامێنێت و بایەخ بەهیچ شتێک نادات: چەندین تاوانی زۆر گەورە رووبەڕووی شێخۆ دەکەنەوە کە ئەنجامەکەی لە سێدارەدانە، بەڵام ئەو بەبێباکی وەڵام دەداتەوە: ((شێخۆ نکوڵی لە هیچ کردەوەیەک و تاوانێکی نەکرد بەبێباکیشەوە گوتی: من چەند زۆرداری و ستەمم کردووە، ئەم خەڵکەش دە ئەوەندیان لە ئاستی مندا کردووە، من لە

منداڵیشمدا تامی خۆشی و خۆشەویستیم نەکردووە، بەشی من هەر چەوساندنەوە و سەرکوتکرن و ئازارجێشتن بووە. تەنیا ساتێکیش ئاسوودەییم نەدیوە، هیچ بوونەوەرێکیش هەستی بەهاوار و ناڵینم نەدیوە، ئەم خەڵکەی دەوروبەرم هەمیشە بە چاوی زردایک دەنوارِنە من و بە دەستە ئاسنینەکەی ئەویش سیخورمە لە دڵ و دەروونم دەدەن، ئەگەر هەستم بکردایە هێندەی سەگێک خۆشیان دەویێم هەڵبەتە منیش خۆشم دەویستن و هەرگیز بیرم لە تۆڵەسەندنەوە نەدەکردەوە))ل208-209، ((ئەگەر بە کوشتنی منیش کارتان ساز دەبێت چش لە من، من هەر لە منداڵییەوە کوژرام و هەموو رۆژێکیش دەکوژرێم و دەکوژرێمەوە))ل204.

ئەم بێباکییەش لە یادگەی مرۆڤدا شتێکی کاتییە، بەرەبەرە لەبیر دەچێتەوە، لەبیر چوونەوەی رووداوە ترسناک و دڵتەزێنەکانیش بەخششێکی خواییە، ئەگەر نا ژیان بەردەوام نەدەبوو، چونکە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەرگەیان ناگرێت، کاریگەری و لە بیرچوونەوەی ئەم شتانەش بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی خێزان و گونجان و گوزەران و باری ئابووری و. هتد لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.

**چەندین بابەتی دیکەی دەروونزانی:**

منداڵان لاسایی گەوران دەکەنەوە: کە کاری رۆژانەی کۆمەڵگەکەمان چەکداری و کوشتن و بڕین و زۆرداری بێت، منداڵەکانیش کە چاودەکەنەوە و دەوروبەری خۆیان دەبینن و چاو لە گەورەکانیان دەکەن، ئەمەشیان گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەکە ئاڵۆز و دژوارتر دەکات، حەزی چەکداری لە ناخیاندا گەشە دەکات و بۆ

چارەسەرکردنی تەنگو چەڵەمەکانیان بیر لە بەکارهێنانی چەک دەکەنەوە. ئێستاش ی لەگەڵدابێت منداڵانی کورد، نەک تەنیا داواری کڕین و بەکارهێنانی چەک دەکەن، بەڵکو لە باخچەی ساوایان یان لە قوتابخانەی سەرەتایی کە داوای وێنە و نیگاریان لێ بکەن، ئەوا یەکسەر وێنەی زرێپۆش و تانک و فڕۆکە و مەترەلۆز و چەکی دیکە دەکێشن، ئەمەشیان ڕەنگدانەوەی 1یانی کۆمەڵگەی کوردەواریمانە، کە هەر شەڕ و تۆقاندن و جۆرەها چەک لە دژیا بەکارهێنراوە.

((منداڵە نێرینەکانی دێ، ئەک و داریان بە دار و تیلمە پەڕۆ بەستابوو، وەک تفەنگ کردبوویانە شانیان، وەک شانۆگەرییەکیان دیتبێ و ئەوان دووبارەی بکەنەوە، دەستیان بە وازی کرد، بوون بە دوو بەش، بەشێکیان زۆر و بەشێکیان کەمتر، بەشە کەمەکە بەڕاکردن چوونە سەر بڵندابییەکەی پشت گۆڕستانە بچووکەکە. خۆیان لە بۆسە داگرت، ئەوانی دیکەش لە سێ لاوە بە پارێز، بە خشین و چوار چەنگ بۆیان دەچوون، ئازاد و رزگار پتر تێیان رادەمان، نەیان دەزانی چی دەکەن، بەڵام لاسایی ئەوانیان دەکردەوە، کاتێک هاورایان لێ هەڵسا: بیگرە، کوڕە بیکوژە، لێیدە، دەربازی نەکەی، نیشانە لە کەللەی سەر و دەفەی سنگیان بگرن..

دار تفەنگۆکەکانیان بەرامبەر یەک رادەگرت بە دەم هاواریان دەکرد، ((تە. تە.. کوشتم ئەری بەخوای من کوشتم)) دواتر خۆی بە زەویدا دەکێشا وەک ئەویش پێکرابێ، یەک دوو جوولەی دەکرد، ئەویش خۆی دەمراند، هێندێک لەزۆرەکان وەک تانک دەیان نەڕاند، سمکۆڵیان دەکرد: گڕ گڕ گڕ، بەمب. بەمب. (لە دەنگێکی بەرزتر) گە گە گە. زۆری نەخایاند زۆرەکان شکان، بڵاوەیان کرد، بە ڕاکردن بۆ دواوە گەڕانەوە،

دووانیان به دیل گیران. دوایی هەموویان سەرلەنوێ کۆبوونەوە، گیراوەکانیان دادگایی دەکردن. هتد))ل199.

بەڵام لە دادگاییکردنی منداڵەکاندا بەزەقی دیارە کە لە ئاستی هۆش و بیر ئەواندا نییە، نووسەریش درکی پێکردووە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە کە دەڵێ: ((وەک لاسایی دادگاییکردنێک بکەنەوە کە بە چاوی خۆیان لە بارەکای (پ. م.)ەکانی گوندەکەیاندا دیبییان.))ل199.

لە شێوازاری منداڵەکانیش وا پیشان دەدا کە شارە دێیەکەماڵی غەوارە و هەڵاتووی تێدایە.

بیکردنەوەی منداڵانە: نووسەر بە تەواوی بوویتە ئەم کچکۆڵەیەی کە هەموو جیهان بریتییە لە خۆی و لانکۆڵە و بووکۆکەکەی و داپیرەی: ((بەشەرمێکی منداڵانەوە گوتی: مامە! ئەتۆ کیژێکی جوانت هەیە؟ مامە کیژی تۆش لانک و بووکۆکەی هەیە؟. مامەی خستبووە ژێر نشتەری پرسیاران، کاتێک سەری لەمامە خوار کردەوە و گوتی: مامە ئەوە بۆ دەگرییێ؟ کێ لێی داویی؟! بە دایکم بلێیلێی دەداتەوە))ل106.

نووسەر کە باسی جیهانی منداڵان دەکات و بە لانکۆکە و بووکۆکە و داپیرەی دەست پێدەکا، سەرتای دەست پێکردن و ژیان و بنیادنانی کەسایەتییە، لێرەدا بە گەشبینی و خۆشییەوە دەڕوانێتە ژیان، کەچی یەکسەر کاتێک سەر لە مامە خواردەکاتەوە، مامە دەگری، ئەمەشیان لایەنێکی دیکەی ژیانە، کە ناخۆشییە، ژیان (تاڵی و شیرین)یە، بۆیە دەبێت نەوەکانمان وا پەروەردە بکەین کە بەرگەی هەردوولایەنی (خۆشی و ناخۆشی) بگرن.

بۆ جوانکاری بابەتەکە وا پیشان دەدات کە سروشت و دەوروبەری مرۆڤەکان هەست و نەستیان دەردەبڕن و بەشداری خۆشی و

خەمناکییان دەکەن، نموونەش: ((دار و دیواری شارەکە، قەڵات و بازاڕەکە لە خۆشییان گەشابوونەوە و هەڵدەپەڕین))ل24. ((خوڕەی ئاوی چەمەکە بوو بە ئاوازێکی غەمگین، سەردوولکەیەکی بەسۆزبوو، شەهیدێکی بێ نازی دەلاواندەوە، هەرچەندە شەپۆلی نەپساوەی رووبارێک دەبینم، خەبات و کۆڵنەدانی تۆم دێتەوە یاد. هەرچەندە هاوژەی نەبڕاوەی چەمێک دەبیستم، بە هاوار و هاندانی تۆی دەزانم))ل138.

((تۆو بەهۆی خاک و ئاو و بارودۆخێکی لە بارەوە چەکەرە دەدات، چەکەرەکەش دەبێتە رەگ و قەد و گەڵا، رەگ بە ناخی خاکدا دەچێتە خوارەوە و لەگەڵیا تێکەڵاو دەبێت و لێی جیا نابێتەوە و لەگەڵیا تێکەڵاو دەبێت و لێی جیا نابێتەوە، قەد: گەڵا و گوڵ دەردەکات، گوڵ دەبێت بە بەر، بەریش دەبێتەوە تۆو!!. خاک وڵاتە، رەگ و قەد و گەڵا گەلە، گوڵ خوێنی ئاڵی شەهیدانە، بەر، سەربەستی گەل و نانی رەنجدەران و ئازادیی نیشتمانە..))ل138.

هەستی شەشەم: ((شێرکۆ! دایکت بۆ نەهاتەوە؟ ئەو دەیگوت ئەمن بەخۆم مامانی کیژی خۆم دەکەم، دڵم دەڵێ هیوای کوڕم لەگەڵ دایکت گیراون. وەختە بۆ هیوا شێت ببم، دەمەوێ گوێم لە دەنگی هیوا بێت. ببینم، ماچی بکەم، حەزدەکەم لەبەر چاوما هاتوچۆ بکات، دەمەوێت دواجار ببینمەوە، دەزانی دڵم چەند تەنگە؟ نازانم هەستی شەشەم بوو یا پەیامێکی نهێنی دەروونی بوو، لەگیانەڵا هەواڵی گیرانی هیوا و دایکی شێرکۆی پێ گوتبوو. چونکە لە راستیدا ئەوان لە هەولێر زیندانی کرابوون و سەردانیشیان قەدەغە بوو.))ل90.

نواندنی کەسایەتی و جیاوازی چینایەتی: ئەگەر سروشتی مرۆڤایەتی لە دید و بۆچوونی هەردوو زانای کەسایەتی (باندروا و

ولترز) شیتەڵ بکەینەوە کە جەخت لەسەر کرداری فێربوونی زانیارییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دەکەنەوە و کاریگەرییەکانی دەرەکی و ناوەکی (خودی) بە یەکەوە پەیوەست دەکەن و واشی بۆ دەچن کە خەڵکی هان نەدراون هێزی زگماکیان (سگەخوو- غریزە) بەجەستە بکەن (بە پێچەوانەی ((فرۆید)) کە وای بۆ دەچێ) هەروەها پیچویستییەکانی گەرەک نییە (بە پیچچەوانەی بۆچوونی ((ماسلو)).)

ئەو رەفتارانەی خەڵک پەیڕەوی دەکەن بریتین لە تێبینی کردن و لاساییکردنەوەی رەفتارەکانی خەڵکانی تر (صالح)، 1988، ل218).

(باندروا) وای بۆ دەچێ کە مرۆڤ توانای هێنانەکایەوەی ژینگەی تایبەتی هەیە، هەتاکو ئەگەر بەشێوەیکی پچڕ پچڕیش بێت. کە فێری رەفتاری خەراپ دەبێ هەروەکو فێربوونی رەفتار و داب و نەریتی باشە وایە. هەردوو جۆرە رەفتار لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە بە هەمان شێواز فێردەبێ (صالح، 1988، ل219).

لە بەشی (مار پێیوەدا)لە ل18دا، کە باسی روخسار و جلوبەرگ و شێوەی دەموچاوی (نەنە) دەکات، بەشێویەکی رێک و پێک کەسایەتی (نەنە) پیشان دەدات. دوا جیاوازی چینایەتی (ئاغا و کرمانج) دەردەخات و ئاورێکیش لە لایەنی کۆمەڵایەتی دەداتەوە. دواتر بەدوای ئەمە باسی لایەنێکی تری ژیان دەکات، ئەویشیان (رەشبینی)یە و لە پاڵ ئەمەشدا بایەخی بە هەڵچوون داوە کە لایەنێکی گرنگی دەروونییە بەتایبەتی (گریان)، هەروەک شانۆنامەیک ئەم دیمەنە دەنوێنێت.

بەها کۆمەڵایەتییەکان: لە بەشی 6- یاسای جەنگەڵدا دەڵێت: ((بەگاڵتە پێکردنێکی ساردەوە: ئێمە خۆمان بۆ خاک و گەلەکەمان بەخت کردووە، پیاو کە بەسەربەستی نەژی، مردن بە پارە بکرێ باشترە. هتد))ل103.

چەندین بەهای گرنگی کۆمەڵایەتی بە (گاڵتە پێکردنی ساردەوە) دەخاتە روو. دیسان دەبێ ئەوە بزانین کە ژیان کۆمەڵگەی کوردەواری و بارە کۆمەڵایەتییەکەی خاوەن چەندین بەهای بەنرخن، وەکو دەڵێ: ((کە پیاو بەسەربەستی نەژی بمرێ باشترە)) یا وەکو پەندو قسەی نەستەقی کوردی هاتووە: ((بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە))، ((پیاوی ئازا هەر جارێک دەمرێ، بەڵام ترسنۆک هەموو رۆژێ جارێک دەمرێ))، ((کەم بژی و کەڵ بژی)). لە بەها ئاینییەکانیشەوە دەڵێ: ((خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕەوەیە)).

((خوسێنە فەندی: هەندێ هەرچی و پەرچی بێ سەربەر، هەڵپەهەڵپێک دەکەن، چەند کەسێک بەتڕاندن دەدەن و ماڵی بڕێکیش کاول دەکەن (بە دەست و بە دەم) هی ئەم دیوە دەبنە نۆکەری ئەو دیوی هی ئەو دیویش دەبنە کریچگرتەی ئەم دیوە. لە دواییشدا، تێک بەردەبن و یەکدی دەخۆنەوە.))ل39.

پڕوپاگەندە و شەڕی دەروونی: رۆماننوس لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ پروپاگەندە کردووە: ((لەم دواییەدا لە بیانووێک دەگەڕان لەنێویان ببەن، زۆر بەنهێنێ بردنیان و لە شیوێ ک لەولای سەربازگەکەوە لە دوو دار چناریان بەستانەوە ئینجا شێخۆیان نارد ئەویش کوشتیانی و چاوی دەرهێنان و ئەندامی نێرینەیانیبڕین و خستنیە نێو دەمیانەوە و چەکەکانی بردن و بە دەستگەرمیش چەند دەستڕێژێکی رووەو سەربازگەکە کرد، ئینجا بەرەو چیا بۆ دەچوو..

هێزێک لە سەربازگەکەوە بەرەو شوێنی تەقەکان چوو و تەرمەکانی هێنانەوە. سەربازانی سەربازگەکەیان کۆکردەوە و کەوتنە هاندان و تووڕەکردن و رککردنەوەیان. جار جار بە رقەوە و جار جاریش بەسۆزەوە بە بەزەگۆ هاواریان دەکرد: بڕوانن! بە چاوی کەللەی

سەری خۆتان ببینن، تاوانبارە نیشتمان فرۆشەکان دژی مرۆڤی عەرەبن، لە پێناوی ئاغا بیانییەکانیاندا تاوانی ئەوتۆ ئەنجام دەدەن کە مرۆڤ لە ئاستیدا شەرمەزار دەبێت. ئەوەی دەستی نەچێتە. ئەوانە ئاگر پەرست و بێچووە جندۆکەی شەڕانگێزن، چەتە و ڕێگر و ئاژاوە چین، بە هەموو ئاینێک کوشتنیان غەزایە.))ل189-190.

لێرەدا ڕۆماننوس لە رووی دەروونزانییەوە زۆر جوان پڕوپاگەندەی لە شوێنی خۆیا بەکار هێناوە، ئامانجەکەشی وەستایانە پێکاوە، ئامانج و بەرژەوەندی دوژمن لەوەدابووە کە زیانەکانیان دیزە بەدەرخۆنە بکەن و ئامانج و مەبەستە راستەفینەکانی ناخیان دابپۆشن، لە هەمان کاتدا، بە زمانی لووس و دروشمی رەونەقداری بە درۆ و بێ ناوەرۆک بە شان باڵ ی کورد هەڵبدەن و بە هاولاتی خۆیان و دڵسۆزی نیشتمانیان ناوبێنن، لە لایەکی دیکەشەوە وا پیشان بدەن کە کوشتنیان بە هەموو ئاینێک غەزایە، بۆ ئەوەی خەڵکی ساویلکە و سادە دەست لە پاکتاوکردنیان نەپارێزن، ورەی دوژمنەکانیان برووخێنن و ورەی لایەنگرەکانیان بەرزبکەنەوە و دەوروبەریشی پێ چاوبەست بکەن، ئەم پەڕەگرافەی خوارەوەش بۆ چوونەکان دووپات دەکەنەوە:

((عەدنان خیرالله تولفاح وەزیری بەرگری ئیراق لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا دەڵێت: کوردەکان هاووڵاتی خۆمانن و دڵسۆزی نیشتمانن، بەڵام چەند بەدکارێک کە کرێگرتەی زایۆنیزم و هاوپەیمانەکانیانن بەناوی کوردانەوە دەیانەوێت گێرەشێوێنی بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، بەم زووانە ئەم گومڕا و ئەڵقە لەگوێیانە لەناو دەبەین و سوپاکەشمان زۆر لەوە بەهێزترە کە پێویست بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی بێت.))ل75-76.

((هەر لە هەمان نیوەڕۆوە بۆ هەڵستاندنەوەی ورەپێوی هێزە داهێزراوەکەیان، ژن و پیاو کۆچەرییەکە و شێتە کەڕولاڵە دریژەکە و دوو تەرمی دیکەش، هەر پێنج تەرمیان بە لوولەی تۆپی پێنج تانکانەوە هەڵواسین و لەگەڵ حەفت تانکی دیکە و چەند لۆری (ریۆڵ)ی پڕ سەرباز، بە هەراوهۆیا، بەناو سەربازگە گەورەکەدا هاتنە خوارێ، بە مەبەستی داپۆشینی زیانی خۆیان و چاوشکاندن و رووخاندنی خەڵکی ناوچەکە، رووەو شارە بچوکۆلە دڵتەنگەکە، بە نەڕەنەڕ و گۆرانی و هەڵپەڕین رێیان گرتە بەر، روویان کردە شاڕێیە سەرەکییەکەی ناوەندی شارۆچکەکە، بە بەرزە گۆ:

هاولاتییانی دڵسۆز! مژدەیەکی خۆش. مزگێنی و سەرفرازی سەرکەوتن. وەرن بە چاوی خۆتان ببینن، بە هەموو هەستەکانتان بڕوانن، ئەم کەلاکە تۆپێندراوانە! ئەم بکوژ و تێکدەرانە، کە بە فیکەی ئیمپریالیزم و بە زوڕنای بیانییەکان و بە دەهۆڵی کۆنەپەرستان و ئاوازی دوژمنانی گەل و نیشتمان و نەتەوەکەمان هەڵدەپەڕن..))ل68.

((ئەگەر ئەم خۆفرۆش و دەستە بەکرێگیراوانە نەمینێن، میری نیشتمانی ولاتەکەمان دەکاتە جوانترین و خۆشترین سەیرانگە و دڵگیرترین بەهەشتی سەر زەمین، بە دڵنیاییەوە دەڵێین، بە تەفرۆتووناکردنی ئەم تاقمە ناپاکە ئێمە و ئێوە، ئاسوودە دەبین..)).

شەڕی دەروونی لە جیهانی ئیمڕۆدا بایەخێکی تایبنەتی زۆر گرنگی هەیە، وێڕای ئەمە نووسەر بە قووڵی لە واتای هەڵسەنگاندن گەیشتووە و دەزانێ کە هەڵسەنگاندن لووتکەی تێگەیشتن و وەرگرتن و پیادەکردنی زانست و شیتەڵکردن پێکهێنانە، مرۆڤیش لەمیانەی هەڵسەنگاندنی بابەتییانەوە دەتوانێت بڕیاری گونجاو دەربکات. ئەمەشیان راستەوخۆ لەگەڵ قووچەکەکەی بلۆم و هاوڕێکان (1956)

یەک دەگرێتەوە کە ڕەهەندی زانیاری ژیری بەسەر ئەم شەشە ئاستەی خوارەوە دابەش کردووە:

1- زانیاری. 2- وەرگرتن. 3- پیادەکرن، 4- شیتەڵکردن. 5- پێکهێنان. 6- هەڵسەنگاندن.

بڕوانە هێلکاری قووچەکەکەی بلۆم ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

بیرتیژی و گێرانەوە: بیرتیژی و گێڕانەوە، بابەتێکە لە بابەتە گرنگەکانی دەروونزانی کە پێوەندی بە (یادگە)وە هەیە، سێ جۆرە یادگە هەیە: (یادگەی هەستی و یادگەی کوتخایەن و یادگەی درێژخایەن). نووسەر بۆ گێڕانەوەی دیمەن و ڕووداوە دڵتەزێن و خۆش و ناخۆشەکان پشتی بە هەر سێ جۆریان بەستووە.

لە (بەشی 10_ هێز نارەوا ئەژنۆ شل و بێ هەناوە) بچکۆلە دەڵێت: ((کە ماڵمان لە دێیەکەی خۆماندا بوو، هێشتا خوێندنی سەرتاییم تەواو نەکردبوو. هاوینان لەم تاریک تا ئەو تاریک، لەناو باخەکەماندا خەریکی زەوی کێڵان و کێڵگە بژارکردن و ئاوەدان و میوە رنین و سەوزە چنین بووین. لای ژووری باخەکەمان تەلان بوو. داری هەنار و هەرمێ و هەنجیرو هەڵووچکە و گەراز و چەقەڵە باوی و سماق و دار مێو، جۆرەها داری بەردار و بێ بەری تێدابوو. هتد، هەر چوار کەناری تەختاییەکە، دەکرایە کوولەکەی حاجی و کورد ئاوی و کاڵەکی نۆ مانگی. توولی کودییە ئاوییەکان زۆر درێژ دەبوون، بەسەر دارەکاندا هەڵدەگەڕان، کوولەکەی خڕ و مل درێژ و خواریان شۆڕ دەکردەوە. کە بۆ ئاوکێشان و بێچووە کەو بەخێوکردن زۆر نایاب بوون.))ل177.

بیر تیژییەکی تێدایە کە وردەکاری ڕووداوەکان بە ورد ە درشتەوە دەگێڕێتەوە، هەروەک دەزانین یادگەش کردارێکی ژیرییە و لە ڕوانگەی ئەوەوە تۆمارکردن و پاراستن و مانەوە و گەڕاندنەوەی زانیاری و

شارەزایی پێشوو لە شێوەی بیرۆکە و مەیل و درکپێکردن دەگێڕدرێتەوە. جگە لەمەش (یادگە) بە کۆمەڵەی بنەڕەتی چالاکییەکانی رەهەندی زانیاری و ویژدانی و جوولەیی دادەندرێت، هەر شتێکیش مرۆڤ ئەنجامی بدات پش بەم یادگەیە دەبەستێت! رۆماننووس لە گێڕانەوەی رووداوەکاند زیرەکانە سوودی لە یادگەی منداڵی و هەرزەکاری و گەورەیی وەرگرتووە:

((ئاخ خ خ.. هەرزەکاری، چەند پڕ گڕ و گوڕی خۆشی، ئەوەندەش پڕ شەرمەزاری. خانوویەکی گەورە لە بەرد و قسڵ دروست کرابوو، دووبەش بوو؟ بەشێکیان رووی دەرگای حەوشەکەی لە گۆڕەپانەکە بوو، بەشەکەی دیکەشی ژوورێک و هەیوانێک و ناندینێک بوو، دوو دەرگای هەبوو دەرگایەکی بچکۆلەی دیڕوانییە کۆڵانە تەنگەبەرکە. دەرگا گەورەکەشی لە تەنیشت دەرگای بەشەکەی دیکە بوو، پیرە دارتوویێکی زۆر گەورە، لە نێوان هەردوو دەرگاکاندا هەبوو، بەهاران ئەوەندە رەشەبووی دەگرت، هەرچەندی منداڵی گەڕەکەکە لێیان دەخوارد بنی نەدەهات، بە راستی مزر و خۆش و بەتام بوو، منیش وا ئێستا بێزووی بۆ دەکەم، بووبووە لیسی چۆلەکە و کوکوختییان، چەند بێچووە چۆلەکەمان لەسەر دەکوشت. زستان و هاوین لەگەڵ ئەودا جۆللانەمان لەسەر هەڵخستبوو، هاوتەمەن و هاوپۆل بووین، نیوەی تەمەنی منداڵیمان بەیەکەوە لە ژێر ئەم دار تووە بەسەر بردووە. رۆژێک کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بوو، زوو هاتینەوە، کە گەیشتمە بن دارەکە، بینیم، توو زوو هاتینەوە، کە گەیشتمە بن دارەکە، بینیم، توو زەوی ژێردارەکەی رەش کردووە، سەیرم کرد وا شەوچرا خەریکی توو لێکردنەوە..هتد))ل46. زۆربەی زانیارییەکان دەکەونە ژێر

ڕەهەندی زانیاری ژێرییەوە، کە ئەویش لایەنێکی زۆر گرنگی کەسایەتییە.

ڕۆڵ ژینگە: لە بەشی ((11- شێخۆی خانە خراو)) لە ل(189)دا باسی تۆڵەسەندنەوە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە دەستنیشانی گومان دەکات: ((لەکاتی خۆیدا ویتبوویان کوژرانی (مریَ)ی خوشکی شێخۆی بقۆزنەوە و شێخۆی نۆکەر بەناوی تۆران و تۆڵەسەندنەوە بنێرنە نێو یاخییە چەکدارەکانی چیا، بەڵکو چەند خەنجەرێک لە دواوەڕا بوەشێنێت، بەڵام دەبێت کارێک بکات رابردووی رەشی خۆی لە چاوی ئەواندا بسڕێتەوە و بڕوای پێبکەن)).

لە ل(65-66)دا شوڕدەبێتەوە و ڕۆڵی کاریگەری دەوروبەر (ژینگە) لە دروستبوونی کەسایەتی شێخۆ دەنوێنێت، ((شێخۆ، کەچەڵێکی ریویلەی رەنگ تەڵخ..)) (پێشتر تۆمارمان کردووە) وەستایانە لەم بارەیەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکان کردووە، چونکە لە ڕووی دەروونزانییەوە دوو هۆکاری زۆر گرنگ (بۆ ماوەیی و ژینگەیی) هەن کە کار لە دروستبوونی کەسایەتی دەکەن. ئەمەشیان خۆی لە خۆدا گرنگی و بایەخ پێدانە بە دەروونزانی. ناتوانرێت ڕێژەی (%) کاریگەر هەریەک لەم دوو هۆکارە (بایۆلۆژی و ژینگە) بە تەواوی دەستنیشان بکەین، بەڵام هۆکاری بۆماوەیی لە سەرەتادا کاریگەری پترە. لە دوای لە دایک بوونیش نابێ ڕۆڵی دەوروبەر لەبیر بکرێت، کە مرۆ دەورووژێنێت و زۆر کار لە کەسایەتییەکە دەکات.

خاوەن باوەڕ نابەزێت و ناڕەوایی هەرەش دێنێت: لە لاپەڕە (216)دا دەڵێت ((لە دۆڵ و بناری چیاکاندا رەوە تانک و زرێپۆش و لۆری سەربازی، لە پێدەشتەکانیشدا تۆپی نەمساوی و راجیمە و ڕۆکێت بە ژمار نەدەهاتن. پۆلە فرۆکەی جەنگی لە جۆری مێگ و سیخۆی و

تۆبۆلیڤ و. کۆپتەری سەمتی پەروانەداری گواستنەوە وەک داڵ و سیسارکە کەچەڵ بۆ کەلاک بە هەموو لایەکدا دەسووڕانەوە و نەڕەیان دەهات، سەربازی پیادە و سوارە لە گشت شوێنێکدا وەک شارە مێرووله لە جووله دابوون. دیمەنەکەی پتر لە جەنگێکی جیهانی، یا لێدانی نێوان دوو دەوڵەتی زلهێز دەچوو، بەڵام بە شەڕی ناوەخۆی نێوان میری نیشتمانی و بەرهەڵستکارانی خۆفرۆش ناو دەبرا.))

دیمەنەکان بە راشکاوی دەری دەخەن کە رژێمێکی دەسەڵاتداری نەتەوەپەرستی توندڕەو دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەیکی بێ پشتوپەنا بسڕێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەری دەخات کە نەیانتوانیوە و ناشتوانن ئامانجە گڵاوەکانیان بێننە دی:

((لە کاتێکدا بادەی سەرکەوتنی دوا هێرشیان دەنۆشی و دەگەڕانەوە، دەربەڕووە سووتاوەکانیان بینی شەخەڵیان داوەتەوە، لە گوندە چۆلکراوەکان و لە کێڵگە و لە شارەکانیشدا شەڕی پارتیزانی لە هەموو لایەکەوە بەشێوەیەکی توندتر دەستی پێکردووتەوە، قوڕگان تاڵ بۆوە و نائومێدییەکی تاریک بەرچاویانی گرت و گەیشتنە ئەم بڕوایەی کە تاکو کەللە سەرانێک مابن و هەست بکەن وڵاتیان داگیر کراوە و ئازادی و سەربەستییان لێ زەوت کراوە، ئەوا هەرگیز دوا هێرش بە چاوی خۆیان نابینن و ناشحەسێنەوە..)ل236).

ئەگەر بابەتەکانی هونەری و زمان و جوگرافیا و مێژوو و..هتد، نێو رۆمانەکە تۆژینەوەی لەلایەن شارەزایانەوە بۆ بکرێت، ئەوا پانۆڕامای رووداوەکان جوانتر دەردەکەون و نرخاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانشمان پتر پەرە دەسێنێ.

# سەرچاوەکان

1- سەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (2004) رۆمانی شەخڵی داربەڕوو یا سنووری ستەم و ئازار، چاپخانەی کشتوکاڵ، چاپی یەکەم.

2- چەند دانیشتنێک لەگەڵ رۆماننوس (سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر).

3- دافیدوف، لندا. ل_مدخل علم النفس): وەرگێڕانی سید گواب و ئەوانی تر، (1983)، دار ماکجروهیل للنشر، چاپی چوارەم.

4- الحفنی، عبدالمنعم (1995) الموسوعه النفسیه- علم النفس فی حیاتنا الیومیه، مکتبه مدبولی، چاپی یەکەم.

5- صالح، قاسم حسین (1988) الشخصیه بین القیاس، والنثیر، وزاره التعلیم العالی والبحپ العلمی/ بغداد.

# کتێبی گۆلمێک لە ڕەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری لەبەر تیشکی هەڵسەنگاندندا

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز

ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە، لە نووسینی مامۆستا ((داود محەمەد شڕۆل))ەو، نۆبەرە بەرهەمیەتی، بە یارمەتی، ((ئەمینداریەتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوان))ی ناوچەی کوردستان لەچ پدراوە، نووسەر سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوەو، زیرەکانە بابەتەکانی شیکردۆتەوەو، بە زاراوەو ووشکەانی خۆی لەخۆیدا فەرهەنگێکە بۆ نووسەرانی کورد بەگشتی و، هۆنەرو چیرۆک نووس و رۆمان نووس و هونەرمەندانیتر بەتایبەتی.

نووسەر زۆر وەستایانە وشەکانی لەجێگای خۆیاندا بەکارهێناون، هۆی ئەم وەستایی و زیرەکی یەیشی دەگەرێتەوە سەر ئەوە کە نووسەر کوڕە دەشتەکییەو، زۆربەری هەرە زۆری ئەو کەل و پەلە کشتوکاڵیانەی بینوە، ئەگەر خۆشی بەکاری نەهێنابن؛ بەڵام من لەو باوەڕە دام خۆی جووتیاری و بگرە کارەکانی تری لادێی هەموو کردووە سەری زۆر باش ڵیان دەردەچێ.

ئەو هۆیانەی باسمان کرد هۆی بەپێزی و بەنرخیی بەرهەمەکەیەتی و تێنوێتی و شەیدایشی لەلایەکی ترەوە بونەتە هەوێنی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەی مامۆستا ((داود))و، هەموو بەرهەمێکی تری وێژەیی بێ کەم و کوڕی و ناتەواوی نابێت، ئێمەش لە میانی ئەم هەڵسانگاندنەدا هەواڵ دەدەین لایەنی چاک و خەراپی دەست نیشان بکەین، بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانەی دوور لە مەسەلەی خۆیەتی.

هەڵسەنگاندنیش: واتا کرداری دەست نیشانکردن و چارەسەرکردن دەگرێتەوە. ئێمە سەرەتا لایەنە چاکەکانی دەستنیشان دەکەین ئینجا لایەنە ناتەواوییەکانی و، بەپێی تواناو لێزانینمان چارەسەریشی بۆ دادەنێین.

**یەکەم: لایەنە چاک و سەرکەوتوەکانی کتێبەکە:**

ا- بەرگی ئەم کتێبە لەگەڵ بابەتەکانی ناوەوەی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە زۆر جوان دەگونجێت و، پەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ باسەکاندا هەیە.

ب- لەلاپەڕە (5)، لەژێر ناونیشانی (پێشکەشە)دا نووسەر ئەم بەرهەمەی خۆی بەسێ جۆرە کەسان پێشکەش کردووەو، زۆر زیرەکانەی هەڵی بژاردوون، لەسەرەتادا بە منداڵانی خۆیەوە دەستی پێ کردووە کە دەڵێت: ((پێشکەشە بەو شەش نێرینەو سێ مێینەکانم کە دەبێ تا ئەو رۆژەی گرێ لە کفنەکانیان دەدەن، لە توخبی رێڕەو رێبازو خزمەتی نەتەوەو نیشتمانیان لانەدەن)).

لە خاڵی دووەمدا دەڵێ: ((پێشکەشە بەو نەوە داهاتوانە لە نێرو مێ کە دەبێ ئەوانیش چەند کون و کەلەبەری وڵاتەکەمان هەیە بشکنن و

باوک و باپیرانیان هەناسەسوارو جێ لەق بکەن تاوەکوو راستە رەوسەی کەلەپووری کوردەواریان بۆ بڕبکەن).

لێرەدا لەگەڵ ئەم پێشکەش کردنەیدا ئامۆژگاری نەوەی داهاووی کردووە بۆ گرنگ پێدانیان بەو گرنگ پێ دانیان بەو سامانە نەتەوایەتییە لەبن نەهاتووەی باووباپیرانمان، کە خۆی لە خۆیدا داواکارییێکی پەسندو بەجێیە.

خۆ خاڵی سێیەمی هەر باس ناکرێ و، بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەشی کردوون و نووسیوەیەو دەڵێت: ((پێشکەشە بۆ ئەو کەسانەی کە عەودالّی نووسینی کەلەپوورو داب و نەریتی کوردەوارین. کە ئەوانیش دەبێ نیفۆی دەرپێە سپیەکانیان سێ چوار قەف بەلای دەرەوە وەربگێڕن. وەک خۆ ئامادەکەرانی قوڕکاری پایزی، مەبەستی هەرە سەرەکییان دیتنەوەی یەکەم بناغەو قوڕەپەستی بنیات نانی شارستانیەتی کوردەواری بێت)).

ج- لە لاپەرە (7-31)) لەژێر ناوی ((پێشەکی))دا، پێشەکییەکی تێرو تەسەلی زۆر بەتام و خەستی نووسیوە بە جۆرێک کە خوێندەوارانی کورد لە خوێندنەوەو تام و چێژوەرگرتنی هەر تێر نابن و، بەهیچ جۆرێک هەست بە هەراسانی و بێزاری ناکەن هەرچەندە پێشەکییەکەش درێژە، بەڵام ئەوەندە وشەی رەسەنی کوردەواری بەماناو جوان و بەجێ و رێکوپێکی بەکارهێناوە بەتوبێ سێبارەو چواربارەی بکەیتەوە ئینجا ئەگەر لە خوێندنەوەی تێر ببیت!!

هەر بۆ نموونە چەند وشەیەکی جوانی ناو ئەو پێشەکییە دەخینە پێش چاو، لەوانە ((هۆزەبانە، هەلۆتکە، بەردەسێر، سەرزەن، رەباس، ساتمە، مرومۆ، تەترە، فرچک، هوڕێنە، خالۆری، پاشۆل و..)) سەدان وشەی تری واتادار.

مامۆستا ((داود)) له پێشەکییەکەیدا بەوەش نەوەستاوە بەڵکو وەک جوگرافی ناسێک چەندان ناوچەی کوردستانی ناو هێناوە، لەوانەش: ((ناوچەی سۆران و بادینان و دەشتی بیتوێن و شارەزوورو قەراج و کەندیناوەو زورگی زورگەزراو زەرگەتەن و چیای دێدەوان و بەنی حەریرو سپیلک و گەلاڵەو حاجی ئۆمەران).

خۆ باسی ئەو پەندە زۆرو جوانانە هەرناکرێ کەلە جێگای خۆیدا بەکاری هێناون، لەوانە: ((کەس لەپڕێ نەبوویتە کوڕێ))، ((بەدەستی خۆت، خۆت نەخورێنی خورشتت دانامرکێ))، ((گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێتەوە یا شین دەبێتەوە))، ((قسە هاتە روو نامێنێ ئەرجوو))، ((قسە هەرزارە دووی بەکارە))، ((چ لەناو مەنجەڵ بێت ئەو دێتە ئەسکۆ))، ((شەوت ماڵە مزگەوت بەتاڵە))، ((نان ئەو نانە ئەمرۆ لە خوانە))، ((گیا ئەمەیە بەدەمی بزن خۆشبێت)).

بێجگە لەم لایەنە خۆ لایەنی ئاسمانەوانیشی فەرامۆش نەکردووە، ئەوەتا ناوی ((حەفتەوانەو گەلاوێژو کاروان کوژەو پێروو تەرازوو کاکێشانی)) هێناوە لەگەڵ ناوهێنانی ((کەژو حیساب راگرتنی ((کەژو مێرم و ئۆغەن و پیت و پاڵۆزو بەندو بەندەرخەو پیرەژن و. هتد)).

د- له لاپەڕە (26-27)ی ئەم پێشەکییەدا لەژێر ناوی ((مەبەستیش لە خڕکردنەوەی کەلەپوور ئەوەیە)) لە (6) خاڵی گرنگ سوودی کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردی روون کردۆتەوە، لەوانە:

1- گێرانەوەی زیندووکردنەوەی رەسەنایەتی رابردووی ژیانی ئەم کۆمەڵە لە هەموو بارێکدا، وەکو: پەروەردەو ئایین و زانستی و کارو کرداری داب و نەریت.

2- ژینەوەو بەکارهێنانی چەندین وشەی ساغ و رەسەن لە زمانی زگماکی کوردەواری و دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زمان.

3- زیدووکردنەوەی چەند کرداری پیشەسازیی سادە لەکاری جۆلایی و بەرهەمەکانی جاجم و دووگردو بەرماڵ و پەشمەو کری رانک و چۆغەی جۆراوجۆری مێرانی کورد.

ە- لەلاپەڕە (28-31)ی ئەم پێشەکییە نووسیویە ((کارەکانی پەرەسەندنی خڕکردنەوەی کەلەپووری کوردەواری))، زیرەکانە چەند لایەنێکی روون کردۆتەوەو چەند داواکاریەکی بەجێی خستۆتە روو، لەوانە:-

1- لەلایەن میرییەوە:- ا- داوا لە میری بکەین بۆ رێگادان بە کردنەوە (کۆمەڵێکی کەلەپووری کوردەواری).

ب- کردنەوەی مۆزەخانەیەکی گەورە، لە شوێنێکی کوردستان.

ج- بەخشینەوەو ناردنی چەند دیاریی کەلەپووری جوان و لێوەشاوە، بۆ چەند مۆزەخانەکانی ناو وڵات و دەرەوە بەناوی کەلەپووری کوردەواری.

2- هەوڵ و یارمەتیدانی میللەت هەریەک لەراستەخۆی: چ لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانەوە بێت، یا لەلایەن هونەرمەندان و خاوەن کارگەچی و جۆلایەکان و برا وەستاکانی دیوارو خانووبەرە دروست کەرەکانەوە بێت.

و- لە لاپەڕە (32)دا باسی ((رەنجبەر گرتن و مەرجەکانی))و لە لاپەڕە (34-35)دا ((پسپۆری و کارچاکی جووتیار ئەمانە بوون))و، ((جووتیاری ناپەسند)) بەتێرو تەسەلی و رێکییەوە ئەولایەنانەی روون کردۆتەوە، وەکو ئەوەی یەکێک بووبێ لەو رەنجبەرانەو، چەند جارێ بەرەنجبەرایەتی گیرابێ وای بۆ چووەو مەبەستەکانی پێکاوە.

ی- لە لاپەرە (35)دا، ناوی مانگەکانی کوردەیی لە وەرزەکانی ساڵدا بڵاوکردۆتەوە، چونکە ئەم مانگانە پەیوەندییان بە چاندن و تۆوکردن و

ڕەنجبەرگرتن و کاری تری کشتوکاڵی ڕاستەوخۆوە هەیە، بۆیە ئەم لایەنەشی لەبیر نەکردووەو، بەم شێوەیەی نووسیوە:-

بەهار: نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان.

هاوین: پوشپەر، خەرمانان (خەزەلوەر)، گەلاوێژ.

پایز: ڕەزبەر، گوڵاریزان، سەرماوەز.

زستان: بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمە.

ر- لە لاپەڕە (36)دا هەڵبەستێکی خۆی لەسەر کەرەستەی جۆت ودرەو، لەژێر ناوی ((هەڵبەستێک لەسەر کەرەستەی جۆت و درەو)) بڵاوکردۆتەوە، لە (1968/12/10) نووسیویە بەهۆی ئەم مێژووە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە مامۆستا ((داود)) جووتیارو سەپانێکس باشی ئەو سەردەمە بووە.

ئەمەش چەند دێرێکی ئەو هەڵبەستیە:-

کەرەسنەی جۆت لای گشتمان دیارە
نەک تۆدەرو خەرتەو بەیارە
پەریزو خەرتەو شۆو گەردو وەرد
هاوجارو گاسن دوژمنن لە ئەرد
لەنیوەی ڕەزبەر، گەڵاریز گشتی
سەرماوەز هەندێ ڕەش ئەبێ دەشتی
کەرەست ڕێک دەخا، کاکی کوردەوار
لەهیرتەو خەپەو مژانەو هەوجار
.... هتد

ز- لە لاپەرە (39-48) باسی ((کەرستەکانی جۆت کردن)ی یەک بەیەک زۆر بەجوانی و ئاشکرایی روون کردۆتەوەو، لە لاپەڕە (40)شدا مامۆستای هونەرمەند ((ئەسکەندەر)) ئەوەندە بە کارامەیی و

هونەرمەندانە کەرەستەکانی بە وێنەیەک کێشاوە، کە بەبێ ماندووبوون و بێزاری خوێندەوار لێی تێدەگات.

ئەوەی جێی دڵ خۆشکەریەو، زانستانە دەبینرێت، مامۆستا ((شرۆل)) هاتووە زۆر بە شارەزایی و لێهاتووانە چەند وشەیکی گرانی پێناسەو شیکردۆتەوە، کە لەلای نەوەی نوێ و بگرە هەتا ئێمەو مانانیش لەبیر کراوە یا هیچی لێ نازانین، لەوانە: ((پەرە، رەباس، تووخب، بەیار، بەربەیار، بەریار بڕ، خرتە، شۆبر، وەردانەوە، هیشکاووز، تەڕەکار، خێڵۆک، لات، ناوبەرە، سەدە، هۆدانەوە، هاونیر، دوورگا، دوورەگا، بوورە، قورکێل)).

دەکرێ ئەو وشانە بکرێنە ناوی کۆگاو نووسینگەی تایبەتی تاکو ئەم وشەو ناوانە هەا هەتایێ بمێنێتەوەو، لە بیرمان نەچیەوەو، نەوەی (نوێ)مان لییانەوە بێبەش نەبن و، وشە گرانە بێگانەکان نەبنە هەوێنی مێشکی لاوەکانمان!!

س- لە لاپەڕە (62-67)دا، بە ووردی باسی ((جۆر بابەتەکانی تۆکردن)ی کردووە، لەوانە: ((تۆکردنی سەربەخۆ، تۆکردنی نیوە تۆ (بنەتۆ)، تۆکردنی بەتاپۆ، بەکرێ گرتنی زەوی چاندن، رەهنگرتن، شکارتەی رەنجبەر، شکارتەی خۆیی و خۆشەویستان، شکارتەی مەلای دێ، قەرسیل چاندن)) بەراستی زیرەک و شارەزایانە هەمووی یەک بەیەک باس کردوون، وەکو یەکێکی وا کە بەخۆی بەم جۆرە تۆکردنانە هەستابێ.

ش- لە لاپەڕە (71-74)دا، ((مەرجی رێکەوتنی سەپان بەم جۆرە بوو)، لە (14) خاڵی سەرەکیدا دەست نیشان کردووە. هەروەها لە لاپەڕە (74-78)دا، ((کەرەستەکانی درەو (دورنە)ی یەک بەیەک روون کردۆتەوە، لەوانە: ((داس، داسووکە، قەرانگ، قەیناغ، هەسان، کەرەدان

((کەرەشاخ)) کوندەی ئاو، دۆدانە، سێبەرۆکە ((رەشماڵۆکە))، مەرەغان)).

ص- لەلاپەڕە (78-83)دا، چەند وشەیەکی تری ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە جۆت کردنەوە هەیە شیکردۆتەوە زۆربەجوانی و رێکو پێکی، لەوانە: ((تەبارە، گاز، بەر، سوارە، مەرۆ (مەلۆ)، باوەش، گیشە، گەلاوێژ، گیشەکەر (تێلەکێش)، سەپان، پاڵە، سەرپاڵە، قارە، ووشی، داوەر، پەرێز، کۆگە، کوندەرانی پەرێز، بەرکوت، زبارە، سەربڕانە، سەربڕانەی شوانکارە، قۆپەن، قەرەخەرمان)).

ع- لەلاپەڕە (93-96)دا، (چەنداب و نەریتی سەپان و درونە)ی زۆر بە لێوە شاوەیی و شارەزایانە لێک داوەتەوە وەکو سوارە بڵندەکردن، ملەی سەپان، شەڕە داسی سەپان، بەسەردا سووڕانی سەپان، سەربرانەی دورنە، زبارەی هاوپەرێزی، خواردنی کەرەی ناو کەرەشاخ، چەند ووتەی نەستەق لەسەر چاندن و دورونەو جۆخین و پەڕەکەوتن)).

غ- لەلاپەڕە (96-100)دا، ((باسی شەغرەو پێک هێنەرەکانی شەغرە))ی زۆر بە تەواوی و دروستییەوە یەک بەیەک و بەش بەبەش روون و لێک داوەتەوە، مامۆستای هونەرمەندیش کاکە ئەسکەندەر لە لاپەڕە (98)دا بە وێنەیکی زۆر ئاشکراو روون بەشەکانی بۆ خوێندەواران خستۆتە روو.

ف- لەلاپەڕە (104-116)دا، زۆر بەچاکی باسی جۆخین کوتین (بەگێرەو بەچان (کۆتەر)و جەنجەرو پێکهێنەرەکانی جەنجەری) کردووە، بەهەموو بەش و کەڵ و پەلەکانیەو، لە لاپەڕە (110-111)شدا بە دوو وێنەی ئاشکرای روون، جەنجەرو پێکهێنەرەکانی خراونەتە روو، کە لەلایەن هونەرمەند کاکە (ئەسکەندەر) کێشراون،

پێکهێنەرەکانی جەنجەر ئەمانەن: (خوشترۆکە، تۆپی جەنجەڕ، پاڵتە، کلدانە، تۆقی تۆپ، کلچووکە، سیرۆکە، شیرۆکە شوونکی حوشترۆکە (چوار قۆلی دەفەی جەنجەر، دەلاقەی حوسترۆکە، دەفەی پاش و پێش، پردۆکەی جەنجەر، پردی دانیشتن، دار ئەقرەبە، حەلقەی ئەقرەبە، تیرەی حوشترۆکە، بەستەکی جەنجەڕ، دار بەستەک، چاپخانۆکە (کوچ کوچە).

ق- لەلاپەڕە (116-126)دا، چەندان وشەی فۆلکلۆری تایبەت بە جەنجەرو کوتانی پێناسە کردووەو، بە لێهاتوویی شیکردنەتەوە، لەوانە: ((جەنجەر دابەستان، جەنجەر بەردان، جەنجەرەوان، چاوە، رۆخە، زنجیرەی جۆخین، گوریش و زنجیرەی ناو تیرەی جۆخین، دار جۆخین، قرشە شکێن، هوردە کوت، پێ وەرگێران، بەر گرتنی جەنجەر، پێهەڵدانەوە، رەندەی جۆخین، لاچاوەی ولاغی جەنجەر، شەنەبا، تارمە، بیرەبا، بیرۆک، شەنەی ئاسن، شەنەی دار، کوزر، بن جۆخین، بێژەنگ، سەرەند، رەوسە، رەوسەبرکردن، تاپۆی عەرد، زەکاتی شەرع، عەمبار، چاڵ، لەودە، سەرکۆت، دەست باڵ، پشت باڵ، ئاو خۆرەوە، رووبە، قەزناغ، علبە، درا رووبە، دەست، زیادە، شەقڵ، شەقڵچی، سەرکار، قاوەچی، خوبزە، رەشکە)).

ک- لەلاپەڕە (126-138)دا، خۆ لەباسی (شەنەباو رێکخستنی تارمەو رەوسەبر کردن و قسەی جوان و ئاینییە بە کەڵکەکان هەرباس ناکرێ کە بە ئاوازە دەنگ خۆشەکانی چۆن رازاندۆتەوەو، زۆر بە هێمنی و وریایانە یەک بە یەکی باسکردوون، ئەوتا لەکات رەوسەڕکردندا لەسەرەتاوە بەمە دەستیان پێکردووە:

بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی هەر چار یاری نەبی
ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان و عەلی
رەزاو رەحمەتی خودایان لێبی
لەسەر مەو موسەلمانان بە عامی

ئینجا بەیەک یەک و دوو، دوو تا دەگاتە دە، دە، دەیان تەواو دەکردو بەردەوام دەبوون لەو رەوسە بڕکردنەیاندا.

ل- لەلاپەرە (139-150)ی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەی مامۆستا ((داود)) فەرهەنگۆکێکی بۆ ئەو زاراوەو وشە گرانانەی ناو ئەو کتێبە ئامادەکردووە، بەڵام چ ئامادەکردنێک، زۆر رێک، زۆر بە تواناو ئاشکرا، زۆر وشەی بە کەڵکی فۆلکلۆری کوردەواری خستۆتە بەردەست رۆشنبیرانی کورد.

م- لە لاپەڕە (151)ی ئەم بەرهەمەدا، سێ لاپەرەی بۆ (هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان) تەرخان کردووە، کە بریتییە لەکورتەی ژیانی هونەرمەندی ناوبراوو، هەندێ لە تابلۆکانی ناو هێناوە، چونکە ئەم هونەرمەندە وێنە فۆلکلۆرییەکانی سەر لاپەڕەی ئەم کتێبەی رازاندۆتەوەو هەموویان لە دەستکردی ئەون. بۆیە باس کردنی ژیان و بەسەرکردنەوەی بەم شێوەیە لە جێگای خویدایە.

ن0 لەلاپەڕە (155)شدا، مامۆستا ((داود)) سوپاسی چەند بەرێزێکی کردووە، کە یارمەتیان داوە بۆ نووسینەوەو خۆشنووسی و بەرگ کێشان و چاپکردنی.

**دووەم: لایەنە کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی کتێبەکە**

لێرەدا لایەنی ناتەواوی و کەمو کوڕی کتێبەکە دەست نیشان دەکەین و راستیەکان دەخەینەروو.

ا- لەلاپەڕە (3)ی ئەم بەرهەمەدا، نووسەر (مامۆستا داود) هاتووە، وێنەی خۆی و کورتەی ژیانی لەچەند دێرێکدا بڵاوکردۆتەوە، کە نەدەبوو مامۆستا لێری ڵاوبکردابەتەوە؛ بەڵاکو وا چاکتربوو لە دوا لاپەڕە، یا ئەوتا لەسەر بەرگی داوەی ئەم کتێبەی بڵاوبکردایەتەوە؛ لەمەیش زیاتر دەیتوانی ((ناوەخن، ناوەرۆک))ی لە جێگەی ئەودا بڵاوبکردایەتەوە، ئەمەش تەنیا لەلای مامۆستا ((داود)) رووی نەداوە، بەڵکو لەلای ئێمەوە زۆربەی نووسەرانی کورد ئەم لایەنەمان فەرامۆش کردووەو، پەیرەوی ناکەین، بە پێچەوانەی کتیبە عەرەبی و بێگانەکان لە (ناوەخن) لە سەرەتادا دەنووسن، ئەمەش سوودی زانستی و ئابووری زۆری هەیە، با ئێمەومانانیش وەکو وڵاتە پێشکەوتووەکان لایەنی زانستی و نوێکاری پەیرەو بکەین، لەوانە لەبەرهەمە (میسری)یەکان ئەم لایەنە زۆر دەبینرێ و دێتە بەرچاو، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا، کەهێندێکیانن هەر بۆ نموونە دەیان هێنینەوە:-

لە کتێبی ((دەروونزانی پەروەردەیی- علم النفس التربوی)) کەلە بڵاوکاروەکانی کتێبخانەی ((النهچە))ی میسریە ساڵی (1972)ز چاپکراوە.

یان لە کتێبی ((رەگەزو دەروون- الجنس والنفس)) لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، کە لە نووسینی (د. عەلی کەمال)ە، لە ساڵی (1985)دا چاپکراوە بەدی دەکرێ.

لێرەدا هەر مەبەستمان مامۆستا ((مەلا داود)) نیە بەڵکو گشت نووسەرانی کوردە لەپێش هەمووشیانەوە ئێمەومانان کە وەکو دارواکاریەکەو بەس؟!

ب- لەلاپەڕە (29)دا، هەڵبەستێکی ((شێخ ئەنوەری سەید ئەحمەد)) کە تەنها چوار دێری لێ بڵاوکردۆتەوە، وەکو من بیزانم و لێی ئاگادارم

ئەو هەڵبەستە گەلێ لەوە درێژترە کە مامۆستا ((داود)) نووسیویە، پێویست بوو مامۆستا هەمووی بڵاوبکردایەتەوە، چونکە هۆنراوەکە گەلێ جوانە، ماوەی چەند ساڵێک لەمەوپێش لە ماڵی خۆیاندا لە مامۆستا ((شێخ ئەنوەر))م وەرگرت تا لە کاتی کردنەوەی یەکەم پیشانگای فۆلکلۆریمان کە لە رۆژی (1986/3/26) کرایەوە؛ بینەرانی پیشانگاکە هۆنراوەکە بخوێننەوە، چونکە پەیوەندیی بەو کەل و پەلانەوە هەبوو کە لە پیشانگاکەدا خرابوونە روو.

مامۆستا ئەم چوار دێرەی لێ بڵاوکردۆتەوە:-

کاروباری جۆت دەزانن چی دەوێ ئەی رەنجبەرانی
دارکراوەو بن مل و نیرو مژانەو کۆپەران
چیتری پێویستە بێ شک زەنگوڵەو هیرتەو خەپە
جۆتی خۆتان دابەستن لێخورن راستەو چەپە

کەچی ئەمە تەواو کەرەکەیتی، زۆر جوان و بەمانایە کە دەڵێت:

جۆتەکەت باژۆ بەبێ ترس و لەرز راستەو چەپە
بێ فەلاحەت کاروکردەی تۆ هەموو گاڵتەو گەپە
با بزانین چیتری پێویستە بۆ کێڵانی عەر
یعنی بۆ جوت کردن و بۆ هەڵدرینی دەشتو هەرد
بێگومان دو ((گا)) وەیا دو ((ئێستری)) چاکن ئەمین
ئێستری رەهوان و زاناو شارەزاو ئازاو بەتین
مامی جوتیار تاکو بکێڵێ زەوی و بیکا بە وەرد
تا گرێی لێ ببرێ بیگێری بە خاکو تۆزو گەرد
تۆدەرێکی شارەزاش پێویستە بۆ تۆ کردنی
دانەوێڵەو گەنم و جۆشی پێدەوێ بۆ چاندنی
کاکی جوتیار تێبگە ئەو باس و خواستە بۆ تووە

لەو شتانە کاروباری جوتەکت پێک هاتووە
جا ئەبێ تۆ یاری جوتت بی هەتا زوو دەرکەوی
تا لەنێو میللەت لە کارو کردەوەی خۆت سەرکەوی
تا ژیان و نان و هەزانی بخیتە نیشتمان
تا بژی و سەربەستو ئازاد بی هەموو کاتو دەمان
تا نەجاتت بێ لە کۆکەو کارەساتی دوژمنان
تاکو رزگار بی لەدەست کورتی و لە چەنگ تاڵی ژیان

***

زۆر جوانتربوو ئەگەر مامۆستا ((داود)) هەمووی بنوسیبایە، چونکە مامۆستا ((شێخ ئەنوەر)) بە شێوەیکی نووسیوە تام و چێژی لەگەڵ هۆنراوەکەی مامۆستا ((داود)) جیاییە، بێجگە لەوەش مامۆستا ((شێخ ئەنوەر)) وەکو هۆنەرێکی ناوچەی کۆیێ و، مامۆستا ((داود)) وەکو مامۆستاو، شارەزایەکی ((دەشتی قەراج))ی ئینجا زۆر رێکتر دەردەچوو، یا ئەوەتا بیگوتایە ئەم چەند دێرە بەشێکە لەو هەڵبەستە درێژەی مامۆستا ((شێخ ئەنوەر)) کە دەربارەی کەرەستەی جووت و درەو دایناوە.

ج- لە لاپەر (56)دا، وێنەی جووتیارێکی دەستکردی بڵاوکردۆتەوە، دەیتوانی وێنەیکی راستەقینەی بڵاوبکردایەوە، چونکە روون کردنەوەی تێدا نییە تاکو بڵێین پێویست بوو بە دەست بکێشرایە.

ئەو وێنەیەو، گەلێ وێنەیتری کشتوکاڵی بەئاسانی لەلای مامۆستا دەست دەکەوت، چونکە وەکو گوتمان مامۆستا دەستکییەو تاکو ئێستاش بگرە هەر لە دەرەوەی شار مامۆستایە.

د- لەلاپەر (60)دا نووسیویە: ((بەڵام زستانان لە کاتی رۆژ هەڵاتیَ جوتیارەکان لە گوندەکان دەردەچوون، هەرکەسێ تەدارەکی جۆتەکەی بە تەنکێشی وڵاغەکی وەدەکردو بەخۆشی عارەبی سواری وڵاغەکەی تر دەبوو، ئەوی تری قەتارکێش دەکردو دەستی بە حەیران گۆتن دەکرد بە تایبەتی ئەگەر جووتیارەکە لاوبوایە هەستی دڵدارو یاری هەبوایە)). دەبوایە مامۆستا نموونەیەکی لەو جۆرە (حەیرانانە)ی بهێنابایەوە، ئەوکاتە بەتامتر دەبوو.

ە- لەلاپەڕە (61)دا، باسی جۆت دابەستان و بەردانی و هاتنەوە بۆ ماڵەوەی کردووە شتێکی بچووکی لەبیر کردووە، ئەویش ((ولاغی شەیتان و چەموشە))، چونکە هەروەک دەزانین ئەگەر یەکێ لە وڵاغەکانی ((هێسترەکانی)) شەیتان بوایەو، زۆر ئاوری بدابایەوە، ئەوە جووتیارەکە هەڵدەستا بە پارچە لبادێک ((بەرچاوەکی)) بۆ دەکرد، واتە لاچاوی لای دەرەوەی پێ دەبەستایەوە تاکو نەتوانێ ئاوربداتەوەو، راست برواو نەچێتەوە ناو خەتێ.

هەندێ وڵاغی تریش هەبوون (چەموش)بوون، نەیان دەهێشت جووتیارەکە دایان ببەستێ، ناچار جووتیارەکە چاووی هەردوو وڵاغەکەی دەبەستایەوە بەهۆی چەفیەیەک یا هەر شتێکیتر بووایە، تاکو دای دەبەستان و راستەرێ دەبوون ئینجا چاوی دەکردنەوە یا ئەوەتە بۆ هێستری شەیتان جووتیار هەڵدەستا تەنەا ((کا))ی بە تەنها دەدایێ، واتا بێ (جۆ) تاکو تەمێ دەبووا!!

و- لەلاپەڕە (67-70)دا، باسی ((هەندێ لە نەخۆشیەکانی دەغڵ و دان))ی کردووە. وەکو: ((کرم، مشک و جورج، ژەنگ، کیسەڵە، سن، کورک، هەور بردی، پیک بڕە، قووتە گول و، پەلەپیسە، نازانم لە پاڵ ئەمانە زیانی (کوللە) کلۆی چۆن لە بیرکردووە، چونکە ئێمە هەموومان

دەزانین کە کوللە گەلێ زیان بە داغڵ و دان دەگەینێ بەتایبەتیش ((جۆ))؛ هەتاکو ئێستا کە گەلێساڵی مێژوویی بەهۆی کوللەوە ناو دەبرێ، بەتایبەتی ئەو ساڵەی کە کوللەی لێ هاتووە دەڵێن: ((ها ساڵی نەهاتەکەی هاتنی کوللە!!)).

بێجگە لەوەش نازانم مامۆستا چۆن لە سەپانانی گوێ لێ نەبووە، کە زۆربەی زۆری سەپانەکان دەربارەی کوللە ئەم چەند کۆپلەیەیان گوتووە، چونکە ئەوەندە لە کوللە داخ دار بووینە بۆیە نارەزایی خۆیانیان بە هەڵبەستی دروونە دەربڕیوە، کە گوتویانە:

کلۆ هاتیە پێ خورە
سەپانان مرە مرە
تێلەکێش مەمکی خڕە

ی- لەلاپەرە (70)دا، لە باسی (درونەکردن و ئەندامانی و کەرەستەکانی)دا نووسیووە ئەو دەڵێ: ((دەغڵ و دان کە بەژنی فراندو قۆپەنی لێ پەیدا بوو؛ وەیا دەغل کەرویشکەی کرد، ئەوا برای کەشتیارمان هەرگیز سەر لە دەغلەکە نابرێ و دەست دەکات بە بشکنین و هەڵکێشانی گیاو گۆڵی زیان بەخش لە دەغلەکەدا، وەکو: زیوان و کوتکەو سواردەرەو پەرۆشە. هتد)). هەروەها پارێزگاری دەکات لە کەنگرو کاردیکەر)).

جارێ لەلای هێروە واتە لە پێشەوە دەبوایە لەژێر ناوێکی سەربەخۆ باسی بژارکردنی بکردایە، چونکە ئەو رستەیەی کە مامۆستا باسی کردووە کە دەڵێ: ((پشکنین و هەڵکێشانی گیاو گۆڵی زیان بەخش)) لە کوردەواریدا خاوەن دەغڵ و دانان پێی دەگوترێ: بژارکردی دەغڵو دان)).

جگە لەوەش وابزانم ((پەرۆشە)) بژار ناکرێ، چونکە بنکەی زۆر لە زەویدا دەکوتێ و پەلکەکانی بەخۆی وشک دەبێ و، هیچ زیانێکێشبە دەغڵەکە ناگەینێ، چونکە بژار بۆ ئەو گیاو گۆڵانەیە کە زیان بە دەغڵ و دان دەگەینن، هەر وەکو مامۆستاش وای گوتووە کەواتە ((پەرۆشە)) زیان بەخش نییە، کە زیان بەخشیش نەبێ بۆ بژار بکرێ بەتایبەتی ئەگەر ماندوو بوونیشی زۆر بوێ بۆ هەڵکەندنی.

لەوانە ناوی چەند گیایەکیتری نەهێناوە وەکو: ((گیا گەنمەو، زەردە دڕە)) لەگەڵ هەموو ئەوانەش مامۆستا ((داود)) بژاری گەورەی لەبیر کردوەو ناوی هەر نەهێناوە، بژاری گەورە: ئەوە بوو هەڵدەستان شارە مشکیان دەدیتەوەو ناچار دەبوون قانگی بدەن!!

یەکەمجار هەندێ (کا)یان دەهێناو کونەکانی تریان دەپەستایەوەو، تەنها لە کونە گەورەکەی (کایان) تێ دەکردو، ئاگریان تێبەردەدا ((قانگیان)) دەدا مشکەش ناچار لەبەر ئەم قانگدانەی دەتۆپی!!

لەبەرچیش وایان دەکرد، چونکە ((ئەو مشکە)) دەغڵ و دانی گوڵ بڕ دەکردو هەر لە باسکیەوە را دەیبریەوە، هەمووشی خەسارو پەسار دەکردو دەی فەوتاند. ساڵ هەبووە ناوچەیەکی بەتواوی دادەگرت و ساڵانی تریش هەبووە، هەر نەبووە، بەڵام دوای بەکارهێنانی تەراکتەرو ئامێری نوێی تۆکردن ئەو مشکە کەم بۆتەوە، چونکە زەویەکە لەبنەوە را هەڵدەتەکێنی، بە پێچەوانەی هەوجارو سێ گاسن و پێنج گاسنی سەردەمی کۆن.

ر- لەلاپەرە (76)دا لە کەرەستەکانی دروونە لە ((کوندەی ئاو پێستەی بزنە لەکاتی سەربرینا کەوڵی ناکەن و دەری دەهێنن، یانی پێستەکەی لە ناوەندی را شەق ناکەن بەڵکو بە هێمنی گۆشتەکەی لەناو پێستەکەی دەکەنەوە پێستە بە ساغی دەمێنێتەوەو، جەقت و پەلکە

هەنارو مازی تێدەکەن)) لە کوندەی ئاوێ تەنها حەفت بەکار دەهنن نەک ((پەلکە هەنار))، چونکە کوندەکە زەرد دەکات. ئەم پەلکە هەنارە بۆ مەشکە بەکار دێ.

ز- لەلاپەڕە (93)دا نووسیویە: ((لە گەڕانەوەیش داب و نەریتی خۆی هەبووە، سەپانەکان لە دوای سواربوونی ولاغ و کەوتنە رێ بۆ گەڕانەوەی دێ دەستیان بە گوتنی چەند گۆرانیەک دەکردو ئەوانیتریش لە دوایان دەگێرایەوەو جۆری گۆرانیەکانیش ئەمانە بوون:

بەبووکیان هەڵدەگوت، وەیا گۆرانیی حاجیلە، حاجیلە هەبوو (هێ هۆڕەو شەمال دەدا لەدار) یان دەگوت تا دەگەیشتنە بن گوندی ئەوجا کڕ دەبوونەوەو، هەرکەس پەرتەو خوا حافیزی لەیەکتری دەکرد.

دەبوایە مامۆستا نموونەیکی ئەو حاجیلە حاجیلانەی بڵاوبکرجایەوە، وەکو ئەم نموونەی خوارەوە، کە بڵاوی دەکەینەوە:

هەی حاجیلە هەی خاجیلە  وەرە خوارێ بە کۆفیلە
خشکی دەدەمێ بە بەرتیلە  بەماری دنیایێ قیلە
هەی خاجیلە هەی خاجیلە  بووکمان هینا بە بەرتیلە
حاجی دەری ئەز حاجیمە  ساخێبی قەسرێ سپیمە
حاجی دەرێ حاجی ناکەم  قەسرێ سپی بەتار ناکەم

لەگەڵی جارانیترا بەسەر وەرزەکانی ساڵ و بایێ شەماڵیان دا گوتوە، وەکو ئەم نموونە کە دەیهێنینەوە، دەبوایە مامۆستا ((داود)) هەر هیچ نەبوایە یەک دوو کۆپلێی لێ بڵاوبکردنایەوە. لەوانە:

بایێ شەمار بە هاوینێ
دەیدا لە رەندەی چۆخینێ
خەو خۆشە لەگەر هەمینێ

***

بایێ شەمار بە هاوینێ
دەیدا لە رەندەی چۆخینێ
خەو خۆشە لەگەر هەمینێ

***

یا ئەوەتا هەندێ جاران ئێواران لەکاتی گەڕانەوەیاندا کە بەرەو ماڵ دەبوونەوە، کوڵندە کوڵندەیان دەگوتن، یەکێک دەی گوت و، ئەوانیتریش بەیەکەوە دەیان گێرایەوە، لەبەر ئەوەش بوو تاکو دەردو کەسەری دڵیان و ئەو ماندووبونەیان بەهۆی ئەم کوڵندە کوڵندە گوتنەو بەبا بکردایە.

گوتنی کوڵندە کوڵندەش سەرەتا بەهۆی دەست پێکردنی سەربەندەکەیەوە دەگوترا، ئینجا گەرم دەکراو، پێدا دەچوون، ئەمەش سەر بەندەکەیەتی:-

هەی کوڵندە کوڵندە کوڵندە
بەژن و بارای برندە
ئەو چێی یارمی لێ نەبێ
لێی بخینی قەلی قوندە

دوا گوتنی ئەم سەربەندە ئینجا کابرای بەستەبێژ گەرم دەبوو، پێدا دەچووە خوارەوەو، بەزۆریش بەسەر کاتەکانی رۆژیان هەڵداوە، (بەیانیان، نیوەرۆیان، ئێواران، نیوە شەوان) وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:-

هوی کوڵندە کوڵندە کوڵندە
بە کوڵندەکەی بەیانی
قوندەرەی بیلاد لەپێ کە
تەشریفت بێ لۆ کانی

گوتمیٚ بینە ماچت کەم
نەکەی دایکت بزانی
***
هەی کوڵندە کوڵندە کوڵندە
بە کوڵندەکەی نیوەرۆ
تیرەکی لە جەرگی دام
لە درم بویتە سیٚ بەڕۆ
***

س- لەلاپەر (102-103)دا، کە باسی شەغرە کێشانەوەی کردووە، دەبوایە شەغرەی بچووک و گەورەی لێک بکردایەتەوە، چونکە شەغرەی کچە هی گویٚ درێژان و، هی گەورەش بۆ هێستران بووە.

ئەمە لەلایەکیتریشەوە، چەند وردەکاریێکیتریشەغرەکێش و کێشانەوەی لەبیر کردووە، وەکو: ئەگەر شەغرەکێش منداڵ بوایە ئەوە هەڵدەستان شەغرەکەیان زۆر بۆ قایم دەکردو، منداڵەکەیان سواری کەرێکیتر دەکرد بەتاییەتی ئەگەر رێگا دوور بوایەو، هێسترەکەش چەموش بووایە، ئەوە هەموو دەم گویٚ درێژێکی هێمنانەیان بۆ منداڵەکە تەپان دەکردو، هێسترەکەی بەدوار خۆیەوە رادەکێشا تاوەکو منداڵەکە بەنەداتەوەو، دەستی نەشکێنیٚ، چونکە زۆر جار شتی وا رووی داوە.

هەروەها باسی ئەوەی نەکردووە کە لە کاتێکدا گەر تێلەکێش بیٚ نەوەستایە یا ئەوتە نەیتوانیایە یەکیٚ لە سەپانە ئایەغەکان یاریدەی دەدا. گەلیٚ جاریش سەپانی ئایەغ خۆی بەشتیترەوە دەی گوت: زگم دێش یا دەی گوت: نیوەرۆ نانم نەخواردووە یا دەی گوت: ئەمشەوە سەرمام بووە، ئەوانەشی هەمووی درۆ بوو، شەرمی کردووە بڵیٚ

ناتوانم یا ماندوو بویمە لەبەر ئەوەی نەوەکو تێلەکێش بزانێ بۆیە ئەو فڕوفێرانەی دەکرد!!!

کەچی هەندێ ولاغی شەغرەکێش هەبوو بەبێ ئەوەی هیچ کەس بیهێنێتەوە بۆ گوندو سەر جۆخینی قرسشەی بەخۆی هاتۆتەوە، دوای بەتاڵکردنی قرشەکە یەکێک بردویەتیەوە بۆ سەر پەرێزێ. یا ئەوەتا زۆر جاران شەغرەی لەنیوەی رێدا ((دەزا)) واتا شەغرەکە دەکەوتە سەر زەوی و قرشەی لایەکی لەلایەکەی تردا ئاوا دەبوو. ئەوجا شەغرەکێش دەی گوت: دەک کۆراییت لێ کەوێ تێلەکێش لەگەڵ خۆت شەغرە لێنانت.؟ لەکێشتانان و نیوەرۆو عەسران و ئێواران و نیوە شەوان هێسترەکانی ئاو دەدان لەپێش رۆژ ئاواش هەڵدەستا ولاغەکانی شەفرە کێشانەوەی لەسەر قرشەی جۆی دەبەستایەوە تا ماڵ نوستنان ئینجا دەی هێنانەوە ماڵەوەو، زۆر باشی دەبەستانەوە تاکو بۆ بەیانی بەر نەبن و شەغرەی پێ بکێشێتەوە.

لە کوردەواریشدا ((زبارەو دەستەوایی)) لە شەغرەکێشانەوەش هەر هەبووەو لەگەڵ یەکتری لە نێوان ماڵە دراوسێکانی جووتیاراندا.

ش- لەلاپەڕە (139–150)دا فەرهەنگۆکێکی بۆ وشە گرانەکان کردووەو، لەهەموویانیش سەرکەواتنی بەدەست هێناوە تەنها لە دوو وشەدا نەبێ کە پتر پێویستیان بە روونکرنەوە هەبوو:

1_ لەوانە وشەی ((هۆزەبانە))، مامۆستا نووسیویە:

((ئاهەنگ و خۆشی و داوەتی لەدایک بوونی منداڵە)).

هەمووی نەوەی توێی ئەمڕۆمان وا بە ئاسانی لەم وشە پڕمانایە ناگەن؛ بەڵکو پێویست بوو بێگوتایە: ((لە دوای ئەوەی کە ئافرتێک منداڵی دەبێت بەتایبەتی کوڕ چەند کەسێک دەچنە لای دایکی منداڵەکەو، پێی دەڵێن: کێ خاڵی منداڵەکەیە؟ ئەویش دەی گوت: فلان کەسە،

مەرجیش نەبوو خاڵی راستەقینە بێ، دایکە کێی بەخاڵ دابنێ و بە برای خۆی بژمێرێ ئەوە ئەو دەبێتە خاڵی منداڵەکە، ئەوانیش دەیان گوت فلان تۆ دەبێ هۆزەبانەمان بۆ بکەی، تۆ خاڵی! ئەویش ناچار قەندێ شەکری دەکڕی و چایەکی زۆر خۆش و بەتامی بۆ لێدەنان، ئەگەر نا بە دارێیان وە دەکرد، ئەو کەسەی نەیهێشتابایە بە دارێی وە بکەن، ئەوە هۆزەبانەکەی دەکەوتە سەرو، ئەو بە ئەرکەکە هەڵدەستا)).

ب- لە وشەی ((هەلیکسە))دا نووسیویە: ((هەلیکسە یارییێکی منالانەیە. دەبوایە بڵێت: یارییەکی منداڵانەی کچانە لە تەمەنی (7-10) ساڵیدا دەکرێ.

بێجگە لەوەش دەبوایە مامۆستا ((داود) وشەکانی ئەم فەرهەنگۆکەی بەپێی پیتی ئەلف و بێی کوردی رێکبخستایە، تاکو زانستییانەتر بوایە، نەک هەر رەمەکی بەری لێ گرتووەو، بڵاوی کردۆتەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم لەم هەڵسەنگاندنەدا ناوەندی دارم گرتبێ و، خوێندەواران و مامۆستا ((داود))یش بە مەبەستی خزمەتکردن ئەم نووسینە سادەیەم لێ وەربگرن و بە پەسەندی بفەرموون.

سەرچاوەکان:

1- کۆلمێک لە رەوسەی فۆلکلۆری کوردەواری، چاپی یەکەم، داود محمد شرۆل، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپدراوە، چاپخانەی ((الحوادپ)) بەغدا، 1987.

2- أساليب الأختيار والتقويم فی التربه والتعليم، س. م لندگل وەرگێرانی: عبدالملک الناشف، د. سعيد التل، بيروت- نيويورک 1968، ل27.

3- هەڵبەستێکی مامۆستا ((شێخ ئەنوەر سەید ئەحمەد)) کە لە (1986/3/25)، لە ماڵی خۆیان لەگەڕەکی ئەندازیاران لە خۆیم وەرگرت بە ئامادەبوونی مامۆستا ((معتصم عبدالكريم معروف بەرزنجی)).

4- علم النفس التربوين د. احمد زكى صالص، مصر 1972.

5- الجنس و النفس، د. على كمال، 1985.

6- هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری، کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لێکدانەوەی: عومەر ئیبراهیم عەزیز، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرە (9)، 1988.

# هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژیانەی ئەم نامیلکەیە!

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز (پەتی)
بەشی یەکەم

**خوێنەری هێژا بای شوفێر هاووڵاتی ئازیز**

ئەم نامیلکەیەی بەردەستان، یەکەم هەوڵدانە بەزمانی شیرینی کوردی لە بواری هاتوو چۆکردن دا، بەم شێوەیە کە (22) هەڵبەستی کوردی گرتۆتە خۆی و. لە هەموو هێماکانی هاتوو چۆکردنی نێو دەوڵەتی روونبکاتەوە بۆ برا شوفێرەکان و هاووڵاتیانی کوردستانی زێدە ئازیز. لە راستیدا کاک کازم کۆیی خۆی لە بوارێکی زۆر بە نرخ و کاریگەرداوەو، ئەمەیش شتێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە بوارێکی وا فراوان و گرینگ بیرکردنەوەی قوڵی دەوێت بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی ئەم بوارە بگرێتەوەو، بە (هەڵبەست)یش دایبرێژێت و، بەپێش گرینگیش یەک لە دوای یەک بڵاویان بکاتەوە.

1_ لە هەڵبەستی (من پۆلیسی هاتوو چۆم) زۆر بە جوانی رۆڵی ئەرکی برایانی پۆلیسی هاتوو چۆی خستۆتە روو، تاکو هاووڵاتیان بزانن، چ جۆرە ئەرکێک و ماندووبونێک دەبینین و، مەبەستیشیان خزمەتکردنی کوردستانەو، خۆیشیان بە پابەندی یاسا بەستاوەتەوە، خۆی لە خۆیدا هەستکردنێکی شارستانیە تیانەیە!

2_ له هەڵبەستێکی دیکە بەناو و نشانی (یاسا)، بەزمانێکی سادەو روون و پاراوو ئاشکراو واتادارو بەجێ هەڵبەستەکەی دارشتووەو، بۆ براشوفێرەکان گریگی یاسای بەدەرخستووە و بگرن بۆ هەموو هاووڵاتیانیش کەکەس بەبێ یاسا ناتوانێت بژێت، کە دەڵێت:

یاسا رووناکی ژیانە
بۆ خزمەتی هەمووانە
یاسا وەک مامۆستایە
خۆرو مۆم و چرایە

یاسای به مامۆستا داناوەو، به خۆر و مۆم و چراش لێکی داوەتەوەو، بەیاسای هاتوو چۆشی بەستاوەتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی به نرخه و ژیارییه.

3_ له هەڵبەستی ((تیشکی هاتو چۆ))، به ئامۆژگاری کردنی براشوفێرەکان دەست پێ دەکات، کە لە سەرخۆ لێ خورپینە، چونکە خێرایی لێخورپین سەرچاوەی هەموو کارەسات و رووداوێکە!

وێرای ئەوەش گرنگی به هەرسێ هێماکانی هاتو چۆ داوە (سەوزو زەردو سوور).

پێویستە هەر هەموو خەڵکی و براشوفێرەکان بزانن و پەیرەوی بکەن، کە دەڵێت.

برای شوفێر لەسەر خۆ
هەر له خۆتەوە مەرۆ
سەیری هێمای هاتو چۆ
هاورێی دڵسۆزن بۆ تۆ
(سەوز) بۆ رۆیشتنه
(زەرد) بۆ ئارامگرتنه

(سوورەکەش) بۆ وەستانە
هەرسیَ رەنگ باش بزانە

4_ لە هەڵبەستی ((وەرگەڕان))،بەڕاستی بەپێی گرینگی و کاریگەری هەڵبەستەکانی ریزکردووە کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی هاووڵاتیاندا هەیە، ئەویش ((وەرگەڕان))ە.

باسی هۆکارەکانی وەرگەڕان دەکات و، چ ماڵ کاولکردنێکەو، چونکە رێنمایی پۆلیسی هاتو چۆی نەکردووەو، بەپێی رێنماییەکان نەجووڵاوەتەوە، بۆیە خۆی و خەڵکانی گرفتار و سەر گەردان کردووە. رووداوی (وەرگەڕان) کەبەم هەڵبەستەی دەخاتە روو راستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە و زۆر جاران رووداوی وایان بە چاوی خۆیان بینیووەو، دەیانهێنێتەوە یادیان و لەبەر چاویان بەجەستەی کردووە. خۆی لە خۆیدا ئەم بەبیرهێنانەوە بەهۆی ئەم هەڵبەستە ئاگادار کردنەوەیەکی گرینگەو ترسناکە لە هەمان کاتدا.

5- لە هەڵبەستی (بیَ سپێری)دا، لەم هەڵبەستەش بە زمانێکی شیرین و ناسک گریگی (تایەی سپێر)یان بۆ دەخاتە روو، ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە بەهیچ جۆریَ بەبیَ کەڵ و پەڵەکانی یەدەیکی لە ماڵەوە دەرنەچن.

6- هەڵبەستی ((خۆپێکدادان))، رووداوی دوو ماشێنی کەلێکیان داوە بۆ هاووڵاتیان نیشان دەدات، تا بزانن چ دڵتەزێن و جەرگ و بڕن!!

بەم دیمەنانە بە بیریان دەهێنێتەوەو تاکو زیانە گەورەکانیان بزانن و لەرێگای ئەم هەڵبەستەدا نرخی یاساو هاووڵاتیان و خودی کەسایەتی خۆشیان بزانن. جگە لە زیانی ماڵی و گیانی لە خۆیان و هاوڵاتیان و کەل و پەلی و شتی دیکە میری.

7- هەڵبەستی ((هۆڕنی بەرزو بێزار))، هەر هەموو برا شوفێرەکان ئاگادار دەکاتەوە کە هۆڕنی بەرز چ کاریگەریەکی خەراپی لەسەر مێشک و لایەنی دەروونی هاولاتیاندا هەیە، بە تایبەتی هۆڕنی نایاسایی و بەکارهێنانیان لە کات و شوێنی خۆی نا!!، سەرەڕای ئەمەش ئەم جۆرە رەفتارەی برا شوفێرەکان لە رووی کەسایەتیەوەو لە لایەنی سایکۆلۆژیا وا راڤە دەکرێ، کە ئەمانە لە ناخی دەروونیانەوە کەسایەتی خۆپەرستی و خۆسەپاندنیان هەیە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە هۆڕنانە!!

8- بەراستی جوان لە هەڵبەستی ((دوو کەڵی پیس)) رۆڵی گرینگی ژیگەی دەرخستووە، ئەمڕۆ لە هەموو جیهان لەتەک زانستی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت، بایەخێکی بێ بایەن بە زانستی ژینگەش دەدەن، چونکە بۆتە زانستی سەردەم و چەندان نامەی ماستەرو دکتۆرای لەسەر وەرگیراوە، بۆیە زۆر جوان و بەجێ پیسکردنی ژینگە لەلایەن هەندێ لە برا شوفێرەکانی روونکردۆتەوەو، راستەوخۆی بەستاوتەوە بە گیان و تەندروستی هەموو هاوولاتیانی دەڤەری کوردستان، هەر لە منداڵان و پیرو پەککەوتەو ژن و پیاو، وێنەکەسی پڕ بە پێستی هەڵبەستەکەیە!!

9- هەڵبەستی ((گڕگرتن))، ئەم هەڵبەستەش گرینگی خۆی هەیە، چونکە زۆر جاران روودەدات لەبەر کەمتەرخەمی و بێ باکی و خەم نەخۆری هەندێ لە برا شوفێرەکان ئامێری ئاگر کوژێنەوە لەناو ئۆتۆمۆبێلەکانیان هەڵناگرن کە زۆر بەکەڵکە بۆ گیانی خۆیان و هاوولاتیان. جگە لەوەی لە رووی دەروونیەوە ئەگەر برا شوفێرەکان ئامێری ئاگر کوژێنەوەیان پێ بێت بەدڵنیایی ئۆتۆمۆبێلەکانیاندا ژۆن و بیرو هۆشیان لەلای خورینەکە دەبێت.

10- هەڵبەستی ((لێدان)) (شێلان) (مل لێنان)، ئەمەیشیان راستەوخۆ پەیوەندی بە هەموو شوفێرێک و هەموو هاووڵاتیەک هەیە، کە کارەساتی مڵ لێنانی منداڵانە، زۆر جوان ئاگاداری برا شوفێرەکان دەکاتەوە، لە شوێنی قەرەباڵغ بەووریایی و لەسەر خۆ ئۆتۆمۆبێلەکان لێبخوڕن. ئەمەو جگە لە رووی سایکۆلۆژییەوە دەبێ برا شوفێرەکان زۆر وریابن و لەسەر خۆبن، تا بەهۆی ئەم وریایی و لەسەرخۆییەیان بەسەر رووداوە کتوپڕییەکان زاڵبن، هەربۆیشە کاک ((کازم کۆیی)) لەم هەڵبەستەیدا ئاگاداریان دەکاتەوە.

11- لە هەڵبەستی ((شوفێری هۆشیار))، برا شوفێرە هۆشیارەکان و وریاکانی فەرامۆش نەکردووەو، ئەرکەکانی سەرشانیان چییە؟ هەر هەمووی خستۆتە روو، لەوانە کارکردنی بە چاکی قایشی قوڕو، فلْچەی باران چادری سەرو سێ گۆشەی فسفۆری جوان و تایەو. شتی دیکە پێویست و فەرامۆش نەکردنی یاساکانی هاتو چۆش!!

لە باری سایکۆلۆژیاو لایەنی دەروونیەوە، کاکە کازم کۆیی بەبیر برا شوفێرەکان دەهێنێتەوە، کە ئەم شتانە زۆر گریگن و پێویستن، رایان دەهێنێت تاکو بێتە خوویەکی گرینگ و چەسپاو لەناو هۆش و مێشکی هەموو برا شوفێرێک تاکو ئەرکی سەرشانی زۆر بە پوختەیی بەڕێوەببات.

12- لە هەڵبەستی ((ئامۆژگاری))دا، زۆر کارامانە ئامۆژگاری برا شوفێرەکان دەکات لە کاتی بووک گواستنەوە، رێزی یاسا بگرن و پێشبڕکێ نەکەن و دەستیان لەسەر سووکان بەرنەدەن، چونکە ئەمانە دەبنە هۆی نانەوەی چەندان کارەسات و رووداوی جەرگ بڕ، لە رووی کەسایەتی زیان بە هاووڵاتیان و برا شوفێرەکان دەگەیەنێ ئەویشیان لایەنی جەستەییە دەروونیەوە ئەو (کەم ئەندامانەی) لە

ئەنجامی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل تووشیان دێت، بێگومان هەست بەکەم و کوڕی دەکەن و، لەبارەی دەروونیەوە هەردەم بیرو هۆشیان لەسەرە خۆیانە کە زۆر شت هەیە ناتوانن رای بپەڕێنن و جێبەجێی بکەن وەکو یەکێکی ئاسایی، بۆیە رەنگە لایەنی خراپی بگرن، لەناو کۆمەڵ بەشێوەی دووزمانی و خەڵکی لە یەکتری بەردان رەفتار بکەن و بۆ ئەوەی ئەو کەم و کوڕییەی کە خۆیان هەستی پێ دەکەن، بەم جۆرە پڕی بکەنەوەو بوون و خدی خۆیان بۆ خەڵکیتر بسەڵمێنن و، سەرنجی ئەوانی دیکە بۆ خۆیان رابکێشن. ئەمەیشیان بەپێی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی لە بواری سایکۆلۆژیادا لێک دەدرێتەوە.

13- لە هەڵبەستی ((من شوفێرێکی چاکم)) کۆمەڵێک بەهای دروستی کۆمەڵایەتی و ئاینی و یاسایی و فەلسەفی خستۆتە روو، کە دەبێت برا شوفێرەکان پەیڕەوی بکەن، لەوانە: ((دەستپاکی، رێزگرتنی نەفەر، لەش ساغی، چاوی شەش لەسەر شەش و..هتد)). ئەمانە هەر هەموویان پەیوەندییان بە خودی کەسایەتی هاوڵاتیانەوە هەیە. لەڕووی بەهای ((دەستپاکی)) ئەگەر شتێکیان لە بیرچوو لەناو ماشێنەکە، پێویستە برا شوفێرەکان لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندن- بەتایبەتی ئەگەر پۆلیس خۆی راگەیاندی تایبەتی خۆی هەبێت- باشترە گەر نا لە رێگای کەناڵەکانی دیکە دەتوانن رابگەینن و خاوەنەکەی بە سوپاسەوە ئاگادار بکرێتەوە، ئەوەیشیان نیشانەی ئەو پەڕی هاریکاری و یارمەتی دانی نێوان هاوولاتیان و لێ پرسراوانی هاتووچۆ و یاسا پیشان دەدات. جگە لەوەش چاو گرینگییەکی زۆری هەیە و لێ تۆژینەوەکان بەدیاریان خستووە، ئەوانەی چاویان ساغە و لەگەڵ پیشەکانیان گونجاوە، رووداوی کارەساتی ئوتۆمبێل لەلایان کەمتر روودەدات. جگە

لەلایەنی دروستی و ئەندامەکانی لەش پەیوەندییەکی بە هێزیان لە نێواندا هەیە، لە یەکێ لە لێ تۆژینەوەکان بەدیار کەوتووە ئەوانەی (ئەو برا شوفێرانەی) کە پاڵەپەستۆی خۆینیان هەبووە دوو هەندە تووشی کارەسات بووینە لە خەڵکانی دیکە ئاسایی کە ئەم نەخۆشییەیان نبووە. لوانە: لێکۆڵینەوەی ئەم دوو زانایە (bingham- slocombe)

14- لە هەڵبەستی (برای شوفێر) باسی لایەنێکیتری گرنگی کەسایەتی دەکات، ئەویش (تورەبوون)ە، کە جۆرێکی گرینگی (هەڵچوونە). ئامۆژگاریان دەکات سەرپێچی یاسا نەکەن و توورەش نەبن، لێرەدا وا پێشنیاز دەکەین کە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ لە هەموو ساڵێکدا ئامارێک (سەرژمێرییەک) بکەن بۆ برا شوفێرەکان چەند کەس سەرپێچی لەماوەی ژیانی لێ خورینی ئۆتۆمۆبیل نەکردووە، پاداشت بکرێن، (پاداشت و سزا) بە رادەی خۆی پێویستن بەپێی تێوری (پرندیک) (بەهێز بوون و پشتگیری لێکردن)ە. لەو کەسانەی کە پاداشتەکە وەرگرن، بەڵکو هەتا زانایانی سایکۆلۆژیا (هل Hull)و (دولارد و میللر) پشتگیری بەکارهێنانی پاداشتیان کردووە (Reinforcement).

15- لێرە هەڵبەستی (کارەسات و دڵسۆزی) لێردا دەستنیشانی ئەوەی کردووە کەهیچ کەسێک بێ (هەڵەنییە)، بەڵام کە تووش بوویت دەبێت بزانیت چۆن رەفتار بکەیت و هەوەها بایەخی بە کەسایەبی هەموو خەڵکی داوە، ئەویشیان رێزگرتنی هەموو تاکێک و کۆمەڵە. ئینجا بیناسیت و نەیناسی!!

16- لە هەڵبەستی (کاری رێک)دا، گریکی بە بەهای (راستی و دروستی)داوە، جگە لە پاک و خاوێنی دیمەنی جوان و بەکارهێنانی (پیشتێنی دڵنیایی)، ئەمەیان بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە (ئەبراهام

ماسلو) کردوویەتی پێویستی هێمن و ئاسایشی بەپلەی دووەم داناوە، لەدوای پێویستیەکانی مانەوەی مرۆڤ کە (ئاو و هەواو خواردن و خواردنەوەو خۆ بەتاڵکردن و نووستن و پشوودان)ە. جگە لە ڕێزگرتنی خەڵکی و پیس نەکردنی جل و بەرگیان لە ڕۆژانی زستانان چونکە لێخوڕین (هونەر و رەوشت و تام و چێژ وەرگرتنە).

17- لە هەڵبەستی (دەردی کارەسات)یشدا، ئاگادار کردنەوەو سەرنجدانی گرینکی پێداوە زاراوەش لە سایکۆلۆژیادا گرینکی خۆی هەیە بۆ روونەدانی کارەساتی ئۆتۆمۆبیل.

18- هەڵبەستی (ڕێنمایی)، لێرەدا گرنکی بە بەهای (پاک و خاوێنی)داوە، جگە لەوە، ڕێزی کەسایەتی منداڵی گرتووە کە نابێت بخرێتە ناو سندوقی پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکان، تەنانەت زانانیانی سایکۆلۆژی زۆر جەخت لەسەر تەمەنی (5) پێنج ساڵانی سەرەتایی ژیانی منداڵان دەکەن و دەڵێن: بناغەی کەسایەتی دوارۆژ لەسەر ئەم تەمەندا دروست دەبێت. بۆیە لەم رووەوە کاک کازم ئەمەی لە بیرنەکردووە. جگە لە ئۆتۆمۆبیل نەدانە دەست منداڵەکانیان کە تەمەنیان لە (18) ساڵی کەمترە، چونکە خانەکانی مێشکی مرۆڤ لەم تەمەن و تا (20) ساڵی پێ دەگات و باشتر چاکە و خراپە لە یەکتری جیادەکاتەوەو درکیان پێ دەبات.

19- لە هەڵبەستی (برای پیادە)ش کاک کازم کۆیی، هاووڵاتیانی پیادەیشی لە بیرنەکردووەو هاتووە ئەوانیشی ئاگادارکردۆتەوە کە لەکات و شوێنی پەڕینەوەو ئاگاداری پاک و خاوێنی شەقامەکان و شوستەکان بن و نرخی یاسا بزانن و ئەم پاک و خاوێنەشیان بەشارستانیەتی بۆ دەبەستێتەوە جگە لەوەی کەبەهایەکی گرنکی دروستییە.

20- هەڵبەستی (دواقسە)، لەم هەڵبەستیەدا، هەندێ شوێنی گرینگ و پیرۆز بۆ براشوفێرەکان دەستنیشان دەکات کە نابێت لەلایاندا هۆڕن لێبدەن، لەوانە (نەخۆشخانە و قوتابخانەو. هتد). چونکە هۆڕنی بەرز لەم جێگانە کار لە بیرومێشکی قوتابیان دەکات لە نەخۆشخانە کار لە تەندروستی باری دەروونی نەخۆشەکان دەکات.

21- لە هەڵبەستی (هێما)، هێما وەکو (زمانە) بۆ خەڵکی نەخوێندەوارو خوێندەوار تاکو بەخێرای و بەئاسانی تێبگەن، هەر هێمایەک دەگریت لە بەرامبەرەکەی روون کردنەوەیەکی بەرامبەری بە زمانی کوردی نووسراوەکە ئەم هەوڵەی کاک سەرهەنگی هاتووچۆ (حەسەن نەبی)و کاک (کازم کۆیی) نووسەرو هۆزانڤان زۆر بەنرخە، ئەمەیان لەگەڵ سایکۆلۆژیادا یەک دەگرنەوە، کە ئەویشیان سەرنجدان و درک پێکردنە، سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی شیرینی دایک کە (کوردی)یە.

ئەم هێمایانە بەپێی قوتابخانەی (هێمایە واتا دارەکان) لێکدراوەتەوەو هەر یەکە مانای تایبەتی خۆی هەیە و لەگست جیهاندا لەسەری رێکەوتوون و برا شوفێرەکان پێویستە بیانزان و پەیڕەوەیان بە رێکی و دروستی بکەن.

لە کۆتاییدا، زۆر سوپاسی بۆ پایانی کاکە کازم کۆیی و (کاک حەسەن نەبی) دەکەین کە خۆیان ماندووکردووەو کاتێکی زۆریان تەرخانکردووە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم خاک و نەتەوە بەرزو پیرۆزە، کە ئەگەر بێتو پەیڕەوی یاسای هاتووچۆ بکەن زۆر بەختەوەر و کامەران دەژین و ئێمە لە هەڵسوکەوتمان هێمای شارستانیەتیمان لە رەوشتی رۆژنامەدا رەنگ دەداتەوە.

ئیتر هەرخۆشی و سەربەرزی و سەرفرازی و سەرکەوتن بۆ ئەم دوو برایە دەخوازم و سەپاسیان دەکەم کەمنیشیان بەشداری ئەم هەوڵەی خۆیان کرد، بە بەشداری کردنم بە سوپاسەوە بە هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژیاەی نامیلکە کە لەرووی سایکۆلۆژیاوە.

# هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژییانەی پەروەردەیی
# ((ئەلف و بێ ی نوێ))ی ئیبراهیم ئەمین باڵدار

د.عومەر پەتی
کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین

کتێبی (ئەلف و بێ ی نوێی کوردی) کاتی خۆی خوالێخشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار کە لە ساڵانی پەنجاکان، بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی داینا بوو، بە چاپی گەیاند بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە: بە یەکەم هەوڵدانی داهێنەرانی ئەم بوار و مەیدانە دادەنرێت، گەورەترین و پیرۆزترین خزمەتی رۆڵەکانی نەتەوەکەی کردووە و، هەر بۆیەشە هەموو لایەکمان قەرزاری ئەوین.

بۆ هەڵسەنگاندنێکی لایەنی دەروونیی بابەتەکان ئەم کتێبە، سەرەتا لە ناوی کتێبەکە و؛ وێنەی بەرگ و ڕەنگی، کەمێ دەوەستین، ناوی کە ((ئەلف و بێ ی نوێ))یە، چونکە بۆ فێرکردنی پیتەکانی کوردی و سەرەتای دەستپێکردنە، بۆیە بۆ قوتابییان (ئەلف و بێ ی نوێ)یە، هەر کە سەیری وێنەی سەر بەرگەکەی دەکەیت، کە (زاراو دارا) و سەگەکەی و کۆلارەکەی، جۆرە جووڵانەوەیەکی تێدایە، هەر هەمووشیان سەیری کۆلارەکە دەکەن، تەنانەت رەنگەکانیش وا گونجاون، نەک هەر سەرنجی منداڵان، بگرە گەورانیش رادەکێشن!! واتە وێنەکە گیانێکی زیندوویی پێ بەخشیوە لە رووی دەروونییەوە کارێکی باش دەکاتە سەر دەروونی منداڵان و زۆر دڵخۆش و ئاسوودە دەبن پێی.

دواچاپی ئەم کتێبە (چاپی بژار کراوە)، کە چاپی (بیست و هەشتەم)ەو، لە ساڵی (1985) لە دایکبوون لەژێر سەرپەرشتی دانەری کتێبەکە خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) چاپ کراوەتەوە، ئەمەشیان خەمخۆری و دڵسۆزی و بەوەفایی مامۆستا نیشان دەدات بەرامبەر بە گرنگی پێدانی تا لەگەڵ هەر چاپێکی نوێیدا، جۆرە گۆڕانێکی تری پێ ببەخشێ و لە هەڵە و کەموکوڕی کەم بکاتەوە.

لە لاپەڕە (5)دا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین، کۆمەڵێک وێنەی هێڵکاریی وەک:

پەیژە، مێز، کورسی، سێگۆشە، بازنە، چایەپەست، جووجەڵە، تایەی گالیسکە، کەروێشک و پشیلە و تۆپێک و مرۆڤێک، ئەم وێنانە پێش دەستپێکردنی پیتەکانن، واتە لە پێش ئەوەی وانەکان بخوێنین، هەریەکە و بەپێی شارەزاییان تا ناوەکانیان بزانن، ئەمەشیان جۆرێکە لە جۆرەکانی (وروژاندن) لەلایەنی دەروونییەوە سوودی تایبەتیی خۆی هەیە لە تیورەکانی فێربوون بۆ فێرکردنی قوتابییان، جگە لەوەی چەند شێوەیەکی ئەندازەیی فێر دەبێت، هەر بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستایان رۆژێک بۆ ئەم بابەتانە تەرخان بکات بۆ فێربوونیان.

لە لاپەڕە (6)دا، زۆربەی پیتەکانی زمانی کوردی کردووەتە چوار کۆمەڵە و، بەپێی شێوەی نزیکی لە یەکترییان، لە قەبارە و شێوەی دەستپێکردن و کۆتایی هێنانیان. جگە لەوەش ئەو پیتانەی کە جووڵاندنی ماسوولکەکانی پەنجەکانی دەستی منداڵان، یەک جووڵانەوەن لەتەک یەکتری ریز کردوون، لەوانە (ر، ز، ژ، و، ع، غ، ح، ج، خ)، (ب، ت، پ، ف، ڤ)، (ل، ڵا، س).

جگە لە چوار وێنە، لەوانە (وێنەی مانگ و مراوی و کچ و کوڕێک) ئەمەشیان جۆرێکە لە گواستنەوەی ژینگەی ماڵەوە و دەورووبەری بۆ قوتابخانە و جگە لەوەش تا ئاستی زیرەکییان پێ بزانین.

له لاپەڕە (7)دا، وشـەی (دار) چـوار جـار دووبـارە کراوەتەوە، لەگەڵ وێنەی دارێکی گەورەی رەنگاوڕەنگ، هەر کە قوتابی سەیری دارەکە بکات و پێی بڵێی ئەمە چییـە؟! منـداڵە (قوتـابییەکە)، دەڵێـت: دار، ئەو دووبـارەکردنەوەیە بنەمـای سـەرەکیی فێربوونە کە زانای سایکۆلۆژیای پەروەردەیی (پورنـدایک) ئامـاژەی بـۆ کـردووە، جـگە لەوەی وتـوویەتی فێربـوون بـریتییە لە پێوەنـدیی نێـوان وریاکردنەوە یان ورووژاندن و وەڵامدانەوە، سـەرەڕای بەسـتنەوەی وێنەی دار بە وشـەی (دار) جۆرێکە لە فێربـوونی پەیوەسـتی (S-R). هەروەهـا (گیـانێ) ئەم جـۆرە فێربـوونەی بە فێربـوونی مەرجـی کـرداری دانـاوە، ((گـانێ)) وا تەماشـا دەکـات کە ئەم جـۆرە فێربـوونە پێویسـتی بە وەڵامـدانەوەی ورد و دیـاریکراو هەیە و دەکرێ وێنە بە وشـە ببەستیتەوە، ئەم جۆرە فێربوونەش لە قوتابخـانە بەکاردێـت. وێـڕای ئەوەش سـەیرکردنی بـۆ دارەکە لە روانـگەی قوتابخـانەی جشـــتەڵتی کە گشـــتییە، دیســـان لەگەڵـــدا یەک دەگـــرێتەوە کە ســـەرەتا لە گشتییەکەوە دەستپێدەکات ئینجا بۆ بەشـەکان، یان تایبەتییەکان. لەگەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا، لەگەڵ ((بیـاجێ))یەک دەگـرێتەوە، چـونکە کە دەپرسـیت ئەمە چییە؟ ئەو دەڵێت: دار، جـۆرە شـارەزاییەکی پێشـووی هەیە، ئەم شـارەزاییەی پێشـوو لەگەڵ نوێیەکە یەکتری دەگرنەوەو، فێربوونەکە باشتر دەبێت.

له لاپەڕە (8)دا، بەرامـبەر بە وشـەی (دارا) و وێنەکەی، (ئەویـش چـوار جـار دووبارە کراوەتەوە، وەک وانەی (دار) هەمان بۆچوونمان لەبارەیەوە هەیە.

له لاپەڕە (9)دا، وشـــــــەی دارا، دارا، دار، دار)ی بەیەکەوە دووبـــــــارە کـردووەتەوە، لەگەڵیـدا فێـری پیتەکـانی (د، ا، ر)یـان دەکـات، کەواتە. رسـتەو وشەو، دەنگ و پیتەکانیان فێر دەکات لەیەک کاتدا.

جـگە لەوەش وشــەکان لە ئاسـانەوە بـۆ گـران ریزکـراوەن و ئامـادەکراون، هەروەهــا لە رووی واتــا و درێــژی و کــورتیی وشــە، نووســینی رێنــووس، رەچاوی لە سادەوە بۆ لێکدراو یان لە ئاسانەوە بۆ گران کراوە، کە ئەمەشیان

له سایكۆلۆژیای پەروەردەیی لەلایەن زانایانی ئەم بوارەوە بۆ فێركردنی زمان ئاماژەی بۆ كراوە، لەوانە: (پورندایك)، دەڵێت:

((فێربوون لە سادەوە بۆ ئاڵۆز دەستپێدەكات و، پێویستە سوود لەم بنەمایە وەربگیرێت بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن كە بابەتەكانی قۆناغی سەرەتایی و بەتایبەتیش پۆلی یەكەم دەگرێتەوە، لە ئاسانەوە، ئینجا بەرە بەرە؛ بەرەو گران تا شارەزایی پێشوو یارمەتییان بدات)).

لە لاپەڕە (11)دا، لەوانەی (داو)دا جگە لەوە فێری پیتی (و)یان دەكات واتا دەنگی (و) و وشەی (داو) كە دەڵێت: وی، وی، داو، داوی، دارا، داو، وێنەكە زۆر جوان لەگەڵ رستەكاندا دەگونجێت، ئەویش رستەی سەرسوڕمان، لێرەدا كۆمەڵێك ئامانج لە یەك كاتدا دەهێنێتەدی. وەك: فێربوونی پیتەكە و دەنگی و مانای وشەكە و وێنەی پیتەكە و سەرەڕای وێنەی كێشراوی (داوەكە) بەم جوانی و رەنگاورەنگییەی.

لێرەداو لە زۆربەی زۆری بابەتەكانی ناو ئەم كتێبەدا، رەچاوی بنچینەی قوتابخانەی (جشتەڵتی) كردووە، كە دەڵێن: فێربوون بەپێی بینین و تێگەیشتنی دەبێت. لە گشتییەكەیەوە بۆ تایبەتی. لەوانە هەر سێ زانای ئەڵمانی ئەم قوتابخانەیە (كۆفكاو كۆهلر و فریتەر) دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەن.

خاڵێكی تری گرنگی ئەم كتێبە، ئەوەیە كە زۆربەی زۆری بابەتەكان و وێنەكان و رستەكانی لە ژینگەی قوتابیانی دێهات و شارەكانەوە وەرگیراون، لەوانە ((داو، وازی، دۆ، ئاو، ڕاو، زریزە، ئاودان، مەڕە زەرد، مێوژی نایاب، بەبەی زەینەب، باران دەبارێت، شەڕە مریشك، یاری تۆپ، پشە سپی، جووجەكان، شاخ، گا بەڵەك، بەرخ، عەلی شیش، قەلەڕەش، غارغارێن، گوندی ئێمە، ترێ، ماتانێ. تاد)).

ئەم بابەتانە وا لە قوتابییانی شارو دێهاتەكانی كوردستان دەكات، تاموچێژێكی زۆریان لێ وەربگرن، سەرباری ئەوەی لەگەڵ ئەو شارەزاییەی

که هەیانە یان لە ماڵەوە فێریان بوون، ئەمانەشیان دێتە سـەر، ئەوکاتە لەرووی وشە و واتاوە شارەزاتر دەبن.

لایەنێکـی تـری باخـداری ئەم کتێـبە خنجـیلانە پەروەردەیـیە، ئەوەیە: کە (پیتەکان، وشـەکان، رسـتەکان) بەگوێرەی گەشـەکردنی زمـان و هـۆش و بیری قوتابییـانی پۆلی یەکەمـی سـەرەتایی کۆمەڵی کـوردەواری ریزکـراون و یەک لە دوای یەکەوە هاتوون.

جگە لەوەی کە رستەکان پێوەندییان بەو پیتانەوە هەیە کە وەریـان گرتـووە، ئینجا لێکدراون و تەواوکەری ئەوانەی پێشوون.

*هۆیەکـانی روونکـردنەوە، کـاریگەرییەکی روون و ئاشـکرایان هەیە لەسـەر یارمەتی دانی زوو فێربـوونی قوتابییـان، لە هەمـوو قۆنـاغێکی خوێندن بەگشـتی، لە قوناغی سـەرەتایی بەتایبەتی، تایبەتمەندیی تریش لە پۆلی یەکەمـی سـەرەتایی و زیـاتر و بە بـایەختر لەوانەی ((ئەلـف و بـێ ی نـوێ)) کە بەڕاسـتی لەگەڵ تەمەن و ئاسـت و هـۆش و بیـرو تێگەیشـتن و ژیـنگەی قوتابییـان دەگونجێـت، یارمەتییان دەدات و تێگەیشـتنیان بۆ سـاناتر دەکات، جگە لەوەش وێنە رەنگاو رەنگە رازاوەکانی جووڵانەوەیەکی زیندوویانەیان تێدا هەیە و سـەرنجی منداڵان رادەکێشـێت و ویسـت و ئارەزوویـان دەبزوێنێـت و بگـرە ئامانجەکـانیش جـوان دەپێکێت.

لەوانە: جلـوبەرگی منــداڵانی نــاو وانەکــان هەر لەســەر بەرگ و نــاوەوە دەگریـت، هەر هەموویـان تـا کۆتـایی کتێـبەکە، بەیەک جـۆرە بەرگـی نەگـۆڕ دووبـارە کـراونەتەوە، تـا منـداڵانی قوتـابی بەتەنیـا سـەیر کردنێـک بـزانن ئەمە (ئـازادە) یـان (دارایە). نەبـووەتە هـۆی سـەر لێشـێوانیان، بۆ نمـوونە: جلوبەرگی (زارا) هەر هەمـووی یەک رەنـگە بەدرێژایـی هەمـوو بابەتەکـان و سـەرەڕای دووبارەکردنەوەیـان، لێرەدا هەنـدێکیان دەسـتنیشـان دەکەن، لەوانە: (ئـازاد، دارا،

نەوزاد، نەسـرین، نێرگـز، زارا، دادە، مـام زۆراب، زەیـنەب، گەلاوێـژ، چـالاک، جوامێر).

لە رووی هونەرییەوەو چاپکردنی وشەکان و پیتەکان و رستەکان و وێنەکان بە روون و ئاشکرایی و بێ هەڵە بە چاپ گەیاندراون، ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی مامۆستا خوالێخشبوو ئیبراهیم ئەمین باڵدار هەروەک چـۆن لەوەپـێش ئاماژەمـان پێکـرد، خـۆی سەرپەرشـتیی چـاپکردنی کردووە. وێڕای ئەوەش قەبارەی نووسینی وشـە و پیتەکـان و رسـتەکان لەگەڵ ئاست و تەمەنی قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەگونجێت، نە زۆر بچووک و نە زۆریش گەورەن، واتا پڕ بە پێستی ئەم تەمەنەیە!!

*لایەنێکـی تـری گرنگـی ئەم کتێـبە، زمـانی ئەدەبـی یەکگرتـووی کـوردییە، مامۆستای خوالێخوشبوو ئەم لایەنەشی فەرامۆش نەکردووە، ئەوەتا چەندین وشـەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی بەکارهێناوە، هەر بۆ نموونە: (لاپەڕە- 70، سـتران دەبێـژێ)، (لاپەڕە- 75، سـتران دبێـژین)، (لە لاپەڕە- 79، ماتـانێ)و گەلێکی تریش.

خاڵێکی تری پەروەردەیی، کە لەسەرتاپای کتێبەکە پەیڕەوی کراوە، ئەویش بنچینە و بنەمای (دووبارەکردنەوەیە) کە یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی تیووریی فێربوون، لێرەدا زۆر بایەخی پێدراوەو تەنانەت لە دووبارەکردنەوەی پیتەکـان و وشـەکان و بگـرە هەنـدێجاریش لە رسِتەکانیشـدا بەدیاردەکەوێت، جـگە لە پاڵەوانەکـانی وانەکانـدا، بەڵام بە دووبـارەکردنەوەیەکی پەروەردەییـانە، نەک دووبارەکردنەوەی بێزاری کردن، چونکە هەمـوو دووبـارە کردنەوەیەک بە تەنیا مەرج نییە فێربوونێکی باش و تەواوی لەدوا دابێت، کە جێگەی رەزامەندی بێـت، بەڵکـو پێویسـتە لەکـاتی پێویسـتدا، دایـک و بـاوک و مامۆسـتایان لەگەڵ منداڵان و قوتابییـان پەیـڕەوی بکەن، بۆ ئەوەی هەڵەکەی لەلا راست بکـاتەوەو شتە راستەکانیش دووبارەبکاتەوە.

سەرباری ئەوەی پیتەکانی زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە فێر دەکرێن، ناوی زۆر گیاندار و رووەکیش فێر دەبن، لەوانە: (سەگ، پشیلە، مەل، جووجەکان، کۆتر، ریشۆڵە، مەڕ، کەو، کەڵەباب، قاز، مام ورچ، بەرخ، گا، عەلی شیش، قەلەڕەش، گورگ، بزن) جگە لە ناوی زۆر خواردن و خواردنەوەو ناوی زۆر کەلوپەلی تری وەک کاروپیشەی ئادەمیزاد چ پاوانە و چ ژنانە و مندالانە و چەندان دابونەریتی کوردەواری و چەندان یاری مندالانەی کوردەواری، لەوانە (دار، وازی، دۆ، ئاو، ڕاو، زریزە، ئاودان، دار ڕواندن، مێوژ، باران، سێون رۆژباش، شووشە، شیر، پەنیر، نان، گیا، بلوێر لێدان، هێلکە، بێڵ، گڵ، کەڵەک، کفتە، نانی ساج، پلاوی بنج، گوڵ و ڕێحانە، حەڵوا، کۆلارە، سەردان، ترێ، ماتانێ..تاد). سەرباری ناوی زۆر شتی تر لە سروشدا.

*دوای تەواوبوونی هەموو پیتەکانی کوردی کە ژمارەیان (36) پیتە. لە لاپەڕە (65)دا هەموو پیتەکانی لەگەڵ وێنەیەکی روونکردنەوە، پیتەکانی نووسیووە و پێداچوونەوەیەکی خێرایی هەر هەموو پیتەکانی خوێندراوی کوردیی کردووە. لێرەدا لەگەڵ بنچینە و بنەمای جۆرێکی تری تیووریی خوێندنەوە و فێربوونە، ئەویشیان فێربوونی چەمکە.

لە دوای ئەم پێداچوونەوەیە خێرایە (17) وانەی تری بۆ پێداچوونەوە ئامادەکردووە لەلاپەڕە (66) تا لاپەڕە (84)ی گرتۆتەوە خۆی.

لەوانە، دوو وانەیان بەشێوەی هەڵبەستن، لە لاپەڕە (74)دا، هەڵبەستێک بەناونیشانی (پشیلەکەم)، کە لە نووسین و دانانی دانەرە (خوالێخشبوو ئیبراهیم ئەمین باڵدار) کە دەڵێت:

پشە خرپنەی چاوکاڵ،
خۆشەویستەکی ناو ماڵ،
ئەندام تووکنی خاڵ خاڵ،
سمێڵ درێژی لووت ئاڵ،

بەخێرهاتی، سەرچاومان،
جێگات چۆڵ بوو لەناومان،
تۆ لە کوێ بووی، پشەی جوان،
بۆچی خۆت ون کرد لێمان؟
باڵدار

لەم هەڵبەستەی سەرەوەدا، کۆمەڵێک بەها فێری قوتابییان دەکات، لەوانە: (خۆشەویستی، جوانی، پشە، بەخێرهاتی،. هتد). جگە لەوەش ئەم هەڵبەستە لەگەڵ ویست و ئارەزووی قوتابیاندا دەگونجێت، چونکە لەم تەمەنەدا منداڵان هۆگری گیانلەبەرانن بۆ یاری لەگەڵ کردنیان. سەرباری ئەوەش فێری ئەوەیان دەکات کە گیانلەبەرانی بەسەر زمانیان خۆشبوێت و بەزەییان پێیاندا بێتەوە.

هەروەها لە هەڵبەستی (پەپوولە)ش کە لە لاپەڕە (78)دا هاتووە، دەڵێت:

پەپوولەی جوان و رازاو،
ئێسک سووکی باڵ نەخشاو،
تۆ، کەی هاتی بۆ لامان،
بەخێرهاتی، سەرچاومان،
چاوەڕێت بووین زۆر بەگوڵ،
بیرمان دەکردیت بە دڵ،
لێرە زۆرە دارو گوڵ،
بفڕە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ،
باڵدار

ئەمەشیان هەر لە هەڵبەستەکانی دانەرە، ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا هەڵبەستێکی پەرەوەردەیی- فێرکردنە بۆ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و پۆلی یەکەم. فێری ژیانی پەپوولە و جوانی رەنگاوڕەگی و گوڵ و دارو چڵ و

خۆشەویستی پەپوولە دەکات، کە هەموویـان بە قوتابییـان سوودبەخشـن، جگە لەوەی پێداچوونەوەی هەموو پیتەکانی کوردییە.

*خاڵبەندی، لەسەرتاپای کتێبەکەدا رەچاوکراوە، لەوانە: ((نیشانەی پرسیار و، خاڵ دانان و وێرگول و نیشانەی سەرسوڕمان و دانانی کەوانەی دەق نووسین، ئەمەشیان بەتایبەتی لە دوا وانەکانی کتێبەکە بەدیار دەکەوێت، لەوانە: لە لاپەڕە (79)دا، زاراش گوتی ((گیانە، ئەمانە. ناکرێنە ملوانە)). یان لەلاپەڕە (82)دا دەڵێت: ((ئەوە کێ یە تەپە تەپ دەکات، کاسە و کەوچکم پڕ لە خۆڵ دەکات؟)).

مام بزنیش بە تووڕەیی دەبێژێ، ((ئەوە منم، من منۆکێ، دوو چاوم هەیە، بز بزۆکێ، کی َ خواردوویە کاریلەی من؟ بێتە شەڕە جەنگی من)).

* لەگەڵ تەواو بـوونی سـاڵی خوێندنـدا، دوا وانەی ئەم کتێبە بە ناونیشـانی ((سـاڵ تەواو بـوو)) کە لاپەڕە (83–84)دا هـاتووە، باسـی خوێنـدنی ئەمسـاڵ و یاریکردن و سەیران و هەموو جۆرە فێربوونێک و سوپاسکردنی قوتابییان بۆ مامۆسـتاکانیان دەکـات، ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا جۆرێـک لە جـۆرە بەهـا بە نرخەکـان کە فێـری قوتابییـان دەکـات، رێزگرتنیـان بەرامـبەر بە مانـدووبوونی مامۆستایان لەگەڵیاندا و جۆرێکە لە وەفایان بەرامبەر بە مامۆستایانی دڵسۆز. سەرباری ئەوەش چەندان بەهای تریان فێر دەکات لە سـەرتاپای کتێبەکە لەوانە ((پـاک و خـاوێنی، راسـتگۆیی، کـارکردن، دڵسـۆز، خۆشەویسـتی دایـک و بـاوک، هاوکاری و یارمەتیی یەکتری. تاد)

لە کۆتاییـدا هەر ئەوەنـدە دەڵـێم هەر هەمـوو کـورد قەرزاری ئەم مامۆسـتا خوالێخۆشـبووەیە، کە منداڵانی کوردی بەهۆی ئەم کتێبە بە پێزە پەروەردەییە و فێـری پیـتە شـیرینەکانی زمـانی کـوردی کـردووە، بنـوو مامۆسـتا گیـان خـوا گـۆڕت پـڕ روونـاکی بکـات، وەک چـۆن تـۆ رووناکیـت خسـتە دڵـی هەمـوو نەوەیەکـی ئەم مـیللەتە؛ خـودای بەخشـندەی میهرەبـانیش بە بەهەشـتی یـان و بەرینت شاد بکات..

## هۆنراوەی (ئیرۆسییەت و بێهوودەیی)ی ((موحسین ئاوارە)) لەبەر ڕۆشنایی سایکۆلۆژیدا

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز
زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە

لە ژمـارە (39)ی ئەیلـوولی سـاڵی (1999)ی گۆڤـاری (ڕامـان) ئەو هـۆنراوەیەی هۆزانڤـان (موحسـین ئـاوارە)م کەوتە بەرچـاو و سـەرنجی ڕاکێشام و پێنووسی خستە کەلێن پەنجەکانم و ئەم بەدواداچوونەی پێ نووسیمەوە.

ئەگەر بە وردی لە ناوەڕۆکی ئەم هۆنراوەیە قووڵ ببینەوە و بیخەینە ژێـر ڕوونـاکی (بشـکی) شـیتەڵانەی سـایکۆلۆژییەوە، تەماشـا دەکەیـن (نـاوەڕۆک)ی بـابەتەکە بە تەواوی ناونیشـانەکەی گرتـۆتە بـاوەش و شاعیر توانیویەتی وەستایانە لایەنێکی مرۆڤایەتی بخاتە ڕوو، هەروەها بەرەو قووڵایی ناخی مرۆڤێک شوڕ ببێتەوە، وێنە نادیار و پەنهانەکانی بە شێوازێکی هونەری ناڕاستەوخۆ پەی پێبەرێ و سەر ئاوی خات بە (جۆرێک)یش خوێنەر ڕاکێشێتە سەرخوانی مەسەلەکە کە لە سەرەتاوە باس و گوزارشت لە مرۆڤێک دەکات پەیتا پەیتا تاڵ تاڵ تیشکایی و ورووژانێک لە بابەتێکی نادیار دەردەخات و ون دەبێتەوە بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی کۆتایی بداتە دەست، بۆیە خوێنەر شەیدا دەکات قاچێکی بڕاوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بوترێ ئەوەیە، ناونیشـانی هـۆنراوەکە سـێ جەمسـەری سـەرەکیی بە خـۆوە گرتـووە، شـاعیر لە هەر سـێ لاوەی

جەمسەرەکان دەجوولێنێ و گەمەی تەکنیکییانە و خولڤاندنی ئیستاتیک و سەرووتی سەرنجڕاکێش لە گۆمی شلە قێندراودا بازنە لە دوای بازنە دروست دەکات کە لە دامرکان و ورووژاندن و ئەم کردارە هەمیشەییانە بەدەر نییە تا لە کۆتایی ئەنجامدا دەگاتە خاڵی مەبەست ئەویش مرۆڤێکە و قاچێکی بڕاوەتەوە و لە بێئاگایی و ڕامان و لێ وردبوونەوەی ناوەوەی خۆیدا بەردەوامە و پاشان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاگایی لەو خول و سووڕانەدا بەرداشی بارە سایکۆلۆژییەکەی دەسووڕێتەوە، بەڵێ (تەکان و ئیرۆسییەت و بێهودەیی) هەر سێ بار (حاڵەت) لە هۆنراوەکەدا کۆبۆتەوە.

ئەوەتا شاعیر دەڵێت:

(دوێنێ)یش لە ژێر سێبەری دارگوێزەکەدا
لەسەر لبادێکی درێژ کۆلە
بالیفێکی خڕ شێوەی باگردێن
خستبوویە بن باڵەکانی
لەسەر شەربە مل باریکەکەشدا
جامە فافۆنێکی دەمەونخونکراو
ئەویش. وەک بەردێکی بێ دەنگکراو، قسەی نەبوو. تاد

لە پێشدا بارێکی ئاساییە و وێنەیەکی جوان و لەبار لە دۆخێکی ئارام و ئاساییدایە، بەڵام کە دەڵێت: ((ئەویش) واتە مرۆڤەکە. وەک بەردێکی بێدەنگکراو قسەی نەبوو).

لێرەدا مەسەلەکە بارێکی سایکۆلۆژییە و قسەی نییە و بڵێ چی؟! چونکە بارێکە و رەها، جا خوێنەر لەو مرۆڤە ورد دەبێتەوە کێ بێدەنگی کردووە؟ بۆ وەک بەردێک قسەی نییە؟ خوێنەر دەخاتە گۆشە نیگای لێکدانەوەیەک بەدوای ئەنجامی بابەتەکە بکەوێ.

له پـێش چـاو و دیـدگای ئەو مـرۆڤە کە لە حـاڵەتی (ڕامـان)و رام کردندایە:

چیا کراسی سەوزی تا سەر چەناگەی هەڵکردووە
دوندەکانی سەر سینگی
لە ژێر سوخمەی پوولەکە بەفری رۆشەن
شیلەی هەوەس و سۆزی لێ دەتکایەوە
چاوەکانی لەوێ بە جێمان
لەوێ لەو قوببە مەرجانییە رەونەقبارە
لەوێ لە نێو ئەو شیر و تیرە لێک تێکپەڕیوە تەلەسماوییە خورپەدارە
لەوێ لە نێو ئەم هەموو دوگمە پەنگراوییە لێکترازاوە
لەوێ لەو (گۆ)یە کڵاو موشەکییە مۆرهەڵگەڕاوە
لەوێ لەو پاوانی لوغم و سیحرە لەزەتبارە
لەوێ لەو پێگە هەوەسباە و لەوەڕگە شەیتانییە
مردنی تیا ئاسان و روحدانی گران. تاد

لێـرەو ئەو مـرۆڤە بێـدەنگە چاوەکـانی بەڕێ کـردووە واتە قـۆزاخەی چـاوە ئەبلـەق بـووەکەی و لە حـاڵەتی ڕامانیـدا، کـارێکی کـردووە تەکـانی داوە ئەویـــش بە تێکەڵکردنـــی نیگاکـــان لەگەڵ سروشـــت و تەقســـێکی ئیرۆســـی، ئەم چیـــایەی لە بەردەم بچـــووک بـــۆتەوە وەک دۆنـــاودۆنی چووەتە گیانی کچێکەوە یان بڵێین پەیکەری کچێکی لێ دروستکردووە، دیـــارە یەک قـــاچی و بێهـــوودەیی و ئەم هەمـــوو ســـۆزو حەســـرەت و خۆشەویستییە ئیرۆسییەی لە گیان و ناخدا کۆکردۆتەوە، چیا سـەوزە، ئەو کراسە سەوزەی بە ئەندێشە تا سەر چەنـاگەی هەڵکردووە و سـینگ و بەرۆکە ترسـناکە لە زەتبارەکەشـی کە کەوتـۆتە ژێـر سـوخمە بەفـری پوولەکەدار و شیلەی هەوەس و سۆزی لێ دەتکێتەوە، چاوەکـانی لەوێدا

گیـر بـوون و نـاگەڕێنەوە، دوگـمە پەنگراوییەکـانی کە تـرازاون و گـۆی مەمکەکانی یا بڵێین ئەو دوندانە بە کڵاوەی موشـەک شـوناس کردووە، دیارە ئەو پێگە هەوەسبازو لەوەڕگە شـەیتانییە کە مردنـی تێدا ئاسـانە و روحدانی گران، پاوانی لوعم و سیحری لەزەتبارە، بە هەردوو خەسڵەت و گوزارشـــتەکەی لەلایەک چیـــایەکی سروشـــتی، جـــوانی و هێـــزی ئەفسووناوی موکناتیزییانەی تێدایە کە تاکو ئێستا جێی مەترسی و لـوغم رێژییە لە هەمانکاتدا وەردەچەرخێ بە بارێکی تر ئیرۆسییانە مـامەڵەی لەگەڵدا دەکات لە خاڵەتی بێئاگاییدا.

دەمەوێ ئەوەش بـزانن کە ئیرۆسـییەت لێکـدانەوەی زۆر هەڵـدەگرێ، بەڵام مانا سەرەکییەکەی (ئیرۆس= واتە رەمەکی ژیـان) ( Instinct Life Eros))کە ئیرۆسی واتە (تاناتۆس= رەمەکی) مردن ( Instiunct death) Thanatos))، هەروەهـــا دەمەوێـــت وشـــەی رەمەک (Instinct)تـــان بـــۆ روونـــبکەمەوە: زاراوەیەکـــی باســـکردنە بەو وەڵامـــدانەوە ســـازدراوە ئـاڵوزاوییە دەوتـرێ کە لە رێـی فێربـوونەوە نیـیە، ئەگەر لە فێربـوونەوە دروست بێ دەبێتە نەریت، رەمەک لەکاتی لە دایکبوونەوە هەیە.

لە قوتابخـــانەی شـــیکردنەوەی دەروونـــی، رەمەک جـــووڵێنەری رەچەڵەکـــی زینـــدەوەرزانییە (بـــایۆلۆژییە). رەمەک ســـەرچاوەیەکی زیندەوەرزانیی هەیە و وزەی دەداتـێ و ئامـانجی هەیە و تێری دەکـات و لە وزەکانی بەتاڵ دەکا. نەگەیشـتن و سـەرنەکەوتنی رەمەک بە ئامـانج و تێربوون دەبێتە هۆی چەپاندنی رەمەکی.

((من))یـش هەڵـدەچێ و گـرژدەبێتەوە بە زیـادبوونی گرژیـی رەمەکـی. فرۆیدا تـا سـاڵی (1920) باسـی دوو جـۆر رەمەکـی دژ بەیەکتری دەکرد ئەوانەش رەمەکـی سێکسـی، یـان رەمەکـی ژیـان و رەمەکـی مـردن یـان کاول کردن (شەریف، 1985، ل99).

بەڵێ ئیرۆسییەت عیشقبازی، بەڵام لە رووتبونەوە جەستەی بە دەرە، زیاتر گرینکی بە چاوە چاو و گەمەکانی ئەویننداری و چێژی هەستەوەری و زمانی ئاخاوتنی خۆشەویستی دەگەینێ بە پێچەوانەی (بورتۆگرافیا) کە بازرگانییە بە جەستەی ئافرەت و مامەڵەیەکی سێکسییانەی دوور لە سووتان و عیشق و حەسرەت و خۆشەویستی، بۆیە دەگەڕێتەوە سەر هەمان کۆپلە شیعر و دەڵێت:

مردنی تیا ئاسان و رووحدانی گران

لەوێ لەوێ، جیا نەبوونەوە ئەو چاوانە

گلێنەی ماندوو. هەناسەسوار. گۆڕێکی حەسرەتبار

لەو سروشتە ئیرۆسییەتە جوانەدا چاوەکان گیانیان داو کپ کەوتن و ئەو شوێنە بووە گۆڕێکی حەسرەتباری چاوەکان.

دەرئەنجام

1- تەکان: ئەو مرۆڤەی باسمان کرد تەکانی داو لە شوێن قاچەکانی چاوەکانی سەردەکەوتن.

2- ئیرۆسییەت: لە بنکەی ئەندێشگەی مرۆڤەکەوە ئەندێشە لە شەقەی باڵی داو چیا بوو بەو کچە جوانەی گوزارشتی ئیستاتیکییانەی کردو لە نائاگاییەوە دەستبازی و خۆشەویستی و چاوە حەسرەتبارەکانی لە عیشقێکی ئیرۆسییانەوە دەمردن، سەردەکەوتن و خپ دەبوون دیسانەوە لە گلێنەی مرۆڤەکەوە چاوەکان سەریان هەڵدەدایەوە.

3- بێهوودەی: کە چیاکە دەبووە گۆڕی ئەو چاوانە و لەوێدا نەدەگەیشتن بە (ئەصلی مەقسەد) هەر چەندە لەلای مرۆڤەکەوە جارێکی دی بۆتەکانێکی لە گلێنەدا، جێی چاوە رۆشتووەکان، چاوی تر سەری

هەڵـدەدا، بەڵام لەگەڵ بێهـوودەیی، چـونکە خـۆی دەناسـی و دەردەکەی (ڕەها)بوو.

جارێکی دی هەمان مرۆڤی بێدەنگ و بەرد ئاسا. شاعیر دەڵێت:

هاوەڵەکانی سەردەکەوتن. ئەویش لە داوێن
هاوەڵەکانی دوور کەوتنەوە
ویستی هەڵسێتەوە لە شاخەوە هەڵشاخێ وەکو ئەوان
بەو پەیژە بێ ڕیتمانە سەرکەوێ
ویستی کەللەی مەراقی جڵەوکێش کات
ڕووەو کانیاوەکە بڕوات
تا بناگوێی لە ئاو هەڵینێ. تاد

لێرەدا ئاشکرایە کاتێ هاوەڵەکانی بە شـاخ هەڵدەشـاخێن، بەڵام ئەو لە داوێـن. هاوەڵەکـانی دووردەکەونەوە، بەڵام ئەو لە شـوێن خـۆی. ویسـتی (تەکـان) بدات ڕووەو کانیـاوەکە بـڕوات، بەڵام (؟) بە پـاڵ بێهـودەییەکەی، ئەوەتا دەڵێت:

قاچەکانی نوقمی چاوەکانی بوون
چاوەکانی سەردەکەوتن. دەڕۆیشتن
بەڵام لە نزیک کانییەکەدا بە چۆکا دائەکەوتن
چاوەکان هێندە لەو کانییە ڕامان
تا بە بریقەی ئاو و ئارەزووی خەفەبوو
تاریک تاریک بوو

بەڵێ تەکانی دی، قاچەکانی چوونە نێو چاوەکانی، واتە جـارێکی تـر لە جیاتی قاچەکانی ئەو چاوانە سەردەکەوتن، بەڵام تاریک بوون بە بـریقەی ئـاوی کـانییەکە و ئـارەزووی خەفە بـوو کە لایەنە سـایکۆلۆژییەکە کـاتێ

ئەو مرۆڤە بێبەش بوو لەو هەموو ویست و ئارەزووانەی حەز دەکات و بەڵام لە ناخەوە وەک سوپایەکی تێکشکا و تێکدەشکێ.

هۆنراوەکە درێژەو زۆر هەڵدەگرێ کە قسەی لەسەر بکەین، لەم چەند دێڕەشدا ئەو مرۆڤە غەیب دەبێ و خەیاڵ دەیڕفێنێ، ئەوەتا دەڵێت:

خەیاڵ رفاندی
وەک پیرە پڵنگێکی پەککەوتەش
کە (هێز) لێی تۆراوەو (توانا)یشماڵی خۆی کردووە
کەڵبەکانی، کلۆ بەفری بەرتاوی بەهار ئاسا
ئاڵەکۆکی لە دەست چووە
خاک بە چڕنووکی نارووشێ لە سێبەری ئاسکێکدا دەتوێتەوە

دوو وێنە دەگرێتەوە، یەکەمیان: پڵنگێک پیر بووەو ناتوانێ هەڵسێتەوە و بگاتە ئاسکێک، بۆیە لە سێبەری ئاسک دەتوێتەوە.

دووەم: کەڵبەکانی ئەو پیرە پڵنگە وەک بەفری بەرهەتاوی بەهار دەتوێتەوە، لەگەڵ رووداوێکی فۆلکۆری کوردەواریمان تێکەڵکردووە لە باسی ئاڵەکۆک-دا، دەڵێت:

کەڵبەکانی کلۆ بەفری بەرتاوی بەهار ئاسا
ئاڵەکۆکی لە دەست چووە
خاک بە چڕنووکی نارووشێ

بەڵی (بەفر دەچێتە خوازبێنیی ئاڵەکۆک لە زستاندا، ئاڵکۆک دەڵێت هێشتا ساوام و با بەهار دابێت مێردت پێ دەکەم، کە بەهار دێت، ئاڵەکۆک بە بەفر دەڵێت وەرە خوازبێنیم ئێستا عازەب و تەواوم، بەفر دەڵێت: دوای چی پاش ئەوەی من توامەوە. جا ئەم هەموو حەسرەت و ویست و ئارەزووە، ئەم هەموو تەکان و ئیرۆسییەت و بێهودەییە. دیارە شاعیر توانای خۆی بەکارهێناوەو (یەکێتیی بابەتی) و ئۆرگانی لە

هــۆنراوەکەدا پاراســتووە؛ ئەوەتــا لە دوای دێڕەکــانی ئەو هــۆنراوەیە دەمانگەیەنێتە مەبەست:

دیسان خەونەکانی بەسەر پەیژەکان خستەوە
دیسان لە نێوەڕێدا، سەرنجەکان گلۆر بوونە
گلۆر بوونەوەو لەسەر دەلینگە بەستراوەی
سەر ئەنگووتکە بەلەک بڕاوەکەی قیت بوونە
خۆی دۆزییەوە
زانی کۆستی ئەو، لە هەڵەتەی شاخەکەدا سەختترە
مەودای دوورکەوتنەوەی هاوەڵەکانی
لەگەڵ ئەودیو نەستی ئەودا، لێک دوورترە!!

بەو چەنــد دێــرەی ســەرەوە دەگەیــنە خــاڵی ســەرەکی کە بنیاتنــانی هــۆنراوەکەیە لەســەر ئەم بنــاغەیەدا بنیــات نــراوە، بەڵــێ مــرۆڤەکە لە بێئاگاییەوە، خەونەکانی ئارەزووە خەفەبووەکانی دەجووڵێن. تەکان دەدا. ئیرۆسییەت داگیری کردووە، بەڵام بە ئاگادێ و خۆی دەناسێتەوە کاتێ ســەرنجەکان گلــۆردەبنەوە لە هەورازەکــان تــا دەگەنە ســەر دەلیــنگە بەستراوەکەی کە لە ژێر ئەو دەلینگە وەک ئەنگوتکێک بە لەکە بڕاوەی قیت بوونەتەوە.

لە کۆتاییــدا هیــوای ســەرکەوتن بــۆ بــرای هۆزانڤــان کــاک موحســین ئــاوارە دەخــوازین، هێڤیــدارین لە هــۆنینەوەی هــۆنراوەی مرۆڤــایەتی بەردەوام بێت، چونکە شاعیر وەک فەیلەسووفەکان ناوی دەنێن وێژدانی هەرە گەورەی مرۆڤایەتییە، شاعیری نوێخوا- راند جاریل- بە زمانێکی سادە و ساکار لەمەڕ هەمان بابەت دەڵێت:

شاعیری شکۆمەند ئەو کەسەیە کە بەرگەی گیروگرفتەکان دەگرێ و بەدرێژیی ژیانی بەرامبەر ئەو هەموو توفان و گەردەلوولانە دەوەستێ.

شاعیری هاوچەرخ پێویستە وەک نەشتەرگەرێکی کارامە شارەزای تەکنیکی زمان بێت بۆ ئەوەی لە پێناوی مانەوەو رەشبینیی ژیان لەبەرچاوی خوێنەر بسڕێتەوەو ئەم مەبەستەش بە ململانێ و چەشتنی ئێش و ئازاری رۆژانە دەپێکرێ.

شاعیر فەیلەسووفە، فەلسەفەش هەروەکو دەبێژن باوکی هەموو زانستەکانە، شاعیر چۆن بنووسێت ئەگەر هێشتا فێری زانستی زمان و دەروونزانی و کۆمەڵزانی نەبوو بێت، بەڵام دیارە کاکە ئاوارە سوودی لە زمانەکە و سایکۆلۆژیا و تەنانەت لە فۆلکلۆری کوردی و لایەنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵزانی وەرگرتووە، هەر ئەمانەش بوونەتە هۆی سەرکەوتنی لە هۆنراوەیەیدا..

سەرچاوەکانی ئەم باسە

1- دانشتنێک لەگەڵ هۆزنڤان (موحسین ئاوارە)، رۆژی پێنج شەمە رێکەوتی (2000/6/29).

2- سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کودەوە، لە بڵاوکراوەکانی لقی نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر، ژمارە(1)، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا، ؟، ل(17)، بۆ زێدە زانیاری دەربارەی ئاڵەکۆک سەیری ئەم سەرچاوە بکە.

3- شاعیر چییە؟، هاوکاری، لێکۆلینەوە، ژمارە (1936)، سێشەممە (19)ی نیسانی (1994)، وەرگێڕانی: جەلال حەمید، ل:3.

4- فەرهەنگی دەروونناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، عەبدولستار تاهیر شەریف، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، (1985)، ل(99).

5- فەرهەنگی (المورد)، منیر البعلبکی ئینگلیزی- عەرەبی، دار العالم للملایین، بیروت-لبنان، (1979)، ل(2-9).

6- گۆڤاری ڕامان، ژمارە(39)، ئەیلوولی/ (1999)، ل: (158).

## دەسماڵی سوور لە نێوان هەڵسەنگاندێنکی بابەتیانەدا

ئەگەر جیهانی مندالان ئەوەندە گرنگ و بە بایەخ بێ، کەواتە دەبێ بۆ نوسین و رێنمایی کردنیان زۆر وردو لە سەرخۆ و زانستی پەیڕەو بین بە گشتی و بۆ نوسین و وەرگێرانی چیرۆکی منداڵان بە تایبەتی دەها قات (شارەزایی)مان هەبێ لە لایەنی پەروەردەیی و سایکۆلۆژی و کۆمەلناسی و بگرە لایەنی مێژوویی و جوگرافیش...تاد

تاکو بەرهەمی بە کەلک و بە پێز و بە نرخیان پێشکەش بکەین،تا بناخەی کەسێتی یان پێ بەهێزتر بکەین.بەلکو لە دوا ڕۆژێکی نزیکا ببنە ئەندامی سوود بەخشی کۆمەل و بەشداری بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوڕەوەی ڕەوتی کاروانی پێشکەوتنی میللەتەکەمان بکەن.

ئەرکی ئەم بایەخ دانەش دەکەوێتە سەرشانی خێزان بە پلەی یەکەم و. قوتابخانە بە پلەی دووەم و.کۆمەل و دەزگا رۆشنبیری و راگەیاندنەکان و نووسەران بە پلەی سێ یەم هەمووشیان هەر سێ لایەن بە شێوەیەکی زنجیرەیی بەیەکەوە بە ستراونەتەوە بۆ ئەم پەروەردەکردنەو .یەکیان تەواوکەری ئەوەکەی تریانە.

لەم چەند مانگەی دوایی یەدا کتێبی. دەسماڵی سوور. لە نوسینی نوسەر (جۆن هۆربنی) و. وەرگێرانی مامۆستا (محەمەد عبدالکەریم مەعروف) بەرزنجی لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی کەوتە کتێبخانەی کوردی یەوەو چاوی جگەر گۆشەو منداڵانی کوردی پێ شاد بوو.

سوودی زمان یەکێکیان ئەوەیە کە وەرگێرانەکەیەتی. واتا بۆ ئەوەی لە رێگای ئەو زمانە بێگانیەوە کە دەیزانین ئەدەب و زانستی خۆمانی پێ دەولەمەند بکەین. لەم روانگەیەوە مامۆستا (محەمەد) یەکەم نۆبەرە بەرهەمی بەم وەرگێرانە دەست پێ کردووە .کە بریتی یە لە چیرۆکی منداڵان تاکو لە پاڵ ئەدەبی کوردی و چیرۆکە فۆلکلۆری یەکانی کوردەواریمان گرنگی بە لایەنی پەروەردەیی و منداڵان و جگەرگۆشەکانمان بدات. کە کتێبخانەی کوردی لەم لایەنەوە .

هەژارو بێ لانە. بۆیە ئەم ئاوەردانەوەی مامۆستا (محەمەد) بۆ منداڵان و مێرد منداڵانی کورد هەولێکی پیرۆزە و شایانی ئافەرینە.

ئەم کتێبە قەبارەکەی (24×17سم) ەو. لە دەزگای کتێب و بەلگەنامەکانی بەغدا ژمارە (339)ی ساڵی (1991) ی دراوەتێ و. نرخی (1،500) فلسە و لە چاپخانەی (ئۆفسیتی الزمان) لە بەغدا لە چاپ دراوەو.

(4000) دانەشی لێ بە چاپ گەیەنراوە ناوەڕۆکی بریتی یە لە (پێشکەشە) دوا بە دوای کردوویە بە چوار بەش .واتاچیرۆکەکەی بە چوار بەش وەرگیراوەو ئامادە کردووە :بەشی یەکەم (دەرکردن) لە لاپەرە (3) تاکو لاپەڕە (8) و. بەشی دووەم (رێگا گیراوەکە) لە لاپەرە(9) تاکو لاپەڕە (14) بەشی سێ یەم : (لۆری یە سەوزەکە)لە لاپەڕە (15) تاکو لاپەڕە (22) .

بەشی چوارەم و کۆتایی (دەسماڵی نوێ) لە لاپەڕە (23) تاکو لاپەڕە (31) .

لە لاپەڕە (32) دا. (سوپاسی و پێزانین) ی چەند مامۆستایەکی بەرێزی کردووە کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان.

له دوو لایەنەوە ئەم بەرهەمە هەڵدەسەنگێنین. لایەنی باشی و سوود بەخشی ئەم کتێبە و .لایەنی کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی ئەم بەرهەمە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی یانە و دوور لە بیروڕای کەسایەتی و خۆیەتی.

لایەنی باشی بەرهەمەکە:

لە میانەی خوێندنەوەی هەر چوار بەشی ئەم کتێبە کە بەرگەکەی ڕەنگا و رەنگ و تابلۆکانی رەش و سپین. ئەم چەند لایەنە پەروەردەیی یەت دەداتە دەست کە زۆر گرنگن بۆ مێرد منداڵان و جگەر گۆشە خنجیلانەکانمان . ئەوانیش ئەمانەن:

1- منداڵان فێر دەکات کە پیشت بە خۆ ببەستن و هەمیشە بڕوا بە خۆیان بکەن.

2- بلیمەتی منداڵان هەر لە سەرەتایی ژیانیانەوە بە دیار دەکەوێت. چونکە ژیری بە گەورەو بچووکی نیە.

3- فێری ئەوەت دەکات ئەگەر یەکێک هەڵەیەکی لە گەلدا کردی تۆ بەرامبەری ئەوە دەبێ گیانی لێ بووردنت هەبێ.

4- رێزگرتنی یاسای هاتووچۆکردن. ئەویش ئەوەیە کە چیایەکە دەروخێ.ئاڵایەکی سوور دادەنێ.

تا بزانێ ئەمە (ترسناکە) بۆ ئەوەی بگەرێتەوە.

5- پەنا بردنە بەر یاسای (پۆلیس) بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ. لە وانە: (دزی کردن. مافی خەلکی خواردن و، تاوانی تر...)

لایەنی کەم و کوری یەکانی :هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەگری بە بێ کەم و کوری نییە. بە تایبەتی بەرهەمێکی بەرهەمێکی نۆبەرەی وەکو هی مامۆستا (محەمەد عبدولکەریم) کە یەکەم جاری یە بەرهەم بە

چاپ دەگەینێ، بۆیە ئەم تێبینی یانەم دەبنە هۆی تەواوکەری بەرهەمەکەی و لە نرخی کەم ناکەنەوە . بەلکو بە نرخترو دەوڵەمەند تری دەکەن .بۆیە هیوادارم بە سینگێکی فراوانەوە وەریان بگرێ.

1- دەبوایە ناوەکان کوردی بونایە، چونکە وەرگیراوەتە سەر زمانی کوردی و بۆ منداڵانی کوردی وەرگێراوە، ڕەنگە مامۆستا ئەم پێشنیازە لە چاپی دووەمدا پەیڕەو بکات .تاکو منداڵانی کورد زیاتر بە سۆزەوە بۆی بچن.

2-ئەو کاتە بە تەواوی و دەبو لەم جارەشدا هەر بلێ بە دەستکاری یەکی کەمەوە وەرم گێراوەتە سەر زمانی کوردی باشتر بوو لەوەی نووسیوەیە لە ئینگلیزیەوە وەرگیراوە

3- لایەنی زمانەوانی . لە لاپەرە (3) دا پەڕاوێزی بۆ وشەی (ئەڵسی شی یەنی)دناوە دەبوایە هەر لە هەمان لاپەڕەدا لە ژێرەوە واتاکەی لێک بدایەوە نەک لە لاپەڕە (8)دا و لە کۆتایی بەشی یەکەم دا.

چونکە منداڵ ئەو توانایەی نیە بە دوای واتای بگەرێ . هەتاکو بگرە ئێمە و مانانی گەورانەش هەروایین

4- دەشتی (کەمبەرلاند) .ل(4) دێری سێ یەم .پێویستی بە روون کردنەوە هەبوو . چونکە ئەم دەشتە لە کام وڵات و شوێنە .

هەروەها وشەی (گردی سکار) ئیش هەمان مەبەست.

لە هەمان لاپەڕەدا نووسراوە :

(بەشی زۆری عەردەکە بە سەر خا سیاتی سەوز داپۆشرا بوو) دەبوایە وا بنووسرایە: (بەشی زۆری زەوی یەکە بە مەیلە و سەوزی داپۆشرابوو) ئەگەر وا بنوسرایە چاکتر بوو

لە ڕستەی (وا باران وەستا. خەریکە خۆر دەرکەوێت ). پێوست بوو نیشانەی سەرسوڕمان دابنێ.

وەکو (وا باران وەستا .خەریکە خۆر دەرکەوێت")

5- هەڵەی چاپ .ڕەنگە هەندێ وشە هەبن بە هەڵە نووسرابن .وەکو لە لاپەڕە(6) دێری (3) .وشەی (ڕێ ی دەکرد) راِستره بنووسرابایە (ڕای دەکرد) .هەروەها لە لاپەرە (3) و دێری (9) هەمان وشە هەر بە هەڵە نووسراوە.

لاپەرە (4) دێری یەکەم .نووسراوە(خۆئەگر).ڕاسترە بنووسرێ (خۆ ئەگەر)، لاپەرە (14) دێری (17). نوسراوە (چۆن پەدای بکەین) راستی یەکەی (چۆن پەیدای بکەین)

لە لاپەرە (22) دێری (9) نووسراوە: (پێویستە ئەم دزانە لەم کارە نا لە بارە بوەستێنین)باشترە وا بنووسین (پێویستە ئەم دزانە لەم کارە نا لەبارە دوور خەینەوە) .لە لاپەڕە (27) و دێری (2) دا نووسراوە : بازوو بکەین بۆ لای مستەر گارنەر و پێ ی بلێن کە چ رووی دا لە ناو کێلگەکەی).

دەتوانین بەم شێوەبینووسین کە باشتر بوو وا بنووسرایە : (محەمەد عەبدولکریم مەعروف بەرزنجی دەکەم بۆ ئەم هەولە پیرۆزەی، و هیوادارین لەم بەرهەمانەی جیهانی ئەدەبی منداڵانی کوردمان بێ بەشمان نەکات و، هەردەم بەردەوام بێ لەم کاروانە پیرۆزەی دا و، (کتێبخانەی کوردی) مانی پێ برازێنێتەوە .

سەرچاوە / رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (1325) لە 1991/12/10 .